# دیوان

**گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە**
**ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات**

ژمارە (١١) نیسانی ٢٠٢٢ زایینی - گوڵانی ٢٧٢٢ کوردی

**خاوەن ئیمتیاز**
**مەسعودی مەلا هەمزە**

**سەرپەرشتیاری گشتی**
**بێکەس حەمە قادر**

**سەرنووسەر**
**سمکۆ عەبدولکەریم**

پاراستنی ئازادی، بەقەد بەدەستهێنانەکەی گرنگە، چونکە بەدەستهێنان و گەیشتن بە ئازادی دوو لایەنەیە، هەم کۆمەڵگە ڕۆڵی هەیە، هەم دەسەڵات، واتە ناکرێ لە وڵاتێکدا کە خەڵکەکەی چاوی لەسەر یەک ناوە و خەوتبێت، چاوەڕوانی ئازادی بکەن، وەکوو چۆن ناشکرێت لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتەکەی دیکتاتۆر بێت و باوەڕی بە ئازادی نەبێت بتوانرێت بێ خوێنڕشتن، یان تێکۆشانێکی هەمەلایەنە، ئازادی بەدەست بێت، کە زۆرجار لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر بەدەست نایەت. وەکوو چۆن دەسەڵاتیش مافی ئەوەی نییە، ئەمە بکاتە بیانوو بۆ فشار دروست کردن و هێنانەپێشی پڕۆژە قانوونی دیکە و بیرکردنەوە لەهەموارکردنەوەی قانوونی ڕۆژنامەگەری، بەمەبەستی بەرتەسککردنەوەی ئازادی.
ئازادییەک کە بە هەوڵ تێکۆشانی هەمووان بەدەست هاتووە، ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە شەونخوونی زۆریان کردووە، لەو پێناوەدا خوێن ڕژاوە، بۆیە مافی کەسانێکی نابەرپرس نییە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕەهەندەکانی ئەو ئازادییە نەگەیشتوون، بە نووسین و هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانە ئازادی هەمووان بخەنە بەر مەترسی و بەرتەسککردنەوە، وەکوو ئەوەی ئێستە لە هەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێت.
ئێمە کە خاوەنی قانوونێکی ڕۆژنامەگەری لانی کەم، هاوچەرخ و ڕێزلێگیراوین لە لایەن زۆربەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەوە، جگە لە تێڕوانین و بۆچوونی ڕێکخراوە بیانییەکان، کە ئەمانیش بە چاوی ڕێزەوە لەو قانوونە دەڕوانن و پێیان وایە قانوونێکە لە ئاستی پێویست دایە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و قسە لەبارەوە کردنە تێگەیشتن نییە لە ئازادی، بەڵکوو تێگەیشتن و ئەو بۆچوونانەن کە لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئازادییەوە هەن، باوەڕناکەم کەسێک هەبێت دژی ئازادی بێت، بەڵکوو ئەوە تێگەیشتنەکانن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئازادیدا وایکردووە جیاواز بین، بەومانایەی ئەو ئازادییەی لە ناخی هەر کەسێکدا هەیە، زۆر جیاوازە لەو ئازادییەی وەکوو پرەنسیپ هەمووومان باوەڕمان پێی هەیە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئازادی هەمیشە وابەستەی بەرپرسیارێتییەکە، نابێت کەس وا تێبگات ئازادی بەتەنیا هی ئەوە، هەرچەندە تۆماس هۆبز پێیوایە دەکرێت ئازادی بەشێک بێت لە مرۆڤ، بەڵام سەرەنجام لەڕێگەی قانوونەوە بەڕێوە دەچێت، پێشیوایە بوونی ئیرادە و ویست ناکاتە ئازادی، مادام ڕێگری هەیە لەوەی مرۆڤ بتوانێت بگات بە ویستەکانی و ئیرادەی خۆی بەکار بهێنێت، هەر بۆیەشە هۆبز باوەڕی بەوە هەیە ئازادی مرۆڤ لەم شوێنە کۆتایی دێت، کە ئازادی کەسانی دی دێتە پێش.
بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بەهیچ شێوەیێک جێگرەوەی قانوون نییە، بەڵکوو هەردووکیان تەواوکەری یەکدین و ناکرێ لێکیان بکەینەوە، بۆیە کاتێک کەسێک سووکایەتی بە کەسێکی دی دەکات و دەیخاتە قەفەسی تۆمەتبارکردنەوە، چ ڕێگایەک هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی تۆمەتەکان، یان قەرەبووکردنەوەی ئەم سووکایەتییە، جگە لە قانوون.
بەرز و پیرۆز بێت یادی ١٢٤ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی

**سەرنووسەر**
٢٠٢٢/٤/٢٢

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام

**دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
چاپخانە: هێڤی

# لەم ژمارەیەدا

*** دۆسیە:**
١. صافی هیرانی / بێکەس حەمەقادر ........ ل٤
٢. صافـی ... ڕەچەڵەک و سۆفیگەرییەتی / هانا کاکی هیرانی ........ ل٥
٣. پێشدەستی ........ ل٨
٤. بەسەرهاتی صـافی ........ ل٩
٥. شێخی عاشقان و دەنگ و ئاواز / سەردار ئەحمەد گەردی ........ ل١٣
٦. صافی هیرانی و هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری / سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ........ ل١٦
٧. گەشتێک بەنێو گوڵزاری (صافی هیرانی)دا / محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی ........ ل١٨

*** مێژوویی:**
١. جووەکان، کە هێشتا لەهەولێر بوون / دکتۆر مارف خەزنەدار ........ ل٣٠
٢. چۆن باسی جووەکانی هەولێر دەکەن؟ / ستار محەمەد ئەمین ........ ل٣٣
٣. کوردبوونی جووەکانی هەولێر / نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز ........ ل٣٦
٤. دانیال قەساب یەکەم نیگارکێشی کوردستان / فەرهاد پیرباڵ ........ ل٣٨
٥. جوو، نەتەوەیە، یان ئایین .. چۆن هاتنە کوردستان و لە هەولێر گیرسانەوە؟ / محەمەد گۆران ........ ل٤٠
٦. یەهوودییەکان نەوەی یەهوودان / مەلا ئەحمەدی وەرتی ........ ل٤٣

*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**
١. شار لەفۆلکلۆر و شیعری کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست/ نێچیروان شوانی ........ ل٤٦
٢. گەشەی زمانی شیعر لەگەڵ گەشەکردن و ڕەوتی مێژوودا / بەیان ئیبراهیم ........ ل٥١

*** دەق: (چیرۆک - شیعر)**
١. قەبرێکی دیـــکە / محێدین تەها ........ ل٦٢
٢. تۆماری نوێ / زایەر عەبدوڵڵا ........ ل٧٠
٣. شارێکی ناتەواو / سمکۆ محەمەد ........ ل٧٢
٤. کەشتی مەست / ڕامبۆ - لە فەرنسییەوە: ئەحمەدی مەلا ........ ل٧٤

*** ڕۆشنبیریی گشتی:**
١. لە فۆلکلۆری کوردی ناوچەی خوراسانەوە / ن: کەلیموڵڵای تەوەحودی - و: ڕێباز مستەفا ........ ل٨٠
٢. ڕوانینێک بۆ پرسی ژنان / شاناز هیرانی ........ ل٨٤
٣. تەڵاق و جیابوونەوە / مافپەروەر حوسامەدین سەرداری ........ ل٨٧

*** دیدار:**
١- دیدار (زەید مەحموود) / دیداری سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل٩٠

*** هونەریی:**
١. شانۆ لەهەولێری پایتەخت بەرەوکوێ؟ ........ ل١٠٠

*** خوێندنەوەی کتێب:**
١. (شمشێری مووسا)ی (سابیر ڕەشید) / هۆشەنگ شێخ محەمەد ........ ل١١٠
٢. ڕەمزی نافیع لە مەرەکەبی محەمەد گۆران دا / بەهزاد موحسین ........ ل١١٢
٣. کتێبی «ئەمڕۆ ساتمەم کرد، بە سەر دوێنێدا داکەوتم» / عەبدوڵڵا ڕەواندوزی ........ ل١١٦
٤. دوا زەردەی خۆر / ئیدریس ئیبراهیم گەڵاڵەیی ........ ل١١٨

*** لەبری بیرەوەری:**
١. شەو لەکێوان (بەشی٥ ) / د. ئەرسەلان بایز ........ ل١٢٢
٢. *** وێستگەی دیوان:**
١. (١) پرسیار ........ ل١٣٠
٢. عەلائەدین سەجادی: ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنێ ........ ل١٣٣
٣. مامۆستا برایم ئەحمەد چۆن گەیشتەوە کوردستان؟ / مەلا شاخی ........ ل١٣٦
٤. بیرۆکەی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانم چۆن لا دروست بوو؟ ........ ل١٣٨
٥. هونەرمەند حەمەجەزا حاجی عەلی بۆ هاتە هەولێر..؟ / د. عبدولواحید ئیدریس شەریف ........ ل١٤٠
٦. (سۆفی)یەکەی من / کەریم سۆفی ........ ل١٤٣

*** لاپەڕە ١٤٤:**
١- دڵنیابن هەڵەیەک هەیە / سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل١٤٤

# دۆسیه

# صافی هیرانی

## ١٨٧٣ - ١٩٤٢

ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەموو دوژمنی دینە
ئەو زولف و رووە ئافەتی سەر روویی زەمینە

عەشقت لە دڵم بتە، نەک عارزە قوربان
وەک تورەیی شاهان کە لەسەر روویی نگینە


عالەم چ دەزانی کە ئەمن کوشتەیی کێمە
لەو تیری موژەت زاهیرە دائیم کە بە خووێنە

بێ عارە دڵم چەندی جەفای دەی حەقە، ئەمما
جێ ی ڕەحمە گوڵم چونکی ڕەقیب وا لە کەمینە

دڵ بوویتە کەباب بۆ مەزەیی دیدەیی مەستت
قوربان لەوە مەعلوومە کە لێوت نمەکینە

جانا وەرە وا غەرقەیی تۆفانی سوورۆشکم
بێ نووحی وەفات نابێ نەجاتم بە سەفینە

صافی کە لە خاکی دەری تۆ دوورە بە قوربان
سەگ مەرگی نەبێ، هێندە چلۆن قابیلی ژینە



# صافی هیرانی



**بێکەس حەمەقادر**

کاتێ لە بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و داهێنان دەدوێیت بەتایبەتی لەبارەی ڕۆشنبیریی گشتی کۆمەڵایەتی ئەم دەڤەرە تێدەگەی دەور و کاریگەری گەورە شاعیرێکی وەکوو سافی هیرانی چۆن کاریگەری هەبووە و ئێستاشی لەگەڵدابێت ڕەنگدانەوەی لەسەر دەڤەری خۆشناوەتی هەیە.

بینین و ڕوئیای ئێمە بۆ کاریگەری ئەم کەلە پیاوانە لە بارەی شیعر و هونەر زۆر بووە، بەتایبەت لە تەکیە و خانەقا مورید یەکجار زۆر بن و بە هەزارانیان لەسەر ئەم تەریقەتە هەواداریان هەبن.

لەبارەی شیعر و داهێنان لەپاڵ تەسەوف ئەوە مایەی تێڕامانی زۆرە کە دڵنیام لەوان سەردەمان چەندین شاعیری دیکە هەبوونە، بەڵام کەسیان وەکوو سافی نەماون، ئەوە مایەی هەڵوەستەیە، چونکە ناکرێت ئێستاشی لەگەڵدا بێت شیعرەکانی سافی دەستاودەست بکەن کەسی دی جگە لە سافی نەبێت.

ئەگەر لە دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان، یان




پارچەکانی دی شاعیری گەورە و هەڵکەوتوومان هەبن وەکوو نالی و جزیری و مەحوی و هتد.


لەم دەڤەرەی ئێمەش سافی هیرانی هەیە و وەکوو داهێنەر و گەورە شاعیرێک ئێستاش بوونی هەیە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەبارەوە دەکرێت و دکتۆرا و ماستەر لەسەر شیعرەکانی دەهێننەوە، هونەرمەندانی گۆرانیبێژی گەورە، کە دەیان و سەدان کەسی دی لە نەوەی ئێستاشی لەگەڵ بێت لەبواری گوتنی گۆرانی، زۆربەی دەقە شیعرییەکانیان هی سافی هیرانییە.

باگراوندی زەوق و سەلیقە و داهێنانی سافی هیرانی لە گەڕان و تێکەڵاوبوون و سەفەر و باری کۆمەڵایەتی ئەو دەگەڕێتەوە.

یەکێک لە جوانی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە چەندین ئایین و ئاینزا، لێرە بوونیان هەبووە، وەکوو جوو و مەسیحی و ئیسلام و کلتووری جیاجیا لێرە هەبووە، ئەوەی مایەی هەڵوەستە کردنە دەور و کاریگەری شێخەکانی ئەم تەریقەتەیە بەتایبەت لەسەر ناوچەی خۆشناوەتی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستی لە ژیانی کۆمەڵایەتی وەرنەداوە، بەڵکوو ئەم شێوە پێکەوە ژیانە لەبارەی ئازادی تاک و چۆنیەتی ژیانکردن هۆکاری سەرەکی کاریگەری ئەوان بووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەبارەی هەرەوەزی و کۆڕ و کۆبوونەوە و ئازادی ژن و پێکەوە کارکردن بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە کە پێموایە ئەدەبیاتی سافی هیرانی هۆکارن.

ئەگەر لایەنێکی دیکەی سافی وەربگرین وەکوو مەدرەسەی شیعر، ئەوە گرنگی و کاریگەری شیعری سافی دەبینین، بەڵام کەمتر کار لەسەر کاریگەری شیعری سافی کراوە لە چاو نالی و مەحوی و جزیری و هتد.

بۆیە ئێستاش کاتیەتی لەبارەی کاریگەری شیعری سافی کە ئەرکی زانکۆ و ئەکادیمیایە لەم بارەوە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکرێت، نەک شارەوانی پەیکەرێکی بێنازی بۆ دروست بکات.



# صافی ...
## ڕەچەڵەک و سۆفیگەرییەتی

بنەماڵەی کاکی هیرانی یەکێکن لە خانەوادە ناودارەکانی کوردستانی باشوور و خاوەن پێگەی تایبەتی خۆیانن، لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی خاوەنی هەزاران مورید و پەیڕەون، لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی لە سنوورەکانی خۆشناوەتی و سۆران و برادۆست و دەشتی دزەیەتی و هەولێر و کۆیە مەحسوبن.

شوێنی قۆناغ و بنکەی خانەوادەکە لە ناحیەی هیرانی سەر بە قەزای شەقڵاوەی پارێزگای هەولێرە

دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە شێخ سلێمانە، ناوی تەواوی میر سلێمان بەگ، کوڕی میر عەبدوڵڵا، کوڕی میر سەعیدی، کوڕی میر ئەحمەد، لەنەوەی شا عەلی بەگی سۆران، کوڕی میر عیسای سۆران، کوڕی میر کەلۆسی دامەزرێنەری میرنشینی سۆرانە.

**میرانی سلێمان بەگ لە نێوان ساڵانی (١٧٠٠ بۆ ١٧١٠ ز) لە دایک بووە**

میر سلێمان بەگی سۆران دوای ئەوەی لە شوێنی باووباپیرانی لەهیران وەکوو میرێکی خۆجێی لە دەڤەرەکە دا، لە سنووری حوکمڕانی میرنشینی سۆران سەرپەرشتی هیران و دەوروبەری و سماقوڵی و بەشێکی کۆیە، تا نزیکی ڕانیەی کردووە، بەڵام دواتر بەهۆی کاریگەری مەعنەوی جەنابی شێخ تەها بەدلیسی کە خەلیفەی (شێخ مصطفی قطب الشامی و شێخ ئیسماعیلی ولیانی) بووە، ئینجا میر سلێمان تەمەسوک لەسەر دەستی شێخ طە دەکات و خەرقەی دەروێشی دەپۆشێت و دیوانی میریەتی دەگۆڕێتەوە بە تەکیە و مەقامی خوداپەرستی، وەکوو کەسێکی کارێزمایی و دەسەڵاتی میریەتی پێشتری لە ناوچەکەدا، تەکیەکەی جگە لە مەقامێکی باڵای ئایینی و مەرجەعیەتی، لەڕووی کۆمەڵایەتیش قۆناغێک بووە کە کاریگەری بەسەر هەموو دانیشتوانانی سنووری ناوچەکە هەبووە.

**ژیاننامەی:**

کاک مستەفا

(صافی هیرانی)

کاک مستەفای کوڕی کاک عەبدوڵڵای (ثانی) کوڕی کاک عەلی، کوڕی کاک مستەفای، کوڕی کاک عەبدوڵڵای، کوڕی شێخ سلێمان (میری سۆر-سۆران)ە. لە ساڵی ١٨٧٣ ز لە هیران لە دایک بووە.

هۆنراوەی بەهەر چوار زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی نووسیوە نازناوی لە شیعردا (صافی) بووە، دیوانە شیعرەکانی چەند جارێک لە چاپ دراون لەلایەن مامۆستایان: عەلائەدین سەجادی و گیوی موکریانی... و بەم کۆتاییانە لەلایەن مامۆستای بەڕێز محەمەدی مەلامستەفا هیرانی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر جوان و ڕێک و پوخت لە چاپ دراوە.


(صافی) سەرەتای خوێندنی ئایینی لای کاک عەبدوڵڵای باوکی لە حوجرەی هیران دەست پێکردووە، پاشان کە پلەی خوێندنی بەرز بووەتەوە لەزۆر جێگا فەقێیاتی کردووە وەکوو (کۆیە، هەولێر، ڕواندز، سەران) لەلای مامۆستا (مەلا ئەحمەدی ڕەش و مەلا ئەحمەدی ئومەر گوبەتی) خوێندوویەتی، لە کوردستانی ئێرانیش لە (لاجان) و (سابڵاخ) و (پەسۆی) فەقێ بووە.

ماوەیەکی زۆر لە سابڵاخ ماوەتەوە لە مزگەوتی (شا دەروێشی) لەلای قازی عەلی باوکی (قازی محەمەد- پێشەوا) خوێندوویەتی.

تەمەنی (٣٠) ساڵ بووە، کاتێک باوکی کۆچی



**هانا کاکی هیرانی**



**“ بەهەر چوار زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی هۆنراوەی نووسیوە، نازناوی لە شیعردا (صافی) بووە ”**

دوایی کردووە، هەر لەو کاتەوە بووە بە جێنشین و بە (کاک مستەفای هیرانی) ناوی دەرکردووە، بەمشێوەیە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی دەست پێدەکات بەمەبەستی تەواوکردنی زنجیرەی تەریقەتی قادری لە بنەماڵەکەیدا.

لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دەستی بە شیعر هۆنینەوە کردووە، شیعری ڕێک و لەباری هەبووە لەبارەی عیشق و دڵداری، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی نازناوی (کاک) و دانیشتنی لە جێگای باوکی، عالەمی ماددی وەلاناوە بۆ عالەمی مەعنەوی، لە پاشاندا بووە بە مەرجەعی مورید و دەروێشان و عاشقانی ڕێگەی خودا پەرستی.

لە بەراوردی (لاهووت) و (ناسووت)دا، پلە و پایەی بەرزی بەدەست هێناوە، هەر لە ڕێگای شیعرە پڕ عیشق و تەسەوفەکانییەوە، دەنگی (یاگەیلانی) گەیاندووەتە کۆڕی وەفادارانی ئەو ئەزموونە کە قوتابخانەیەکی تەسەوفی و شیعری تایبەت بووە.

(صافی) یەکێک بووە لە ڕێزی ئەو شاعیرە ناسراوانەی کە تەسەوف و ئەدەبیان بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، لەسەر هەمان ڕێبازی (جزیری) و (حەریق) و (مەحوی) عیشق و تەسەوف لای (صافی) بە جۆرێک بووە کە هەموو جەستەی پێکاوە.

***خۆی کوردییە (صافی) لە هەوای عیشقی تۆ ئێستێ***

***کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بووە ئەشعار***

صافی شاعیر و خودا پەرست، پاش بەسەربردنی تەمەنێکی پڕ لە کۆشش، لە بەرەبەیانی شوباتی ساڵی (١٩٤٢) دڵە گەورە و پڕ لە جۆش و سۆزەکەی لە لێدان کەوت و خوداحافزیی لەم جیهانە کرد و لەو گۆڕەی کە بەدەستەکانی خۆی لە ژیاندا ئامەدەی کردبوو لە ناو ئەشکەوتی مەزارگەی کاکی هیران لە تەک بابوباپیرانی نێژرا.

لەدوای خۆشی کوڕە گەورەکەی حاجی کاک عەلی کاکی هیران بووە جێنشینی.

صافی لەگەڵ خزانە نێو بازاڕی سۆفیگەری و عیرفانی و پەیوەندی بوونی بە تەریقەتی قادری کە لە شێخ سولەیمانی (میری سۆر-

**لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دەستی بە شیعر هۆنینەوە کردووە، شیعری ڕێک و لەباری هەبووە لەبارەی عیشق و دڵداری**

سۆران)ی باپیرە گەورەیەوە بۆی ماوەتەوە، بەسۆز سووتانێکی دەروونی پڕ لە جۆش و خرۆشی عیرفانییەوە، خۆی کردووە بە شاگردێکی ڕەندی ئەو تەریقەتە هەروەکوو نووری شاعیر لە وەسفی دەفەرموویت:

***فەریدی عەصری خۆی صافی گەلێ ڕەند و بەتەقوا بوو***

***موریدی موخلیصی زاتی جەنابی غەوثی بەغدا بوو***

نەپچڕانی زنجیرەی پەیوەندی نێوان ئوستاد و شاگردانی ئەو تەریقەتەش شەونخوونی و خۆ ئامادەکردنی بێ وچانی تەواوی ئەوێ هەمیشە مرۆڤی تەریقەتدار دەبێت، جووڵانەوە و بیرکردنەوەی بە خوداپەرستی و کردەوەی چاک مشتومار بکات، خۆ بەکەم زانین و خۆ دوورخستنەوە لەکاری نەنگ پێناسەی پیاوانی کاروانی تەریقەتە، بۆیە صافی هانا دەباتە بەر غوربەتی ئەو قوطبە ڕۆحییە کە حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە لە دەرگای ئەودا بە ویقاڕ و ڕێزەوە دەوەستێت، چونکە بەیاری ڕاستەقینەی دەزانێت بۆ پیشاندان، تا دەگاتە پلەی شادبوون بە جەمالی پاکی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) و ڕەزامەندی خودای گەورە کە دەلیل و خولقێنەرە، بۆیە لەنێو شیعرەکانیدا زاراوە و کەرستەی سۆفییانە زۆر بەکارهاتووە

***لەجیلوەی نەفی و اثباتی تۆ وەک صافی بەڕۆژ و شەو***

***دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم دەمێ بێدار و هۆشیارم***

صافی بەرزی مەقامی هەموو پێغەمبەران بە بەشێک دادەنێت لە روطبە و جاە و مەقامەی خوداتعالی بە پێغەمبەر محەمەد (دروودی

خودای لەسەر بێ) بەخشیوە کە گەورەی هەموو پێغەمبەرانە:

***سیرری سبحان الذی اسری نیشانەی شاهیەت***
***طرەی خەتمی ڕیسالەت مۆری فەرمانی تووە***
***ڕاض لی وقت مع الله..***
***خاصی تۆیە ئەی حەبیب***
***عاصیان بۆیە و ئومێدی حەشر و میزانی تووە***

هەندێکجار لە ڕۆوحانیەتیدا دەچێتەوە بنج و بناوانی ڕووداوەکان، خۆی دەبەستێتەوە بە زەنگە ئەزەلییەکەی پەیمانی ئەرواح.. لەگەڵ زاتی خودا زەمەن هێند بە گورجی دەبرێت خۆی لەعالەمی ئەجناس دادەپەڵۆسێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کەڕۆح بووە وەڵامی خودای گەورە بە (بلی) داوەتەوە کاتێ کەخوای گەورە فەرموویەتی «الست بربکم» بەڵام شێوەی ڕاز و نهێنییەکی ئەوتۆ کە لای خامەدڵان بە لاڕێ و لادەر لە قەڵەم بدرێت:

***ڕوح مەستە لە ڕاحی تۆ لەنێو عالەمی ئەرواح***
***باطن لە بلی دایە و ظاهر لە نعم دا***

پلەی (فناء) مەقامێکی بەرزی سۆفیگەرییە، کە توانەوە و نەمانی زاتی دەگەیەنێ تێیدا صۆفی تەنها بەشی ئەوەندە هۆشی لای خۆیتی کە بیر لە تەنافی پەیوەندی بکاتەوە و لەگەڵ زاتی خودا نەهێڵێت بپسێ، دونیای لەلا دەبێتە کاپووشێک و بەهەبای تێدەگا لەو ڕوانگەیەوە صافی دەفەرمووێت:

***گەدای تۆم گەلێ پێخۆشترە لەم مەسندەی شاهیەت***
***ئەوەندەم کافییە کە عەبدی ژێری دەرگاهم***

صافی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە مژدە بەخش زانیوە، واباوە کە ئەو قوطبە لەسەر شێوەی چاوی بازەوە خۆی بەصافی پێشانداوە ئەگەر شعرێکی صۆفیانەشی خاڵی بێ لەناوی تەواوی گەیلانی دەبێت بە هێما و درک باسی ئەوی هەر لە ناودا بێ:

***بۆشکاری مورغی وەحشی نەک هەڵۆ و شاهێنم***
***عەشقی چاوی بازی خۆمم بۆیە ڕاوی کەو دەکەم***


نەفسی خۆشکاندن پلەیەکی دیکەی بەرزی سۆفیگەرییە، لەو بوارەدا صافی پێشبڕکێ لەگەڵ گەورە پیاوانی عاریف و ڕەندی ڕێگەی تصوف دا دەکات تا خۆی بە کەمترین زیندەوەر یاخود لەویش کەمتر لە قەڵەم دەدا و دەفەرمووێ:

***کە صافی کلب گیلانست ژ اولاد سلێمانست***
***ز عەشقت سینەبریانست مدد یا ساکن البغداد..***


صافی لە شیعر هۆنینەوەدا لایەنی سۆفیگەری بەتەواوی بەسەردا زاڵە و بە تێروتەسەلی زاراوەی تەسەوف و حاڵ و مەقاماتەکانی سۆفیانەی ئاخنیوەتە نێو شیعرەکانییەوە، نەشئە و نمایەکی وەهای پێ بەخشیوە لە ڕازاندنەوە و جوانکاریدا کە دوور بن لە وشکی و کاڵی..

صافی لەگەڵ خزانە نێو بازاڕی سۆفیگەری و بەند و پەیوەند بوونی بە تەریقەتەوە، بەسۆز و سووتانێکی دەروونی خۆی کردووە بە شاگردێکی بێ پەروای ئەم تەریقەتە، نەپچڕانی زنجیرەی پەیوەندی نێوان ئوستاد و شاگردانی ئەو تەریقەتەش، شەونخوونی و خۆ ئامادەکردنی بێ وچانی تەواوی دەوێ، هەمیشە مرۆی تەریقدار دەبێت جووڵانەوە و بیرکردنەوەی بە خودا پەرستی و کردەوەی چاک و ڕەوشتی بەرز مشتومار بکا، خۆ بە کەم زانین و خۆ دوورخستنەوە لە کاری نەنگ پێناسەی پیاوانی کاروانی تەریقەتە، بۆیە صافی هانا دەباتە بەر توربەتی ئەو قوطبە ڕەندە کە حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی-یە لەدەرگانەی ئەو بە ویقار و ڕێزەوە دەوەستێت چونکە بە یاری ڕاستەقینەی دەژمێردرێ بۆ پیشاندان، تا دەگاتە پلەی شادبوون بە جەمالی پاکی حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) و ڕەزامەندی خودای گەورە، هەروەکوو دەفەرمووێت:

***ئومێدی زۆر هەیە صافی نەجاتی بێ لەغەم چونکی..***
***دەلیل مەولا و ئەحمەد یاوەر و یار بازی گەیلانە..***



**“ (صافی) یەکێک بووە لە ڕیزی ئەو شاعیرە ناسراوانەی، کە تەسەوف و ئەدەبیان بەیەکەوە کۆکردۆتەوە ”**



# پێشدەستی

صافی لە هەرێمی هەولێرێ لەناو دۆستە هەرە دڵسۆز و ئەمەکدارەکانیدا، یەکەمین کەسێک بوو کە بەدیداری وی پەردەی خەفەت و پەژارەم لەسەر دڵی لادەچوو چونکوو ڕووی لەهەر شوێنێکی کردبایە لەبەر شەپۆلی زمانی شیرینی و ڕووی خۆشی و ڕاوێژی دڵپاکانەی وی کە هەر لەو دەوەشاوە لەشکری تارمایی نەگبەتی و خەم و دڵتەنگیەتی لەو ناوەدا بە پشت شکاوی دەرەویەوە.

صافی کە دەهاتە شاری هەولێرێ لەماڵی بەهەشتی حاجی عبداللەی کەبابچی میوانداری دەکرا، بۆ دیدەنیش لەوانەی کە بەندە شارەزایان بم زۆرترین کات هاتووچۆی لای خوالێخۆشبوو شێخ عبدالقادر قدری بووێژی کوردی کەرکوکی و لای بەندە و کاک عەونی یوسفی دەکرد.


> **صافی کە دەهاتە شاری هەولێرێ لەماڵی بەهەشتی حاجی عبداللەی کەبابچی میوانداری دەکرا**

هەرچەندە لەسەردەمی خۆیدا بەسەرهاتی (صافی)و زۆرترینی هەڵبەستە دەست نووسەکانی خۆیم هەر لەخۆی وەرگرتووە، بێجگە لەوانەش هەروەکو لەناو بەسەرهاتەکەیدا دەخرێنە بەرچاوانەوە تەنها بەندە بووم کە توانی بێتم وێنەیەکی باشی وی وەرگرم چونکو بایەخدارێکی پاک و خانوودا نامۆکی ڕاست بوو حەزی لەخۆ دەرخستن و ناوبانگ نەدەکرد نەیدەهێشت وێنەی وەربگیرێت بەندەش لەدوای کۆچی وی هەر چاوەڕێی هەلێکی وابووم کە کوڕە خوو ڕەوشت پاکەکانی ئارەزووی چاپکردنی دیوانی باوکیان بکەن تا لەسەر ئەرکی خۆیان، یا هی من، کەچی لە پڕێکا لە ١٩٥٣دا مامۆستا محسن دزەیی دیوانەکەی صافی لەسەر ئەرکی خۆی بە چاپ گەیاندووە بەسەرهاتەکەشی بە پێنووسی مامۆستا عەلائەدین سەجادی نووسراوەتەوە.

لەو دواییەیدا حاجی کاک مەلا عەلی کە کوڕی هەرە گەورە و پۆست شینی بەهەشتی (صافی) یە دیوانی ناوبراوی پێشکەش بە چاپخانەکەی ئێمە کرد، بۆ ئەوەی دووبارە چاپ کرێتەوە، هەرجۆرە چەوتیەک لە چاپەکانی پێشوودا ڕووی دابێ هەڵەبژێری کراوە و چەند پارچە هەڵبەستێکی کە لەناو ئەوی پێشوودا نەبوو خراونەتە سەری و بەسەرهاتەکەشی گەلێک هەڵگێڕ و وەرگێڕ و دەسکاری کراوە.

بەندەش سەرەڕای ئەوەی کە بەسەرهاتەکەیم هەر لە خۆی وەرگرتووە شارەزاییێکی شیاویشم بەسەر هەموو چەشنە بارێکی ژیانی ویدا هەیە خودا باربێ لەوانەی کە لە بیرم ماون چەند مەبەستێکی دەخەمە بەرچاوی خوێندەوارە بەڕێزەکانەوە تا باشتر پەی بە بەرزیەتی پایە و دڵپاکیەتی و مەردی و ڕەنجدایەتی صافی ببەن و چەند پارچە هۆنراوێکیش کە بە دەستنووسی خۆیم هەیە، لەناو دیوانەکەیدا نەبوو دەیانخەمە شوێنی خۆیانەوە.

*** پێشەکی گیوی موکریانی، بۆ دیوانی صافی، چاپی سێیەمین ساڵی ١٩٧٣، چاپخانەی کوردستان، وەکوو خۆی.**


دیوانی صافی

لەسەر ئەرکی چاپخانەی کوردستان چاپکراوە
کەس تر مافی چاپکردنەوەی نیە

چاپی سێیەمین
٢٥٨٢ی کوردی – ١٩٧٣ی زایینی

چاپخانەی کوردستان


هەولێر

# بەسەرهاتی صافی

هۆنەری پایە بەرز و ویژەی ناوداری خۆشناو نێوی کاک مصطفی کوڕی کاک عەولا (ثانی) کوڕی کاک عەلی کوڕی کاک عەولای کوڕی کاک مصطفی کوڕی شێخ سلێمانی و نازناویشی (صافی)یە.

ئەو خانەوادەیە لە بنەچەکەدا (میر مەحەڵین) و بە شەش پشتان دەچنەوە سەر شێخ سلێمانی باپیرە گەورەیان، کە بە میری سۆران ناوبانگی دەرکردبوو، فەرمانڕەوایی گوندەکانی ناوچەی هیران بووە، بەڵام لە دووایی دا شێخ سلێمان بەهۆی شێخ تاهای بتلیسی-یەوە گرفتاری ڕێبازی ڕێ و شوێنی قادری بووە، ئیتر بە جارێک وازی لە میرایەتی هێنا و دیوانی میریەتی بە تەکیە گۆڕیەوە و ڕووی لە دەرگای خودا پەرستێتی و پارێزگارێتی کرد داب و دەزگای خودا ناسێتی لەسەردەمی ئەودا تا ئەمڕۆ لەناو خانەوادە پەیدا هەر لەباوە.

صافی لە گوندی (هیران)یَدا لە بەرواری (١٨٧٣)ی زایینی دا پێی ناوەتە کۆڕی ژیانەوە، لە سەرەتاییَدا لەلای باوکی خۆی دەخووێند لە پاشان چووە ناو فەقێیانەوە، بەرە بەرە بەناو خوێندنگایەکانی ناو خۆشناوەتی دا گەڕاوە ڕووی لە کۆیە و هەولێر و ڕەواندزێش کردووە وانەی لەلای مەلا ئەحمەدی هۆمەر گونیەتی و مەلا ئەحمەدی ڕەش خوێندوە ئەوجار سەرێکیشی لەلاجانی داوە و ماوەیەکیش لە پەسوێ ماوەتەوە، لەوێشرا ڕوو لە سابڵاخێ دەکات و چەند ساڵێکی لە مزگەوتی (شا دەروێشی) لەلای قازی عەلی باوکی (قازی محەمەد) دەخوێنێ لەو ماوەیەدا پلەی خوێندەوارێتی خۆی لە زمانی ئارەوی و فارسیشدا زۆر بەرز دەکاتەوە.



### هۆی بووێژێتی صافی:

صافی هەر وەکوو لە خۆیم بیستووە لە تەمەنی چاردە ساڵی-یەوە دەستی بە هەڵبەست هۆنینەوە کردوە، هەر چەندە لەو تەمەنەدا شۆر و سەودا و ئەڤینی گوڵەندامان، دوور نیە ئەویان وەکوو بولبول خستبێتە چەهچەهە و ناڵە ناڵ و خۆش و ناخۆش بە ناچاری کەوتبێتە نێو باوەشی دڵدارێتی و سەوداوە، بۆ سوور کردنەوەی ئەو مەبەستە هۆنراوە تەڕ و ئاودارەکانی گرنگترین بەڵگەن بەڵان سەرەڕای ئەوەش پێویستە ئەوەش لەبیر نەچنەوە کە دیمەنە خۆرسکەکانی (هیران و نازەنین) بەتایبەتی ئاوی شیرین و ڕەوان و هەوای فێنک و بووژینەوەی باخ و باخچە و ڕەزە دڵگرەکانی و گوڵزار و چیمەنە جوان و ڕەنگینەکانی کە لە توانای مندا نیە بڵێم وەبەهەشتی دەچن چونکوو شایانن کە بەهەشت وەوان بچووێنرێ، سا ئەو هەرێم و مەڵبەندە دڵکێشە ناو نازدارانە بەو هەموو شان و شکۆیەیانەوە، نەک تەنها صافیان کردۆتە بولبولێکی شەیدای ئەو ناوچەیە و بەس بەڵکوو شۆری نهێنی و سەودای ئەڤینی بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ لەناو خانەوادەی واندا کاریگەر بووە جۆش و خرۆشی سەودا و هەوەسی هەڵبەست هۆنینەوە و ویژە پەروەری لەناو دڵ و دەروونی پانی باوکی و زۆرترینی کوڕەکانی دا وەکوو جیاوەی هەناو ئەندامی نواندووە.


زۆرترینی هەڵبەستەکانی (صافی) بەسەر دوو براندا دابەش دەکرێن (ئایینی و دڵدارێتی) هەر چەندە زۆرینم هەوڵدا لەگەڵیدا کە بۆ یادگار پارچە هەڵبەستێکی نیشتمانیش بهۆنیتەوە داخەکەم بێ سوود بوو.

کاکی خۆشناو بە زمانی کوردی و فارسی و ئارەوی و تورکی هەڵبەستی زۆر داناوە بەڵان لە ڕووی ئەوەوە کە کوردیەکانی لەوانی دی پترن شایانی سوپاسە.

### پلەی صافی لە بووێژێتیدا:

هەڵبەستەکانی صافی هەرچەندە لە ڕووی ڕەوانی و سوواری و پوختی و ناوداری و ڕاوێژ شیرینی و بەتایبەتی لەلایەن کێش و پاشبەند و هەموو بابەتێکەوە دڵگر و پەسەند کراون هەر وەکوو بووێژی نیشتمان پەروەری کوردی هەولێری بەهەشتی (کانی)و هۆنەری زانا و بەناوبانگ مەنفی (مەلا ڕەسولی بێتووشی) لەناو

**“ صافی هەر وەکوو لە خۆیم بیستووە لە تەمەنی چاردە ساڵی-یەوە دەستی بە هەڵبەست هۆنینەوە کردووە ”**



هەڵبەستەکانیدا بە دوور و درێژی هەڵیان ناوە و بۆیان هەڵگەوتووە، داخەکەم لەم دەمەدا لەهی هەر یەکەی تاکێکم بە دەستەوەیە ئەگەر بمێنم لە چاپی نوێتریدا هەموویان دەخەمە بەرچاوانەوە، کانی دەڵێ:

***ئوستادی فەزیل صافی یە جێگەی لە میرانە***
***مەدحی چبکەم ڤافرو مەشهووری جیهانە***
***ئەوا ئیمانی پێت هێناوە مەنقی***
***بفەرموو مصطفای ئاخر زەمانم***

بیروباوەڕی بەندەش لە ڕاست ویەوە ئەوەیە، ئەگەر مافی هەر وەکوو لە ڕێگای تایبێتدارێتیدا بە ئەندازەیەکی ئەوتۆی خۆ سەخلەت و شەکەت کردووە تا گەیشتۆتە پایەی پیرانی خودا ناس، ئەگەر بە قەد نیو هەندەی وی لە ڕێگای وێژەشدا خۆی ماندوو بکردبایە هیچ سوو (شت) لەوەدا نیە کە لە توانایدا هەبوو بگاتە بەرزترین پلەی هۆنەری لە کوردستانێ‌دا.

(صافی) هەر چەندە لەناو هەڵبەستەکانی دا زۆر لە مەی و ئارەق دوواوە کە تەنیا لە ڕووی پیشنیارەوە بوو و نەیدیتبوون، بەڵان زۆر ئارەزووشی دەکرد کە بە چاوی خۆشی جارێکی بیان بینێ. وا دەگێڕنەوە کە ڕۆژێکی بەناو یەکێک لە شەقامەکانی موصڵێ‌دا ڕادەبرد تووشی بەردەرگای مەی خانەیەکی هات لەگەڵ هاوڕێیەکانی بەبێ یەک و دوو کردن دەچێتە ژورێ و دادەنیشن، مەی فرۆش دەڵێ مەللا چ دەخۆنەوە؟ لە ڕووی ئەوەوە کە کاکی هیرانی هیچ جۆرە مەیەکی نەدیتبوو و ناویشی نەدەزانین گوتی خۆت سەرپشک بە هەرچیەکی بۆمان دێنی بێنە، مەی فرۆشیش بە ئارەزووی خۆی مەی یا ئارەقی لە پێش دانان. کاکی دڵ و دەروون پاک ماوەیەکی تەواوی تێراما و زۆریشی ئەسرین هەڵوەراند و پارەی مەیەکان تەواو دەدا، بە مەی فرۆشەکەی گوت: ئێمە هێشتا نانمان نەخواردوە با ئەوانە هەر لێرە بمێننەوە تا دەچین نانی دەخۆین و دەگەڕێینەوە ئێتر لەوێ دەردەکەون.

(صافی) تا کۆچی دووایی یانی لەباری بێ پەروایی دا دەژیا جاری وا هەبوو بە هەڵبەستنی هۆنراوە تەڕ و ئاوداری دڵداریتیەوە بەسەر دەبرد هەندێ جاریش لە گژ راوی مەل و کێوییاندا بە دەشت و نەواڵ و کۆساراندا دەخولاوە، ڕۆژگار تەنها سێ ساڵان ماوەی ئەو ژیانە ئازادەی دایە، بەڵان کە باوکی کۆچی دووایی کرد ئەویش ناچار لە شوێنی وی دانیشت و تەواوی خێر و خۆشی

**“ دەگێڕنەوە کە ڕۆژێکی بەناو یەکێک لە شەقامەکانی موصڵێ‌دا ڕادەبرد تووشی بەردەرگای مەی خانەیەکی هات لەگەڵ هاوڕێیەکانی بەبێ یەک و دوو کردن دەچێتە ژورێ و دادەنیشن ”**

**زۆرترینی هەڵبەستەکانی (صافی) بەسەر دوو براندا دابەش دەکرێن (ئایینی و دڵداریتی)**

گێتی بە ڕێ و شوێنی دەروێشانە و پیشەی خودا پەرستیەتی گۆڕیەوە، ئەویش گرا و (عاشق)ی ڕێ و شوێنی شێخ تاهای بتلیسی بە چەشنێک بوو ناوکە تەرێزەی خەرقە پۆشانەوە بەوەش تەواو دڵی دانەکەوت دەستی گەیاندە زنجیرەی ئەڤینی دادگەرانەی شێخ عبدالقادر غەوسی گەیلانی لو ساڵێ چەند جارێکیش دەچووە دیدەنی بارەگا بەرزەکەی و لەناو زۆرترینی هەڵبەستەکانیشیدا بەندیوارێتی دڵە پاکەکەی وی لە ڕاست بارەگای بەرزی گەیلانی دا بە گرنگی ئەندام دەنوێنێ.

کاکی هیرانی بەهۆی دڵپاکێتی و ڕووخۆشی و ڕاوێژ شیرینی و داد پەرستیەتی خۆیەوە بەرزترین شووێنی لەناو دڵی دۆست و ئاشنایەکانی دا بۆ دیاری کرابوو.

کاکی خۆشناوەتی لە پارێزگاری و خوداپەرستی بەدەر هەموو شتێکی بە هیچ دەزانی و سامانی هەموو گێتی لەلای پوشێکی نەدەهێنا و کەم و زۆر حەزی لە ناوبانگ نەدەکرد کە لە هەموو تەمەنی خۆمدا پیاوێکی وا یەک ڕەنگم کەم دیتووە، بۆ نموونە با لێرەدا سەربوردەیەکی ویتان بۆ بگێڕمەوە: لە ڕووی ئەوەوە کە چەند پارچە هەڵبەست و بەسەرهاتەکەیم هەر لە خۆی وەرگرتبوو وە بۆ مێژووی وێژە ئاتاجی وێنەیەکیشی بووم هەر چەندە کە نێوانیشیان بێ ئەندازە خۆش بوو، لە ڕووی دڵسۆزێتی یەوە زۆر جاریش هاتۆچۆی دەکردم چەند ساڵێکی تکام لێ کرد کە وێنەیەکی بۆ یادگار وەربگرم تەنها وەڵامی ئەوە بوو، تۆ خراپ لە من گەیشتووی وە دەزانی کە من پیاوێکی وام شایانم بخرێتە ناو مێژووی وێژەوە، من خاکم و سبەینێش هەر دەبمەوە بە خاک ئابڕووی ئەو هەموو بوویژە پایە بەرزانەی کورد بە من و هەڵبەستە بێ سەرو پایەکانمەوە مەبە لەناو مێژووی وێژەکەتدا ئێتر لە هەولێری چەند دۆستێکی کە هەیبوو لەسەر داخوازی من هەموویان تکایان لێ کرد کە مەیدان

بدات وێنەیەکی وەربگیردرێت. داخەکەم وەڵامی هەموویان هەر ئەوە بوو کە بەمنی دابۆوە، هەر چەندە بەو بۆنەیەوە زۆریش دڵگیر و بە پەرۆشەوە بووم بەڵام دەرم نەبڕیو هەر چاوەڕێی هەل بووم لەو ماوەیەدا چەند جارێکیش لەناوی گلەیی یەوە بەگوێی داماوی برام هەڵێنابوو وە ئەویش دەیگوت هیچ کۆسپەیەک نیە لە گیتی دا کە مرۆی تێکۆشەر وەسەری نەکەوی کەچی خراو راسنان داماو (حزنی) برام لە کاتێکا هاتە دوکانێ کە صافی و برای و چەند کوڕێکیشی لەوێ دانیشتبوون. بەندە دەمزانی کە صافی و کاکم دۆستایەتیان هەیە بەڵان نەمدەزانی پایەی دۆستایەتیان تا چ ڕادەیەکی یە چونکوو تا ئەو ڕۆژی هەردووکیانم لە یەک شووێنی دا نەدیتبوون. کە سەیرم کرد ئەوەندە جووت و لێک نزیکن بەندە لە نێوانیاندا وەکوو بێگانەیەکی نەناسراو وا بووم.


ئەوسا دووای چاک و خۆشی صافی لەلای کاکم دەستی بە گلەیی و گازاندە کرد لە دەست من و گوتی: کاک سەید دەزانی گیو زۆرم سەخڵەت و تووڕە دەکات! کاکم هەر چەندە لە مەبەس ئاگادریش بوو بەڵام خۆی ناشی کردو گوتی لە ڕووی ئەوەوە کە گیو برای منە ناتوانی لە فەرمانی من دەرچێ تۆش بمکە سەر پشک تا بە ئازادی کۆتایی بەو کارەساتە بدەم، صافی گوتی: جا تۆ بەبێ ئەوەش هەر برا گەورەی کەس لە فەرمانی تۆ سەرپێچی ناکات.

کاکم پرسی دە بفەرموو بزانم تاوانەکانی گیو چین؟ کاک فەرمووی گیو لای وایە کە من مرۆڤ و بووێژم پێی داگرتووەو زۆرم ڕوو لێ دەنێ کە وێنەم وەربگرێ هەر چەند پێی دەڵێم (باوکم من خاکم و سبەو دووی دەبمەوە بە خاک شایانی ئەوە نیم کە تۆ لەناو مێژووی وێژەدا بمخەیتە ڕیزەی بووێژە هونەرمەندەکانی کوردەوە تکایە ئابڕووی وان بەمنەوە مەبە و جگە لەوەش من حەز لەناو و ناوبانگ ناکەم سوودی نیە و وازم لێ ناهێنێ.

داما و گوتی: چۆن تاوانە گرنگە ناپەسندەکانی گیو هەر ئەوەیە؟!

صافی لە وەڵامی دا گوتی: بەڵێ هەر ئەوەیە و تاوانیش لەوە گەورەتر نابێ!

داماو گوتی: کاکی بەڕێز فەرمان بەسەر تۆدا بەو چەشنە درا کە ئێستا لە شوێنی خۆت هەستی و بچی لەسەر هۆو کورسیەی دانیشی بۆ ئەوەی وێنەکەت وەربگیردرێت و ڕووی لە منیش کرد و گوتی: لە بەرامبەر ئەو تاوانەدا کە زاتی وەت کردووە دڵی کاکی نازدار بشکێنی سزات ئەوەیە هەر ئێستا وێنەکەی وەربگری تا جارێکی تر دڵە نازدارەکەی سەخڵەت نەکەی.




صافی دەم و دەست وەکوو سەربازێکی گووێدێر لە شووێنی خۆی هەستا و چوو لەسەر کورسی ناوبراو دانیشت و بەندەش بە ئارەزووی خۆم وێنەیەکی باشی کارەباییم وەرگـرت، کە هیچ کەسێکی تر نەیتووانیوە وێنەیەکی وا ڕەوشەن و باشی وی وەرگرێ.

ئەوجار کاکی هیرانی بە داماوی گوت: لام وایە دادگـەر (حاکم)ێکی داد پەرست نـەبووی لای برایەتیت بەهەند گرت وام زانیبا نەمدەکرد بە برا گەورە بەڵام دۆڕاندنم!

داماو گوتی: کاکی خۆم چەندین ساڵە ئاگام لەو گێرە و کێشەیە هەیە ڕاستیەکەی ئەوەیە تۆ هەر چەند خۆت بە خاک بزانی گیو تۆ بەڕێز دەزانی ئێستاش کێشە لەنێوانی دا نەما تۆ حەز دەکەی خۆت هەر بە خاک و خۆڵ بژمێرە و گیویش لەکاتی خۆیدا بەپێی بیروباوەڕی خۆی لە تۆ دەدوێ.



**“ چەند ساڵێکی تکام لێ کرد کە وێنەیەکی بۆ یادگار وەربگرم تەنها وەڵامی ئەوە بوو، تۆ خراپ لە من گەیشتووی وادەزانی کە من پیاوێکی وام شایانم بخرێتە ناو مێژووی وێژەوە ”**



صافی لە سەردەمی شێخێتی لەناو گێتی دا بەندیواریێتی خۆی لە ڕاوو دەنگی خۆش و جوانی خۆرسک بەدەر لەگەڵ هەمو خۆشی و ناخۆشیێکی تر پساندبو.

**صافی و ڕاو:** زۆرترینی سەردەمی خۆی بە ڕاوی باڵندان و پەروەردە کردنی کەوان بەسەر دەبرد وە لەناو گێتی دا هیچ چنێکی لە کەوی سپی خۆشتر نەدەویست.

**صافی و جووانی خۆرسک:** کاک بە دیتنی گوڵ و گوڵزارو دیمەنانی خۆش و جوانی خۆرسک وەکوو خونچەی دەپشکوت، هەر چەندە گوندی (هیران) لە هەموو لانێکەوە لە بەهەشت خۆشتر بوو سەرەڕای ئەوەش هێنای حەوز و سەراو و چەند جۆگەیەکی لێ دامەزراند و خیز و وردە بەردی زەرد و سوری لە هەندەرانەوە هێنابوو، بەپێی سەلیقەی بەرز و پەسندیەوە بەناو حەوز و سەراو و بەند و جۆگەلەکانی دا بە چەشنێکی ئەندازیاری دابەش کردبوون، ئەوجار دیمەنی هیران وێرای باخ و باخچە و ڕەز و چیمەن و گوڵ و گوڵزار و تریفەی ئاو و تروسکەی بەردە ڕەنگا و ڕەنگەکانی مرۆی سەرخۆش دەکرد.

**صافی و دەنگی خۆش:** کاک هەمیشە چەند دەروێشێکی دەنگ خۆشی لەلا بوو بە تایبەتی فەقێ خدر و دەروێش مستەفا و حاجی عبداللەی دەفەژەن کە لە کۆڕی دیوەخانەدا دەنگیان لێ هەڵدێرا باڵندانیان بە هەواوە دەوێستاند خۆ بە تایبەتی کە هەڵبەستە تەڕو ئاودارەکانی کاکیان دەخوێندەوە کاکیان بە جارێکی دەخرۆشاند بۆی دەهەژاوە وەکوو ڕێژنەی بارانە فرمێسکی بەسەر ڕوومەت و ڕیشی دا هەڵدەوەراند.

هەر کاتێکی صافی بهاتبایەتە هەولێر و دەشتی دزەیەتی و یا زینووی شێخی و شووێنانی تر دوو سێ دەنگ خۆشێکی بژاردەی لەگەڵ خۆی دەگێڕا بۆ نموونەی شەیدایی صافی لە پێناوی دەنگی خۆشی دا، با سەربردەیەکیتان بۆ هەڵڕێژم کە لە خۆیو کوڕەکانیشم بیستووە:

“ هەر کاتێکی صافی بهاتبایەتە هەولێر و دەشتی دزەیەتی و یا زینوویی شێخی و شووێنانی تر دوو سێ دەنگ خۆشێکی بژاردەی لەگەڵ خۆی دەگێڕا ”

چەند جارێکی لە موصل و بەغدایە کە بە شەقام و کۆڵاناندا ڕابردووە لە کاتێکی کە دەنگێکی خۆشی مرۆڤ یا گرامافۆنی گوێ لێ بوبێ بەبێ ووزە (اختیار) لەوێ ڕاوەستاوە کە زۆریشی کار لێ کردبایە بە کوڵ دەگریا و فرمێسکی هەڵدەوەراند سا ئەو شوێنە چاک با یا خراپ ڕادەوەستا تا گۆرانیەکە کۆتایی دەهات.


بۆ نموونەی دڵڕاگرتن و دۆستایەتی و ئەمەگداری و دڵفراوانی و سازانی صافی بەسەرهاتێکی تریشم وەبیر هاتەوە جێگای خۆیەتی یادی نوێ کەمەوە:

ڕۆژێکی لە مانگی ڕۆژووواندا کاکی دڵ و دەروون پاک لەگەڵ کاک نوری برای و چەند برادەرێکی تردا لەلای بەندە دانیشتبوون لە پاش ماوەیەک پێی گوتن: هەستن با بچین دیدەنێکی عەونیش بکەین، ئەوانیش گوتیان: قوربان کاک عەونی بەڕۆژ و نیە بچینە لای وی چبکەین ئێرە باشترە، کاک فەرموی: دەک ماڵتان کاول بێ بۆ گێلی و نەزانیتان ئێمە دەچینە لای عەونی ئەگەر بەڕۆژو بوو ئێمەش پێین خۆ کە پێ نەبوو ئێمەش پێ نابین، ئیتر چونە لای وی، داخەکەم لە دووایی تەمەنی دا چاوەکانی کز و کەم بینا بوون، با بە کورتی بیبرمەوە کاکی هیرانی کە وەکوو گوڵی گوڵاوی هەموو شووێن و کۆڕو هەرێمێکی دەکردە بەهەشتێکی خەمڵاو و بۆنخۆش، یا هەم دەتگوت بولبولی سەوداسەری گوڵانە داخی گرانم ئەو گوڵە بۆنخۆشە و ئەو بولبولە سەرخۆشە لە (١٩٤١)دا پەڕو باڵی هەڵوەراند و ڕەوانی پاکی بە گیان ئافەرین ئەسپاردوە لە گوندی هیرانی لە ئەشکەوتی (شێخ سلێمانی)دا کە غارێکی داناشراو و گۆڕستانی بنەماڵەی وانە لە گۆڕێکدا نێژرا کە لە سەردەمی ژیانی دا بە دەستی خۆی بۆ خۆی هەڵکەندبوو.

بەڵێ ئەو دۆستە زانا و پایە بەرزە و ئەو برادەرە دڵسۆزەشم بە فەرمانی چارەنوس بە ناچاری بەجێی هێشتم، ڕۆژگاری چەپگەڕ بەدوور خستنەوەی ئەم بووێژە ناودار و ئەمەگدار و دڵسۆزە داخێکی دیکەی وای بە جەرگەوە نام کە تا ماوم لەبیرم ناچێتەوە، بەهەشتی حەوت کوڕ و چوار کچی لە پاش بەجێماون ئەوا بەپێی تەمەن ناوی کوڕەکانی دەخرێنە پێش چاوانەوە:

١.حاجی کاک مەلا عەلی کە کوڕی هەرە گەورە و پۆست نشینی خۆیەتی.
٢.حاجی کاک مەلا عەزیز.
٣.کاک ئەنوەر.
٤.کاک جەعفەر.
٥.کاک عبدالقادر (غەونە).
٦.کاک جنید.
٧.کاک عبدالکریم (بابە شێخ).

*** دیوانی صافی، چاپی سێیەمین ساڵی ١٩٧٣، چاپخانەی کوردستان، وەکوو خۆی.**




# شێخی عاشقان و دەنگ و ئاواز

سەردار ئەحمەد گەردی

شێخی
عاشقان (صافی هیرانی) دڵی پڕ لە ئاگری عیشق و چاو بە فرمێسک، بارانی بەهار، شێت و شەیدای جوانی گوڵ و بۆنی گوڵزار، قاسپە و چریکەی کەوی کۆسار، دڵ بریندار بە تیری غەمزەی یاری چاو بەخومار، چاو بە فرمێسک لە بیستنی مەقامات و گەرمی ئەشعار، مەفتوونی سەدایی (بازالاشهب) لە دەشت و دەر ناودێ و شار. شاعیری هەست ناسک و دڵ تەڕ شێت و شەیدای دەنگ و ئاوازی خۆش بووە، شەو و ڕۆژ تەنیا گوتنی هەبووایە گەر نانیشی نەبووایە گوێی لێ نەبوو، ناوبانگی هەر گۆیندەیەکی باشی بەرگوێ بکەوتایە، لەهەر کوێیەک بووایە، دەبووایە بیگاتێ و بە فرمێسکی بەخۆڕی وەکوو بارانی دەنگی بەسۆزی کپ بکاتەوە، شێخی عاشقان هەردەم گۆیندەی تایبەتی خۆی هەبووە و بۆ کوێ بچوبایە هەردەم لەگەڵیدا بوون، لەوانە (حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن، کە لەسەر دەستی صافی پەروەردە بووە و شارەزاییەکی زۆر باشی لەمەقامات هەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە دەنگی زۆر خۆش بووە) (فەقێ خدر و دەروێش مستەفا کە هەردووکیان خەڵکی گوندی بێلنگێ بوون دەنگیان زۆر خۆش بووە و صافی لەسەر مەقامات ڕایهێناون) کۆڕی بەسەدا و ئاوازی شێخی عاشقان بە سەدا و ئاوازی بەسۆزی ئەو بولبولانە هەردەم جۆشی سەندبوو، عەلائەدین سەجادی دەڵێت: کۆڕی دیوەخانەکەی بەهۆی نەواخوانانەوە دەتگوت دیوەخانی خانەدانی پەرویزە) (هیرانی، ١٩٥٣، ٢١)

(بە دەنگی ناسووتیان ئاوازی لاهووتیان بەرز دەکردەوە و ئەو ناوەیان دەهێنایە جۆش و خرۆش، هەرکاتێک دەستیان دەکرد بە غەزەلە تەڕ و ناسکەکانی صافی شۆخ و شەنگییەکی دی تێدەکەوت و فرمێسکی قەتیسماوی گۆشە نیگاکانی خۆیان بۆ نەدەگیرا و وەک بارانی بەهار بەخوڕ دەهاتنە خوارەوە، بەهەردوو دەستی ڕووی خۆی حەشار دەدا و بە (حەبیبی منتەبیبی من) خۆی دەلاواندەوە (س، پ) گۆیندەیەکی دی کە سافی زۆر سەودای دەنگ و ئاوازی بوو دەروێش سمایلی سەرمابردوو بوو، گوێندەیەک بوو گەرمیان و کوێستانی دەکرد سەید ئەنوەر بەرزنجی دەڵێت: (صافی دەفژەنێکی زۆر زانا و مامۆستای مەقامات بوو، شارەزایی لەهەموو مەقامەکان هەبوو. ئەم زانستەشی لە باوکییەوە بۆ مابووەوە. جگە لەوەش بەبەردەوامی مەقام بێژەکانی ئێران دەهاتنە لای، خۆشی کاتێ دەچووە مووسڵ و بەغدا دەچووە کۆڕی مەقام بێژەکان و زانیاری لێیان وەردەگرت بەتایبەتی لە (مەلا عوسمانی موصڵی) (بەرزنجی، ٤-١٠-١٩٩٢)

لەو هەموو کۆڕانە زانست و زانیارییەکی تەواو فێر بوو. گۆیندە تایبەتییەکانی خۆی دیوانە خدر و دەروێش مستەفا هەردووکیان لەسەر دەستی صافی فێری مەقامات و دەف لێدان بوون، بەبەردەوامی مەشقی پێ دەکردن. هەرخۆشی ئەو بەهرە مەزنەی لەلای حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن دۆزییەوە و فێری مەقامات و دەف لێدانی کرد و ڕای هێنا، تا بووە ئەو گۆیندە مەزنە و ناوبانگی



**"(صافی) جگە لەوەی شاعیرێکی هەست ناسک بووە وەکوو پیاوێکی خوداناس عاشقی دەنگی خۆش بووە چونکە لە ڕێبازی قادری دا زیکر بە بازنەیی دەست پێدەکا و بە دەنگ و ئاوازی بەسۆز و دەف لێدان زیکرەکە گەرم دەکەن"**

بە کوردستان بڵاوبووەوە (دەتوانین بڵێین لە سەردەمی (صافی)دا قوتابخانەیەکی تایبەتی مەقاماتی کوردی هەبووە، ئاوازی تایبەتیان بە شیعری کوردی دادەنا و بە دەنگی خۆش و بەسۆز بڵاویان دەکردەوە) (مستەفا، گ، کراوان، ژ٢١)

(صافی) جگە لەوەی شاعیرێکی هەست ناسک بووە وەکوو پیاوێکی خوداناس عاشقی دەنگی خۆش بووە چونکە لە ڕێبازی قادری دا زیکر بە بازنەیی دەست پێدەکا و بە دەنگ و ئاوازی بەسۆز و دەف لێدان زیکرەکە گەرم دەکەن، گۆرانی ستایشی خودا و پێغەمبەر دەبێژن و دەنگی دەف و تەپڵ تێکەڵ بەهاوهوی دەروێشان و یاحەی یا مەدەدیان دەبێت. لەگەڵ ئاواز و ترپەی دەف لێدان خۆیان دەجوولێننەوە و حاڵەتێکیان پێ دەبەخشێت) (بیمار، ڕۆشنبیری نوێ، ژ١٣٩)

(مۆسیقا و لەراندنەوەی لەش لەلای دەروێشان چەند هۆیەکی دڵخوازن بۆ ڕاکێش کردنی حاڵەتی بێئاگایی کە پێیدەڵێن نەمان ئەم حاڵەتەش بە لووتکەی تەریقەت دادەنرێت) (نیکلسون،؟٥٣)

چونکە مۆسیقا هۆیەکە لە هۆکارەکانی بزوواندنی خۆشەویستی لەکاتی بیستنی مرۆڤ هەست بە سۆزێکی ناسک دەکات (زانایانی ئایین پەیوەندی مۆسیقا و خۆشەویستی خۆیان بەوە دیاری کردووە کە مۆسیقا بزووێنەری خۆشەویستییە) (سندی، م، کاروان، ١٩٨٤، ٢٥٨-٢٦١)

هەربۆیە صافی ئەوەندە هۆگری ساز و ئاواز و گۆرانی بووە (چونکە گۆرانی و مۆسیقا هۆیەکە لەهۆیەکانی سافبوونەوەی گیان و سرکردنی هەست و بێ ئاگایی سۆفی و بەرز هەڵچوونی لەرێگەی گەیشتن بە خۆشەویستیدا) (بیمار، ڕۆشنبیری نوێ، ژ١٢٩)

لە مێژووی شێخانی تەسەوفدا گەلێک هەن کە شێت و شەیدای ئاوازی مۆسیقا و گۆرانی بوون و بە بیستنی شڵەژاون و تووشی حاڵەتی (وجد) بوون و لە دونیا براون، بە ڕادەیەک جلی خۆیان دڕیوە و بەڕووتی سەری خۆیان هەڵگرتووە لەوانە (زونوونی میسری، جونەیدی بەغدادی، ئەبووبەکری

**ئەوەندە دەنگی حاجی عەبدوڵڵای دەفژەنی لەلاخۆش دەبێت و ئارامی پێ دەبەخشێت تەنانەت لەسەرەمەرگیشا داوای حاجی عەبدوڵڵا دەکات غەزەلێکی بۆ بڵێت**

شبلی) (الحوادی، ١٩٧٩،..) (صافی)یش وەکوو پیرێکی خوداناس و خاوەن تەریقەت لەگەڵ بیستنی دەنگ و ئاوازی خۆش فرمێسک وەک باران لە چاوەکانیدا باریون و بۆ بیستنی دەنگ و ئاوازی خۆش ڕووی لەهەموو لایەک کردووە و گوێی بە قسەی ئەم و ئەو نەداوە سەجادی دەڵێت: (لە کاروانەکانی بەغدا و بارەگای گەیلانی دا کە بە کۆڵان و بازاڕدا تێ دەپەڕێت و دەنگێکی خۆش بەرگوێی دەکەوێت ئیتر ئاوڕی لەوە نەدەدایەوە کە ئەو شوێنە چ شوێنێکە و ئەو دەنگە چ دەنگێکە دەبووایە بچووبایە بۆ لای و بە دەنگی گریانی خۆی دەنگی گۆیندەکەی نەهێشتایە) (هیرانی، ١٩٥٣، ١٠) (عبد جاسم) دەڵێن: ناوبانگی (مونیرە عەبدولڕەحمان کە لەقەبی (هوزوز) بوو گۆرانیبێژێکی عێراقییە لە ١٨٩٣-١٩٩٥ ژیاوە) دەبیسێت کە خاوەن دەنگێکی بەسۆزە، بۆیە بەبێ پەروا بەرەو تیاترۆخانەی (مونیرە هوزوز) دەچێت حاجی عەبدوڵڵای لەگەڵدا دەبێت کە دەگەنە ئەوێ حاجی عەبدوڵڵا دەڵێت: قوربان ئێرە جێگەیەکی خراپە و جێی تۆ نییە (صافی) دەڵێت:

***صافی بهر وصل یارش کفر بر ایمانگزیدحالتش***
***اینست یاران حاجتی گفتار نیست***

ئەمە دەڵێت و دەچێتە ژوورەوە حاجی عەبدوڵڵا بە ناچاری دەچێتە دوای دادەنیشێت و ئاهەنگ دەست پێدەکات (مونیرە) گۆرانییەک دەڵێت هۆنراوەکەی فۆلکلۆری عێراقییە و

ئاوازەکەی (عزرا اهارون عزوری) دایناوە کە سەرەتاکەی دەڵێ:

**یاعینی الـهوزوز یاروحی الـهوزوزیوم**
**الکالو یاسـاهی العـین تـجوز اه تـجوز**

(صافی) گۆرانییەکەی زۆر لەلا خۆش دەبێت، گوێی مۆسیقیشی زۆر بەتین بووە بۆیە لەدواییدا لەسەر ئاوازی ئەم گۆرانییە غەزەلێک دادەنێت:

**بەقامەت خەرامان بەڕوو ماهی تابان**
**فیدایی تۆم گەدایی تۆم عەزیزم**

گۆرانی دووەمی (مونیرە) گۆرانییەکە کاتی خۆی بەسەر (شێخ خزعل)ی محەمەرەدا گوتراوە کە ئەوسا لە (بصرە) دادەنیشت:

**طلعت یا محله نورهاشمس الشموسه**
**یالله بنا نمله و حلبلبن الجاموسه**
(ڕجب، ١٩٦١، ١٦٤)

دواجار (صافی) لەسەر هەمان ئاواز غەزەلێکی بەزمانی عەرەبی لە ستایشی شێخ عەبدولقادری گەیلانی داناوە:

طلعت فی وجهک نور یا اهل الکیلانییلک ما من لوم یا قگب الربانی (ملاسانی، ١٢/١٠/١٩٩٢)

شێخی عاشقان لەم هەڵسوکەوتانەی تەنیا مەبەستی گەیشتن بووە بە خۆشەویستەکەی، بە بیستنی دەنگ و ئاوازی بەسۆز خەم و پەژارەکەی ڕەویتەوە و شادی و خۆشی پێ بەخشیوە و بەرەو جیهانێکی تری بردووە، هەربۆیە لەکاتی دڵ تەنگیدا داوا لە گۆرانیبێژ دەکات بە دەنگە زوڵاڵەکەی لاوک و حەیران و شۆڕ و ماهوری... هتد بۆ بڵێ و خەم و پەژارەی دووری یاری لە دڵدا لابەرێت، چونکە جگە لە سۆزوئاواز هیچ شتێکی دی چارەی برینی دڵ ناکات.

**دڵم پەژموردەیە ئێستێ دەخیل موتریب سەدایێ بێ**
**لەدەست هیجرانی یارم نیو نەفەس ماوە وەفایێ بێ**

شێت و شەیدایی شاعیری دڵ تەڕ بۆ ئاواز و گۆرانی وای لێ کردووە کە داوا لەگۆیندە بکات لەپاش مردنیشی لەجیاتی یاسین و تەڵقین باسەدای گۆرانی بێت:

**لەپاش مردن وەسیەت بێ لەجێی یاسین و تەڵقینم**
**سەدای دیوان و عورفا و دەنگی کوردانیش لەدوایی بێ**

ئەوەندە دەنگی حاجی عەبدوڵڵای دەفژەنی لەلاخۆش دەبێت و ئارامی پێ دەبەخشێت تەنانەت لەسەرەمەرگیشا داوای حاجی عەبدوڵڵا دەکات غەزەلێکی بۆ بڵێت، بەڵام جێگەی داخە حاجی عەبدوڵڵا لەوێ نابێت و مامۆستای مەقامی کوردی ئاواتەکەی لەگەڵ خۆی دەباتە ژێر خاک.

### سەرچاوەکان


١- الحوادی، عدنان حسین، الشعر الصوفی، دارالحریە للطباعە، بغداد، ١٩٧٩

٢- ڕجب،حاج هاشم محمد، المقام العراقی، مگبعە المعارف، گ١، بغداد، ١٩٦١

٣- نیکلسون، الصوفیە فی الاسلام، ت. نورالدین شریبە، مکتبە الخانجی، مصر،

٤- بیمار، عەبدول ڕزاق، سافی هیرانی دیوانی هەڵبەستی دەروێشان، گ، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٩، بەغدا، ١٩٩٢، ل١١١


٥- مەلا مستەفا، محەمەد، سافی هیرانی و دیوانەکەی، گ، کاروان، ژ٢١، حوزەیران١٩٨٤، ل١٩

٦- عبد جاسم کۆیی، چاوپێکەوتن، ڕۆژانی، ١٩٩٢/٨/٣١ و ١٩٩٢/١٠/٤

٧- مەلاسانی کاک عەلی صافی هیرانی، چاوپێکەوتن، ڕۆژی١٢/١٠/١٩٩٢


٨- سەید ئەنوەر بەرزنجی، چاوپێکەوتن٤/١٠/١٩٩٢

٩- حەسەن، سەردار ئەحمەد، سافی ژیان و بەرهەمی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، ز. سەلاحەدین، ١٩٩٣

“
**صافی ئەوەندە هۆگری ساز و ئاواز و گۆرانی بووە (چونکە گۆرانی و مۆسیقا هۆیەکە لەهۆیەکانی سافبوونەوەی گیان و سرکردنی هەست و بێ ئاگایی سۆفی و بەرز هەڵچوونی لەرێگەی گەیشتن بە خۆشەویستیدا**
”

# صافی هیرانی و هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری





سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

هەرکاتێک گوێبیستی ناوی شاعیری ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی (صافی هیرانی) دەبین دەستبەجێ ئەندێشە و ڕۆحمان بەرەو گێتی جوانی و پاکی عیشقی خودایی دەچێت و ئاوێزان دەبین بە بینینی جوانییەکانی ڕۆح، قووڵبوونەوە و تێڕامان دەمانخاتە ناو کەف و کوڵی جیهانی تەسەوف و عیرفانییەت.

صافی هیرانی شاعیرێکی خۆش خوان و خاوەن هەست و سۆزێکی پڕ لە جۆش و خرۆشی دونیای عیشقی مەجازی بووە و هەمیشە تەسبیح بە جەزبە و بەرماڵ تەژی بە بەست و غەزەل سیخناخ بە حاڵ و خەڵوەت ئاوەدان بووە بە مەقام و ڕۆژگار زیندوو بە زیکر و شەوگار ڕۆشن بووە بە شەونوێژی ئەوین. چاوەکانی ئاشنای سروشتێکی هێندە جوان و دڵگیر و ڕازاوە بووە لە دووتوێی غەزەلەکانیدا بە سەرنجڕاکێشترین شێوە بە هەڵچوونێکی بارگاویی بە عیشقی گوڵ و بولبول و کەو و درەخت و قومری و ڕەز و باخ و هیران و خاک و نیشتمان نمایشی کردوون.

**شیعری صافی لە لایەنی ڕوخسارەوە**

سافی یەکێکە لەو شاعیرانەی پەیوەست بووە بە مەرجەکانی نووسینی شیعری کلاسیکی ئەدەبیاتی کوردی لەڕووی بابەت و ڕوخسارەوە، زۆربەی شیعرە لیریکییەکانی لە حەوت دێڕ پێکهاتوون، ئینجا نۆ دێڕە شیعری، جگە لە قەسیدەیەک نەبێ کە لە بیست و شەش دێڕ پێکهاتووە. ئەو بەحرە عەروزیانەی شاعیر کاری لە سەرکردووە بۆ هۆنینەوەی شیعرەکانی ئەمانەن: هەزەج،ڕەمەل،ڕەجەز،موزاریع،موتەقاریب،زۆربەی شیعرەکانی صافی هیرانی لەسەر بەحری هەزەج و ڕەمەل چنراون. سەروا (قافیە)ی شیعرەکانی لەسەر چەند دەنگێکی ئەلفوبێی کوردی هۆنراونەتەوە، وەکو (ا، ب، ت، ڕ، م، ن، و، ە، ی) لە دیوانی صافی مولەممەعێک بەرچاو دەکەوێت بە چوار زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی نووسیویەتی. دیوانی شاعیر کۆمەڵێک قەسیدەی چوارین (اااا، ب ب ب ا، ج ج ج ا) و قەسیدەی پێنجین (ااااا، ب ب ب ب ا، ج ج ج ج ا) دەگرێتە خۆ، هەروەها صافی پێنج خشتەکی هەیە لەسەر غەزەلی (ناری و عەونی) هەرچی شیعرەکانی خۆشیەتی شاعیرانێکی وەکوو نووری و سەفوەت و لۆلانی و ئەنوەر و جەریحی و جەمال بەرزنجی و عەونی و بەندی و بێبەش کردوویانن بە پێنج خشتەکی.

**شیعری صافی لەلایەنی ناوەڕۆکەوە**

بە شێوەیەکی گشتی شیعرەکانی صافی هیرانی لەڕووی ناوەڕۆکەوە دڵداری و وەسف تێکەڵاوی یەکتر دەبن، شاعیر دڵخواز و یارێکی دیاریکراوی نییە. هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو لە ئەوینداریییەکەیدا بەدیار دەکەوێت، صافی هەوڵێکی بێ وچانی داوە دڵبەرەکەی بخاتە ناو جیهانی سۆفیزمەوە، لە وەسف و ناسین و بەکارهێنانی زاراوەگەلێکی سۆفیزم سەرکەوتوو بووە. ئەگەر بەگشتی واتای شیعرەکانی لێک بدرێتەوە زیاتر ڕوو دەکاتە عیشقی مەجازی. نەک عیشقی حەقیقی. دووپاتی کورد بوون دەکاتەوە، هەروەها تەریقەتی لەگەڵ شەریعەتدا گونجاندووە، وێڕای ئەم هەموو جوانکارییەی کە کۆی شیعرەکانی صافی لەئامێز گرتووە، یادی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەسەرتاپای دیوانی صافی هیرانیدا زاڵە.

ئەوەی لێرەدا جێگای مەبەست و سەرنجدان و قسە لەسەرکردنە ئەمەیە، لێرە و لەوێ ڕەخنە، یاخود باباڵێین گلەییەک ئاراستەی ئەم کەڵە شاعیرە جوان بنووسە دەکرێت کە شیعری نیشتمان پەروەری نەنووسیوە و گرنگی بە هەست و سۆزی نەتەوایەتی و کوردایەتی نەداوە. ئێمەش لێرەدا هەوڵ دەدەین وەڵامێکی ئەم ڕەخنەیە بەپێی پێویست بدەینەوە لەسەرووی هەمووشیانەوە بەپشت بەستن بە بەڵگەی چەند دێڕە شیعرێکی صافی و لە دواییشدا چەند بەڵگەیەکی دی بۆ ئەم مەبەستە دەخەینە ڕوو.

سافی لە یەکێک لە غەزەلەکانی کە بە هەر چوار زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی

نووسیویەتی لە کۆتا دێڕەکەیدا دەفەرموێت:

***خۆی کوردییە (صافی) لە هەوای عیشقی تۆ ئێستێ***
***کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بووە ئەشعار***

دەبینین صافی کوردبوونی خۆی دەسەلمێنیت و جەخت دەکاتە سەر نەتەوەی کورد و ڕەسەنی بوونی خۆی بە خاک و نیشتمان بەدیار دەخات، بەلام لەتاو فراوانی و گەورەیی و شەیدایی مەعشووقەکەی خۆی فێری زمانەکانی دیکەی وەکوو، عەرەبی و فارسی و تورکی کردووە، بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین صافی مەبەستیەتی کە بڵێت ئەگەرچی من بە نەتەوە کوردم، نکۆڵیم لە کورد بوونی خۆم نەکردووە، بەلام ئەوینی تۆ هێندە گەورە و فراوان و پڕبایەخە لەلام بە تەنیا لەناو چوارچێوەی زمانی کوردیدا ناتوانم گوزارشتی لێ بکەم و دەریببڕم بۆیە پەنام بردووەتە بەر فێربوون و نووسینی شیعر بە زمانەکانی دی وەکوو عەرەبی و فارسی و تورکی، تاکوو بتوانم عیشقی تۆیان پێ دەرببڕم و لەناو ئەم زمانانەش عیشقی تۆ وێنا بکەم و کەف و کوڵی دەروونی هەڵچووەمی پێ دابمرکێنمەوە و بۆیە کردوومن بە هێما و دروشم و سیمبولی نووسینی شیعرەکانم.

هەروەها لە یەکێک لە غەزەلەکانی دی دێڕێکی دیکە دەبینین بۆ هەمان مەبەست و دەفەرمووێت:

***لەنێو خاکی عەجەم تاکو عەرەب سەرحەددی ڕۆم و کورد***
***شەهی وانابێ ئەصلا صاحیبی موهری سولەیمانی***

لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا هەستێکی قووڵی نیشتمانپەروەری صافی هیرانی بەدی دەکەین کە مۆرکی کوردایەتی تۆختر دەکاتەوە، بگرە زۆر زیاتر لەمەش دەبینین داوای مافە ڕەواکانی گەلی کورد و سنووری کوردستانی تێدا کردووە.

لە یەکێکی دیکەی غەزەلەکانیدا کە چوار دێڕی سەرەتاکەی بە زمانی تورکی نووسیوە، بەلام نیوەی یەکەمی دێڕی پێنجەمی بەزمانی فارسی و نیوەی دووەمی بەزمانی عەرەبی نووسیوە، کەچی دێری شەشەمی بە فارسی نووسیوە، وەلێ لە کۆتا دێری کە حەوتەمە بەس زمانی شیرینی کوردی نووسیوە و دەفەرمووێت:

***لەژێر پێی یارەوە (صافی) سەری خۆت دابنێ بەڵکو***
***بکا ڕەحمێ کە جارێ تر لە بۆت والا بکا دەرکا***


ئەمەش ئەم واتایەمان پێ دەبەخشێت کەوا هەمیشە پارێزگاری لە مۆرکی کوردایەتی خۆی کردووە و ونبوونی ئەم غەزەلەی پاراستووە لە بوون بە موڵکی ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی بەگشتی، بەتایبەت لە ئەدەبیاتی تورکی، بۆیە لە کۆتا دێردا بە شۆرەتی خۆی (صافی) کۆتایی بەم غەزەلە نایابەی بەزمانی ڕەسەنی خۆی کە کوردییە هێناوە و زیاتر و زیاتر کوردبوونی خۆی سەلماندووە و جەختی لەسەر کوردبوونی زمانی نووسینی شیعرەکانی کردووەتەوە.

جگە لەمانەی سەرەوە کە ئاماژەمان بۆ کردوون، لەلای هەموو کەسێک ئاشکرا و ڕوونە کە صافی هیرانی ئەگەرچی شۆرەتی (صافی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەلام بەم نازناوە دڵی ئاوی نەخواردووەتەوە لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی زۆر و لەڕادەبەدەری بۆ ئەو زێدگایە و خاکەی کە هەم شوێنی باب و باپیرانیەتی و تێدا لە دایک بووە و ژیاوەو کۆتا شوێنیشی بووە و تێدا کۆچی دوایی کردووە، کە شارەدێی هیرانە، بۆیە شۆرەت و نازناوی (هیرانی) خستووەتە پاڵ ناوی صافی و لکاندوویەتی و پەیوەستی کردووە بەناوی خۆی و کردوویەتی بە شۆرەت (لقب)ی شاعیربوونی خۆی و بووەتە جێگای شانازی و سەربڵندی بۆی، بۆیە سەرنج دەدەین لە سێ غەزەل و قەسیدەیەک و پێنجینێکدا شۆرەت و نازناوی خۆی بە (سافی هیرانی) لە کۆتا دێڕەکاندا بەکارهێناوە وەک بڵێیت مۆر (ختم)ی کوردایەتی و کورد بوونی لێدابێت. سەرجەمی ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن کە صافی هیرانی خۆی پەیوەستی زێدگاکەی کردووە و خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمانەکەی لە چڵەپۆپەدا بووە هەرگیز لەبیری نەکردووە، بێگومان شارەدێی هیرانیش بەشێکە لە خاکی کوردستان و یەکێکە لە جوانترین و ڕازاوەترین هاوینەهەوارەکانی کوردستان و بەشێکی گرنگ و ستراتیژی کوردستانی باشووره و ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگی هەبووە لە شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.



**سەرچاوەکان**

١- دیوانی صافی هیرانی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی، محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٥.

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، بەرگی پێنجەم نێوانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەم (١٩١٤-١٩٤٥)،چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠.

**"لێرە و لەوێ ڕەخنە، یاخود بابڵێین گلەییەک ئاراستەی ئەم کەڵە شاعیرە جوان بنووسە دەکرێت کە شیعری نیشتمان پەروەری نەنووسیوە و گرنگی بە هەست و سۆزی نەتەوایەتی و کوردایەتی نەداوە"**




# گەشتێک بەنێو گوڵزاری (صافی هیرانی)دا



محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی

لە (٢٠٢٢/٢/١٢)ی زایینی، (٨٠) ساڵ تێپەڕ بوو بەسەر کۆچی دوایی شاعیری گەورەی کوردی (صافی هیرانی) ئەو بەرواره پێویستی بە تێڕوانینێک و لێکدانەوەیێکی واقیعیانە هەیە، چونکە بەشێک لە سەرچاوەکانی ژیان و بەسەرهاتی ئەو شاعیرە مەزنە، ساڵی ١٩٤١ز بە کۆچی دوایی ئەو دەزانن، بەڵام ئەوەی گومان لێ نەکراوە (شێخ عبدالقادر) ی کوڕی (صافی) کە نازناوی لە شیعردا (سۆزی)یە، شایەد حاڵی ڕۆژی کۆچی دوایی باوکی بووەو بە (٢٥)ی محرمی ساڵی ١٣٦١ کۆچی تۆماری کردووە، ئەو مێژووە بەگوێرەی هەموو ڕۆژژمێر و گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەکاتە (١٩٤٢/٢/١٢)ی زایینی، ئەو ڕاستیە لە کتێبی (التقویمان)ی میسری و لە (الوقائع العراقیه)دا بەڕێکی دیارە.
(صافی هیرانی) ساڵی ١٨٧٣ زایینی لە هیران چاوی بە دونیا هەڵێناوە، ناوی تەواوی کاک مستەفا کوڕی کاک عەوڵای (ثانی)یە.
(ثانی) لە شاعیرە ناودارەکانی کوردە، شیعری ڕێک و بەپێزی لە پاش بەجێ ماوە بە کوردی و فارسی، لە هونەری (مەقامات) شارەزایی زۆری هەبووە، نووسەران و مێژوونووسان، شیعرە تەڕو پاراوەکانی، بەرز دەنرخێنن بەڵام ئەو شاعیرە ناودارە تاکو ئێستاش زۆربەی غەزەلیاتی بێ سەرو شوێنن و ئەوەی لەسەرچاوەکان بەدی دەکرێ بەشێکن لەو هەموو بەرهەمەی ئەو.
(صافی) لەسەر هەمان ڕێچکەی (ثانی) باوکی، هەنگاوی ناوە، لەنێو کاڵای بازاڕی شیعری کلاسیکی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەست و هزری تیژ و بە بڕشتتر بووە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی (کانی شیعر) دەڵێ:
***ئوستادی غەزەل (صافی)یە جێگەی لە هیرانە***
***مەدحی بکەم (ظاهر) و (مشهور)ی جیهانە***
لە ١٩٠٧ز - ثانی - باوکی - صافی - کۆچی دوایی کردووە، لە هەمان ساڵدا صافی دەبێتە جێگر و جێنشینی باوکی و دەبێ بە کاک مستەفای هیرانی.
شێخانی هیران هەر لەدوای شێخ (سلێمان) ی باپیرە گەورەیان، تاکو ئێستاش لەقەبی شێخایەتی و جێنشینیان (کاک) بووە.
صافی لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا ئەو پلە و پۆستەی وەرگرتووە، پێش ئەو مێژووە، ئەو بەخوێندنی ئایینی دەستی پێ کردووە، لە گوندی هیران پاشان کە پلەی خوێندنی باڵاتر بووە، لەزۆر جێگا و گوند و شاری کوردستان فەقێیاتی کردووە وەکوو: (کۆیە، سەران، هەولێر، لاجان، سابلاغ، ڕواندز، پەسوێ)
لە سابڵاغ لە مزگەوتی (شا دەروێشی) لە خزمەت قازی عەلی باوکی (پێشەوا قازی محەمەد) دەرسی خوێندووە لە دەشتی هەولێر یەک لە مامۆستاکانی ئەو (مەلا ئەحمەدی ڕەش) بووە، هەروەها (مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گومبەتی) لە زانستە ئایینیەکان و (علم النحو والصرف) و (ڕەوانبێژی) و (حیکمەت و فەلسەفە) قۆناغی خوێندنی ڕوو لە لووتکە بووە، ئاگاداری زۆری هەبووە لە ڕووداوەکانی مێژوو، هەروەها سەربردەی مەزنانی مێژوو، لەبەشی (مناجات) لە شیعرەکانیدا ناوی چەندین لە پێغەمبەران و زانایانی (لاهوت) ی هێناوە و زۆر بە وەستایی سەربردە و



بەسەرهاتی ئەوانی خستۆتە نێو قاڵبی (کێش و سەرواى) شیعرەکانی.
ئاشکرایە ئەوە بایەخی زۆری بە (العلوم العقلیە والنقلیە) داوە، لەسەردەمی خۆی هیران مەڵبەندێکی بەهێزی ناوچەکە بووە لەڕووی پەرەپێدانی خوێندنی حوجرە، لەوێ چەندان مەلای بەتوانا و ناودار بەشێکی ژیانیان لە خوێندنی ئاینی و ئەدەبیات و (حکمە) بەسەر بردووە، وەکوو مەلا محمدی چورستانی و مەلا عەزیزی کوڕی (صافی) و شاعیری ناوداری کورد (جگەر خوێن و مەلا ئیسماعیلی ماویلی)و دەیان زانا و ڕووناکبیری دیکەی کورد.

**صافی و شیعری کلاسیکی**

صافی لە تەمەنی (١٤)ساڵیدا سەلیقەی شیعری باڵەفڕەی بەدڵی ئەو کردووە و بەرە بەرە ئەو هەست و سۆزەی زیاد دەبێ و دونیایەک لە کەرەستەی شیعر و زانیاری (بحور الشعر و تفعیلاتی عەروزی) لە بەردەم واڵا دەبێ و تێکەڵ بە دەریای (تصوف) و دڵداری و شیعری (مناجات و شکوی) (دەنگ و ئاواز.......هتد. دەبێت وەکوو (غواص)ێکی لێزان لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا لەنێو شەپۆڵی کێش و سەرواى ئەدەبدا ڕەفتار دەکا:

***بەمیزانی ئەدەب شیعری هەمووی هەر شەککەرە (صافی)***
***لەنێو دەریای غەزەلدا وەک غەواصی گەوهەرە (صافی)***
***لەمەددو جەزری عەشقی یار دڵی ئاگری تەڕە (صافی)***
***لەجوملەی عاشقانی خوا، دەلیل و ڕەهبەرە (صافی)***

شاعیرانی هاوچەرخی (صافی) دوای کۆچی دواییشی بە ویژدانەوە پایەبەرزی ئەویان نرخاندووە و بە ئوستادی خۆیان داناوە.
مەلا ڕەسووڵی بێتووشی[١] لەبارەی لێهاتوویی (صافی) لە بوێژیدا دەڵێ:

***مەئلووفە دڵی خەستە بە هیرانی و کاکی***
***چاو طالیبە بۆ خاکی ڕەهی حەزرەتی کاکی***

خادیمی شاعیر دەڵێ:

***(تخلص) صافی بوو موصطەفایە کاکی هیرانی***
***لەشیعری صاف و ووردی عالەمی مەبهووت و حەیرانی***

هەرشەمی دەڵێ:

***بەندی صافی ڕوونە هەر وەک ئاوی چاوی نازەنین***
***وەک گوڵی ڕوومەت جوانە، هەر وەکوو گرنیژە وورد***

بەبۆنەی هاتنی (صافی) لە هیرانەوە بۆ شاری کۆیە (بێخود) دەڵێ[٤]:

***مەڵێ ئەی نازەنین بۆ شاری کۆیێ کاکی هیران هات***
***بفەرموو عەسکەری لەشکرکێشی شاهی گەیلان هات***
***مەڵێ عەسکەر بڵێ سەرعەسکەری سوڵتانی دین یەعنی***
***غولامی شاهڕاهی بارەگاهی قوطبی یەزدان هات***
***چییە یا ڕەب کە ناوی کاک ئەبەن ظاهیر دەبێ شەوقم***
***دەڵێی بۆ دزرەیەکی بێ نەوا خورشیدی ڕەخشان هات[٥]***
***دەمێ بوو (صافیا) نادیدە دڵ بوو بوو بە پەروانەت***
***بەکامی خۆی گەیی ئێستێ کەوا شەمعی شەبوستان هات***
***دەمێ بوو چاوەڕێی موژدەی قودوومی ئێوە بو بێخود***
***خودا کردی نەسیمی پیرە هەن بۆ پیری کەنعان هات***

ئەمین شنۆیی دەڵێ:

***(صافی) بەفیدای خاکی دەری ڕەهگوزەرت بم[٦]***
***قوربانی قەدو قامەت و لفظی شەکەرت بم***
***حەیرانی کەلامات و غەزەلیاتی تەڕت بم***
***شەیدایی کەراماتی ـ سریع الاثر ـ ت بم[٧]***
***پەروانەیی جان دادەیی شەمعی نەزەرت بم[٨]***


هەژاری موکریانی، لە کتێبی (چێشتی مجێور)دا لە ٣ جێگادا ناوی (صافی) هێناوەو ئاماژەی بۆ پلە و پایەی کردووە[٩]
نووسەرانیش، دەیان باس و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆریان لە مەکانەتی (صافی)دا تۆمار کردووەو بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیان ڕاگەیاندووە بە کوردی و عەرەبی و فارسی: وەکوو مامۆستا کەریم شارەزا و مامۆستا مەدحەت بێخەو و سەید عەبدولحەمیدی حیرت سەجادی و عەبدولڕەزاق بیمار..... هتد.
لەبارەی (صافی) و ژیانی، هێندەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا نووسیوە، دەرفەت نییە لێرە باسی هەموویان بکەین.
صافی بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی شیعری نووسیوە:

***یاری خۆم لێ زیزە بۆیە حەز لە مەرگی نەو دەکەم***
***شەو کە بێ هۆشم لە تاوی وا مەزانە خەو دەکەم***
***ڕۆژ بە یادی ڕووی هەتا هێوارە هەر هاوارمە***
***شەو لە فیکری زوڵفی تا صوبحەینێ صوحبەت لەو دەکەم***
***بۆ شکاری مورغی[١٠] وەحشی نەک هەڵۆو و شاهینم***
***عەشقی چاوی بازی خۆمم بۆیە ڕاوی کەو دەکەم***
***لەو دڵا ڕامە بپرسە وا دڵ ئارامی نەما***
***جارێکی چارێکی دەردم کا دەخالەت بەو دەکەم***
***گوێم لە سازو عوود و نەی چاوم لە ساقی و بادەیە***
***خادیمی پیری موغانم بۆیە وا پەیڕەو دەکەم***
***صەرف و سوودی نەقدی دڵ لەو عالەمە بێ مایەیە***
***تا بەکەی بێ فایدە صەرفی گەنجی کەیخوسرەو دەکەم[١١]***
***(صافیا) کافیمە بۆ دونیاو قیامەت یاری خۆم[١٢]***

“

**لە سابڵاغ لە مزگەوتی (شا دەروێشی) لە خزمەت قازی عەلی باوکی (پێشەوا قازی محەمەد) دەرسی خوێندووە**

”



چیم لە باسی عالەمە هەر زیکری ناوی ئەو دەکەم
لە (شەکوا)دا هانا دەبا بۆ یارەکەی و تکای وەفاداری لێ دەکا لە دەست جەفای دووری، ئەو دوورییەی کە بەڵای ئەو زیندانێکە، بانگی نیگاری دەکا و دەڵێ:

***ئەی نیگارا بەسیە با دەرگەی وەفا بکرێتەوە***
***تا بەکەی دڵ هەر لە زیندانی جەفا بکزێتەوە***
***صەبری ئەییوبم لە کوێ بوو عومری (نوح)م چۆن ئەبێ***[13]
***پێنج و دوو ڕۆژێکم ماوە ڕوح کەچوو نایێتەوە***

لە وشە ئاراییدا خشتی زێڕی خستۆتە دیواری قالبی شیعری و خوێنەر دەخاتە حاڵەتی سەر سوڕمان لە بەکارهێنانی ڕستکردنی پیت و دەلالەتی لەفظ و مەعنەوی لە ڕستەدا:

***بۆچی نەگری دڵ لەسەر ئەم شێوە پەشێوە***
***وا حەپسە لەنێو چینی چەمی پەرچەمی چەمدا***[14]

لەوسەری مەجلیسی ڕەندیدا ئاورێکیش لە دەنگ و ئاواز دەداتەوە گڵپەی دڵی دەیخاتە نێو چەقی مەقاماتی ڕەسەنی (موروث) لەگەڵ ئامێرە میوزیکییەکان دەدوێ و دەیاندوێنێ، بە نەوا ژەن و چەنگ ژەن دەڵێ:

***بۆم لێدە چەنگ و عوودە ڕەمزە لە یاو دوودە***[15]
***بۆ کوێر بێ حەسوودە ئەم سیرڕە با نەزانێ***
***ساقی لە دڵ حەزەرکە چارەم لە دەردی سەرکە***
***جارێکی یەک نە ڤە ڕکە بۆ (صافی)یێ هیرانی***

وەک زۆربەی زۆری شاعیرانی کلاسیک باسی لە (مەی و بادە) و ساقی و مەیی عەشقی حەقیقی کردووە لەو پێشبڕکێیەش خەڵاتی ڕوتبەی سەرووی دەربڕینی وەدەست هێناوە، ئەوەتا لەو (پێنج خشتەکیەی) ئەو لەسەر غەزەلی (ناری)دا١٦ ژیانی ٣٣٧ چ لوبنان، کە شایەدی ئوستادیەتی ئەوە لە هەموو ڕوێکی شیعری و وەصفی جام و مەیکەدە و مەستی دا، مەهارەتی ئەو بەبێ مبالغە خۆی فەرز دەکا لە بەکارهێنانی (اللفظ والمعنى والأداء)[17]

***من و دڵ ئیمڕۆ ئەو شۆخە لە خۆشی یەک بەدەی کردین***
*(دیوان ل٣٣ چ لوبنان)*

***لە جامی لەعلی سەرخۆش و موقیمی مەیکە دەی کردین***
***هەتا مەحشەر خومارو مەستی نازو نەشئەکەی کردین***
***بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین***[18]
***بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین***

بەگڕوتینی دڵی شەیدای دەچێتە نێو جەرگەی (تصوف) و حەز و ئارەزووی نەفسی خۆی دەمرێنێ و ڕستی هەواو فیز، بەهەودای عیشقی ئیلاهی دەگۆڕێتەوە، چێژ و تامی خۆشی هەموو کونجی دونیا بە ڕەزامەندی ساتێکی (لاهوتی) و عەشقی خودا سەودا دەکا، دەرگای (ناسووت) بە لادان و دژە حەق دادەنێ:

**خاڵی نییە ئەصلا لە تەجەللایی جەماڵت**[19]
**هەرچی لە (ثری) تا بە (سەما) جیلوە نوما بێ**
(چ٢ دیوان ١٢٧)

ثری: خاک
سەما: (السماء) ئاسمان

***لەجیلوەی (نفی) و (اثبات)ی تۆ وەکوو صافی بەرۆژ و شەو***
(١٩٧ چ٢دیوان)

***دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم دەمێ (بیدار)و هوشیارم***[20]

لە پیرۆزی و پلەبەرزی پێغەمبەر (د.خ)دا دەڵێ:

***سیرڕی (سبحان الذی أسری) نیشانەی شاهیەت***٢١ (٢٣٤ دیوان چ١)
***(گر)یی خەتمی ڕیسالەت مۆری فەرمانی تووە***

فارسی

***بر آن عهد الستم من    زکان عشق ڕستم من***
***زجام خمر مستم من    أگرچه خرقه بردوشم***
***ندانم واحدی جز هـو    ز لا إلـه الا هو***
***زیاهو مقصد من هو    زهو حیران و مدهوشم***
***چو (صافی) وار مفتونم    زخاص وعام مادونم***
***ز عشق لیل مجنونم    أزین وحشی بە ێغوشم***

وەکوو لە پێشەوە باسمان کرد (صافی) بە چوار زمان شیعری نووسیوە ئەو (٧٠) حەفتا پارچە شیعرە کوردییانەی لەنێو دیوانەکە دان، تەواوی شیعری (صافی)نین، بەشێکی زۆری شیعری صافی دوای کۆچی دوایی خۆی، ئەو دەست و ئەم دەستی پێکراوە، تەواوی دەستنووسەکان بدۆزرێنەوە، ئەو پتر لە (١٥٠) پارچە غەزەلی کوردی داناوە. لە گۆڤاری (کاروان) و (گوڵان) و چەند گۆڤاری دیکە و ڕۆژنامەکان لەژێر ناوونیشانی (شیعری بڵاونەکراوەی صافی هیرانی) چەند پارچە و بابەتم خستوونەتە بەردەست و دیدی خوێنەرانی ئەدەب دۆست، بەڵام بە ڕادەییێکی وا نەبوون، چونکە هەر لە سنووری ٢ تا ٣ پارچە لای برادەران و پەرتووکخانەی گشتی بەدی دەکران.
لە [مامۆستا مەلا ئیسماعیل-[22]]ی نەوەی (صافی هیرانی)م بیست کە کوڕی (مامۆستا مەلا عەزیز)ی کوڕی (صافی)یە، ئەو زۆرجار باسی

“

**شاعیرانی هاوچەرخی (صافی) دوای کۆچی دواییشی بە ویژدانەوە پایەبەرزی ئەویان نرخاندووە و بە ئوستادی خۆیان داناوە**

”

ئەوەی بۆ دەکردم کە یەک لە مامۆستایانی سەردەمی (صافی) لە هیران دەستنووسێکی دیکەی (صافی) لابووە، ئێستا هیچ شتێک لەبارەی ئەو دەستنووسە نازاندرێ و ناوی ئەو کەسەش هەر بەهەمان شێوە نازاندرێ کێ بووە، ئەوەی من کارم لەسەر کرد لەبارەی دەستنووسی شیعری (صافی) کە لە تەکیەی گوندی (هیران) بوون، تەنیا ئەو دوو دەستنووسە بوو، یەکەمیان بەشی فارسی کە ناسراوە بە (دەستنووسی مەلا عبداللە) ی میرزا[23].

دووەمیان [دەستنووسی مامۆستا مەلا عەزیزی کوڕی (صافی) [24]] لە شیعرە کوردییەکان، پاشان دەستنووسی (نجم الدین مەلا)[25] و (سۆزی)[26]و (سەید مەردان)[27] و دەستنووسی (کاکە)م لە چەند سووچێکی هەندێک لە حوجرەی مزگەوت و هەروەها نامەی چەند دۆستێک پێگەیشت.


لە دەستنووسێکی کۆندا بەناوی (کەشکۆڵی سەید محەمەد) کە لە پەرتووکخانەی (د.فائیزی مەلا بەکر) بوو، دیسان کاک ڕەمەزان ئەحمەد میرزا (بێدەر)[28] چەند لاپەڕەیەکی هەندێک دەستنووسی بۆ هێنام، لەوانە چەند دێڕە شیعر و ژیانی (جەریحی)[29] و نوسخەیەک لە دیوانی (ئەمین شنۆیی) بە سوپاسەوە.

(صافی هیرانی) لە پارچە غەزەلی (ووردە خاڵی.......) لە دێڕی شەشەم، حاڵی دڵی خۆی دەشوبهێنێ بەو سەربازەی دەکەوێتە بەر ڕکێفی (ئەسپ) و (فیل) و (وەزیر) لە یاری شەترەنج.

***بۆ پیاکەی جانی من گەر بێ ڕوخی شای دەرکەوێ***
***بۆ فیراری فەرزە گەر ئەو فیل و ئەسپ زین دەکا***

پیاکە: پیادە ـ سەربازی یاری شەترەنج
فیل: فیلی شەترەنج
ئەسپ: ئەسپی یاری شەترەنج
روخ: قەڵای شەترەنج (قلعە)
فەرز: (وەزیر) لە یاری شەترەنج
شاە: شای شەترەنج

بەداخەوە لە جێگەی ئەو بەیتە بەهێز و پڕ بەڵاغەتە کە لێکچوونی حاڵی دڵی خۆی بە سەربازی یاری شەترەنج چواندووە لەوێ؛ بەیتێکی دیکە، لەجیاتی دانراوە، بەیتەکە نە هی (صافی)یە و نە لە شیعری سەردەمی (صافی) دەچێ.





ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرە مەزنە بەچەند لاپەڕەیەک، تەواوی زانیارییەکان بەپێی پێویست نابەخشێ بە خوێنەر، لەنێو دیوانە چاپکراوەکەی (٢٠٠٤)ی زایینی[30] و (٢٠١٥) ی زایینی[31] بە پانتاییێکی زۆر، باسی لێوە کراوە چ لە شیکردنەوەی شیعرەکانی، چ لە بارەی ژیان و بەسەرهاتی.

**(صافی) میوان دۆست و (مجلس ئارا) بووە.**

(مامۆستا مەسعود محەمەد) دەڵێ:

(صافی) زۆر (ممتع بوو) مرۆڤێکی دڵ تەڕو (مجلس ئارا) بوو خەڵکێکی زۆری بە دەورەوە بوو، لە کۆتایی سییەکاندا هاتە کۆیە لە (ئیجازە)ی مەلا عەزیزی کوڕی[32] لەوێ ئامادەبووم، باوکم (مەلای گەورە)[33] زۆر ڕێزی لێ گرت لەهەمان ساڵدا لەگەڵ (مەلا قادری کانی دەربەندی) و (سەعیدی ـ مەلا نجم الدین) و (شێخ مەجید شێخ نورالدین) چووین بۆ





(هیران) سێ شەوان ماینەوە، صافی بە قسەی خۆش دەیدواندین، زۆر لەززەت لە مەجلیس وەردەگیرا[٣٤]

(صافی) هەندێک لە شیعرەکانی، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بە زمانی کوردی بووە، یان هەر لە سەرەتای شیعرەکە تا کۆتایی بە زمانی فارسی، بەردەوام بووە.

جاری واش بووە لە یەک غەزەلدا هەر چوار زمانی بەکارهێناوە (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی)[٣٥]

بۆ نموونە / پارچەی ***(ئەی بادی صەبا هەستە لە حالم بەوە هوشیار)*** یەکەم بەیتی و کۆتا بەیتی کوردییەو....

بەیتی فارسی و عەرەبی و تورکیشی ئاخنیوەتە نێو ئەو غەزەلە، لێرەشدا (بەڕاعەتی) ئەو بەدەردەکەوێ لەو چوار زمانە، کە ئەو نەک تەنیا تورکی و عەرەبی و فارسی زان بووە، بەڵکوو ئەو سێ زمانەی بە (جەدارەت) هێناوەتە ناو قاڵبی شیعر.

کوردی /

***ئەی بادی صەفا هەستە لە حالم بەوە هوشیار***
***شەرحی دڵی ماتەمزە دەکەی من بەرە بۆ یار***
***لەو فیرقەتی ئەو وارە مەقێک ماوە لە عومرم***
***ئوممێدی حەیاتم نییە رووحم نەبی غەمخوار***

تورکی /

***آجلغه دشدی شو غەریب گوگلمه هیهات***
***وصلنله نجات بولمسه بیچاره کیمی وار***

عەرەبی /

***لا أمانع عن قربک من لومه لائم***
***إن أصبر فی بعدک قد أحرق بالنار***

*فارسی /*

***کاشانەیی لاهوت بود لائقی آنکس***
***مال وسرو جانش کە نهادە بە رەیار***
***خۆی کوردییە (صافی) لە هەوای عەشقی تو ئێستێ***
***کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بووە ئەشعار***

ئەو پارچەیەی، مۆرکی کوردی و کوردایەتی لێ بەدی دەکرێ، کە لە کۆتاییەکەیدا دەڵێ: (خۆی کوردییە صافی) لەچەند جێگەی دیکەی هەڵبەستەکانیدا وەکوو نیشتمانپەروەرێک ڕەفتاری کردووە و شانازی بە گەلی خۆی دەکا وەکوو کورد و تاکێکی ئەو هۆزە لە غەزەلی ژمارە (٤)ی پیتی (ی) لە بەیتی سێیەم دەڵێ:

**لەنێو خاکی عەجەم تاکو عەرەب سەرحەددی ڕۆم و کورد**
**شەهی وا نابێ ئەصلا صاحیبی موهری سولەیمانی**

***بەشێک لە سەرچاوەکانی ژیان و بەسەرهاتی ئەو شاعیرە مەزنە، ساڵی ١٩٤١ز بە کۆچی دوایی ئەو دەزانن، بەڵام ئەوەی گومان لێ نەکراوە (شێخ عبدالقادر)ی کوڕی (صافی) کە نازناوی لە شیعردا (سۆزی)یە، شایەد حاڵی ڕۆژی کۆچی دوایی باوکی بووەو بە (٢٥)ی محرمی ساڵی ١٣٦١ کۆچی تۆماری کردووە***

**لێرەدا، ئەو نەک تەنیا باسی کوردی کردووە بەڵکوو سنووری هەبوونی (جوگرافیشی) بۆ دیار کردووە کە بە (حەددی ڕۆم و کورد) ئەدای کردووە.**

موهر: مۆر
شەه: شا
سولەیمان: پێغەمبەر سولەیمان
ئەصلا: هەرگیز
(صافی) و (چوارین)

چوارینی یەکەمی (صافی) بەناوی (وەرنە تەماشا) لە ئەدەبیاتی (حافظ)ی شیرازییەوە بە هەمان کێش و سەروا وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی[٣٦]

(حافظ) دەڵێ:

***چندانکە گفتم غم باطبیبان***
***درمان نکردن مسکین غریبان***

ئەو غەزەلەی (حافظ) کۆتاییەکەی بەم شێوەیە:

***(حافظ) نگشتی رسوای گیتی***
***گرمیشنیدی پند أدیبان***

کۆپلەی یەکەمی چوارینەکەی (صافی)

***وەرنە تەماشا، دۆست و ئەحیبان***
***ئەو بێ ڕەحمییەی دیم لە موحیبان***
***خەبەری دەردم چەند دا تەبیبان***
***دەرمانیان نەکرد زامی غەریبان***

ئەحیبان: خۆشەویستان.

کۆپلەی دوایی چوارینی (صافی):

***ئەی دڵ لەم شۆرە(١) قەت نابووی شەیدا***
***گەر مەیلت کردبا وەلایی بەغدا...***

(صافی)ش وەک (حافظ) کەی دەبوو ڕیسوا؟
ئەگەر گوێی دابا پەندی ئەدیبان

شۆر: هەراو جەنجاڵ و هەڵچوونی دڵ لە سەودایی عەشقدا.

(صافی) چوارینی زۆرە بە زمانی کوردی و فارسی، لە شێوەی چوارینەکەی (بێخود) کە دەڵێ:

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من.**

*بە هەمان شێوە لە دڵ دەدوێ و دەڵێ:*

**جانا لە غەمت وا لەوو حەیرانە دڵی من**

کۆپلەی یەکەمی چوارینەکە:

**جانا لە غەمت وا لەوو حەیرانە دڵی من**
**سەرگەشتە وەکوو وەحشی لە کێوانە دڵی من**
**دائیم لە دەرو دەشت و بیابانە دڵی من**
**موشتاقی ویصالی ڕوخی جانانە دڵی من**

جانا: گیانە

ڕوخ: ڕوخسار، ڕوو

کۆپلەی دوایی چوارینەکە

**عەبدێکی وەفادارو جەفا کێشە لە هیجران**
**وا کەوتووە وەک (صافی) لە دەرگانەیی گەیلان**
**بەم دەردە سەرە کوشتنی لازم نییە قوربان**
**لەم چێژنەیی قوربانە کە قوربانە دڵی من**[37]

(ل ٣٢١ی چ لوبنان)

هەر لە بواری وەڵام دانەوەی شاعیرانیش (إندماج) لەگەڵ ڕاو بۆچوونیان (صافی) بەرانبەر (بشنوازنی)ی (جلال الدین)ی ڕۆمی دەڵێ:

مشنواز نی إین حکایت های خام
راز خود گوید به پیش خاص و عام

(جلال الدین)ی ڕۆمی لە (مثنوی)یەکەیدا دەڵێ:

گوێ لە (نای) بگرە کە چۆن ناڵەی دێ لە تاوی دابڕانی لە جێگە و شوێنی خۆی:

**بشنو ازنی چون حکایت میکند**
**ازجدایی ها شکایت میکند..!!**

بەڵام (صافی) دەڵێ: تۆ وەرە گوێ لە دڵ بگرە چیت بۆ باس دەکا، ئینجا دەچێتە ناو ڕەوحانییەتێکی (صرف) و لە جەستە خۆی دادەپەڵۆسێ و گوێ لە لێدان و گوفتاری دڵ دەگرێ و دەڵێ:

**دل همیشه جلوه گاهی رحمت است**
**مظهر نور چیای وحدت است**
**دل مکان کان أو ادنی بود**
**دل مقام (کنز لا یغنی) بود**
**دل چراغ (لیله الإسرا) بود**
**مخزن سبرشه لولا بود**[38]

**پێنجین و پێنج خشتەکی (صافی)**

أ. پێنجین: ئەو جۆرە هونەرەی شیعرییە کە شاعیر بێ و شیعری خودی خۆی بکا بە پێنج:

صافی لەو جۆرە هونەرەدا، دوو پارچە شیعری خۆی کردووە بە (پێنجین)

**یەکەمیان:**

**فیدات بێ ئەو ڕوحی شیرین هەتا کەی دڵ پەریشانی؟**
**بەلایی وات بەسەر هێنام چ کەس دەرمانی نازانی**
**نیگارا ڕوویی ڕەحمێ گەر لەسەر ئەو عەهدو پەیمانی**
**دڵی بێچارەکەم مەعلوومی تۆیە چی لە لوقمانی**
**وەرە بەشقی خوا یا بیکوژە یا بیکە دەرمانی**
**فیدات بێ ئەو ڕوحی شیرین هەتا کەی دڵ پەرێشانی**
**بەلایی وات بەسەر هێنام چ کەس دەرمانی نازانی**

نازانی: نازانێ

پێنجێنی دووەمی (صافی):

کۆپڵەی یەکەم:

**سەبەب چی ئەی دڵی دێوانە دووبارە پەشێواوی**
**لە عەقل و فەهمەوە دەرچووی لە عەیب و عارەوە ماوی**
**مەگەر مەحکوومی یاری وا لەبەر ئیعدامی ترساوی**
**وەکوو کوشتەی قەساب ئەی دڵ چییە وا غەرقی خوێناوی**
**لە گۆشەی بێکەسی دائیم لە غەمدا ماوو داماوی**

کۆپڵەی کۆتایی:

**لە دەردی بێ دەوا بوویمە غەریب و شوهرەیی شاران**
**دوعامان بۆ بکەن ئێوەو خودا، زومرەی وەفاداران**
**لە ڕاست من گوێ مەدەن بە قسەی ڕەقیب و قەولی بەدکاران**
**مەڵێن (صافی) کە ئێستێکە لە یادی یار نییە یاران**
**لە دڵدا فیکری دڵدارو لەناوی زیرەکا ناوی**[39]

ب. پێنج خشتەکی


لە پێنج خشتەکیدا، شاعیر دێ، کار لەسەر شیعری شاعیرێکی دیکە دەکا:

عەونی شاعیر دەڵێ[40]


**خوماری چاو خومارێکم هەزاران وا خوماریتی**
**ئەسیری زوڵفی یارێکم هەموو عالەم شکاریتی**

صافی ئەو غەزەلەی (عەونی) کردووە بە پێنج خشتەکی بەم جۆرەی خوارەوە:

**هو زاری غونچە زارێکم کە ڕوویی نەوبەهاریتی**
**نەزاری لالە زارێکم، کە دڵ وا داغداریتی**
**فیدایی لێوو زارێکم نقوودی جان نثاریتی**
**خوماری چاو خومارێکم هەزاران وا خوماریتی**
**ئەسیری زولفی یارێکم هەموو عالەم شکاریتی**



**"*(صافی) بە چوار زمان شیعری نووسیوە ئەو حەفتا پارچە شیعرە کوردییانەی لەنێو دیوانەکەی دان، تەواوی شیعری (صافی)نین"**



***“ئەو نەک تەنیا باسی کوردی کردووە بەڵکوو سنووری هەبوونی جوگرافیشی بۆ دیار کردووە کە بە (حەددی ڕۆم و کورد) ناوی بردووە”***

خومار: جۆرێکە لە حاڵەتی مەستی
شکار: ڕاو، نێچیر، وەرزی ڕاو
لالەزار: ئەو شوێنەی پڕە لە گوڵی لالە
هوزار: یا هەزار (هزار) جۆرێکە لە بولبول
نەزار: لاوازو نەخۆش و سیس و زەبوون

لە بەشی پێنج خشتەکی یەکانی (دیوانی صافی)دا چەندان نموونەی ئەو هونەرە شیعرییە بەرچاو دەکەوێ، وەک:

**- پێنج خشتەکی (صافی) لەسەر غەزەلی (ناری)**
**- پێنج خشتەکی (صافی) لەسەر غەزەلی (عەونی)**
**- پێنج خشتەکی (صافی) لەسەر غەزەلی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)**
**- پێنج خشتەکی (صفوەت) لەسەر غەزەلی (صافی)[41]**
**- پێنج خشتەکی (أنور) لەسەر غەزەلی (صافی)[42]**
**- پێنج خشتەکی (بێدەر) لەسەر غەزەلی (صافی)[43]**
**- پێنج خشتەکی (بەندی) لەسەر غەزەلی (صافی)[44]**
**- پێنج خشتەکی (عاصی) لەسەر غەزەلی (صافی)[45]**
**- پێنج خشتەکی (بێبەش) لەسەر غەزەلی (صافی)**

**(صافی) و دەنگ و ئاواز**

لە (أصول المقامات)دا (صافی) شارەزاییێکی کەموێنەی هەبووە، بە ڕادەیێک ئەگەر لە مەجلیس ئەو دەنگخۆشێک لە شێواز و ڕێچکەی جۆرە (مەقام)ێک لای دابێ، یاخود (سهو)ێکی کردبێ بە (ئیشارەت) صافی ڕایگرتووە و پێی گوتووە ڕاستی کەوە!
(تاهیر ئەحمەد حەوێزی) لە کتێبی (مێژووی کۆیە)دا دەڵێ جارێکیان (صافی هیرانی) لە دیوەخانی (مەلا حەوێز ئاغای کۆیی) دانیشتبوو، مەلا ئەسعەد مەقامێکی (دەشت)ی گوت، (صافی) بە گۆچانەکەی ئاماژەی کرد، گوتی: ئەسعەد بگەڕێوە، ئەویش گەڕاوە و ڕاستییەکەی گوت[46]
(صافی) باسی (نغمەو ئاوازو بەربوط و عوود و ساز و نەی) کردووە، پارچەی (ئەی موطریبی حەریفان) بەڵگەیە لەسەر شارەزایی ئەو، لەباسی مەقاماتیش، ئەو پارچە شیعرێکی قافیەی (ی) ژمارە (٢) بەناوی (دڵم پەژ موردەیە) ناوی نزیکەی (٢٠) جۆرە مەقامی هێناوە.

***دڵم پەژ موردەیە ئێستێ دەخیل موطریب صەدایێ بێ***
***لەتاو هیجرانی یارم نیو نەفەس ماوە وەفایێ بێ***
***لەباتی شادییو خۆشی کەلێ بیمارو غەمناکم،***
***مەگەر بەو لاوک و حەیران و نیوەشەو بۆم شیفایێ بێ***
***غەمی هیجرانی تاکەی بێ صەدای نەی موطریبا سادەی***
***بەیات و شوورو ماهوورو قەزازو دەستگایێ بێ***

***زۆرجار باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە یەک لە مامۆستایانی سەردەمی (صافی) لە هیران دەستنوسێکی دیکەی (صافی) لابووە، ئێستا هیچ شتێک لەبارەی ئەو دەستنووسە نازاندرێ و ناوی ئەو کەسەش هەر بەهەمان شێوە نازاندرێ کێ بووە***

***بەبێ ئاوازی تۆ ئەصلا نییە چارەی دڵی شەیدا،***
***دەخیل دەنگی صەباو ڕاست و حیجازو چارگایێ بێ***
***لەپاش مردن وەصییەت بێ لەجێی (یاسین و تەلقینم)***
***صەدای دیوان و ئورفاو دەنگی کوردو قۆریالێ بێ***
***بەدەستی ئەو حەبیبە گەر ئەمن مردم شەهیدێکم***
***(گواهی)م خوێنە (فردا) ناحەقە کەس (إدعا)یێ بێ***
***ڕەجا کەن توو خودا یەکدەم کە یار بێتە سەرینی من***
***بڵێ کوشتەی منە (صافی) ئەگەر چی بێ خەطایێ بێ***

هیجران: دوور بوونەوە و دابڕان، ناوی مەقامێکی ڕەسەنی کوردیشە.
حەیران: بە هەولێر و دەوروبەری ناسراوە و حەیران دوو جۆری هەیە، سەرچیایی و مەجلیسی.
لاوک: جۆرێکە لە مۆرکی گۆرانی کوردی، باس لە دڵداری و قارەمانی دەکات.
نیوەشەو: نیوەی شەو، هەروەها ناوی مەقامێکی کوردیشە.
بڕوانە گۆڤاری کاروان ـ ژمارە ١٢٢، ل١٤.
ڕزگار خۆشناو لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژ٨١ی ساڵی (١٩٨٠)دا ل(٤١)، دەڵێ: حەیرانی سەرچیایی ناوچەی تیرە و هۆزی خۆشناوەتی دەگرێتەوە لە هیران و سەلاحەددین و شەقلاوە و دەوروبەری.
موطربیا: ئەی موگریب
بەیات: مەقامێکی ڕۆژهەڵاتییە


شوور: بەشێکە لە مەقامی بەیات
ماهوور: فارسەکان پێی دەڵێن (ماهوور) و لای خۆشمان بە (نەهاوەند) بەناوبانگە، هونەرمەندی ناودار مامۆستا (حەسەن گەرمیانی) لە دانیشتنێک لەگەڵ بەڕێزیاندا لە ساڵی ١٩٩٨ زایینی، گوتی: (نەهاوەند) لە (ئینگلیزی) پێی دەڵێن (Miner) واتە: پەیژەی بچووک (السلم الصغير).
صەبا: بەشێکە لە (بەیات)
چوارگا: جۆرێکە لە مەقامەکانی گرووپی (عەجەم)
یاسین: مەبەست سوورەتی (یاسین)ە لە قورئانی پیرۆز
تەلقین: تەلقینی مردوو
کورد: مەقامێکی ڕۆژهەڵاتییە
گەواهی: گواهی، وشەیەکی فارسی یە، واتە: بەڵگە و شایەدی
فردا: واتە سبەی، دوارۆژ، فارسی یە
مامۆستا (عبدالخالق بیمار) لە ل٣ی ڕۆژنامەی (التاخی) ژمارە ٢١٠١، ١٩٧٦/١/٥ لەژێر ناوونیشانی (صافی الشاعر الصوفی العاشق) نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە، دوای چەند دێرێک لە نووسینەکەیدا دەڵێ: (المشهور عن الشاعر صافی، شغفه الكبير بالغناء والموسيقى، فكان يخصص جانبا من مجلسه لسماع الاغانی فيذرف الدموع ويندمج معها يرتفع صوت المطربين بين دقات الدفوف وترديد كلمات الله، الله......).
واتە: (صافی) واناسراو بوو کە زۆر حەزی لە (مەقامات) و دەنگ و ئاواز بووە، بەشێکی دانیشتنەکانی بۆ تەرخان کردووە. لەگەڵ دەنگی دەنگخۆشانی کۆڕی (مەقامات) نەرم نەرم فرمێسکی دەباراند لەنێوان زیکر و دەنگی (دەفە) و (الله الله)ی دەروێشانی.
عرفان، پلەیەکی بەرزی (تصوف)ە واتە ئاشنابوونی تەواوی (عارف) بە حاڵ و مەقامی صۆفیانە و تەوژمێک بەدڵی گەرمی (عارف) دەبەخشێ لەنێو گڕی ئاگری عیشقەکەیدا، هەست بە فێنکی (وصل) بکات. ئەوەش جۆرێکە لە غیرەتی (عارف) پێی دەگوترێ (Paradox) کە بریتیە لە کۆکردنەوەی دوو شتی دژ یەک و گونجاندنیان وەکوو ئەم بەیتەی (صافی) کە تیایدا (ئاگری تەڕ)ی بەکارهێناوە:

***خود ز هوای زهدرا خشک شد آب غیرتم***
***(آتش تر) در أفگنم خرقەیی زهد نام ڕا***

ناوی ناوداران و کەسایەتیەکانی مێژووی کۆن
لە شیعری (صافی)دا
یەکەم: پێغەمبەران
دووەم: هزروەرانی فەلسەفە و حیکمەت
سێیەم: صۆفیانی تەریقەت
چەند وێنەییێکی ئەم بابەتە:

***هرگز نرسد سرو بە بالای محمد (ص)***
***نرگس نەبدین دیدە شهلای محمد (ص)***
***سنبل نەبەز لفین سمن سای محمد (ص)***
***(کونین) برد ڕشک بسیمای محمد (ص)***
***وان شورش (یوسف) کە زد آتش بە زلیخا***
***أز عشق لب لعل شکر خای محمد (ص)***
***صەبری (أیوبم) لە کوێ بوو؟ عومری نوحم چۆن ئەبێ***
***پێنج و دوو ڕۆژێکم ماوە ڕوح کەچوو نایێتەوە***
***عەجایب خاتەمێکە لەعلی لێوی یارەکەم***
***لە دەرگانەی (سلیمان) ئاصەفە (ئاصەف) سولەیمانە***
***باساقی ڕوو لەمەی کا بێ دەفعی ئەو غەمەی کا***
***(جمشید) جام و (کەی) کا کێ دای ئەمانی مانی***
***ئومێدی زۆر هەیە (صافی) نەجاتی بێ لە غەم چونکە***
***دەلیل مەولاوو (أحمد) یاوەرو یار بازی گەیلانە***
***خوێنم بڕژێ (صورة)ی ناوی تو دەکێشێ***
***تا نەیکوژی نازانی کە (صافی) بە وەفایە***
*ئاماژەیە بۆ (منصور)ی حەللاج و لە سێدارە دانی.*
***سیحری دڵی (ماروت)ە کە شەیدایی عوزارە***
***فیکری دڵی (هاروت)ە لە ڕیسوایی دیارە***
***گەر بڵێن (صافی) لە عەشقی لەیلەکەی کوێ ی جێگەیە؟***
***تۆ بڵێ (مجنون)ە صیفەت ڕووی وا لە چۆڵ و هەردەوە***
***صەرف و سوود نەقدی دڵ لەو عالەمە بێ مایەیە***
***تا بەکەی بێ فایدە صەرفی گەنجی (کەیخوسرەو) دەکەم***
***(رفاعی) ڕاهم أو بخشید تاج عزو مقصودش صافی***
***چو نسبت داشت از قربیت و خویشان معدودش صافی***
***طفیل خوان إنعامش نەهر (شبلی) و داوودش صافی***
***شێخ ڕەزا (بها ) و (نقشبندی) خوشە چین خرمن جودش***
***شێخ ڕەزا (شهاب) و (سهروردی) کاسە لیس خوان انعامش***
***شیفایی زەخمەکەی دووریم بە غەیری یار بە کەس نایێ***
***چ یارای عەقلی (افلاطون) چ جێگەی فیکری لوقمانە***


**پەراوێز**
(١)مەنفی: مەلا ڕسوڵی بێتووشی
(٢)خادیم: حاجی میرزا عبداللەی (چاو ڕەش) (١٨٩٥ - ١٩٧١)
(٣)هەرشەمی: دکتۆر عبداللەی نەقشبەندی
(٤)بێخود: مەلا محمود کوڕی حاجی مەلا



“


(صافی) واناسراو بوو کە زۆر حەزی لە (مەقامات) و دەنگ و ئاواز بووە، بەشێکی دانیشتنەکانی بۆ تەرخان کردووە. لەگەڵ دەنگی دەنگخۆشانی کۆڕی (مەقامات) نەرم نەرم فرمێسکی دەباراند

”



ئەمین کوڕی موفتی مەلا ئەحمەدی چاومار
(٥)خورشید: خۆر ـ ڕۆژ
(٦)دەر: دەر ـ (در) فارسی یە (دەرگا)
(٧)سریع الأثر: زوو کاریگەر ـ بەگورجی
(٨)شەمعی نەزەر: مۆمی ڕووناک بەخش
(٩)هەژار: عبدالرحمن شەرەف کەندی
(١٠)مورغ: (مرغ) فارسی یە واتە باڵندە
(١١)کەیخوسرەو: کەیخوسرەو کوڕی سیاوەش، یەکێکە لە شایەکانی ئێرانی کۆن، بەزۆر دەوڵەمەند باس دەکرێ و گەنجینەی زۆری لەبەر دەست بووە
(١٢)صافیا: ئەی صافی
(١٣)ئەییوب: ئەییوب پێغەمبەر، نوح: (نوح) پێغەمبەر
(١٤)چەم: (چەم)ی دووەم، واتە چاو بە شیوە زمانی هەورامی و چەمی یەکەم بە مانای (پڕ)ی پەرچەم دێ
(١٥)یـا ودود: ودود، یەکێکە لەنـاوو صیفەتەکانی خودا
(١٦)و(١٧)ناری:کاکە حەمەی بێلوو(مەلا محمد کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا (محمد)ی بادەڵانی لە دێی (بادەڵانی) ناوچەی (شلێر) لەدایک بـووە لـە سـاڵی ١٨٧٤ی زایینی، لەشاری (هەولێر) و سنە و مەریوان و بیارە و ڕواندز تەحصیلی خوێندنی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٤ی زایینی لە دێی بێلوو بە خاک سپێردراوە.
(١٨) مەخموور: لەگەڵ چاو بەکاربێ، واتە چاو مەست چاوی مەخمووری = چاوی مەستی
(١٩) جلیوە: جلوە، ئاشکرابوون و دەرکەوتن و مکاشەفە
(٢٠) بیدار: بە ئاگا
(٢١) سبحان الذي أسرى: ئایەتێکە لە قورئانی پیرۆز لە سوورەتی (الاسراء)
گرە: خەتم و مۆر
(٢٢) مـەلا اسماعیلی کـوڕی مـەلا عـەزیزی کوڕی صافی هیرانی
(٢٣) مەلا عبداللەی میرزا نـاودارو ناسراو بە (موکریانی) خۆشنووسی شیعرەکانی (صافی) بووە، عبداللەی کوڕی عبدالرحمن لە دێی (دیبوکری) ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەدایک بـووە، سـاڵی ١٩٦١ی زایینی لە گوندی (یارمجە)ی سەر بە قەزای (پردێ) کۆچی دوایی کردووە.
(٢٤) مەلا عەزیزی کوڕی صافی هیرانی.
(٢٥) بوێژو مێژوونووس و شاعیر (نجم الدين مەلا).
(٢٦) سۆزی: شێخ عبدالقادری کوڕی (صافی هیرانی) ساڵی ١٩٩٠ی زایینی لە (٥/٢٠) لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، دیوانی شیعری دەستنووسی لە پاش بەجێماوە.
(٢٧) سەید مـەردان کـوڕی سـەید (صدیق) کـوڕی سـەید عبدالغنی (١٨٨٦ ـ ١٩٥٤ز) لە (تجوید) و لە (أصـول المقامات)دا زۆر شارەزا بووە.
(٢٨) لەو دەستنووسەی لای د.فائیزە مەلا بکر، شیعری زۆر لـە شـاعیرانی کـورد ڕینووس کراوە چەند غەزەلی صافی هیرانی لـەوێ نـووسـراوە، غـەزەلـی (ئـەو جانـە چ جانێکە....) لە هیچ دەستنووس و چاپکراوێکی دیکەدا نەبووە.
(٢٩) بێدەر: ناوی تەواوی (ڕەمەزان ئەحمەد) توێژەرو شاعیرو نووسەرە ئاگاداری شیعرو ئەدەبیاتی زۆر لە شاعیرانی کوردە، یەکێکە لە شاعیرانی قوتابخانەی شیعری (کلاسیکی کـوردی)، لەنێو دیـوانـی (صـافـی هیرانی) دا شیعری هەیە بە ناوی (پێنج خشتەکی)، بێدەر لەسەر غەزەلی (صافی هیرانی)، بڕوانە دیوانی صافی هیرانی چاپی بەیروت (٢٠١٥) ل ٣٦٧ و ئەرشیفی محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی ـ دەستنووس.
(٣٠) جەریحی: ئەحمەد کوڕی مەلا عومەری نەقشبەندی سـاڵی ١٢٨٥ کـۆچی هەتاوی، لـە گـونـدی (واشـەمـزیـن) سـەر بـە شـاری (سەردەشت) لەدایک بووە، لە ساڵی ١٣٢٣ کۆچی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە.
(٣١) دیوانی صافی هیرانی ـ چاپی وەزارەتی پـەروەردە / هـەولـێـر ـ ٢٠٠٤ی زایـیـنـی، تیراژ (٢٠٠٠).
(٣٢) دیوانی صافی هیرانی ـ چاپی بەیروت / ٢٠١٥ی زایینی، تیراژ (١٥٠٠).
(٣٣) إجازە: مەبەست (بڕوانامەی مەلایەتی) یە.
(٣٤) مەلای گەورە: مەلا محمدی کوڕی مەلا عبداللەی جەلی زادە لە ساڵی ١٩٤٣ی زایینی لە کۆیە ١٠/١٢ کۆچی دوایی کردووە.
(٣٥) بڕوانە ل ٤٤ی (دیوانی صافی هیرانی) چاپی بەیروت ـ لوبنان / ٢٠١٥ و ئەرشیفی محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی ل ١٥٤ ـ

دەستنووس.
(٣٦) ١. ل ١٦٣ی (دیوانی صافی) چاپی یەکەم ـ هەولێر، چاپی وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٤)ی زایینی، پیتی (ر) و چاپی (بەیروت) ٢٠١٥ی زایینی / ل ١٨٨.
٣٧. ئەرشیفی مەلا محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی، ل ٧٦٥ ـ دەستنووس.
(٣٨) (حافظ) شاعیری گەورەی فارس (١٣٢٥ ـ ١٣٨٨)ی زایینی لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا شیعرەکانی ئەو ناوبانگیان دەرکردووە، گەیشتە دەست پاشایان و زانایان.
بڕوانە دیوانی (حافظ) چاپی یەکەم ـ مطبوعات (أمیر کبیر) ١٣٣٤ ل (٩ تا ١١).
(٣٩) (قوربان)ی یەکەم مەرام جەژنی قوربانە.
(قوربان)ی دووەم سەربڕینی ئاژەڵ بۆ خێرو دابەش کردنی گۆشت بەسەر هەژاران.
لەنێوان (قوربان)ی یەکەم و دووەمدا، ڕەگەز دۆزی هەیە، لە عەرەبی دا پێی دەگوترێ (الجناس).
(٤٠) چراغ: چرا
چیا: چیاو، ڕووناکی
ادنی: نزمتر
کنز: گەنجینە
لا یغنی: بە شتێک دەگوترێ، کە لەناو نەچێ
(٤١) ڕەقیب: ناحەزو دژ
زومرە: (الزمرە)، کۆمەڵە خەڵکانێک
(٤٢) عەونی: شاعیری گەورەی شاری کۆیە، ناوی تەواوی (عثمان حبیب عبدالله) بە شیعرە نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی بەناوبانگە، دیوانی شیعری چەند جار لە چاپ دراوە، لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی لە شاری (کۆیە) لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٩٧ی زایینی بە بەرگێکی تازەو قەوارەی گەورە دیوانی چاپکراوە.
بڕوانە (دیوانی عەونی) ـ چاپی یەکەم، فەرهاد عەونی و کەریم شارەزا (١٩٩٧ز) ـ هەولێر.
(٤٣) صەفوەت: کاک عەلی کوڕی صافی و پۆست نشینی ئەو، ١٩٧٧ز لە هیران کۆچی دوایی کردووە، ئەو (نازناوە) واتە (صەفوەت) نازوی شاعیرێکی دیکەی کوردە جگە لە کاک عەلی ـ ئەویش (مەلا مستەفا مەلا ڕەسووڵ دێلیژەیی، باوکی د.عزالدین مصطفی ڕسول).
(٤٤) أنور: (شێخ ئەنوەر زەردەیی)ی شاعیر.




(٤٥) بیدەر: (ڕەمەزان ئەحمەد میرزا)ی شاعیر.
(٤٦) بەندی: محمدی مەلا مستەفای هیرانی.
(٤٧) عاصی: مەلا مستەفا کوڕی مەلا ڕسوڵ کوڕی مەلا محمد امین کوڕی مەلا عوسمان ناسراو بە (عاصی)ی شاعیرو زانا ساڵی ١٨٩٢ی زایینی لە گوندی (خەرابە)ی نزیک شاری کۆیە لەدایک بووە، شیعری (ناری) و (تاهیر بەگی) کوردی، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر شیعرەکانی (عاصی).
(٤٨) بڕوانە ل ١٠٥ی (دیوانی صافی هیرانی) ی چاپی بەیروت ـ ٢٠١٥ی زایینی و (دیوانی صافی) چاپی هەولێر ـ ٢٠٠٤ی زایینی ل ٩١ و ئەرشیفی محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی.

## سەرچاوەکان

**کتێب:**

١. ئینسکلۆپیدیای هەولێر ـ بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان.
٢. باخچەی شاعیران ـ عبدالعظم ماوەتی و عبدالقادر صالح، چاپخانەی ژین / سلێمانی ـ ١٩٧٠ز.
٣. بنەماڵانی ڕواندز ـ مەلا ممدوح مزووری، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری / هەولێر ـ ١٩٩٨ز.
٤. بووژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستنووس، محمد عەلی قەرەداغی، بەرگی پێنجەم / چاپی یەکەم ـ ١٩٩٧ز.
٥. تأریخ مشاهر کرد ـ جلد ٢ / بابا مردوخ ڕوحانی (شیوا) سروش ـ تهران ـ ١٣٦٦ هەتاوی.
٦. جاهد بگەڕێ ـ محمود زامدار / چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر ـ ٢٠١٠ز.
٧. چێشتی مجێور: هەژاری موکریانی ـ خانی شەرەف کەندی / چاپی یەکەم، پاریس ـ ١٩٩٧ز.
٨. دەستە گوڵ ـ د.عبدالله نەقشبەندی ـ چاپی یەکەم ـ شرکة الخنساء للطباعة / بغداد ـ ١٩٨٩م.
٩. دیوانی ئەمین شنۆیی، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی، ورمێ ـ ئێران / ١٣٧٧ی هەتاوی.
١٠. دیوانی بێخود، چاپی یەکەم، محەمەدی مەلا کەریم، وەزارەتی کاروباری شیمال ـ ١٩٧٠ز.
١١. دیوانی خادیم، بەرگی یەکەم، جەمال محمد محمدأمین، دار الحریە للطباعە / بغداد ـ ١٩٨٠م.
١٢. دیوانی دلزار، أحمد مستەفا حەوێزی،




سوید ـ ستۆکهوڵم ـ ١٩٩٢ز.
١٣. دیوانی صافی، گیوی موکریانی، چاپی کوردستان / هەولێر ـ ١٩٧٣ز.
١٤. دیوانی صافی، محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی، چاپی یەکەم / هەولێر ـ ٢٠٠٤ز، چاپی وەزارەتی پەروەردە.
١٥. دیوانی صافی هیرانی، چاپی دووەم، محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی، چاپی بەیرووت ـ لوبنان ـ ٢٠١٥ز.
١٦. دیوانی صافی، چاپی المعارف ـ بەغدا، محسن دزەیی ـ ١٩٥٣ز.
١٧. دیوانی عاصی، کۆکردنەوەو پێشەکی د. عەزیز گەردی / هەولێر ـ ٢٠٠٨ز.
١٨. دیوانی عەونی، چاپی یەکەم، هەولێر ـ ١٩٩٧ز، فەرهاد عەونی و کەریم شارەزا.
١٩. دیوانی کانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث) ـ بەغدا ـ ١٩٨٠ز، موفق أکرم کانی و کەریم شارەزا.
٢٠. شاعیرانی کوردی پارسی گوی، سید عبدالحمید حیرت سجادی، نشر إحسان، تهران، چاپ أول ـ ١٣٧٥ چاپی پیام.
٢١. صفحات من حیاە الملا محمد الکویی، مغدید حاجی ـ مطبعە المجمع العلمی، بغداد ـ ١٩٨٥م.
٢٢. کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، کەریم شارەزا، نازم حەوێزی، عوسمان مستەفا، مەجید ئاسنگەر / ٢٠٠٩، چاپی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم ـ هەولێر.
٢٣. کۆیەو شاعیرانی، کەریم شارەزا، چاپخانەی (النجوم) بەغدا ـ ١٩٦١ز.
٢٤. مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند، کەریم شارەزا، چاپی (حسام) بەغدا ـ ١٩٨٢ز.
٢٥. مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار ـ ٢٠٠٤، بەرگی ٤.
٢٦. مێژووی کۆیە، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، بەرگی یەکەم/ مطبعە الوفاء، بغداد ـ ١٩٦٢م.
٢٧. مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر بەحرکەیی، بەرگی (١و٢و٣) چاپی (ئاراس) / هەولێر ـ ٢٠١٠ز.
٢٨. مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، چاپی (نمیر) بەغدا ـ ١٩٨٤ز.
٢٩. ناڵەی جەریحی، ورمێ ـ ئێران / ١٣٧١ی هەتاوی.
٣٠. هەندێ لە پێنج خشتەکییەکانی مەلا مەسعود بێبەش، چاپی یەکەم، پێشەکی، مەحود زامدار ـ ١٩٨٤ز.

**گۆڤار:**
٣١. کاروان ژ٢١، ساڵی ١٩٨٤ز، (صافی هیرانی و دیوانەکەی) محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی ـ ل١٩.
٣٢. کاروان ژ٢٢، ڕوون کردنەوەیەک لە بارەی مەقامی حیجاز، محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی ـ ١٩٨٤ز.
٣٣. کاروان ژ١٢٢، ساڵی ١٩٩٨ز، صافی هیرانی و ئاوازی کوردی ـ محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی.
٣٤. کاروان ژ١٢٨، ل ٢٧، ساڵی ١٩٩٨ز، شیعری بڵاونەکراوەی (صافی هیرانی) محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی.
٣٥. (گوڵان)ی عەرەبی، (عەونی) شاعر النهضە وإعداد الجیل، کتبە محمد ملا مصطفی هیرانی، عدد ٢٤.
٣٦. گوڵانی عەرەبی، ژ٥٢، طاهر مصطفی، ل ١٦٦.
٣٧. گەلاوێژ، ژ ٣، ساڵی ١٩٤٨ز، سلیمان ڕواندزی.

**ڕۆژنامە:**
٣٨. ڕۆژنامەی برایەتی (پاشکۆ) بەرنامەی ئەدەب و هونەر، ژ ٨٠، ١٩٩٨/٦/١٢ز، هونەری پێنج خشتەکی محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی.
٣٩. هەفتەنامەی (ئەدەب و هونەر) ژ ٩٨، ١٩٩٨/١٠/١٦، شا بەیتێکی صافی هیرانی، نووسینی تاهیر مستەفا.
٤٠. جریدە التآخی، العدد ٢١٠١، صافی الشاعر العاشق، ١٩٧٦/١/٥، عبدالرزاق بیمار.
٤١. هاوکاری، ١٩٨٨/٢/٢٠ز، لەبارەی کۆڕی سێیەمی (صافی هیرانی) شێرزاد عبدالرحمن.

**دیمانە:**
٤٢. دیمانەی تەلەفزیۆنی لەگەڵ (سەعید زەنگەنە) بەغدا ـ ١٩٩٠/٢/١٨ز.
٤٣. دیمانەی تەلەفزیۆنی لەگەڵ (یوسف برادۆستی) ٢٠١١ز، لە بەرنامەی (وارێ مە).
٤٤. بە تەمەنانی، کۆیەو ڕواندزو هەولێرو هیران، ئەوانەی کە (صافی)یان دیوە.
٤٥. نامەی (سید عارف)ی نەوەی (سید مردان).

# مێژوویی

- **جووەکان، کە هێشتا لەهەولێر بوون**

دکتۆر مارف خەزنەدار

- **چۆن باسی جووەکانی هەولێر دەکەن؟**

ستار محەمەد ئەمین

- **کوردبوونی جووەکانی هەولێر**

نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز

- **دانیال قەساب یەکەم نیگارکێشی کوردستان**

فەرهاد پیربال

- **جوو، نەتەوەیە، یان ئایین .. چۆن هاتنە کوردستان و لە هەولێر گیرسانەوە؟**

محەمەد گۆران

- **یەهوودییەکان نەوەی یەهوودان**

مەلا ئەحمەدی وەرتی

# جووەکان، کە هێشتا لەهەولێر بوون



دکتۆر مارف خەزنەدار

(١)

مێژووی جووەکان لەشاری هەولێر گەلێک کۆنە، وەکوو خۆیان دەڵێن ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، هەر لەوکاتەی لە فەلەستینەوە پەراگەندە بووینە، لە هەولێر لە گەڕەکی تەعجیل هەبوون، ئەم گەڕەکە لە تاپۆ بەتەعجیل ئیسلام و تەعجیل یەهوود تۆمارکراوە، بەشی لای ڕۆژهەڵاتی گەڕەکەکە زۆربەیان جوو بوون، کەمیان موسڵمان بوون، ڕۆژئاواکەشی بەپێچەوانەوە کەمیان جوو بوون، زۆریان موسڵمان بوون، دوو موختاریشیان هەبوو، موختارێکیان ئیسلام ئەوەی دیکەیان جوو بوو، موختاری ئیسلامەکان ناوی (مەلا شەریف) بوو (مام یۆنا ئەفەندی)یش موختاری جووەکان بوو. موسڵمان و جووەکان لەم گەڕەکە ئەگەر ئیشێکیان هەبووایە و پێویستیان بە مۆری موختار بووایە، هەر کامەیان ئیمزای کردبایە ئیشەکەیان دەڕۆیشت، زۆرجار جووەکە بۆ ئیسلامەکەی ئیمزا دەکرد، ئەوەی ئیسلامیش بۆ جووەکەی ئیمزا دەکرد، لە دواییدا شار کە پەرییەوە ئەو دیو شیوەکە، ناوی بوو بە (سەعدوناوا) لەوێ ئیسلام و جوو پێکەوە دەژیان، زۆرجار وا ڕێکەوتبوو لەنێوان کۆمەڵێک ماڵە موسڵمان، ماڵە جووێک هەبوو، یاخود بەپێچەوانەوە. لەم گەڕەکە زیاتر لە گەڕەکەکانی دیکە پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوتر هەبوو.

دەتوانم بڵێم لەم گەڕەکە زیاتر لە گەڕەکەکانی دی پەیوەندیەکی تۆکمە و پتەو هەبوو، لەگەڕەکەکانی خانەقا و عارەبان و قەڵا پەیوەندییەکان بەو شێوەی تەعجیل نەبوو، بۆیە دەڵێم، ئەگەر هەندێجار غەدریشیان لێ بکرابایە لەلایەن خەڵکی گەڕەکی تەعجیل نەبوو، لەبەر ئەوەی ئێمە بە منداڵی لەگەڵ یەک گەورە ببووین و ئاگاداری جەژن و خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکدی بووین.

(٢)

جووەکانی هەولێر دەوری گرنگیان لە بواری هونەر هەبوو، یەکێک لە حەیرانبێژە بەناوبانگەکانی هەولێر، کەسێکی جوو بوو ناوی (ئیسحاقە گولە) بوو کە هاوسێی ئێمە بوو، لە ماڵەوە بە کوردی قسەیان دەکرد و زمانەکەی خۆشیان فلێحیان پێدەگوت، تێکەڵی عەرەبی و عیبری بوو، بەو زمانە قسەیان نەدەکرد چونکە کرمانجی دەشتی هەولێر بوون. ئەم ئیسحاقە ئیشی جۆلاشی دەزانی کارگەی جۆلایی لە ماڵی خۆیان لە ژوورەکەی کارگەکەی دانابوو (جاجم و بەرماڵ و....) زۆر شتی نایابی دروست دەکرد، لەهەمان کاتدا حەیرانبێژ بوو، لەهەموو ئەو کتێبانەی نووسراون لەسەر فۆلکلۆر و حەیران، هەر ناویشی نەهاتووە. هەر لەڕووی هونەرییەوە حیکایەت خوانێکی سەیرمان هەبوو لەم گەڕەکە، ئەویش (مۆشێ خوبزە) بوو، لە بەهار و زستانان لەچایخانەکان حیکایەتی ئەسکەندەرنامە و دێوی سپی و ڕەش و ڕۆستەمی زاڵی دەخوێندەوە، حیکایەتەکانیشی تەنیا بەزمانی کوردی دەگوتەوە، جارێکیان پێمگوت بۆ ئەم حیکایەتانە بەزمانی دیکە ناگێڕییەوە؟ گوتی: کوڕم حیکایەت تەنیا بەزمانی کوردی دەگوترێن.

پیرەژنێکی جوو هەبوو (علوا حەفسەتێ) کوێر بوو، لەتەعزییەکان دەیلاواندەوە، لە هەولێر سەردولکەی پێ دەڵێن، هەر بۆ جووەکان نەیدەلاواندەوە بەڵکوو بۆ موسڵمانەکانیش، هەرکەسێک تەعزییی هەبووایە، دەچوو باسی مردووەکەی خۆی بۆ دەکرد، سێ زمانی بە چاکی دەزانی (کوردی، تورکمانی، عەرەبی موسلاویی) ئینجا بەشان و باهووی مردووەکەیدا هەڵدەگوت، هەندێکجار ڕستەکانی دەبووە ئاواز و گۆرانی، ئەگەر خوێندەوار بووایە ڕەنگە هونەروەرێکی شانۆیی باشی لێ هەڵبکەوتایە.

(٣)

جووەکان لە هەولێر وەکوو باقی دانیشتووانی هەولێر بوون، دەوڵەمەند و هەژاریان تێدابوو، شێتۆکە و سواڵکەریان تێدابوو، پیرەمێردێکی جوو، بەبەردەوامی لەناو شیوەکەی تەعجیل

**ئەم گەڕەکە لە تاپۆ بەتەعجیل ئیسلام و تەعجیل یەهوود تۆمارکراوە**

دەگەڕا ناوی (کەرێ شین) بوو، تۆزێک خەڵەفا بوو، منداڵی گەڕەکەکە گاڵتەیان پێ دەکرد، بەزمانی کەر قسەی لەگەڵ دەکرا. کچێکی گەنج هەبوو عەقڵیشی تەواو بوو، شەرواڵی مرادخانی لەبەر دەکرد ناومان نابوو (بەدرییە کوڕانی) بەڵام ئەوەی زۆربوو لە شەستەکاندا کە من لە ڕووسیا دەمخوێند، هەندێک قوتابی لای خۆمان چووبوون بۆ بەرلین و ڤیێنا بۆ یەکێک لە کۆنگرەکان، پاش ئەوەی هاتنەوە، باسی ئەم بەدرییە کوڕانییەیان بۆ کردم! گوتیان لە ئیسرائیلەوە هاتبوو، بەناوی جوولەکان بەشداری لەم کۆنگرەیە کرد و بە کوردییەکی زۆر پەتی هەولێریی قسەی دەکرد! باسی منیان بۆ کردبوو، گوتبووی: بەڵێ لەبیرمە، مەعرووفی مام قادر! دیاربوو لەئەحزابە تەقەدومییەکانی ئەوێ کاری دەکرد. ئەوکاتە تەمەنی چل بۆ چل و پێنج ساڵێک دەبوو.

(٤)

لە بازاڕەکە زۆربەی وردە فرۆش و عەتارەکان جوو بوون، فێڵیان نەدەکرد و کەلوپەلیان هەرزان دەفرۆشت. زێڕنگری باشیان هەبوو، جووەکان کە ڕۆیشتن توراسێکیان بەجێهێشت، تاکوو ئێستاش بەلای منەوە گەلێک دەستکاری زێڕ و زیو لە ماڵە هەولێرییەکان وەکوو توحفەیەکی خشڵی کۆن ماون کە جووەکان دروستیان کردووە.

(٥)

ئەوکاتە قوتابخانەی ناوەندی لە هەولێر هەبوو، بەڵام بناغەکەی هەر سەرەتایی بوو، مامۆستای بێگانەی کەم لێ بوون، ئەگەر هەبوایە زیاتر فەلەستینی بوون، ئەوەی دیکە خەڵکی شارەکە بوون، بەتایبەتی لە جووەکان پێکهاتبوون. جووەکانی ناو بازاڕ واتا کاسبکارەکە بەدوو زمان قسەیان دەکرد، بە کوردی و تورکمانی، بەڵام لە ماڵەوە هەرگیز بە تورکمانی قسەیان نەدەکرد، ئەوانەی دەرەوەی شاریش، کورمانجەکانیان تەنیا بە کوردی قسەیان دەکرد و زمانی دیکەیان نەدەزانی، ئەوانەی کۆنەکانیان کە خەڵکی شار بوون بەزمانی (فلێحی) قسەیان دەکرد، کە ئێستاش خەڵکی عەنکاوە بەو زمانە قسە دەکەن، سریانی و عیبری و عەرەبی موسڵاوی تێکەڵی ئەم زمانە بوون، ئینجا هەرچی قوتابخانە بوو، مامۆستا جووەکان هەر هەموویان بە کوردی قسەیان دەکرد. ڕاستە لەو سەردەم کتێبی کوردیمان کەم بوو، بەڵام یەک کتێبی خوێندنەوەی کوردی هەبوو، یەک دوانەکی دیکە پەیدا بووبوون، باقی کتێبەکانی دیکە، هەمووی عەرەبی بوون، بەڵام قسەکردن و ڕاپۆرت هەر هەمووی بە کوردی بوو. لەبەر ئەوەی مامۆستا جووەکان هەر بە کوردی قسەیان دەکرد، بۆیە لە (قوتابخانەی ئەربل ئولا) هەرهەموو مامۆستا جووەکان لەوێ دادەمەزران و لە قوتابخانەی دووەم مامۆستا جووەکانی لێ نەبوون، لەبەر ئەوەی لەوێ دیراسەی کوردی نەبوو، زیاتر منداڵە تورکمان و عەرەبی فەرمانبەر بوون و لە پۆلەکان بەم زمانانە قسە دەکرا، بۆیە ڕۆشنبیرە جووەکان زیاتر خەریکی زمانی کوردی بوون، هەر بەزمانی کوردیش قسەیان دەکرد. لە مامۆستا جووەکان: (سیۆن شمعون ناسراوبوو سیۆنە فەندی، مامۆستا شوعە مەخلوف ئەمیان یەساری بوو لەتەقەدومییەکان بوو، لە دواییدا بوو بە شیوعی، مامۆستا زەکی باروخ..... گەلێکی دیکە بوون، ئەمانە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردییان کردییە، لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەربیل ئولا ئەوکاتە من لە پۆلی چوار بووم، خوێندنەوەی کوردی مامۆستا زەکی باروخ پێی گوتوومە بەشێوەی سلێمانی پێی دەگوتینەوە. زۆرجار ئەو پرسیارەمان لێدەکرد، کە بۆچی بە شێوەی سلێمانی دەیڵێتەوە، لە وەڵامدا دەیگوت لەکاتی خۆی پەیمانگەی مامۆستایانم لە بەغدا تەواو کردووە بەڵام یەکەم دامەزراندنم لە شاری سلێمانی بووە، بۆیە بەشێوەی ئەوێ قسە دەکەم، شاری سلێمانی زۆر خۆشدەویست، هەر بۆیەش بەدیالکتی ناوەوەی شارەکە قسەی دەکرد.

> ❝ شار کە پەڕییەوە ئەو دیو شێوەکە، ناوی بوو بە (سەعدوناوا) لەوێ ئیسلام و جوو پێکەوە دەژیان ❞



جوویێک لەکاتی چنیندا



(٦)

غەدرێکی گەورە لە جووەکانی هەموو عێراق بەگشتی و کوردستانیش کرا، بەوەی لێرە نەمان، ئەم غەدرە نەک لەوان بەڵکوو لە ئیسلامەکەش کرا، بەتایبەتی لە کوردەکان، چونکە لە دونیادا هەمیشە ئەو شارانە پێشکەوتوون کە مۆزایکە، ئەو مۆزایکە دەوڵەمەندییەک دەدات بە کۆمەڵگاکە، بۆ نموونە برایم پاشا کە سلێمانی دروست کرد چوو لە قەرەداغ جووی هێنا، جووەکانی سلێمانی خەڵکی قەرەداغن، هەروەها برایم پاشا چوو پەیوەندی بە ئەردەڵان کرد ماڵی عەلەکەی هێنایە سلێمانی، ئەوان جێگە و ڕێگە و شوێنی خۆیان هەبوو، دەربەگ و دەوڵەمەند بوون، گوتی چیتان هەیە لەوێ، وەرن ئەمن ئەو شتانەتان دەدەمێ، بۆ ئەوەی سلێمانی ببێت بەمۆزایک و دەوڵەمەند بێت.

(٧)

جووەکان نەک هەر لە هەولێر، بەڵکوو لە کوردستان بەگشتی، ئەوانەی چوونەتە ئیسرائیل، پارێزگاری ئەدگار و شێوەی قەومی کوردیان کردووە، لە ماوەی ئەو پەنجا شەست ساڵەدا چەندین کتێبیان بڵاوکردۆتەوە بەزمانی کوردی، بەڵام بە حەرفی عیبری، ئەلف و بێی کوردیان بۆ زمانی کوردی داناوە، هەندێک گۆرانیان تۆمار کردووە، جەژنی نەورۆز دەکەن، بەتایبەتی لەم ڕووەوە ئەوەی چالاکی زۆرە کوردی دەوروبەری مەهاباد و موکریانن، هەندێکی دەوروبەری لای خۆشمان بەتایبەتی ئاکرێ، ئەمانە هەتا پیاوی گەورەشیان لێ هەڵکەوتووە. پێموایە لە دوارۆژدا، ڕۆشنبیری کورد لە کوردستان، بایەخێکی زۆر بە مێژووی جوو بدەن.

**❝ کچێکی گەنج هەبوو عەقڵیشی تەواو بوو، شەرواڵی مرادخانی لەبەر دەکرد ناومان نابوو (بەدرییە کوڕانی) ❞**

(٨)

لە هەولێر کەنیشتیان هەبوو، بەرامبەر چایخانەی قەرزدارانی ئێستا، کۆڵانێک هەبوو کەنیشتی لێ بوو، پێیاندەوت مدراش، لە بنەڕەتەوە لەمەدرەسەوە هاتووە و وشەیەکی سامییە. لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی بەشێکی هەیوانەکەی مدراش کرایە قوتابخانەی سێیەمی هەولێر.

من کەنیشتەکەی قەڵام نەبینیوە، بەڵام ڕۆژی شەممەو ژنەکانیان دەبینران و دەچوونە کەنیشتەکەی قەڵا، ماوەی سەعاتێک لەوێ دەمانەوە و دەهاتنە خوارەوە، دەیانگوت دەچن لەوێ نوێژ دەکەن. گۆڕستانی جووەکانیش لە هەولێر هەبوو، جێگای ئێسکانی ئێستا بوو، لەدوای گۆڕستانی چراخ، گۆڕەپانێکی گەورە هەبوو، ئەو گۆڕەپانە (پۆلۆ)یان پێدەگوت واتە قاشوانێی سەر وڵاخ، دیارە لە زەمانی ئینگلیز کە هاتبوونە هەولێر سوارسوارێنێیان لەوێ کردووە، لەوێ گردۆڵکەیەک هەبووە ئەوە قەبرستانی جووەکان بوو، ئەو جێیە ئێستا گەڕەکی ئێسکانە.

(٩)

کە گەڕانەوە ناوماڵیان دەفرۆشت و دەگریان، هەندێکیان پێیان خۆش نەبوو، لە هەمان کاتدا لەگەڵ هاوسێکانی خۆیان زۆر دڵسۆز بوون، بۆیە شتەکانی خۆیان لە سەرەتادا بە هاوسێکانی خۆیان دەدا و دەیانفرۆشت، کە ڕۆیشتنەوە بەشێکی زۆر خەڵکی هەولێر تاکوو بەغدا لەگەڵیان چوون و بەڕێیان کردن، بەتایبەتی ڕۆشنبیرەکان، دیارە زۆربەی ڕۆشنبیرەکانیان لەگەڵ جووڵانەوەی سەهیۆنیدا بوون، بەڵام عاقڵ و ژیر بوون، تێگەیشتوو بوون، دەیانزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن، هەندێکیان یەساری بوون (ساڵح یووسف نووری)م لە بیرە کە ئەوە گەورەیان بوو، زۆر ڕۆشنبیر بوو، پیاوێکی لەسەرخۆبوو، کوردییەک قسەی دەکرد زۆر حەزت دەکرد گوێی لێ ڕابگریت، پیاوێکی زۆر پاکوخاوێن و پۆشتە بوو.

*** ئەم بابەتە لە بنچینەدا بریتییە لە دیدارێکی ستار محەمەدئەمین بۆ تەلەفزیونی گەلی کوردستان - هەولێر، کە بریتی بوو لە بەرنامەیێکی دۆکیۆمێنتاری سەبارەت بە ژیان و کلتوری جووەکانی هەولێر.**

# چۆن باسی جووەکانی هەولێر دەکەن؟


ستار محەمەد ئەمین

بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە سەرهەڵدانەوەی ژیان لەدوای نغرۆبوونی کەشتییەکەی نوح لەشاخێکی کوردستان بووە، بۆیە ئەم دەڤەرە بەگرنگترین و کۆنترین پێگەی ژیانی ئادەمیزاد دادەنرێت، دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەش کە لەزنجیرە شاخەکانی زاگرۆس ژیانیان بەسەربردووە بریتین لە (گوتی و لولویی و میتانی) هەریەکێکیان لەبەشێکی ئەم زنجیرە شاخانەدا فەرمانڕەواییان کردووە تا هاتنی ماددەکان و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی میدیا.

ئایینی ئەم نەتەوانەش زەردەشتی بووە و کتێبەکەشیان کە ئاڤێستا بووە بەزمانی ڕەسەنی کوردی نووسراوەتەوە، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر کوردەکان پەیڕەوی ئایینی زەردەشتیان دەکرد، تا ئەوکاتەی ئەسکەندەری مەکدۆنی هێرش دەکاتە سەر ناوچەکە و ئەوانیش تێکەڵاوی ئایینی جووەکان دەبن، ئەوەش دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی ئایینی زەردەشتی، بۆیە ئاشنابوونی کورد بەئایینی جوولەکە بۆ ئەو سەردەم دەگەڕێتەوە.

لەمبارەیەوە مامۆستای زانکۆ جەمال فەتحوڵڵا دەڵێت: (سەبارەت بەهاتنی جوولەکەکان بۆ کوردستان دوو بۆچوون هەن، یەکێکیان باس لە (شەلمان سات) دەکات کە یەکێکە لە پاشا بەناوبانگەکانی ئاشووری لەسەدەی نۆیەمی پێش زایینی، کە ئەوکات میسر و وڵاتی شامی بەدەستەوە بووە و هێرشێکی گەورە دەکاتە سەر جوولەکەکان و ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدیل دەگرێت، دەیانهێنێت و لەناوچەکانی کوردستانی گەورە نیشتەجێیانی دەکات، بەڵام هەندێک لەمێژوونووسانی دیکە پێیانوایە ئەو جوولەکانەی لەکوردستان نیشتەجێبوونە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (نەبوخزنەسر) کە یەکێکە لە پاشا کلدانییەکان، لە کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زایین، لە دوو هێرشدا کە پێیان دەگوترێت بەدیل گرتنی بابلی یەکەم و بابلی دووەم، زۆربەی جوولەکەکانی لەشاری ئۆرشەلیم و ناوچەکانی ئیسرائیل هێنا و لە بەشێکی ناوچە شاخاوییەکان نیشتەجێکران)

هەر لەبارەی جوولەکەکانی کوردستانەوە د. فەرهاد پیرباڵ دەڵێت: (مێژوونووسەکان و تەنانەت خودی کتێبی ئینجیل و تەوڕاتیش دەڵێن مەڵبەندی مێزۆپۆتامیا کە کوردستان بەشێکی سەرەکییە لەم مەڵبەندە تا دەگاتە میسر و ئەوەی پێی دەڵێن خاکی کەنعان و فەلەستین ئەو ناوچەیە مەڵبەندی هاتووچۆ و بزاووتی ژیانی خەڵکی ئایینی جوولەکە بوونە، لەدێرینەوە و پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و پێش سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحیەتیش، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو مەڵبەندانەی مێزۆپۆتامیا بەکوردستانیشەوە مەڵبەندی دێرینی ژیانی جوولەکەکان بووە و لێرە ژیاون)



**فەرهاد پیربال - ستار محەمەد ئەمین**

د. ئیسماعیل شوکر مامۆستای مێژوو، لەبارەی جوولەکەکانەوە دەڵێت: (جووەکان خۆیان بەخوایشتی خۆیان هاتوونە و لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بووینە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەر لەساڵانی ٥٣٧ زایینی کەواتە دەتوانین بڵێین جووەکان بەر لەزایین لەناوچەکەدا هەبوونە، تا ئەوکاتەی کۆچیان کرد بۆ فەلەستین)

سەردەمانێک کوردستان بە مەڵبەندی جووەکان ناسرابووە، لەسەردەمی حکومی ئەشکانییەکان چەند فەرمانڕەواییێکی شاری هەولێر جوو بوونە، جووەکانیش بەڕەگەز سکاینییەکانن و بەشەکەی دیکەیش بەدیل گیراوانی ئۆرشەلیمن، بۆیە پاشاکانی هەولێر لەچاخی یەکەم و دووەمی پێش زایین، ئایینی جوویان قبووڵ کردووە، تا ئەوکاتەی ئایینی مەسیحی بەدەرکەوت، زۆربەیان بوون بەمەسیحی و تێکەڵ بەجیهانی ئەم ئایینە بووینە.

> “ لەڕووی ئایینداریيەوە بڕوایان بەخودا زۆر بەهێز بوو، تا بۆیان بکرابا سوێندیان بەدرۆ نەدەخوارد، بۆ نوێژکردنیش ڕوویان لەشاری قودس دەکرد ”

د. فەرهاد پیربال لەم بارەیەوە دەڵێت: (کاتێک لەسەردەمی خەلیفەی موسڵمانان عومەری کوری خەتاب کە لەسەدەی پێنجی زایینیدا لەشکری موسڵمانان لەقۆڵێکەوە لەخوارووی عێراق و لەشاری قادسیەوە بەرەو سنوورەکانی ئێران و لەقۆڵەکەی دیکەیشەوە بەرەو دیمەشق و شام و دەسووڕێنەوە بۆ شاری موسڵ، کاتێکیش دەگەنە کوردستان بەزۆر، یان بەهەر شێوەیەک بێت خەڵکە کوردەکە دەکەن بەموسڵمان، ئەو خەڵکەش باوەڕ بەئیسلام دەهێنن و بەشێکی زۆری دیکەیشیان باج، یان جزیە دەدەن و لێیان دەگەڕێن، لەسەر ئایینی جوویی خۆیان بمێننەوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئایینی جوو ئایینێکی کۆن بووە و ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی لەکوردستاندا هەبووە، بۆیە کوردەکان پێش ئەوەی موسڵمان بن، مەسیحی، یان جوو بووینە)

د. مارف خەزنەدار دەڵێت: لەوە دەچێت جووەکانی کوردستان بەر لەوەی بێنە سەر ئایینی جوو ئەستێرەیان پەرستبێت، چونکە لەژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا ناوی ئەستێرە ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە لەکاتی بەڕۆژوو بوونیان تا ئێوارە ئەستێرە لەئاسمان دەرنەکەوتبایە ڕۆژوویان نەدەشکاند و لەشەوانی شەممەشدا تا حەوت ئەستێرە دەرنەکەوتبایە ئاگریان هەڵنەدەکرد، جگە لەمانەش وێنەی ئەستێرەیان لەسەر دەرگا نزمەکانی پەرستگاکانیان

> **(کەپرە شینە) یەکێک بوو لەجەژنە دیارەکانی جووەکان، بەجەژنی هاتنی زستان و بارانبارین و جەژنی خێروبەرەکەت ناویان دەبرد**

هەڵدەواسی و ناوی کچۆڵەکانیشیان دەنا ئەستێرە.

جووەکانی کوردستان هیچ پەرستگایەکی گەورەیان نەبووە تەنیا (کەنیشت)یان هەبووە، لەمبارەیەوە د. فەرهاد پیربال دەڵێت: «چەند سەرچاوەیەکی عەرەبی ئاماژە بەوە دەکەن کە لەناو قەڵاتدا کەنیشتێک هەبووە واتا کەنیسەی جوولەکەکان کە هاوشانی پەرستگای زەردشتیەکان بووە، جگە لەمەش زۆر لەبیروباوەڕی جوولەکەکان تائێستا لەناو خەڵکی ئێمەدا ماوەتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئایینی جوولەکە لەهەولێر و بەشێوەیەکی گشتی لەکوردستان ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی هەبووە».

لەبارەی ئاخاوتنی جووەکانی کوردستان، د. ئیسماعیل شوکر دەڵێت: (دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و پاش مێژووی هاوچەرخی نوێ، زوڵم و زۆرداری کردن بۆ سەر ئایینەکان لەناوچەکە سەریهەڵدا، بۆ پاراستنی ئایینەکانیان هەرچی پەیڕەوانی ئایینی دیکە هەبوو، بەزمانە کۆنەکەی خۆیان قسەیان دەکرد کە بۆ پاراستنی ئایینەکەی خۆیان بوو ئەگینا بەکوردییەکی زۆر پاراو قسەیان کردووە. بەشێکی زۆری جووەکانی کوردستان لەناو شارەکان دەژیان و بەگشتی گوزەرانیان باش بووە و بەکاری بازرگانی و ئیشی دەستی و زێڕینگەری و خمچیاتی و جۆڵاییەوە خەریک بووینە، بەشەکەی دیکەیش ئەوانە بوون کە لەدێهاتەکاندا ژیاون و خەریکی کاری جوتیاری و مەڕوماڵات بوونە، بەڵام هەرچەندە خاوەن سامان و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بوونایە، خۆیان هەر بەبێ دەسەڵات نیشاندەدا)

(عومەر فەرهادی) لەیادەوەریەکانی خۆیدا


لەگەڵ دوکاندارە جوولەکەکانی ناو قەیسەری هەولێر دەڵێت: (من باوکم دوکاندار بوو لەقەیسەری گەورەی هەولێر، تەمەنم پێنج ساڵان بوو لەگەڵی دەچووم بۆ ئەو بازاڕە، سێ تا چوار موسڵمان دوکانیان هەبوو ئەوەی دیکەیان هەمووی دوکانداری جوو بوون، زۆربەیان کوتاڵفرۆش بوون و کاری دیکەیشیان دەکرد، وەکوو بەرگدرووی و عەتاری، لەبواری بازرگانی زۆر زیرەک بوون و بەردەوام کڕیاریان لەدوکاندارەکانی دیکە زیاتر بوو)

مامۆستا نەژاد ئەویش دەڵێت: (جولەکەکان لەکاری پیشەسازیدا زۆر ورد بوون وەکوو خمچێتی بۆ ڕەنگکردنی قوماش کە لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو بوون و توانیبوویان کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن، بەزیرەکی و ڕاستگۆیی خۆیان لەبازاڕ قازانجێکی زۆر کەمیان دەخستە سەر کاڵاکانیان)

لەڕووی ئایینداریییەوە بڕوایان بەخودا زۆر بەهێز بوو، تا بۆیان بکرابا سوێندیان بەدرۆ نەدەخوارد، بۆ نوێژکردنیش ڕوویان لەشاری قودس دەکرد، ڕۆژی شەممەش ڕۆژی پشوودانیان بوو، لەم ڕۆژەدا هیچ ئیشێکیان نەدەکرد، هەر لەیادەوەریەکانیدا فەرهادی دەڵێت: (ئەوان ڕۆژی شەمموان وەکوو نەریتی خۆیان کاریان نەدەکرد، ئەگەر خۆرەتاو بوایە، ئەوا دەهاتن و لەقەراغی قەڵای شارەکە دادەنیشتن و چەرەزاتیان دەخوارد، بەڕاستی لەم سەردەم وێنایەکی جوانیان بەهەولێر بەخشی بوو)

هەردەربارەی پشووی هەفتەی جوولەکەکانی کوردستان (وارینە کەریم) ژنێکی مەسیحی دانیشتووی گوندی (هەرمۆتە)ی کۆیەیە و لەبارەی یادەوەرییەکانی خۆی دەڵێت: ئەوان ڕۆژی شەمموان چێشتیان نەدەکرد لەبەر ئەوەی بەپێی ئایینی خۆیان ڕۆژی شەمموان نەدەبووایە ئاگر بکەنەوە، بۆیە ڕۆژی پێنجشەم لەسەر هەینی چێشتەکەیان ئامادە دەکرد و بۆ ڕۆژی شەمموان دەیانخوارد)

(کەپرە شینە) یەکێک بوو لەجەژنە دیارەکانی جووەکان، بەجەژنی هاتنی زستان و بارانبارین و جەژنی خێروبەرەکەت ناویان دەبرد، لەهەمانکاتیشدا سەری ساڵی (عیبری) بوو.



جووەکان لەکاتی کۆچکردنیان بۆ فەلەستین

(وارینە کەریم) دەڵێت: (لەم جەژنەدا کەپرێکیان دروست دەکرد و جۆرەها میوەیان لێهەڵدەواسی و دەیان ڕازاندەوە، ئەم کەپرە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ تاوەکوو باران دەباری دەمایەوە، لەگەڵ باران بارینیش ئاژەڵێکیان سەردەبڕی و هەموویان دابەش دەکرد، ئەگەر لەم دە ڕۆژەشدا باران نەباریبوایە ئەوا زۆر دڵتەنگ دەبوون و میوەکانیان لێدەکردەوە و بەسەر خەڵکەکەیان دابەش دەکرد).

**لەوە دەچێت جووەکانی کوردستان بەر لەوەی بێنە سەر ئایینی جوو ئەستێرەیان پەرستبێت**

# کوردبوونی جووەکانی هەولێر



نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز

لە چلەکانەوە، ئەوکاتە قوتابی سەرەتایی بووم ئاشنایەتیم لەگەڵ مامۆستا جووەکان پەیدا کردبوو، کە دەرسیان پێ دەگوتم، دەتوانم جووەکانی هەولێری پۆلین بکەم بەسەر دوو چین، چینی ڕۆشنبیر و چینی کاسبکار، ڕۆشنبیرەکانیان زۆربەیان مامۆستا بوون، پارێزەرێکیشیان هەبوو بەناوی مونیر شاور، بەڵام من دەمەوێت زیاتر باسی مامۆستاکانم بکەم لەوانە بنحاز و زەکی بارۆخ و مونیر قەساب و دانیال قەسابی برای و سیۆن ئەفەندی. ئەوانە ڕاستە جوو بوون دینیان لەگەڵ ئێمە جیا بوو، بەڵام ڕۆحی کوردایەتییان لە ئێمە زۆر زیاتر بوو، بە هەموو شێوەیێک لە دەرس گوتنەوە بەتایبەتی لە ڕووی قەومی زۆر باسی کوردستانیان بۆ دەکردین و سروودی کوردی باشیان فێر دەکردین، دەیانگوت: ئێمە کوردین دینمان جووە ئێوەش کوردن دینتان ئیسلامە، لە گەڕانەوەیان ئەوە زیاتر بە دەرکەت، زۆر بەنابەدڵی کوردستانیان بەجێ هێشت، ئەو ڕۆژەی کە ڕۆیشتن، لەگەڵیان چووین بۆ وێستگەی قیتاری هەولێر، کە چووین زەکی بارۆخ و بنحاس و سیۆن لە ناو فارگۆنەکەدا دانیشتبوون، ئێمە چووبووین بۆ ماڵئاوایی لێکردنیان، بەر لەوەی بەڕێبکەون، زەکی بارۆخ بانگی کردم و داوای لێکردم هەندێک لە خۆڵی کوردستانی بدەمێ بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بیبات، هەرکە خۆڵەکەم بۆ کردە ناو زەرفێک و دامە دەستی یەکسەر دەستی بە گریان کرد و گوتی ئەوە خۆڵی کوردستانە دەبێت تاکوو مردن لەگەڵم من بێت، ئەوە بوو ڕۆحی نەتەوەییان.

لەڕووی پیشەسازییەوە خەمچێتی و جۆڵاییان زۆر بە هونەری و جوانی دەنەخشاند، لە بازرگانیش بازاڕی هەولێر زۆربەی بەقاڵەکان و بەزازەکان جوو بوون، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کڕیار بە جۆرێک بوو، لەگەڵ خەڵکەکە زۆر زۆر لەسەرخۆ بوون پشوو درێژ بوون، هەرچەندە منداڵەکانی ئەو سەردەم زۆرجار تەعەدایان لێ دەکردن، بەڵام ئەوان هیچ پەرچە کردارێکیان نەبوو، قسەیان نەدەکرد جوابی کەسیان نەدەدایەوە، لەوانە لە ڕۆژی شەممووان کە کفتەیان دەکرد، دەچوون لێیان دەرژاندن، یان پیسیان دەکرد، ئەوان بە هیچ شێوەیێک خۆیان تێک نەدەدا و زۆر بە هێمنی ئارامی هەڵسوکەوتیان دەکرد، مدراشەکەشیان لەلای کۆتری سەلام بۆی دەچوویت بەر لەوەی بگەیە ناو کورەچییەکان، ماڵمەکەیان کابرایەکی ڕدێن سوور بوو دەیگوت ئێمە هەموومان کوردین، بەڵام دینمان جیایە، یەکێک لەو مامۆستایانەی من کە ناوی سیۆنە فەندی بوو گوتی: هەرچی هەمە لە ماڵی دونیایێ زێڕ و زیو، هەر هەموویت بدەمێ، بەڵام من لەوانە شتی جوانتر و بەنرخترت پێدەدەم، ئەوە بوو کۆمەڵێک کتێب و گۆڤاری بۆ هێنام کە دە پازدە کتێبێک دەبوو گوتی: ئەو کتێبانە دیاری بێ لە منەوە بۆ تۆ، چونکە بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە دەتوانن ئەم کۆمەڵگەیە پێش بخەن و بگەنە ئەنجامی خۆتان، گوتی: زۆر عەیبە ئێمە لەو زەمەنە دەژین کە هەموو خەڵکی بوونە خاوەنی دەوڵەت و بوونە خاوەنی ئاڵای خۆیان ئێمە هەر لە دواوەیین، بەڕاستی لەوێوە بۆم دەرکەوت کە ڕۆحی

**شانۆگەری سەڵاحەدینی ئەیووبی، لە دەرهێنانی دانیال قەساب بوو، یەکەمین شانۆگەری بوو لە هەولێر نمایش کرا**

کوردایەتییان هەبوو.

مامۆستاکانم لەوانە سیۆنە فەندی، هەم وێنەکێش بوو، هەم مۆسیقا ژەن، کەمانچەی دەژەنی لەلایەکی دی سێ برا هەبوون دانیال و مونیر و ناحوم، ناحومیان زوو مرد مونیریان ڕەسام بوو مامۆستاشم بوو لە ڕواندوزێ، دانیالیش لە هەولێرێ مامۆستام بووە.

شانۆگەری سەلاحەدینی ئەیووبی، لە دەرهێنانی دانیال قەساب بوو، یەکەمین شانۆگەری بوو لە هەولێر نمایش کرا، دیکۆرەکانیشی هەر دانیال خۆی ئامادەی کردبوو وەکوو ئەکتەریش بەشداری کرد ئەو دەوری مەلیکەی وەرگرتبوو، ئەوەی من باسی دەکەم کۆتای ساڵەکانی سی بوو.

لە ساڵی ١٩٥٠ باوکم بەڕێوەبەری ناحیەی گەڵاڵەی بوو، چووینە گوندێک پێیان دەگوت ڕۆستێ جووەکان لەوێ بوون، لەگەڵیان دا دانیشتین باسی مێژووی دونیایان بۆ دەکردین هەواڵی هەموو دونیایان لا بوو، لەڕێگەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لەو سەردەم بە دەستیان دەگەیشت بە زمانەکانی عەرەبی و عیبری و ئینگلیزی، کە ڕۆریشتن یەکێک لەوانەی لێم نزیک بووەوە گوتی ئەتو کوڕی مامۆستا عەبدوڵڵای نی؟ گوتم: بەڵێ، دەستی لە ملم کرد و گریا.

سەفرەیەکی قوتابخانەیان بۆ ڕێکخستین ئێمەیان بردە لای باداوا لەوێ ئاوێک هەبوو لە نزیک ماڵی مەلافەندی لەوێ دانیشتین، مامۆستا زەکی بارۆخ عوودەکەی دەرهێنا و ئەوی تریشیان بە کەمانچەکەی لەو دەشتە کەشێکی هونەرییان بۆ دروست کردین.


*** ئەم بابەتە لە بنچینەدا بریتییە لە دیدارێکی ستار محەمەدئەمین بۆ تەلەفزیونی گەلی کوردستان – هەولێر، کە بریتی بوو لە بەرنامەیێکی دۆکیۆمێنتاری سەبارەت بە ژیان و کلتوری جووەکانی هەولێر.**



# دانیال قەساب

# یەکەم نیگارکێشی کوردستان

لە ڕۆمانەکەی خۆم (حیکایەتەکانی باوکم) وێنەیەکی جوانی ژیانی جووەکانی هەولێرم لە ساڵانی ١٩٢٠ تاکوو ١٩٤٠ نیشانداوە، تا دەگاتە خۆپیشاندانەکەی شێخ حەسەنی سەرەتای ساڵانی چلەکان، ژیانی جوولەکە و گەڕەکەکەیان و کاروباریان و کار و کاسبیان و پیشەیان و ژیانیان و جەژنەکانیان (کەپرە شینە و پشووی ڕۆژانی شەممووان و کفتە لێنان و قازی بازاڕ) دەتوانم بڵێم سەرجەم ئەو ژیانەی کە لە هەولێری ساڵانی سی و بیستەکان هەبووە لەناو ڕۆمانی حیکایەتەکانی باوکم تۆمارم کردووە، لەبەر ئەوەی ژیانی جووەکان هەولێرێ بە تێگەیشتنی من، کە لە منداڵیمەوە لە دایکم و باوکم گوێم لێ بووە بەشێک بووە لە ژیانی هەولێر. لە مێژیش نییە پەیوەندییەکان پچڕاون، ئێستا زۆربەیان لە ئیسرائیل دەژین و خۆشیان بە کورد دەزانن.
ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت باسی بکەم (دانیال قەساب)ە کە جوو بوو، یەکێک بووە لە هەرە باشترین و یەکەمین نیگارکێشە شێوەکارەکانی کوردستان و عێراق.



فەرهاد پیربال

لەپاڵ نیگارکێشە بنەڕەتییەکان، هونەری شێوەکاری مۆدێرنیان لە عێراق دامەزراند، دیاریش نییە ئەم هونەری وێنەیە لەکێ فێربووە. دوو برای هەبووە بەناوی (مونیر و ناعوم) ئەوانیش هەردووکیان نیگارکێش بووینە، دانیال ستۆدیۆیەکی نەقاشی لەتەنیشت سینەما سەڵاحەدین هەبووە لە شوێنی بارەگای پێشووی یەکێتی نووسەران.
لەوێ لەو ستۆدیۆیە، خەڵکی فێری وێنە کردن دەکرد، لەوانە جەواد ڕەسووڵ ناجی قوتابی ئەو بوو، لەسەر دەستی دانیال قەساب فێری وێنە کردن بوو، هەروەها ئازاد شەوقی خودای لێ خۆش بێت، کە نەقاشێکی گەورەی ئێمەیە (فرانسۆ میتران سەرۆکی پێشووی فەرەنسا، من خۆم لەتەنیشتی ڕاوەستابووم لە پێشانگاکەی ئازاد شەوقی لە پاریس، شێرکۆ بێکەسی شاعیریش لەوێ بوو کە ئەو کاتە وەزیر بوو، فرنسۆ میتران دەستی بۆ تابلۆیەکی ئازاد شەوقی درێژ کرد، گوتی: ئەم نیگارکێشەتان سیزانی ئێمەیە) بۆیە لەو کاتەوە من بە سیزانی کوردان ناوم دەبرد.
ئازاد شەوقی لەسەر دەستی دانیال قەساب فێری وێنە کردن بوو (محەممەد عارف)ی نەقاش ئەویش خۆی بە قەرزارباری دانیال قەساب دەزانی، هەروەها ئەسکەندەر جامباز




دانیال قەساب

ئەویشیان خوێندکاری دانیال قەساب بووە، بە کورتییەکەی دەمەوێت ئەوە بڵێم، زۆر بە ڕاشکاویی و دڵنیاییەوە، ئەگەر دانیال قەساب لە هەولێرێ نەبووایە، بزاڤی شێوەکاری کوردی، لە هەولێر و لە کوردستانی عێراق بەم شێوەیە نەدەبوو، بۆیە دەڵێم دانیال قەساب بناغەی هونەری وێنەکردنی لە کوردستان دانا، دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە (ئیسحاق) هەولێرییەک هەبوو جوو بوو، ئەویش وێنەکێش و گۆرانی بێژ بووە، زەکی باڕۆخ لەهەمان کات ئەویش وێنەکێش و گۆرانی بێژبووە، مامۆستا بووە لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا، ئەگەر ئێستا چاوێک بە فایل و دۆکیۆمێنتەکانی پەروەردەی هەولێر بخشێنینەوە، زۆربەی مامۆستا پەروەردەکارەکانی ئەوکات جوو بووینە.

*** ئەم بابەتە لە بنچینەدا بریتییە لە دیدارێکی ستار محەمەدئەمین بۆ تەلەفزیونی گەلی کوردستان – هەولێر، کە بریتی بوو لە بەرنامەیێکی دۆکیۆمێنتاری سەبارەت بە ژیان و کلتوری جووەکانی هەولێر.**

> **"ئازاد شەوقی لەسەر دەستی دانیال قەساب فێری وێنە کردن بوو (محەممەد عارف)یش خۆی بە قەرزارباری دانیال قەساب دەزانی"**



# جوو، نەتەوەیە، یان ئایین؟

# چۆن هاتنە کوردستان و لە هەولێر گیرسانەوە؟



محەمەد گۆران

تاکوو ئێستا خەڵکێکی زۆر پێی وایە جوو ئایینە و نەتەوە نییە، بەڵام جوو هەم نەتەوە، هەم ئایینە، بەڵام ئایینەک تایبەت بە یەک نەتەوە! مرۆڤ دەتوانێت ئایینی خۆی بۆ مەسیحی و زەردەشتی و بودایی و ئیسلام بگۆڕێت، بەڵام کەسێک ئەگەر لە بنەچە جوو نەبووبێت، ناتوانێت ببێتە جوو! واتە ئایینەکەی بکاتە جوو.

ئەی جووەکان کێن؟ حەزرەتی یەعقووب ١١ کوڕی هەبوو، نەوەی ئەم کوڕانە بوونە ١١ تیرە، نەتەوەی جوو لەو ١١ تیرە پێکهاتووە، بۆیە هەرکەسێک، لەهەر شوێنێک بووبێت، تەنانەت ئەگەر ئایینەکەشی گۆڕیبێت بۆ ئیسلام، بەڵام هەرکات ویستی بگەڕێتەوە ئیسرائیل، جووەکان بەخێرهاتنی دەکەن و لایان گرنگ نییە ئایینەکەی گۆڕیبێت، کەواتە لای ئەوان نەتەوە و خوێنەکە لە ئایینەکەش گرنگترە!.

ئەمەش هەڵەیە کاتێ دەڵێن کوردە جووەکان! ئەمە وەکوو ئەوەیە بڵێیت کوردە تورکەکان، یان کوردە ئینگلیزەکان... ناکرێ کەسێک لە یەک کاتدا کورد بێت و جووش بێت!؟. ئەم جووانە ڕاستە لە هەولێر و کوردستان ژیاون و بە کوردی قسەیان کردووە، بەڵام بە بنەچە کورد نەبوونە!.

بۆیە تاکوو مێژووی جووەکان لەو ناوچەیە و هەموو ئەو فەرمانانەی بۆ دەرپەڕاندن و جینۆسایدکردنی ئەوان هەر لە سۆمەرەوە تاکوو جەنگی دووەمی جیهانی درک پێ نەکەین و نەزانین، ناشتوانرێت ئاوا سادە لە جۆری بیرکردنەوە و بنەچەی ئەوان تێبگەین!.

کێشەی جوو لە سەردەمی شارستانییەتی سۆمەری و میسرەوە هەبووە و تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆمان هاتووە و درێژ بووەتەوە، دەتوانین بڵێین کە کێشەکانی جوو لە حەزرەتی ئیبراهیمەوە بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ نەمروودەکانی بابل و پاشتریش کێشەکانی حەزرەتی مووسا لەگەڵ فیرعەونەکانی میسر دەست پێدەکات، ئەم کێشانەش هاتووە و بەستراونەتەوە بە کێشەکانی دیکەی ناوچەکەدا.

بەتایبەت پاش ئەوەی ئەم ناوچەیە ٢٧٤٠ ساڵ لەمەوبەر کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئاشوورییەکان و دواتریش کەوتە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی (ماددەکان) لە ٢٥٦٠ ساڵ لەمەوبەر، کێشەکانی جوو قورستر بوون، چونکە لەبەرامبەردا پەرچەکردار و یاخیبوونیش دەستی پێ کرد. جارێکی دیکە جووەکان لە سەردەمی (نەبوخزنەسر) پاشای بابل لە ٢٠–٢٦ ساڵ بەر لە ئێستا، بەکۆمەڵ نەفی بابل کران، کە لەناو جووەکان بەنەفییە ٤٠ ساڵییەکە بەناوبانگە، بەڵام بەشێکی زۆر لە جووەکان لەو کاتەدا لەلایەن (کۆرش)ی پادشای مادپارس ڕزگار دەکرێن و ڕەوانەی فەلەستین دەکرێنەوە، دووبارەش پەرستگا ڕووخاوەکەی حەزرەتی سلێمان دروست دەکەنەوە، شیمانە دەکرێت کە جووەکان لەو کاتەوە کێشە و ناکۆکیان لەگەڵ کورددا هەبووبێت!.

لە سەردەمی شارستانییەتی ڕۆما و هێلینی کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٣٢٠ ساڵ لەمەوبەر، دیسانەوە جووەکان کەوتنە بەرگری لەخۆکردن و بەرخۆدان، ئەو جارە لەساڵی ٧٠ز جارێکی دیکە پەرستگای حەزرەتی سلێمان ڕووخێنرایەوە و تووشی نەفیکردن بوونەوە کە ماوەکی گەلێ زۆرتر لە جارانی پێشووی خایاند، نەفیکردنەکەی ئەمجارە

جیاواز بوو لە جارەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی تەنیا بە یەک ئاراستەدا نەبوو، بەڵکوو بەهەرسێ ئاراستەی ناوەڕاستی ئاسیا و کیشوەری ئەفریقا و کیشوەری ئەورووپادا بڵاوکرانەوە. دەتوانین بڵێین لەپاش حەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی مووسا، جووەکان شەش جار ڕووبەڕووی جینۆساید و ڕەوپێکردنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە کە سییانیان بە ئاراستەی کوردستان بووە!. یەکەم پەیوەندی گەلی کورد بە جووەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری (٩١١ - ٦٣٦ پ.ز) کە لەم ماوەیەدا ١٥ پادشا فەرمانڕەوایی ئەو دەوڵەتەیان کردووە، هەندێک لەو پاشایانە بەهێزبوون، فەرمانڕەوایی وڵاتی شام و میسریشیان کردووە، ئاشوورییەکان لە سەردەمی (شەلمەنەسەری پێنجەم) لە ٧٢٧ – ٧٢٢پ.ز دەستیان گرتووە بەسەر شانشینی ئیسرائیلدا و زۆر لە دانیشتووانە جووەکانیان بەدیل گرتووە و بردوویانن بۆ ناوچە شاخاوییە دابڕاوەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیا (باکوور و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان). لەم بارەیەوە (یارۆسلاڤ کراچی) دەڵێت: (لەو هێرشەی ئاشوورییەکاندا خاکی بەنی ئیسرائیل داگیرکرا و بوونی ئەو دەوڵەتە وەکوو پاشایەتییەکی سەربەخۆ کۆتایی پێهات، نزیکەی لەسەتا حەوتی دانیشتووانەکەی دەرکران و بەدیلکراوی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران کە ئەوکاتە ماددەکان لەوێ بوون، نیشتەجێ کران)

دووەم هاتنی شەپۆلی جووەکان بۆ کوردستان، دوای هێرشەکەی (نەبوخزنەسر) ی پادشای (کلدانییەکان - بابلییەکان) بوو، لەساڵی ٥٨٧پ.ز بابل هێرشی کردە سەر جووەکان و بەشێکی زۆری دانیشتووانەکەی بەدیلکراوی بردە بابل، دواتر لەپاش ڕووخاندنی دەسەڵاتی بابلییەکان بەدەستی کۆرشی پادشای ماد پارس، جووەکان لەبەندی بابلییەکان ڕزگارکران و بۆ وڵاتی خۆیان گەڕێنرانەوە، هەرچەندە ئەخمینییەکان ڕێگایان بۆ جووەکان خۆشکرد کە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، بەڵام بەشێکی زۆر لە جووەکان لەسەر ئارەزووی



> لەپاش حەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی مووسا، جووەکان شەش جار ڕووبەڕووی جینۆساید و ڕەوپێکردنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە کە سێیانیان بە ئاراستەی کوردستان بووە

خۆیان، هاتوونەتە ناوچە کوردییەکان و لە کوردستاندا ماونەتەوە.

شەپۆلی سێیەمی هاتنی جووەکان بۆ کوردستان، لەئەنجامی لەشکرکێشییەکەی (تیتۆ)ی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بووە کە لەساڵی ٧٠ز فەلەستینی داگیرکرد، دیسانەوە بەشێکی زۆر لە جووەکان ڕوویان کردە ئاسیا و وڵاتی ئێران و هەندێک لەوانەش هاتنە ناوچە کوردییەکان و نیشتەجێ بوون.

لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێت کە جووەکان هەر لەسەردەمی کۆرشی پادشای پارس توانیان لە کۆشکی پادشاکانی ئێران کاریگەربن، هەر لەسەردەمی سەلجوق بەگیشەوە توانیوویانە لەنێو کۆشک و دەسەڵاتداریێتی تورکدا، بەبەردەوامی کاریگەریان هەبێت. هەر بۆیە جووەکان بە درێژایی مێژوو لە ناوچەکانی ئانادۆڵ و میزۆپۆتامیا دانەبڕاون و خۆیان بە بەشێک لە دانیشتووانی ڕەسەن و کلتوورەکەی بەتایبەت لە میزۆپۆتامیا گرێداوە، ئەو نیشتەجێ بوونەش وەکوو ئاماژەی بۆ کرا، بۆ سەردەمی پارس و پاشاکەیان (کۆرش) دەگەڕێتەوە!.

چوارەم کۆمەڵکوژکردن و ڕەوپێکردنی جووەکان بۆ ١٤٣٠ ساڵ لەمەوبەر و لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبی دەگەڕێتەوە کە جارێکی دیکە جوو بەرەوڕووی کێشە و نەفیکردن بوونەوە.

پێنجەمین کۆچڕەو و جینۆسایدکردنی جووەکان لە مێژوودا بۆ سەدەی ١٢ز دەگەڕێتەوە کە دیسانەوە جووەکان لەگەڵ کریستانەکان کەوتنە ناکۆکییەوە، ئەمجارەش بە بڕیاری (کۆنسلۆسی لاتران) کۆکرانەوە و بەندکران، جووەکانیش لە دوو لاوە بەرانبەر کرستیانەکان کەوتنە بەربەرەکانی و چالاکییەوە، ئەم قۆناغە درێژەی کێشا و بەردەوام بوو تاکوو ساڵی ١٤٩٢ ئەوکاتەی لە نیمچە دوورگەی ئیبریک بەدەرنران و تووشی شەپۆلێکی دیکەی کۆچ پێکردن هاتنەوە، ئەمجارە جووەکان بەرەو کەنارەکانی ئەورووپای خۆراوا، بەتایبەتی وڵاتی هۆڵەندا و شاری ئەمستردام چوون.

لەدوای گەیشتی جووەکان بە ئەورووپادا، بۆ یەکەمین جار لە میانەی کۆنگرەی زایۆنی (جووەکان) کە لەساڵی ١٨٩٦ بەسترا و سەرمایەدار و بۆرژوا جووەکان ڕێکیان خست، لەوێوە بیر لە دامەزراندنی نیشتمانێکی هەمیشەیی بۆ جووەکان کرایەوە و چەند ناوچەیەکیش لە جیهاندا دەستنیشان کرا و خرایە بەرباس و گەنگەشەکردن. سەرەتا هەموو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیە بوون نیشتمانێک بۆ جووەکان لە کیشوەری ئەفریقا دروستبکرێت! دواتر ئەم بۆچوونە گۆڕا، بۆ ئەوەی نیشتمانێک لەسەر زەوییەکانی خەلافەتی عوسمانی بۆ جوو دروستبکرێت و ئەو ناوچانە بگرێتەوە: (ئەزمیر و سیلانیک و ئەدرنە و بەشێکی میزۆپۆتامیا) بەڵام پاشتر ئەمەش سەری نەگرت و ئینجا هاتنە سەر کۆنە وڵاتی کەنعان و فەلەستینی ئێستاکە!.

هۆلۆکۆست و جەنگی دووەمی جیهانی، شەشەمین و دوایین فەرمانی جینۆساید و کۆچ پێکردنی جووەکان بوو لە مێژوودا کە لەسەر دەستی نازییەکان و (ئەدۆلف هیتلەر)ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا جێبەجێکرا.

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بە سێ ساڵ، لەساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیەنرا و لە وڵاتانی ڕۆژاوایی و جیهانی کریستیانی، ڕووسیا پێش ئەمریکا دانی بەم دەوڵەتە دانا و لە جیهانی ئیسلامیش، تورکیا وەکوو یەکەمین وڵات دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیل دانا.

**سەرچاوە:**

محەمەد گۆران، پەرتووکی (ڕەمزی نافیع، ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان)، ٢٠٢١. بە کەمێک دەستکارییەوە.

# یەهوودییەکان نەوەی یەهوودان



مەلا ئەحمەدی وەرتێ

بەر لەوەی بێمە سەر باسی جووەکانی کوردستان، پێویستە باس لەوە بکەم کە ئەم جووانە لەکوێ هاتوون؟

حەزرەتی ئیبراهیم سێ ژنی هەبووە، یەکیان ناوی (سارا) بووە خزمی خۆی بووە، ئەوەی دیکە ناوی (ئازەرە) بووە لەمیسرێی هێنایە، لە ئازەرەی ئیسماعیلی بووە، لە ساراش ئیسحاق بووە. عەرەبی قورەیشی هەر هەموویان لە ئیسماعیلی بووینە، ئیسماعیل بەتەمەنیش گەورەتر بووە لە ئیسحاقی، یەهوودیش هەر هەموویان کوڕی (ئیسحاق)ینە، حەزرەتی ئیبراهیم دوای مردنی سارا، ژنێکی دیکەی هێنا ناوی (قەتورە) بوو، دائیرەی مەعاریف و تۆمابۆی فەرەنسی لە کتێبی الاکراد، دەڵێن ماددەکان واتا باپیرە گەورەی کوردەکان، لەو ژنەی سێیەم بووینە، کەواتە بەگوێرەی ئەم بۆچوونانە بێت، کورد و قورەیش و یەهوودی لە بنەڕەتدا ئامۆزان.


لەدوای ئیسحاق، یەعقووب لەدایکبوو، ئەویش یازدە کوڕی بوو، یەک لەو کوڕانە (یەهوودا) بوو، یەهوودییەکان هەر هەموویان نەوەی ئەم یەهودایەنە و ئەوە دەبێتە دەستپێکی دروستبوونی ئەو یەهوودییانە. لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییەی بەسەریاندا هات، هەموویان لەسەدەی ١٦پ.ز کەوتنە میسر، پاش ٢١٥ ساڵی لە ١٣ پ.ز مووسایان لێ پەیدا دەبێت، مووسا پیاوێکی زۆر بەهێز بوو، توانی میللەتی خۆی بگێڕێتەوە بۆ فەلەستین، کە هاتنەوە فەلەستینیش، پێغەمبەری زۆریان لێ پەیدا بووینە، بەڵام هیچ پاشا و مەلیکەی وایان لێ پەیدا نەبووە بتوانیت فەلەستین تەوحید بکا، تاکوو داودیان لێ پەیدا بوو لە ١٠٠٠ پ.ز مەملەکەتی ئیسرائیلی لە فەلەستین دامەزراند، لەپاش داود ئینجا سلێمان هات، لەوێ مانەوە تاوەکوو غەزووی میسرییەکانیان لێ پەیدا بوو، پاشی داودی یەکێک لەفیرعەونەکانی میسر هات جووەکانیان لە میسر دەرکرد و پەرتەوازە بوون، لەدوای غەزووی فیرعەونەکانی میسر، ئینجا ئاشوورییەکان چوونە فەلەستین. دواتر بابلییەکان لەساڵی ٥٨٦ پ.ز هاتن و نەبوخز نەسر پاشای بابلی جووەکانی تەرحیلکرد.

لەدوای تەرحیلی نەبوخز نەسر، بە حەفتا ساڵ، دوای ئەوە (کۆرشی گەورە) هات و کوردستانی داگیر کرد. ئەوەبوو ڕێی بە یەهوودییەکان دا بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. دووبارە لە ساڵی ٧٠ی میلادی (تیتس) یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمانی هات و دووبارە هەیکەلی سلێمانی ڕووخاند و ڕۆمانەکان لەوێ مانەوە تاوەکوو تیتس قودسیشی داگیر کرد. بەم جۆرە یەهوودییەکان لەسەر دەستی ئاشوورییەکان و بابلییەکان و ڕۆمانەکان، لەدوای فیرعەونەکانی میسر ئاوارە کراینە بۆ وڵاتانی دەوروبەر و بەشێکیش لەو جووانە هاتینە کوردستان، تاوەکوو ساڵی ١٨٩٧ز هێرتزل پەیدابوو کە جووەکان پێیان دەگوت مووسای سەدەی بیست، لە کۆنگرەی بازل لە سویسرا داوای کرد دەوڵەتێکی ئیسرائیلی دروست بکرێت، ئەمە مایەوە تاوەکوو ساڵی ١٩١٧ وەزیری دەرەوەی بەریتانی بەلفۆر بەڵێنی بەهیرتزل دا کە دەوڵەتێکی ئیسرائیلی لە فەلەستین دروست بکەن، ساڵی ١٩٤٨ بەریتانیا بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێکرد (بەڵێنی بەلفۆر) دەوڵەتی ئیسرائیلیان دروست کرد و ساڵی ١٩٦٧ بیت موقەدس واتە ئۆرشەلیم کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسرائیلی.

**بەگوێرەی ئەم بۆچوونانە بێت، کورد و قورەیش و یەهوودی لە بنەڕەتدا ئامۆزان**

لەساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ بەیان کردنی دەوڵەتی ئیسرائیلی، جووەکانی کوردستان پەیتا پەیتا بەخۆکەوتن، چونکە یەکێک لە بەندەکانی هیرتزل ئەوەبوو کە داوای لەهەموو جووەکانی دونیا کردبوو بگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێننەوە، ئەوانیش بەپیر بانگەوازەکەی هیرتزل-ەوە چوون و گەڕانەوە ئۆرشەلیم. (٢)

من لەگەڵ مەلا قادری فەقێ بووم لە گوندی ڕۆستێ، لەلای مامۆستای گەورەی ڕۆستێمان دەخوێند، شەکر و چامان نەبوو، مەلا قادر کە براگەورەم بوو، گوتی دەبێت بچین شەکر و چا لە جووەکان بستێنین. فەقێکان هەموو لای من بوون، گوتم وەڵڵا من زۆری لە جووان ناکەم،



**ئەوکاتی فیکرم وابوو، ئەوەی لەسەر ئایینی ئێمە نەبێ دوژمنی مەیە**

ئەو کاتەش جووەکانی ڕۆستێ لەژێر ڕکێف و حیمایەی (میر سادق)ی بوون، ئەمن نەمناردن، مەلا حەمەدەمین ئەسڵ ئەویش وەرتیە و تەلەبەی من بوو، خەنجەرەکی قەزوینم هەبوو لەبەرەوی دابوو، گوتی: وەڵڵاهی فەقێیەکانت هەموو دەردەکەم ئەگەر ئیزنیان نەدەیت بچن جووەکان تاڵان بکەن، وەڵڵا لەناو فەقێیان سوختەکانیان نارد، بەڵام بە ئیزنی من نەبوو، ئەوەبوو میر سادق پێی ناخۆش بوو، خەبەری ڕەوان کرد و گوتی: جووەکان هەموو لەژێر لێپرسراوێتی من دان، ئەگەر هەر شتێکتان دەویست، دەبووایە بەمن بڵێن و لە منی داوا بکەن، بۆیە جارێکی دیکە هەر فەقێک بێتە گوندی من قبووڵ ناکەم، ئەوەبوو مەلا قادر ڕۆستێی بەجێ هێشت، لەدوای ئەو میر سادق زۆر ڕێزی منی دەگرت و خزمەتی زۆری کردین.

بە منداڵی چووینە گەلالەی، کابرایێکی جوو لەوێ بوو بەناوی (ئیسحاق) خانوویان لۆ فەقێیان لەو مام ئیسحاقەی بەکری گرتبوو، لە گوندی گەلالەی (مالم) مامۆستای ئایینی جووەکان بوو، هەموو جارێ تۆپانێمان پێکەوە دەکرد، جارێکیان ئێمە فەقێکان لەگەڵ جووەکان چووینە تۆپانێ و پێکەوە یاریمان کرد، تۆپەکم لەمالمی دا، ئەوکاتی فیکرم وابوو، ئەوەی لەسەر ئایینی ئێمە نەبێ دوژمنی مەیە، بەڵام ئێستا کەس بە دوژمنی خۆم نازانم، ئەوجا مالم وازی لێ نەهێنام و تۆپێکی تێگرتم بەدەستم کەوت و پەنجەکم شکا.

*** ئەم بابەتە لە بنچینەدا بریتییە لە دیدارێکی ستار محەمەدئەمین بۆ تەلەفزیونی گەلی کوردستان - هەولێر، کە بریتی بوو لە بەرنامەیێکی دۆکیۆمێنتاری سەبارەت بە ژیان و کلتوری جووەکانی هەولێر.**

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- **_شار لەفۆلکلۆر و شیعری کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست - تاران بەنموونە_**

نێچیروان شوانی

- **_گەشەی زمانی شیعر لەگەڵ گەشەکردن و ڕەوتی مێژوودا_**

بەیان ئیبراهیم

# شار لەفۆلکلۆر و شیعری کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست - تاران بەنموونە



نێچیروان شوانی

لە فۆلکلۆر و شیعری کلاسیکی کوردیدا بەگشتی و لە زاری کرمانجی ناوەڕاست بەتایبەتی بەشێوەی جۆراوجۆر باس لەچەند شارێک کراوە و لە هزر و خەیاڵدانی شاعیران و تەنانەت کەسانی ئاساییش ئەو شارانە بوونەتە خاوەنی مۆرکێکی تایبەت، بە جۆرێک بە باسکردنی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو نموونە بە شارێکی دیاریکراو دەهێنرێتەوە، یان بە ناوهێنانی فڵان شار بیرمان بۆ ڕووداو و کەسایەتی و دیاردە و خاسیەتێکی تایبەت دەچێت.

ئەو شارانەی ناویان هێنراوە هۆکارێک، یان زیاتر لە هۆکارێک هەبووە بۆ ئاماژەپێدانیان و باسکردنیان لە ئەدەبی فۆلکلۆری و ئەدەبی بەرزدا، بە جۆرێک ئەو شارانە مەڵبەندی فێربوونی زانست و سەرزەمینی ڕووداوی مێژوویی و سیاسی و مەراسیمی ئایینی و کەسایەتیی ئایینی و نیشتمانی و تەنانەت شوێنی بەرهەمهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی و کەرەستە و کەلوپەلی ڕۆژگاری خۆیان بوون.

ئەو شارانەی لە فۆلکلۆر و شیعری کلاسیکیی کوردی ئاماژەیان پێ دراوە و باس کراون زۆربەیان شاری دەرەوەی جوگرافیا و سنووری کوردستانن، بە زۆری بریتین لە شارەکانی وەک: مەککە، مەدینە، بەغدا، نەجەف، کەربەلا، ئەستەنبوڵ، تاران، ئەسفەهان، شام، شیراز، ڕەی، سەمەرقەند، بوخارا... هتد. ڕاستە ئەم شارانە لە جوگرافیای کوردستاندا نین، بەڵام زۆربەیان پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆشنبیریی و سیاسی و کولتووریی و ئایینیی کوردەوە هەیە و کەسانی کوردیش لێی نیشتەجێ بوون و کەسایەتیی دیاری ئەو شوێنانە بوون. هەرچی ئەوەی لە چوارچێوەی سنووری کوردستاندا بووە زیاتر باس و ناوی سلێمانی بەرچاو دەکەوێت و تاڕادەیەکیش کۆیە و سنە. باسکردنی ئەو شارانە لە خۆڕا نەبووە،



بەڵکوو هۆکارێک، یان زیاتر بووەتە هۆی ئەوەی ئەو شارانە لە ئەدەبی کوردی و خەیاڵدانی تاکی کورددا ئامادەییان هەبێت و ناویان بهێنرێت. لەڕووی ناوهاتنی ئەو شارانە لە دێڕی شیعری کلاسیکی کوردیدا، دێڕی واهەیە ناوی یەک شار هاتووە و هەیە زیاتر لە شارێکە. لێرەدا نموویان بۆ دەهێنینەوە:

مەککە:

***وەی کە ڕووزەردی مەدینە و ڕووسیاهی مەککە خۆم***

***دەکراو و دەربەدەر، یا ڕەب دەخیلی عەفوی تۆم***

(نالی: ٣٠٩)

مەدینە:

***رووحم بە فیدات هەی گوڵی گوڵزاری مەدینە***
***لوتفت هەبێ، ڕووت وا بکە، مەقسوودی مەدینە***

(وەفایی: ٢٨٨)

بەغدا:

***ئەوە تۆی لێت قەوماوە، دەریان پەڕاندووی، هەی گوڕ!؟***

***دە بڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ***

(هێمن: ١٧٢)

لە فۆلکلۆری کوردیش بەم جۆرە باسی بەغدا کراوە:

***کەر بچێتە بەغدا نابێتە هێستر***

***کەر چووە بەغدا بوو بە ئێستر***

(شێخ محەمەدی خاڵ: ٣٠٢)

***خورماش لە بەغا زۆرە***

(شێخ محەمەدی خاڵ: ١٧٤)

نەجەف، غەزنە:

***وەک مەدینە بێ نەبی بێ یا نەجەف بێ بێ عەلی***

***شاری غەزنەش ئێستە بێ مەحموودە وەک داریکەلی***

(حەمدی: ١٧٧)

کەربەلا:

***شین و ئاهی کەربەلا و نەینەوا هاتۆ بەنەو***
***نۆبەتی دەرد و غەمی موحەممەد هاتەوە***

(ناری: ٢٢٦)

(قوسطەنطین) ئەستەمبوڵ:

***بەرق وەش بۆ مولکی مەورووثی لە (قوسطەنطین)ەوە***
***حاکمی مەنفی بە ئەمری صەدر و سوڵطان هاتەوە***

(سالم: ٨٣٤)

سەمەرقەند:

***دڵ لە زولفا بە سیاحەت هەوەسی (چین)ی هەیە***

***بە (سەمەرقەند)ی لەبا، نییەتی (ماچین)ی هەیە***

(سالم: ٨٧١)

ئەسفەهان:

***ڕەوانی کۆهکەن با تازە کا تەقریری شیرینم***
***بە شیرینیی لەبت ناگات شەکەر، با ئەصفەهانی بێ***

(سالم: ٩٩٤)

**سەبارەت بە شارەکانی کوردستانیش لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا دەکرێت ئاماژە** بەم نموونە شیعرییانە بدەین:

سلێمانی:

***نییە هیچ مەلجەء و چارەم ئەسیری نەفسی ئەممارەم***

***نەجاتی خاکی بەرپێم مەدەد پیری سولەیمانی***

(عاصم: ١٩٨)

کۆیە:

***لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ***
***قوبەی کیشمیری دا بەر شەق وەکوو گۆ***

(حاجی: ٢٠٩)

**لە هەندێک تێکستی شیعریدا تاران وەک شوێنێک بۆ پلانگێڕی دژی کورد باسی لێ کراوە و شاعیرانی کورد تیشکیان خستووەتە سەر خراپیی مامەڵەی دەسەڵاتدارانی تاران لەگەڵ کورد دا**

سنە:

***ڕەنگە ئەمجا بێتە (گاڕان) سەرحەدی موڵکی (سنە)***

***ڕم وەشێنی مەعرەکەی دەشتی مەریوان هاتەوە***
(سالم: ٨٣٩)

تاران لە فۆلکلۆر و شیعری فارسیدا

لەبەر ئەوەی شاری تاران لەنێو وڵاتی ئێراندایە، بۆیە ئاساییە لە فۆلکلۆری فارسی و شیعری قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی فارسیدا ڕەنگی دابێتەوە و باس کرابێت، لەوانە:

لە پەندی فارسیدا هاتووە:

***اینجا تهران است و گرز رستم گرو نان***
***(ئێرە تارانە گورزی ڕۆستەم لە گرەو دانانرێت)***
***دگر شوق بهارم نیست، دلم پاییز عریان است***
***در این ماتمکده یا رب، که نام شهر تهران است***
(عارف قزوینی)

***ماندەام در کافە هاى شهر تهران شما***
***در کف تە ماندەهاى تلخ فنجان شما***
(بی نشان)

لە شیعری نوێی فارسی لای شاعیرانی وەک: احسان فریدونی، فریبا سید موسوی، فوئاد محەمەد زادە...هتد.

تاران لە فەرهەنگی کوردانا

لەسەردەمی میرنشینی بابان و دەرکەوتنی شیعری کوردیی بە زاری کرمانجی ناوەڕاست، پەیوەندیی ڕۆشنبیریی و بازرگانی و ...هتد لەگەڵ تاراندا هەبووە و ئەو شارە ناوەندێکی گەورەی ئەدەبی بووە و جێگەی کۆبوونەوەی ئەدیبان و شاعیران بووە.

١- تاران وەک شاری غوربەت

لە فۆلکلۆری کوردیدا هاتووە:

***غەریبم ماوم لە تارانێ***

***فرمێسکم دێ وەک بارانێ***

لێرەدا باری دەروونیی تاکێکی کورد خراوەتەڕوو، کە لە تاران خۆی بە بێگانە دەزانێت، بە جۆرێکی وا بەو شوێنە نامۆیە فرمێسکی دووری وەک باران لە چاوی دێتە خوارەوە.

**“ لەبەر ئەوەی شاری تاران لەنێو وڵاتی ئێراندایە، بۆیە ئاساییە لە فۆلکلۆری فارسی و شیعری قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی فارسیدا ڕەنگی دابێتەوە و باس کرابێت ”**

لە چەندان نموونەی شیعریدا لەم ڕووەوە باس لەو شارە کراوە:

***خۆزگە دەمزانی لە تارانێ نەجاتم کەی دەبێ؟!***
***کۆیی یارم مەشهەدم ، یا مەدفەنم هەر ڕەی دەبێ؟!***

(سالم: ٩٨٣)

لەم دێڕەدا سالم بێزاری خۆی لە تاران دەردەبڕێت و ئاواتەخوازە هەرچی زووە لێی ڕزگار بێت، چونکە ئەگەر لەوێ بمێنێتەوە ئایا لە مەشهەد (کە گۆڕی ئیمام عەلی ڕەزا) ی لێیە شەهید دەبێت، یان لە شاری (ڕەی) بە خاک دەسپێردرێت؟!

مامۆستای سەجادی سەبارەت بە چوونە تارانی سالم دەڵێت: ((گەلێ جار هاتوچۆی ((سنە)) و ((تاران))ی کردووە. هۆی ئەمەش لە لایەکەوە دیدەنیکردنی بووە لە خزمەکانی کوردستانی ئێرانی، لە لایەکیشەوە کردەوەی تورکەکان بەرانبەر بە سولەیمانی زۆرتر ناچاری کردووە بەم هاتوچۆیە)) (سەجادی: ١٣٩١: ٢٦٣)

***لەگەڵ دڵ شەرطە «سالم» گەر نەجاتم بێ لە (تاران)ا***

***بەهەشت ئەربێتە دەشتی (ڕەی) بە ئێرانا گوزەر ناکەم***
(سالم: ٤٧٥)

شاعیر مەرجی لەگەڵ دڵی خۆی کردووە، ئەگەر لە تاران ڕزگاری بێت، تەنانەت بەهەشت بێتە لای شاری (ڕەی) کە نزیکە لە تاران، ئەوا هەر نایەوێت بە ئێران تێدەپەڕێت. ئەمەش لووتکەی بێزاری دەربڕینە.

***ئەی قبیلەیی مورادم، داخۆ بە ڕۆزگاران***
***پرسیوتە قەد لە هیچ کەس، حاڵی غەریبی تاران***
(سالم: ٥٠٢)

سالم لەم دێڕە شیعرەدا گلەیی لەو کەسە دەکات، شیعرەکەی بۆی ناردووە، بۆچی لە هیچ کەسێک پرسیاری سالمی نەکردووە، کە ئاوارەی تاران بووە و خۆی لە تاران بە بێگانە دەزانێت.

***ضەرەرکەردەی ئیجارەی پادشاهی چوونە دەروێشی***

***فەقیری موڵکی (هەوشار) و غەریبی شاری (تاران)ن***
(سالم: ٥٨١)

لێرەدا سالم باسی خۆی ناکات، بەڵکوو باسی کەسانێک دەکات، کە لە تاران بێگانەن،

واتە تارانی وەک شوێنی دووری و غوربەت وێنا کردووە.

***ئیبتیدا بۆ (ڕەی) کە هاتم، فیکری عەقڵیم لێ نەکرد***

***حەبسی تارانم گوناهی کاری بێ تەدبیرمە!*** (سالم: ٧٩٩)

لێرەشدا سالم مانەوەی خۆی لە تاران بە دەستبەسەری دەزانێت.

بە گشتی سالم بێزاریی خۆی لە تاران دەربڕیوە و لەو شارەدا خۆی بە بێگانە زانیوە. تەنانەت لە (سنە)ش هەر بێزار بووە:

***چ بڵێم حاڵەتی دڵ چۆنە لە هیجرا «سالم»***
***صەحنی گوڵزاری (سەنەندوج) وەکو زیندانی منە*** (سالم: ٨١٦)

ئەم بێزاری و ناڕەزایی دەربڕینەش بنەمایەکە لە بنەماکانی سەبکی هیندی، کە لە شیعرەکانی سالم ڕەنگی داوەتەوە.

***عەزیزم نووری عەینەینم، غەریبم***

***صەبووری بەخشی جانی ناشەکیبم***

***لە کووچەی شاری تارانا بەبێ ناز***

***لە هەر باب و لە ئەربابێ سەلیبم***

(کوردی: ب١: ٣٠٧)

شاعیر ئەم شیعرەی دوای ڕوخانی میرنشینی بابان لە تاران نووسیویەتی و هەستی خۆی وا دەربڕیوە، کە لە شاری تاراندا لە نامۆییدا خۆی بەبێ ناز و بێ بەش زانیوە.

سەرەڕای ئەوەی کوردی ((لە تاران مامۆستای شازادەکانی ئێران ئەبێ، لە یەکەم کاروانیا ئەبێ بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەدیبانیش لە تاران، لەگەڵ قائانی شاعیری ... شەڕە شیعرێکی زۆر لە بەیندا بووە)). (سەجادی: ١٣٩١: ٣٢٣)

***شەرحی حاڵی من لە (تاران) سوویی یارانە، بەڵێ***

***بۆ میانی دۆستی بستێکە قوڵلەی چین نییە*** *(کوردی: ب٢: ٩٠)*

ساغکەرەوەی دیوانی شاعیر پێی وایە ((کوردی هانای بۆ دۆستەکانی بردەوە کە فریای بکەون)) (محەمەد مستەفا: ٢٠١٠: ٩٢) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر لە تاران

**لە شیعری کوردیی کرمانجی ناوەڕاستدا تاران وەک شاری غوربەت و جێگەیەک بۆ ستەمکردنی دەسەڵاتدارانی تاران لە کورد وێنا کراوە**

بێزار و هەستی بە نامۆیی کردووە.

٢- تاران وەک شوێنی سەنعەت

لە زیاتر تێکستێکی فۆلکلۆری کوردیدا تاران وەک شوێنێک بۆ پیشە و پیشەوەر و وەستای بەهرەمەند وێنا کراوە. بۆ نموونە:

***لانک لانک لانکۆلێ***

***لانک لە دار هەنارێ***

***وەستا هات لەو تارانێ***

***لانکی دروستکرد بۆ چاوجوانێ***

لەم تێکستەدا واباس لە تاران کراوە، کە شارێکە وەستا و پیشەوەر و دارتاشی بەهرەداری تێدایە، کە دەتوانن لانکی باش دروست بکەن.

***چەرسەی کاری تارانێ***

***تەڕ نابن بە بارانێ***

ئەم تێکستە جەخت لەسەر جۆرە کەلوپەلێک، کە جۆرە کوتاڵێکە و باس لە باشیی کوتاڵەکە، کە لە تاران بەرهەم هێنراوە.

***دەڵێی قەندی تارانە.***

ئەم تێکستەش جەخت لە باشی و نایابیی بەرهەمێک دەکاتەوە، کە لە تاران بەرهەم هێنراوە.

٣- تاران وەک جێگەیەکی دژەکورد

لە هەندێک تێکستی شیعریدا تاران وەک شوێنێک بۆ پلانگێڕی دژی کورد باسی لێ کراوە و شاعیرانی کورد تیشکیان خستووەتە سەر خراپیی مامەڵەی دەسەڵاتدارانی تاران

**«ئەوەی لە چوارچێوەی سنووری کوردستاندا بووە زیاتر باس و ناوی سلێمانی بەرچاو دەکەوێت و تا رادەیەکیش کۆیە و سنە»**

لەگەڵ کورد دا.

***زەمـانـە ڕۆژی کـردینـە شـەوی تـار صـەفـای (ئەسـتـانـە) و (تـاران)ە ئەمشەو***
(کوردی: ب١: ٥٢١)

شاعیر پێی وایە چەرخی ڕۆژگار بەهۆی دەسـەڵاتـدارانـی ئەسـتـانـە_ئەسـتـەنبـوڵ (عوسمانییەکان) و تـاران (قاجارییەکان) ڕۆژی ڕوونی لە میللەتی کورد کردووەتە شـەوی تـاریـک و کـات کـاتـی شـادی و کەیفخۆشیی ئەوانە.

***خاتەمی موڵکی سولەیمان لایقی ئالی ئەوە ئەلئەمان دەرعوهدەیی (تاران) و (بەغداد)ی مەکە***
(کوردی: ب٢: ١٥)

لێرەدا شاعیر ڕوو لە بەرانبەر دەکـات و هـاوار و دادی بـۆ دەبـات بـەوەی موڵکی سولەیمان (کە مەبەست سلێمانییە) نەداتە دەستی تـاران و بەغدا و دەسەڵاتدارانیان، چونکە بە شوێنێکی باش و کەسانی باشیان نازانێت.

***ئەنقەرە و تاران و بەغدا مەنبەعی زوڵم و ستەم***
***قوڕ بە سەرتان، میللەتی کوردە ئەتانکا یەختەسار***
(قانع: ١٢٥)

لێرەدا شاعیر لە پاڵ ئەنقەرە و بەغدا دا، تارانیشی وەک چاوگی ستەم و زۆرداری دژ بە کـورد وێنا کـردووە و ئـەم شیعرە لە بنەڕەتدا باس لە پەیاننامەی سەعدئاباد دەکات، کە (٨ی تەممووزی ١٩٣٧) لە کۆشکی سەعد ئاباد لە تاران لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا و ئەفغانستان هەندێک لە بەندەکانی بۆ دژایەتیی کورد بووە.

**“ سالم بێزاریی خۆی لە تاران دەربڕیوە و لەو شارەدا خۆی بە بێگانە زانیوە ”**

### ئەنجام

١- تاران لە فۆلکلۆری کوردی و وێناکردنی لای شاعیراندا یەک وێنای نییە بە شێوەی جۆراوجۆر باس کراوە.

٢- لە فۆلکلۆری کوردیدا تاران وەک شاری غوربەت و شوێنی سەنعەت دەرکەوتووە و وەسفی پیشەوەر و بەرهەمی تارانی کراوە.

٣- لە شیعری کوردیی کرمانجی ناوەڕاستدا تاران وەک شاری غوربەت و جێگەیەک بۆ ستەمکردنی دەسەڵاتدارانی تاران لە کورد وێنا کراوە.

### سەرچاوەکان

١_ بـورهـان قـانـع (١٣٨٨). دیـوانـی قانع، چاپخانەی دالاهۆ

٢_ سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، شارە کتێبی میدیا، سنە

٣_ سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی (٢٠١٢)، دیوانی وەفایی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

٤_ شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠١٤)، پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، چاپخانەی شظان، سلێمانی

٥_ عوسمان عـارف نـاری زادە (٢٠١٤)، دیوانی نـاری، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی

٦_ عـەبـدوڵـلا خـدر مـەولـوود (٢٠١٠)، دیوانی حەمدی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

٧_ عەلائەددین سەجادی (١٣٩١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە

٨_ کەمال مەعروف (٢٠١٢)، دیوانی عاصم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر

٩_ محەمەد مستەفا «حەمە بۆر» (٢٠١٠)، دیوانی کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر

١٠_ مـەلا عەبدولکەریمی مـودەڕڕیـس و فاتیح عەبدولکەریم (١٣٨٩)، چاپی حەفتەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە

١١_ مـەلا عەبدولکەریمی مـودەڕڕیـس و ...(٢٠١٥)، دیوانی سالم، بنکەی ژین، سلێمانی

١٢_ وریـا حەبیب (٢٧٠٨)، دیوانی هێمن، پەخشانگەی ئازادی

# گەشەی زمانی شیعر
# لەگەڵ گەشەکردن و ڕەوتی مێژوودا



بەیان ئیبراهیم

**پێشەکی**

لەگەڵ گەشەکردن و ڕەوتی مێژوودا، ئەرک و ستاتیک و مانای شیعریش دەگۆڕێت، چونکە قسەکردن و نوسین لەبارەی شیعرەوە بەومانایە نییە، کە لەسەر ژانرێکی دیاریکراودا، بۆ هەمیشە لەگشت کات و شوێنێکدا هەمان دەرکەوتە دووبارەبێتەوە.

که باس لەشیعر دەکەین، دەبێتە دیاردەییک بۆ ئێستا، نەک بۆ هەموو کات و سەردەمێک، چونکە شیعر گرنگییەکەی لەوەدایە بۆ هەرساتێک مۆڕاڵێکی هەیە، بۆ کات و ساتێکی دی هەمان مۆڕاڵ نابەخشێ و خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەومانایەی شیعر بەردەوام خۆی دەگۆڕێ، فۆڕمێکی دووبارەوەبووی نییە، بۆیە پێویستە لەو مۆڕاڵەی هەیەتی تێبگەین. شیعر لەگەڵ هیچ ژانرێکی دیدا بەشداری ناکات، بەپێچەوانەی ژانرەکانی دیکەوە وەکوو چیرۆک و ڕۆمان خۆی ڕێکناخات و خۆی ناداتە دەست هیچ نەزم و ڕێکخستنێک، بۆخۆ لە قاڵبدان، یان وەرگرتنی کلێشەییک، فۆڕمێک، کە ئارەزوی مۆدێرنەشە و لەگەڵ چوونە پێشەوەی هەموو شتێک خۆی ڕێک دەخات و نەزمێکیش وەردەگرێت، کە ژانرەکان ناتوانن خۆیانی لێدەرباز بکەن، لەمۆدێرنەدا گشت شتەکان بە سیستماتیک دەکرێن، تەنیا شیعرە خۆی لە لۆژیکی سیستەم دەپارێزێت و خۆی لێ بێبەری دەکات و ئەو یارییە ناکات، ئەوە شیعرە کە سیستم ناتوانێت دەستەمۆی بکات و بە چەقبەستویی بیهێڵێتەوە، وەکوو ژانرێکی ناوازە بەرگری لەخۆی دەکا و یاخی دەبێت.

لەنێو سیستم و نەزم و پلانی مۆدێرنەدا ڕادیکاڵانەتر لێی دەڕوانێ و جوانییەکان لەخۆ دەگرێ، کە لەنارێکی سیستمدا دەردەکەون، ئەوەی سیستمیش ناتوانێ ڕامی بکات دەبێتە پێشەوای. بۆیە تێگەیشتن لەمانای شیعر ئەستەم دەبێت. ئەوەی شیعر نوێدەکاتەوە مەتەڵێک نییە، عەقڵی مەزنیشی گەرەک نییە ! بۆیە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە وەکوو خۆی ئاسانە  و دەزانرێ شیعری نوێ چییە، لانیکەم لەڕووی ڕواڵەتییەوە، کە ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە سەر شیعری کۆن. چ شتێک شیعر نوێ دەکاتەوە؟ چەند پابەندی پێوەرە کۆنەکانە و هاوبەشی هەیە؟ بێ ئەوانە ناسنامەی نابێت. سێ هۆکاریش هەن شیعر دەوڵەمەند دەکەن و هیچ شیعرێکیش ناتوانێت لێیان داببڕێت، وەکوو: زمان، مرۆڤ، جیهان، هەر شاعیرێکیش بەپێی توانا و سەلیقەی، بەشێکی بۆخۆی لەمانە هەڵگرتووە. شاعیر ناتوانێت لەم کاری زمانییە دەسەڵاتی خۆی لەدەستبدات، ناکرێت شیعریش بەتەنیا پەیوەست بەکاری زمان بکات. بەشێوەییک شیعر تەنیا بریتی بێت لەئامادەیی زمان و وشەگەلێک، واتاکانی لەدەرەوەی شیعر بەجێیهێشتبێت و شیعرەکەش لەشوێنێکی دیکە بێت. بۆ خزمەتی فیزیکی و مەدیی وشەکان بێت، بێ پەیوەندی بە دونیای دەرەوە و نەبنە هۆکار و هەڵگری پەیوەندییێک بۆ قسەکردن. ئەمەش دەبێت بەپێی کۆنترۆڵی عەقڵ بێت، چونکە زمان و ژیان لەنێو دەستەواژەکاندا بەبێ کۆنترۆڵی جەستە و ژیانی جەستە خۆی دەرناخات.

وشە لەپەیوەندی دایە لەگەڵ بینای ڕستە و وشەکانی دی، لەپێکهاتەییکی ڕێزمانیدا

دەخرێتەڕوو، کە بەخێرایی زمان، قورگ، لووت، ڕیخۆڵە و شێوازی دەم، نیگا و مل و تەماشاکردن و بەشە نەبینراوەکانی جەستە هاوئاهەنگ پێکەوە زاڵدەبن بەسەر جووڵەی جەستەدا، ئەمە لێکدانەوەییێکی فسیۆلۆژییە و زیاتر لەسەری نادوێین.

زمان لەنێو شیعردا ناتوانێت جیا لەشاعیرییەکەی ڕێگا بگرێتەبەر و ڕێسا وەرنەگرێت. زمان لەدەقدا تەنیا لەپێناوی خۆیدا پەل بهاوێت، لەدەق دەترازێت و دەچێتە دەرەوە. زمانی شیعر مرۆڤی شاعیرە، منی ئەو، لەگەڵ خۆیدایە، نەک منی ئەو، بەڵکوو دەروونی من لەگەڵ ئەودایە، لەگەڵ ئەو و لەگەڵ ئەو وتەیەی ئەودا دەڕوات. بە بۆچوونی حەلاج، ئەنائیتی هەیە یا ئەنییەتی (م) ی کۆتایی هەیە، جێناوی لکاوی من، یان بەوتەی ئارسەر ڕامبۆ (je)ی هەیە، زمانی شیعریی منی هەیە، شوناس و ئەوی هەیە و لەهەر زمانێک گەڕانەوە دەرەکییەکانی، هەر لەو (ئەو)ەوە وەردەگرێت، هەم لەسوبێکتێک، کەخودی شاعیرە، هەم لەوسوبێکتەش، کە جیهانی دەرەوەیە، ئەوەش هەیەڵەیێک بوو لەساڵانی نێوان هەردوو جەنگەکەدا.

دەگوترا: دەبێت واتا لەزمانەوە وەربگیرێت، بەڵێ سەرچاوەی نووسین جەستەیە، ئەو جوانییە فسیۆلۆژیای جەستەیە، کە ئاوئاهەنگی دەخولقێنێت، فرمان دەدات، ئافراندن دەکات. هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێدا مرۆڤ هۆکارێکی هاوبەشی شیعرە کە سوبێکتە، قسەو ڕستەی ئێمەی شاعیر لەنەبوونی خۆماندا نابێت بژێیت، ئەو ژیانەی کە پێمان بەخشیوە، شاعیر ئەگەر خۆشی دەرنەخات، ئامادەبوونی هەرهەیە، من ئەوی دیکەیە، ئەوەی دامانە پاڵ ڕامبۆ. لەهزری هۆسرەڵ و هایدگەریشدا دەردەکەوێت. کاتێک یاسا کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان بەرە و هەڵوەشاندنەوە دەچن، ئەوە شیعرە دەبێتە چالاکییێکی زیندووی مرۆڤایەتی، یان ئەو دەمەی مرۆڤ دەیەوێت خۆی لەژێر ڕکێفی یاسا و کۆتوپێوەندەکان ڕزگار بکات.

> ئەمڕۆ بەرەو پلورالیزمی کەلتوریی و یەکپارچەیی دەچین. ئەم چەمکە، لەجیهاندا بەتایبەت لە جیهانی سێدا. خەڵکی ئاسایی پێی نامۆن و تەنیا ڕۆشنبیران و خوێنەران تێگەیشتنیان بۆی هەیە

ئەم نوێبوونەوەیە شیعریش دەگرێتەوە، شاعیر بە ئازادبوونی لەهەندێ کۆتوپێوەند، کە پێیوایە پێویستییێکی هونەری وای تێدا نییە خزمەتی ئازادیی شیعریی پێ بکات، مانای ئەوە نییە لەهونەری شیعر ڕزگاری بووە، بەردەوام بابەت و واتای نوێ، شێوازی کۆن دەشکێنێ و ڕوخسارێکی نوێ دێنێتە بەرهەم، کە بگونجێت. واتە شیعری نوێ ئامانجی تێکشکاندنی کۆتوبەندی هونەری نییە، بەڵکوو لەگەڵ گۆڕانەکاندا واتا و خەیاڵ و وێنەی نوێ لای شاعیری داهێنەر هەیە، شێواز و قاڵبی نوێ لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە، بەجۆرێک، کە بتوانێت ئازادانە گوزارشت لەبەرهەمە شیعرییەکەی بکات. بیرمان نەچێت، کە چەند دەیەیەک لەمەوپێش قسەکردن لەمرۆڤ و چارەنوسی ببووە بابەتی هەموو ئەفراندنە ئەدەبییەکان، بەجۆرێک کاری زمانی لەژێر ڕکێفی ئایدیۆلۆژیا دابوو، بمانەوێ و نەمانەوێت ئەمڕۆ بەرەو (پلورالیزمی) کەلتوریی و یەکپارچەیی دەچین. ئەم چەمکە، لەجیهاندا بەتایبەت لە جیهانی سێدا. خەڵکی ئاسایی پێی نامۆن و تەنیا ڕۆشنبیران و خوێنەران تێگەیشتنیان بۆی هەیە، مێگەلی لای خۆمان تەواو پێی نامۆیە و لای بەشێکی زۆری توێژی نووسەر و خوێندەوارەکانیشمان نەناسراو و کار پێنەکراوە، کۆمەڵگەکەشمان پراکتیکی نەکردووە تائاستی نامۆبوونی دونیای لەمەڕخۆمان. لەزمانی کوردیشدا وشەیێکی پڕاوپڕ بەو وشەیە نییە، دەتوانین لەوەبگەین قبوڵکردنی جیاوازییەکانی بەرامبەرت و بێ سانسۆر و بێ جیاوازیی، هەرچییەک بێت (ئاین، زمان، نەتەوە، بیرکردنەوە ..هتد) مرۆڤەکان بەجیاوازی دێنە دونیاوە، گۆشە نیگا و دونیابینی خۆیان هەیە و ڕێگەدان بەم شێوە ژیانە ڕەوایەتییە بەم جیاوازیەی خۆمان. هەربۆیە فەیلەسوفێکی وەکوو نیچە و بیرمەندێکی وەکوو عەلی وەردی ددان بەرێژەیی بوونی حەقدا دەنێن و پێیان وایە حەق سێوێکی لاسورە و نیوەی بە من و نیوەکەی بە تۆیە. ئەوەتا نیچە دەڵێت: (یەقین کۆشندەترینە) چاوێک بە کۆمەڵگەی خۆماندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت پلۆرالیزم نامۆترین چەمکە لەدونیای ئێمەدا. کاتێک باس لە پلۆرالیزم دەکرێ، دەبێ باس لە جیاوازی (دەنگ و ڕەنگی جیاواز)یش بکرێت. بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازیی بیروڕا و بەرژەوەندیی ئەوانی دی، پلۆرالیزم مانایێکی نییە.

دیالۆگ و زمان پێناسەی پلۆرالیزمە، پێکەوە هەڵکردنیش گەشەی پێدەدات و بەیاسایی دەکات. جیاوازیی بیروڕایش، پلۆرالیزم بەهێز دەکات و دەتوانێت لە درێژخایەندا بیکاتە دامەزراوەیێکی کۆمەڵایەتی، هەر بەو پێیەیش کۆمەڵگە بەهێز دەبێت.

شیعر ناتوانێت ئەو واتایانەی مرۆڤ بە زمانی

بەخشیوە لێی وەرگرێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەگەڕانەوە بۆ سەرلەنوێ ئەفراندنەوەی، شوێنێکی نوێ بە زمان دەدات، ئەو شیعرانەی کە ڕووتن لە گەڕانەوە، وشەکان لەشیعر ڕووتدەکەنەوە. ئەگەر نەگەنە گەڕانەوەییەکی نوێ لەنێو پارچەشیعرێکدا، چونکە شیعر پێناسەکردنە و پێناسەش بەردەوام پێناسەیەکە بۆ گەڕانەوە و گەڕانەوەش بەردەوام گەڕانەوەیەکە بۆ عورفی وشە. ئێمە بەر بەگەڕانەوە دەرەکییەکانی وشە دەگرین، تا لەکاتی گەڕانەوەی دووبارە بۆی، گەڕانەوەی نوێی پێبەخشین. زەینی مرۆڤیش ئەمکارە دەکات و حزور و ئامادەبوونی سوبێکتیش دروست دەکات. ئێمە ناتوانین واتا لە شیعر وەربگرینەوە، واتای شیعر فۆڕمی شیعرە. دیوە گەورەکەی شیعر لەلایەن ئەویدیکەوە درووستدەکرێت، هەموو شاعیرە گەورەکانی دونیا لەئیرادەی خۆیانەوە لەدایکبوون و پەیوەستن بەکەسانی دیکەوە و گەیشتوون بەخۆیان و شیعری خۆیان. هیچ شاعیرێک (ئەوی دی) لە شیعرەکەی خۆیدا نەسڕیوەتەوە، چونکە لەمنی خۆیدا ئەوی دی بەدیکردووە و ئەو شتەش مرۆڤانەیە، خۆبوون هیچ نییە جگە لە ئەوی دی بوون.

ئەو شاعیرانەی خۆیان لە پشتەوەی فۆڕم دوور لە واقیع شاردووەتەوە تەنیا لە کەمینی زماندا بوون، چونکە دەکرێت لە حەزی شیعر بۆ دوورە پەرێزی لە کەسانی دی، گومان لە کاولکاریی زمانی و بەدروستکردن و بیناکردنە نازمانییەکان، بۆشایی دروستکردن و شتی پووچ و بێمانا دروست نابێت. دەتوانین بڵێین شیعر زمان و فیزیکی زمانە، هەر زمانی شیعر گۆشەگیر دەبێت، دوورە پەرێز لە مرۆڤ و واتا، لە پەیوەندی دوور دەکەوێتەوە و پەیوەندییە پچڕاوەکان هیچ کات بەیەک ناگەن، لە کاتێکدا بۆشایی بریتییە لە بەیەکگەیشتنی پەیوەندییەکان.

(پەیوەندی) مۆدێرنیزم بەڕێوە دەبات، فیزیکی زمانیش لە شیعردا گەر پەیوەندی بەڕێوەی نەبات، ئەوا زمان فیزیکەکەی لە دەستدەدات.

زمان بەشێوەییەکی گشتی هۆیەکە بۆ تێگەیشتن و دەبێتە هۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. کەواتە زمان دیاردەییەکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا، بەهۆی پەیوەندی بەستنیانەوە کۆمەڵ پێکدێ، نەکۆمەڵ بێ زمان و نە زمان بێ کۆمەڵ پێکدێت، یان زمان و دەنگ و یاسا و دەستوورە، بۆیە زمان وەکوو دیاردەییەک، بۆتە جێگەی ڕامان و بیرکردنەوەی زانایانی کۆمەڵناس و مێژووناس و فەیلەسوفان و زمانناسان، هەریەکەیان لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری زمانی کردوە و لێکیداوەتەوە. لێکۆڵینەوەی زمانناسان لەڕوی چۆنیەتی کارکردن و پێکهاتنی زمانەوە باسیان کردووە، کەئەمەیان پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.

یەکێک لە بنەمای شیعر وشەیە، وشە دەروازەی هەموو دەقێکی شیعریە و وشەکان پەیوەندیان بە ئەزموونی شیعریی و ماناوە هەیە، بۆیە پێویستە وشەی ڕاست هەڵبژێریت و ڕەچاوی چەند خاڵێک بکرێت، ئاسانکردنی وشەکان و شارەزایی، وشەی نەرم و شیرین و پڕ فرین بەکاربهێنرێت، دوور کەوتنەوە لە وشەی نامۆ، دڕندەیی و گیلانە..هتد.

کاتێک تۆ پرسیار لەشتێک دەکەی، وشەیێک بەکاربهێنە ئاماژە نەکات بۆ سەرسوڕمان، هەر شتەو بابەتێک زمانی گونجاوی خۆی هەیە، ئەمە بەو مانایە نا چاو بە توانای زمانەکەتدا نەخشێنیتەوە، بەڵکوو وشەی بەهێز و بوێر بێ زیادەڕەوی و چاوچنۆکی بەکاربهێنە. شوێنی وشە دیاری بکە، دەبێت ئاگاداربیت هەندێجار نامۆیی وشە دەبێتە نامۆ بوونی مانا.

مارتن هایدگەر لە پەرتووکی (بوون و کات)دا لە شیکردنەوەی بوونگەرایانەی بوونی مرۆڤ (دازاین) کە لەسەر پرۆژەی ئۆنتۆلۆجیی بنەڕەتی ڕادەوەستێت. لە دوولایەنەوە شیعر بەتەنیا بە شێوازێکی هونەریی نازانێ، یەکەم لە نەبوونی مرۆڤەوە، دووەمیش لە دەرخستنی ڕاستی بوونەوە، کە بە ئۆنتۆلۆجییەوە دەیبەستێتەوە، ئەمەش گەورەترین پرۆژەی فەلسەفی هایدگەرە و ئاماژە بەوە دەکات بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە و سەردەمەکەمان جگە لە فەلسەفە، پێویستمان بە هونەر و شیعرە، چونکە وەکوو فەلسەفە شیعر بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە، بەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەزمانەوە هەیە بۆ دەربڕینی ڕاستی بوون، وەکوو هیگڵ و هایدگەر، شیعر بەشێوازێکی هونەریی بەرز دادەنێن، کە دەبێت بە هونەرێکی نێو (خۆ) و کات.

گرنگی شیعر لای هایدگەر بەستنەوەی نییە بە (کات) بەڵکوو دەیخاتەسەر گرنگی (زمان) هایدگەر دەڵێت: شیعر وەکوو فەلسەفە بیرکردنەوەییەکی داهێنەرانەیە، ئاماژەش بەو جیاوازی و لێکچوونەشیان دەکات کە بۆ یەکەمجار لە فەلسەفەی یۆناندا پێش سوکرات دەرکەوتووە،

**“ پلۆرالیزم نامۆترین چەمکە لەدونیای ئێمەدا. کاتێک باس لە پلۆرالیزم دەکرێ، دەبێ باس لە جیاوازی (دەنگ و ڕەنگی جیاواز)یش بکرێت ”**

**زمان ئادەمیزاد لە هەقیقەتی بوون فریو دەدا، بەڵام هەر لەمیانەی ئەم فریودانەوە هەقیقەتمان پێ ڕادەگەیەنێت**

**"ویّنەی شیعریی ناسینی شتەکان نییە، بەڵکوو تێڕوانیی تازەیە بۆ شتەکان، هەر ئەمەشە وا دەکات ویّنەی شیعریی بەهای ئیستاتیکای خۆی هەبێت"**

شیعرەکانی سۆفۆکلیس ناوەڕۆکێکی فەلسەفییان هەبووە. لەبەر ڕۆشنایی دیدی هایدگەر تێگەیشتنمان بۆ ئەو لێکچوونە دەبێت بە (ڕاستیبوون)

لێرەدا دەتوانین بڵێین شیعر داوامان لێدەکات ئەو ڕاستییە بناسین. لەم دیدەوە دەتوانین دوو جۆر شیعر دەستنیشانکەین، ئەوەی ڕاستیی بوون دەناسێ و ئەوەی نایناسێ، واتە شیعری ڕەسەن و شیعری ناڕەسەنمان بۆ دەردەکەوێ کە دوەمیان لە نێو کلتوری بازاڕییەوە سەر دەردێنێ، باشترە ئاماژەش بەوە بدەین کە بیرکردنەوەی فەلسەفە ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ڕاستییەکان دەکات و ئاشکرایان دەکات، شیعر لەنێو بەرگێکی هونەریدا ڕاستییەکان دەردەبڕێت.

هایدگەر لەشیکردنەوەی ڕۆڵی شیعر وەکوو ئامادەبوویێکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئاماژە بەوە دەدات کە بە هەڵە لە واتای ئەم چەمکە گەیشتووین. مەبەست لەم شیکردنەوە زمانەوانییە دامەزراندنی ئەو پەیوەندییەی شیعر و بیرکردنەوە داهێنەرانەیە، بەو واتایەی لە زمانی کوردیدا شیعر هەڵبەست نییە لە عەرەبیشدا شیعر نییە، بەڵکوو واتاکەی (داهێنانە) کە مرۆڤی ڕەسەن خاوەنێتی، بۆیە شیعر یاخود ئەو داهێنانە بۆ سەردەمەکان پێویستە.

لەو ڕوانگەیەوە بەداخەوەین کە سەردەمی ئەمڕۆمان کلتوورێکی بازاڕیانەی هێناوەتە کایەوە و کایە هونەرییەکان بەشیعریشەوە دووردەبن لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە، ئەوەی دەیبینین ناپێویستن بۆیە کۆمەڵگەیەکمان هەیە تاکەکانی وەکوو یەک بیر لە ڕووداوەکان دەکەنەوە، کێشەکان پێویستییەکان دێننە قسە و لێی دەڕوانن، هەموویان لەیەک بەرنامەی تەلەفیزیۆنیدا چێژ وەردەگرن، کە زمانیان لەکار کەوتووە و ڕاستی تێدا نابینرێ، بۆیە من دەڵێم ئێستا زیاتر پێویستمان بەبیرکردنەوەی داهێنەرانەیە، تا ڕێگەچارەکان بدۆزرێتەوە و کۆتایی بە نەهامەتییەکان بێت کە دەتوانم بڵێم ئەمە پرۆژەییێکی شاعیرانەیە، کە ئامادەبوونی شیعر مژدەی بەرەبەیانێکی نوێ دەدات. لەم تێگەیشتنەوە شیعر دەبێتە هزری ڕزگارکەر، شیعر گەر ئەم ڕێچکەیە بگرێتەبەر و ڕاستییەکان ئاشکرابکات ئەوا ناوەڕۆک، بیرکردنەوەییێکی فەلسەفیانەی دەبێت.

هایدگەر لە وتارێکدا (شاعیران لەپای چیدان؟) دەڵێت: (زمان بریتییە لە هەوارگە، بریتییە لە خانووی بوون) بەڵام ئێمە چیمان لەم خانووەکرد؟ لەناومان برد، خانووەکەمان لە هەوارەبانەوە ئەفەرۆزە بووە. بەمەش زمانمان لەوە دابڕی ببێتە زمانێک لەڕێی ئەو ئارامییەی لەو خانووەدا پێیدەدەین، ئەو خانووەی بوونی مرۆڤانە هەمیشە دەبێت شوانی بێت. زمانێک لەخۆیدا بوونێکی سەربەخۆی هەبێت و وەکوو بوون نمایندەی خۆی بکات. لەکاتێکدا زمان بریتییە لەهەرە مەترسیترین مەترسییەکانی بوونی مرۆڤانە، چونکە ئادەمیزاد لەڕێی زمانەوە نیشتەجێی بوون دەبێت. ڕاستر بڵێین، لەڕێی زمانەوە بوونی مرۆڤ دەکرێتەوە و والا دەبێت، بەڵام (زمان چۆن مەترسیترین خەڵاتە؟) بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هایدیگەر لەباسی چییەتی شیعر دەڵێت: (زمان مەترسیی هەموو مەترسییەکانە، چونکە زمان دەستپێکە و سەرەتایە بۆ دروستکردنی توانینی مەترسی).

زمان، کە لە ڕێیەوە بوون و مێژوویی بوونمان بەیان دەکات بۆتە زمانی شتەکان و زمانی ناوەڕۆک، جەوهەری خۆی لەدەست داوە. پاش ئەوەی زمان پرسیار بوو لە هەقیقیەتی بوون، بوونێک کەهارمۆنیەتی مرۆڤ بەدی دێنێت و هەقیقەتی ئەو هارمۆنیەتە ڕادەگەیەنێت، دەبینین بۆتە زمانی پەخشان و کڕین و فرۆشتن و تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی، زمان وای لێهاتووە: (ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆیمان لێبشارێتەوە، بەو پێیەیماڵی هەقیقەتی بوونە).

لەم چاخەدا کە دەسەڵاتی ڕەسەنی زمان شکاوە، زمان لەڕێی بەیەکداچوونی قسەکردنی چەنەبازی و ڕووکەشی توانایێکی دی بۆ خۆی پەیدا کردووە، کە بریتییە لە: توانای فریودان.

زمان ئادەمیزاد لە هەقیقەتی بوون فریو دەدا، بەڵام هەر لەمیانەی ئەم فریودانەوە هەقیقەتمان پێ ڕادەگەیەنێت، کەواتە گەر زمان ئاماژەبێت

لەسەر هەقیقەتی ئامادەبوو و بریتی بێت لە زمانی بوون، ئەواهەقیقەتی ئامادەبوو بریتییە لەبوون. گەر زمان بریتی بێت لە خانووی بوون و لەناو هەموو بوونەوەرەکاندا تەنیا مرۆڤ زمانی هەیە.

بیرکردنەوە لە دەربازکردنی مرۆڤ لەو نامۆبوونەی و لەوەی ئەو لەماڵی خۆیدا نییە، خاڵی سەرەکی فەلسەفاندنە. لە (بوون و کات)دا مارتن هایدیگەر دەڵێت: (لەڕوانگەی بوونخوازیی ئۆنتۆلۆژیەوە - بەوەی مرۆڤ لەماڵی خۆیدا نییە، پێویستە وەها مەزەندە بکرێت کە لە گرنگترین دیاردە لەپێشینەکانە).

لێرەدا مکوڕبوون لەسەر پێداویستی بیرکردنەوە دێتە گۆڕێ. ئاخر بیرکردنەوە پەیامێکی هەیە، ئەویش بریتییە لەقوتارکردنی مرۆڤ لە بەشتبوون و ونبوونی لەنێو هەبووەکاندا. بەمجۆرە بیرکردنەوە دەبێتە بانگهێشت و بانگەواز، مرۆڤیش بەچاکی لەو بانگهێشتە بانگەوازە حاڵی دەبێت.

لیرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە شیعر لە ئەدەبی کلاسیک و مۆدێرندا وەکوو بیر و زمان، دوو ڕەوتی جیاوازن.

لەنێوان ئەدەبی کلاسیک و مۆدێرندا و بەتایبەت لە شیعردا، پەیوەندی بیر و زمان، بە دوو ڕەوتی پێچەوانەی یەکدیدا دەڕۆن. کە هونەری کلاسیک بیرێکی ئامادە و وێنەیێکی ئامادەی هەیە، بەڵام لە هونەری هاوچەرخدا بە پێچەوانەوە، پەیوەندی ڕواڵەتیی وشەو ئاوێتەبوونی دەرەنجامێکی وای دەبێ، وورده وورده چرپێکی شیعریی بیر، یان هەست و نەستی لێ دەکەوێتەوە، هەر وشەیێک بۆ خۆی هەڵگر و دەربڕ و بەدیهێنەری کەشوهەوایێکی ڕۆحی وایە، بیر خۆی بۆ لە دایکبوون ئامادە دەکات، هێدی هێدی لە ڕێگەی یاریی لەخۆوەی وشەکانەوە دێتە ناو و لەم فەزای ئاخاوتنە سەرکەوتووەدا، ناوەڕۆک وەکوو میوەیێکی پێگەیی شۆڕدەبێتەوە. لە زمانی کلاسیکیدا پەیوەندییەکە ڕابەریی شتەکان دەکا و هەمیشەش بۆ واتایێکی دیاریکراویان دەبات. بەڵام لەشیعری تازەدا بە بڵاوبوونەوەی وشەکان پێک دێت. وشە خۆی خاڵێکی بنەڕەتی و چەسپاوە. کلاسیک بایەخ بەیاسا و ڕێسای دامەزراندنی پەیوەندییەکە دەدات، شیعری تازەش دەیەوێت ئەو پەیوەندییە بپسێنێ و وشەکان بتەقێنێتەوە، بە واتای ئەوەی وشەکان پەیوەندییەکە دێننەکایەوە، نەک بە پێچەوانەوە.

لەم سەردەمەدا زمان بە ئێمە نائاشنایە، لەم گەردوونە نارۆشنەدا، زمانی ڕاستەقینە بووەتە زمانی ئاسایی ڕۆژگار، زمانی ڕاستەقینەی دوورن، هێندەی دوورایی مانگ و ئەستێرەکان، لە زەینی بوونی مرۆڤەوە دوور کەتووەتەوە. زمانی ئاسایی ئێستا لێمانەوە نزیکە، بەواتایەکی دی هەنووکە ئەو زمانە نامۆیە نزیکە لێمانەوە، کە دوورمان دەخاتەوە لەزمانی ڕاستەقینە. زمان بریتی نییە لە شتێک لەو شتانەی وەکوو ئامراز، وەکوو ئامێر خاوەنی بین، بەڵکوو زمان بریتییە لەچاوی بوون، ئەو بوونەی بریتییە لە خانووی ماهییەتی مرۆڤانەمان، وەکوو لە (چییەتیی هەقیقەت)دا دەڵێت: (ئادەمیزاد تەنیا بوونەوەرێکی زیندوو نییە خاوەنی زمان بێت وەکوو تواناکانی دی کە هەیەتی، بەڵکوو ڕاستتر، زمان بریتییە لە (خانووی بوون، کە تیایدا مرۆڤ بە نیشتەجێیی دێتە دەرەوە پاشان دەچێتەوە سەر هەقیقەتی وجوود، مرۆڤ پاسەوانیی وون دەکات) زمانیش ئەو ساتە سیمای جەوهەری لەخۆی دەگرێت، کە دەبێتە گفتوگۆ و دیالۆگ، بەومانایە نا ببێتە پێوانەیێک بۆڕێچەکردنی جەوهەری زمان، بەڵکوو گفتوگۆ بریتییە لەزمان، واتە زمان لەناو کایەی گفتوگۆدا دەبینرێت.

> **"بۆچوونی واهەیە، کە پێیوایە لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعر دەچێتە چوارچێوەی زمانناسییەوە تا ئەدەبناسی"**

هایدگەر دەمانگەیەنێتە کرۆکی بیرۆکە بناغەییەکەی: (چییەتیی زمان بریتییە لە زمانی چییەتی) واتە زمان کرۆک و چییەتی بوونە، ئەمەش کانگەی شاعیرییەتبوونی جیهانە، ئەو جیهانەی ئادەمیزاد بەهەردوو دەستی هەڵیدەچنێت بە بناغەدانانی خانووی بوونی، بۆ دامەزراندنی خانووی شیعر.

> **"هونەر خۆی خۆی تەواو دەکات و پێویستی بەهیچ مەبەستێکیتر نییە"**

ناوەڕۆک و شێوە، وەکوو دوو چەمکی بیرکردنەوەی فەلسەفی، نەک هەر لە بەرهەمە هونەرییەکاندا، بەڵکوو لە دیاردەکانی دیکەی ژیانیشدا، دوو لایەنی بنەڕەتیی لێکدانەوەبوون. بەمانا گشتییەکەی ئەمە لە چالاکی و بونیاتناندایە. فەلسەفەی دیالەکتیی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ناوەڕۆکی دیاردەکانی ژیان هەمیشە پابەندی شێوەکەیێتی، فۆرمەکەشی لە ناوەڕۆکەکە دانەبڕاوە.

هیگڵ بەباشی لە یەکێتیی ناوەڕۆک و فۆرم دەدوێت: (بەرهەمی هونەری ئەگەر فۆرمی گونجاوی خۆی نەبێ، ئەوە بوونی نییە. بەرهەمێکی هونەری، هەر لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکێکی باش (تەنانەت زۆر نایابیش)ی هەبێ، نابێ پێی بڵێین ڕاستەقینە

> **شیعری نوێ ئامانجی تێکشکاندنی کۆتوبەندی هونەری نییە**

و ڕەسەن، تەنیا ئەو بەرهەمە هونەرییەی، کە ناوەڕۆک و شێوەکەی هاوتاو گونجاون، ئەوە بەرهەمی هونەری ڕاستەقینەن. ناوەڕۆک و شێوەی بەرهەمی ئەدەبی ویەکێتیی دوو دژن. ناوەڕۆکی بەرهەمەکە دیاردەیێکی مادییە، ئەمەیان ڕاستەوخۆ وشە ڕۆنانی بەرهەم و زمانی هونەرییە، کە بەهۆی دەنگەوە دەردەبڕدرێ، شەپۆلی دەنگە و لەکاتدا دەبیسترێ، بەهۆی نووسینەوە، یان چاپکردنییەوە دەبێتە دەقێکی نووسراو. دۆزینەوەی فۆڕمێکی گونجاو بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمێکی هونەری، پرۆسەیێکی زۆر ئاڵۆز و درێژخایەنە و لە ئەزموونی ئاڵۆز و چڕدا دوای کارامەیی و پەیداکردنی وەستایەتی، دەتوانێ شێوەی گونجاو بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی بدۆزێتەوە. ئەو ڕەگەز و لایەنانەی بەرهەمی ئەدەبی، کە بەلای فۆڕمدا دەشکێنەوە (زمانی هونەری، ژانر، کێش و سەروا)ن ناوەڕۆکیش (بابەت، کەسایەتی، هەلومەرج، ڕێبازەکان..هتد) دەگرێتەوە.

ڕوانگە مەتریالیستەکان واسەیری ئەم دوو زاراوەیە دەکەن، لە فەلسەفەدا پێیان وایە ناوەڕۆک پێش فۆڕم دێت، بەڵام کە باسەکە پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەبێت، بە پارێزەوە تێیدەڕوانن و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمێکی ئەدەبیدا، ئەزموونێکی تاکەکەس و دووربارە نەبووەوەیە، تایبەتمەندی دەگمەنی هەیە، نابێ مامەڵەی فەلسەفەی لەگەڵ بکرێت، واتە ناوەڕۆک پێش شێوە بخەین.

> **تەنیا ئەو بەرهەمە هونەرییەی، کە ناوەڕۆک و شێوەکەی هاوتاو گونجاون، ئەوە بەرهەمی هونەری ڕاستەقینەن**

جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە لەسەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ڕوویدا لەپێشیانەوە لە زانستی ئیستاتیکی ئەڵماندا کە بەشێوەیێکی ڕوون و ئاشکرا لای هیگڵ دیارە، ئەمە هەنگاوێکی گەورەبوو لە توێژینەوەی سروشتی ئەدەبدا. پێشتر زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆک دەدرا، ئەگەرچی لەسەدەی بیستەمدا، زیاتر جەخت لەسەر شێوە دەکرایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین ئەم دوو چەمکە بەجیا لەیەک توێژینەوەی ئەدەبیدا بەکاربهێنین. چونکە توێژینەوەیێکی ناتەواو بەدەستەوە دەدات. بایەخدان بە ناوەڕۆک دەبێتە هۆی لەدەست دانی هەندێ باس و بابەت و لایەنی هونەری. گەر هەر شێوەش بێ، دەبێتە لێکۆڵینەوەی زمان و کەلێنێکی گەورە دروست دەکات. بۆیە دەبێت ناوەڕۆک و شێوە، وەکوو (کوللێکی) لێکدانەبڕاو وەربگرین و لێیان بکۆڵینەوە.

ڕەنگە وابێتە بەر زەین، کە ناوەڕۆک و شێوە دوو زاراوەی ڕوون وئاشکران و دەتوانرێت بە ئاسانی جیابکرێنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی وانییە و پڕ کێشە و ئاڵۆزییە.

ناوەڕۆک و شێوە لەشیعردا پابەندی یەکن و لەیەک دانابڕێن، ناوەڕۆک تا شێوەیێک بۆ خۆی نەدۆزێتەوە بوونی نییە، هەروەکوو شێوەش بەبێ ناوەڕۆک نابێ. هەردووکیان پێکەوەن و هیچیان پێش ئەوی دی نایەت، ناوەڕۆکی شیعرێک بەو بیر و هەست وسۆزە دەوترێت، کە بە هۆی شێوەوە هاتۆتە گۆ.

بۆ کردنەوەی ئەم گرێ ئاڵۆزەی نێوان ناوەڕۆک/ شێوە. هەردوو نوسەر (وێلک و وارن) Rene Wellek و – AUS ten Warren لەکتێبی «تیوریی ئەدەبدا دوو زاراوەی دیکەیان هێناوەتە ئارا، ئەوانیش کەرەستە و بونیادن، مەبەست لەو کەرەستەیە هەموو ڕەگەزە بێلایەنە ئیستاتیکییەکانن، لەگەڵ بونیادەکەدا بەیەکەوە «چالاکیی ئیستاتیکی دەیبناتەوە» ئەوان ئەو دوو زاراوەیە تەعمید ناکەن، بەڵکوو ئەم دوو زاراوەیەی ئەمان ڕواڵەتێکی هەریەکجار جیاوازی کێشەکەیە.

لە بنەڕەت و قووڵاییدا کەرەستە و بونیاد ئەوە دەگرنەوە، کە لە شیعرێکدا هەیە لەگەڵ ئەوشدا دەربڕی دوو گۆشەنیگای ڕادیکاڵی زۆر لەیەک جیاوازن. کەرەستە ئەزموونی شەخسی و کارتێکردنی خوێندنەوە و بیر و ڕێباز و ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە کاتێکی دیاریکراودا لەهۆشی شاعیرەکەدا کۆدەبنەوە. بونیادیش ئەنجامی (چەمکی) ڕێکخستنی هەموو ئەو ڕەگەزانە و ئەو کەرەستە کەم تا زۆر جیانەکراوانەیە، کە کۆسمۆسی (گەردوونی) شیعرەکە دەخوڵقێنێ و پەیوەندیێکی مانادار و فراوان لەنێوان ئەوبەشە جیایانەدا، لەپێکهاتەیێکی تازەدا دێنێتە کایە.

بۆچوونی واهەیە، کە پێویایە لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعر دەچێتە چوارچێوەی زمانناسییەوە، تا ئەدەبناسی. بەم جۆرە توێژینەوەیە ستایل بەشێوەیێکی سەرەکی لە جوغزی یاساکانی زمانناسیدا پراکتیزە دەکرێت. ئەم کار دابەشکردنە وەڵامێکی ڕاشکاوی دژی ئەو بۆچوونە کۆنە دژبەیەکەیە، کە لە لایەکەوە ناوەڕۆک-بەشێوەیێکی بنەڕەتی وارەچاوکراوە، کە لەدەرەوەی

**ناوەڕۆک تا شێوەییێک بۆ خۆی نەدۆزێتەوە بوونی نییە، هەر وەکوو شێوەش بەبێ ناوەڕۆک نابێ**

گۆشەنیگای ئەدەبییەوە بێت. لە لایەکی دیکەوە دەربڕینی زمانی ناوەڕۆکەکە شێوە (فۆڕم) بێ تایبەتمەندی ئەم دوو زاراوەیە وادەکات نموونەی بەرهەمی شاعیرێک و نووسەرێک وەربگرین. شاعیرەکە دێت وشەی کۆن و لەبیرکراو زیندو دەکاتەوە و بەکاریان دەهێنێت. نووسەرەکەش وشە و دەربڕینی ناوچەکەی بەکاردێنێ. زمانەوانێک بێت، لەبەرهەمی شاعیرەکەدا سەرچاوەکان و ئەو گۆڕانە زمانەوانییەی وشانە دەدۆزێتەوە، بەهەمان شێوەش دیلێکتی نووسەرەکە سیستماتیک دەستنیشان دەکرێت و بەڕەواکردنی وشە و وشەڕۆنان لێیدەکۆڵێتەوە. هەتا مرۆڤ ئەم جۆرە ڕوانگانەی هەبێت بۆ وشەی کۆن و کۆڤەندی ناوچەیی، ئەوا لە مەودای زاراوەیی کەرەستە و بونیادەکەی ویلک و واریندا دەخولێتەوە، نووسەر و شاعیرەکە ئەو کەرەستانەیان لەهۆش و زەینیاندا کۆبونەتەوە و بوون بە سامانێکی باش بۆ دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکانیان، بە بەکارهێنانیان ڕواڵەتێکیان پەیدا کردووە، ئەرکیانە بەشێوەیێکی سەرکەوتوو لە بەرهەمەکانیاندا بەکاری بهێنن.

شیعر لەبەر ڕۆشنایی سیستمی ئەدەبی »ناوەوەی»دا باس دەکرێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، مرۆڤ لەوە دووربکەوێتەوە کە شیعریش هەر وەکوو بابەتەکانی دیکەی هونەری، وەک بەشێک لە کلتووری دەربڕین جێگەی تایبەتیی خۆی هەیە و پەیوەندی جۆراوجۆر و بەرفراوانی لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیشدا هەیە. بۆیە ناکرێ وەکوو دوو دژی ڕەها سەیری (جەوهەری ناوەکی) و (جەوهەری دەرەکی) بکەین، ئەم دووانە تێکەڵی یەکدەبن و لەیارییێکی دیالێکتیکیدا یەکدی تەواو دەکەن، چونکە لەجیهانی شیعردا ڕەگەزەکان هەمیشە لە تێکستەکەدا تێک دەئاڵێن، یان لە پاشخانەکەیدا هەیە، جا مرۆڤ لێی بە ئاگا، یان بێ ئاگابێ.

بنەماییێکی سەرەکی لە بونیادی دەقی شیعرییدا (وێنەی شیعریی)یە، بەتایبەت لە شیعری نوێدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، (درایدن) بەم شێوەیە گرنگی وێنە پیشان دەدات: (وێنە خۆی لە خۆیدا شکۆمەندی و ژیانی قەسیدەکەیە).

واتە وێنەی شیعریی جەوهەری هونەری شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت، شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بە هۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت، ئەو وشانەی بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی وێنەیێکی شیعریی، هەموویان وشەی ئاسایین، بەڵام لە ئەنجامدا پێکهاتەیێکی نائاسایی دروست دەکەن، واتە: لە شیعر و ئەدەبدا شتی نامۆ وەرناگێڕدرێت بۆ وشەی باو، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، شتی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ کاری نامۆ.

کەواتە ئەو وێنە شیعرییانەی لە شیعردا هەن، وێنەی ئەوشتانە نین کە بوونیان هەیە، بەڵکوو دروستکراوی خەیاڵی شاعیرن.

واتە: وێنەی شیعریی ناسینی شتەکان نییە، بەڵکوو تێڕوانیی تازەیە بۆ شتەکان، هەر ئەمەشە وا دەکات وێنەی شیعریی بەهای ئیستاتیکای خۆی هەبێت، بەڵام وێنە لە شیعری نوێدا فەلسەفەی ئیستاتیکای خۆی هەیە دیارترین سیفەت تایبەتمەندی (چالاکی)یە، پێشتر وشە کەرەستەی گوزارشتبوو، بەڵام لەشیعری نوێدا (وێنە) کەرەستەی گوزارشتە

وێنەی شیعریی لەچەند ڕەگەزێکی بونیادی پێکدێت:

زمان و شێوەکانی ڕۆنانی، مۆسیقا بەکێش و ڕیتمەوە، ئاماژە و ئەو هەست و ڕوانگە و وێنە بێ سنوورانەی لێوەی هەڵدەقوڵێن. بەم شێوەیە وێنەی شیعریی وێنەیێکی بونیادی دەقە شیعرەکەیە. لەنێو بونیادی وێنەی گشتی دەقی شیعریی نوێدا، چەندین وێنەی دی تێدایە، تەواو سەربەخۆنین و پێکهێنانی بونیادی وێنەی سەرەکی ناو شیعرە و پەیوەندییێکی پتەو پێکەوەیان دەبەستێتەوە (لەوانەیە هەر یەکەیان بە هێماییێکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێن، کە لەگەڵ هێماکانی دی، لە پەیوەندییان بەهێمای گەورەی بونیادی گشتی شیعرەکە ڕێک دەکەون).

**“ پێشتر وشە کەرەستەی گوزارشتبوو بەڵام لەشیعری نوێدا (وێنە) کەرەستەی گوزارشتە ”**

**“ ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێ، بەرزی و شکۆمەندیی تێدایە ”**

> شیعر ناتوانێت ئەو واتایانەی مرۆڤ بە زمانی بەخشیوە لێی وەرگرێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەگەڕانەوە بۆ سەرلەنوێ ئەفراندنەوەی شوێنێکی نوێ بە زمان دەدات

ڕوخسارو ناوەڕۆک، دوو ڕووەکەی بەرهەمی ئەدەبین، هەریەکەیان ئەویتریان تەواو دەکا و بەبێ یەکدی بوونیان نابێت.

(ئەدەب جوانی و مەعریفەیە. بونیادی بیری لە دەقدا ڕەگەزێکی ئامانجدارە، بەڵام ئەم ڕەگەزە لە کاری ئەدەبیدا، ئامانجی خۆی بەهۆی گێڕانەوەی ئاسایی ناپێکێت، بەڵکوو بەهۆی تەکنیکی ئیستاتیکییەوە دەیپێکێت) هەر لەسەردەمی گریکی کۆندا، جوانی سروشت و هونەر جێگای سەرنجی فەیلسووف و بیرمەندەکان بووە، هەرچەندە گفتوگۆی (هیبیاسی گەورە)ی ئەفلاتوون بەکۆنترین کار دادەنرێت لەم بوارەدا مابێتەوە، کە دەیەوێت پێناسەیێکی ڕازیکەر بۆ جوانی سروشت پێشکەش بە سوکرات بکات، بەڵام چەمکی ئیستاتیکا زۆر لەو هەوڵە سەرەتایە فراوانترە. پاش شۆڕشی ڕۆشنگەری بە کاریگەریی لێکۆڵینەوەکانی (دیدرۆ و کانت و هیگڵ و شۆپنهاوەر) ئەم چەمەکە هەژا، ئامانجیش چەشەی ئیستاتیکا و ئەفراندنی هونەری بوو. لێرەوە دۆزینەوەکانی هونەری خۆی بوو، ئیدی ئەو دیدە هاتە گۆڕێ (هونەر خۆی خۆی تەواو دەکات و پێویستی بەهیچ مەبەستێکیتر نییە) واتە ئەم هەوڵە تیۆرییە بۆ پراکتیزەکردنی داهێنانی هونەری و نیشاندانی بەهاکانی جوانی بەرهەمە لەکۆمەڵێکی دیاریکراودا، چونکە هەر کۆمەڵگەیێک چێژی هونەری و ڕای ئیستاتیکی خۆی هەیە، کەپەیوەستە بە شێوازی ژیانیانەوە، مەبەست لە ئیستاتیکا دارشتنی چەند یاسا و مەرج نییە تا پەیڕەو بکرێ، لەکتێبی ( ئەلف و بێی ئیستاتیکا) دا بەمشێوەیە پێناسەکراوە (ئیستاتیکا بریتییە لە دۆزینەوە و بەدەرخستنی یاسا ئیستاتیکییەکانی جوانی) ئەو مانایەی ئەو یاسایانە لە خودی هونەردا هەن و ئیستاتیکا کاری دۆزینەوەوەیانە، نەک یاسا لە دەرەوە دابڕێژرێت و نامۆبن. هەموو مرۆڤێک هەست بە جوانی دەکات چێژی لێوەر دەگرێت، ڕەنگە هیچ لە ئیستاتیکاش نەزانێت، ئەم هەستکردنە ناچێتە خانەی زانستی ئیستاتیکاوە، پێویستە ئەوەش بزانرێت، کە (وشەی ئیستاتیکا مانای جوانی ناگەیەنێت- پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە- بەڵکوو جوانی بۆتە مەیدانێک بۆ ئیستاتیکا)

ئەرکی ژماردنی جۆرەکانی جوانی نییە، زانستێکە گرنکی بە دۆزینەوەی ماهییەتی جوانی و ڕوونی دیاردەکانی جیاوازی لەگەڵ جوانی سروشت و دیاردەکانی دی ژیان دەدات.

بەلای مرۆڤەوە. واتە ئەم زانستە ئامۆژگاری هونەرمەند ناکات و تیۆری خۆی بەسەردا ناسەپێنێ. بەڵکوو لێکۆڵینەوە لە داهێنانە هونەری و ئەدەبی و بەهاکانی دەکات. ئەم زانستە تەنیا زانینی لەشتە جوانەکان نییە، ئەوشتە ناشرینانەش باس دەکات، کە هونەرییانە گوزارشتیان لێدەکرێت، ئەگەرچی هونەر گرنگترین بابەتێتی، بەڵام تاکە بابەتیشی نییە، جگە لەوەش باس لە سروشت و مرۆڤ و بەرهەمەکانی دی مرۆڤ دەکات.

لەکۆتایدا دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو، کە (ئیستاتیکا بەگشتی لەم پەیوەندییە ئیستاتیکییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە، بەتایبەتیش لە بەرزترین شێوەکانی ئەم پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە ئەویش هونەرە)

هەروەها گۆڕینی هەندێک بەهای ئیستاتیکی، هارمۆنییەت و هاوسەنگی و گونجان لەگەڵ شیاوکردنی داڕشتنی کاری هونەریی کە پشت بە داهێنانی وێنەی تازە ببەستێت و مۆرکێکی نێگەتیڤی بۆ ئەو بەهایانە هەبێت، وەکوو دژایەتی جیاوازی لەکاری هونەرییدا، یان هەروەکوو لە هونەری مۆدێرنیزمدا دەردەکەوێت، کە گرنگی بەو بەهایانەی گۆڕانکاری و بەها تەقلیدییەکان دەدات.

شیعر سیستمێکە لە لادان، هیچ شیعرێک نییە لادانی تێدانەبێت، بەڵام مەرجە لادانەکە هونەری بێت. ئەم زاراوەیە (لادان) لە فەرهەنگە جیاوازەکان و لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا واتای جیاوازی بۆ بەکارهاتووە وەکوو: لابردن، خستنەکەنار، ناوازە، نائاسایی، گۆڕان و ڕووداوێکی نوێ و هتد.

لە ڕەوانبێژیی کۆندا بەپێویستیی شیعریی، قرتاندن و گۆڕان ناونراوە، لای شێوازگەرە ئەوروپییەکانیش زاراوەی جیاواز بەکارهاتووە، وەکوو هەڵە بەکارهێنان، هەڵەی ڕێزمانی، یاخیبوون، نارێکی، دزێوی، ڕووخاندن و سەرپێچیکردن. لە عەرەبیدا زاراوەی (الانزیاح) زۆرتر بەکاردێت. لە تیۆری ئەدەبیدا ئەرستۆ یەکەم کەسە بێ ناوبردن، باسی لادانی کردووە بە داهێنانی وشەی نوێ کە بە ڕێگەیێکی گرنگی لادانی لەقەڵەم دەدات.

سەبارەت بە زمانی شیعر دەڵێت: «ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێ، بەرزی و شکۆمەندیی تێدایە.

لە فەرهەنگە ئەدەبییەکانی زمانی ئینگلیزیشدا

> **زمان ئادەمیزاد لە هەقیقەتی بوون فریو دەدا، بەڵام هەر لەمیانەی ئەم فریودانەوە هەقیقەتمان پێ ڕادەگەیەنێت**

(DEVIATION) لادان بەکاردێت مانای جیاوازی هەیە و دیاردەییەکی ئەدەبییە و دوورکەوتنەوەیە لە دەستوور و نەریت و زمانی باو لە ئاستە جیاوازەکاندا. دانانی پێوەر بۆ لادان گرفتسازە، جان کۆهین پێوەری جیاکردنەوەی شیعر و پەخشانی داناوە، ڕۆلان بارت چێژ و پلەی سفری نووسین، دەتوانین لەم ڕوانگانەیەوە بە پێوەری زمانی ئاسایی، کۆنی و نوێیی، خوێنەر. بناسێنین، کە لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا گەلێک زاراوەی بۆ دادەنرێت، وەکوو: (گۆڕان، ترازان، تێکدان، تێکشکان، سەرکێشیکردن، زەقکردنەوە، خزان، تێپەڕاندن، گەمەی زمانی، لادان) دەتوانین بڵێین زمانی شیعر بنەمای پێکهاتەی لادانە، چونکە گوتاری ئەدەبی گەمەکردنە بە وشە و هەڵبژاردنیەتی، ئەمەش لەسەر بنەمای ئاوێتەبوون و پەیوەندی بە نووسەر و خوێنەر و بابەتی هەڵبژێردراوەوە دێتە ئارا (مالارمێ) وشە وەکوو کرۆکی کردەی شیعریی دەبینێت و دەڵێت: «ئێمە دێڕە شیعرەکان بەبیر دروست ناکەین، بەڵکوو بە وشەکان دروستیان دەکەین» داهێنانی زمانی سەرەتا لە هەڵبژاردنی وشەکانەوە دەستپێدەکات. لادانی وشەیی لای شاعیران پەیوەستە بە پێکهاتەی ناوەوە و دەرەوەی وشە. لە ڕێگەی داتاشین و ڕۆنانەوە، شاعیرانی قۆناخی ئەمڕۆ بەسوود وەرگرتن لەزاراوە جیاجیاکان گەلێک لەو وشانەیان داهێناوە، کەلێرەدا ناکرێت یەک یەک نموونەیان لێ بهێنینەوە، شاعیران وشەی ڕۆژانەیان بەکارهێناوە و دەستکاری ڕۆنانی وشەیان کردووە، لە ڕستەشدا یەکخەری سەرجەم دانەکانی زمانە. بە جۆرەکانی پێش و پاشخستن، هەڵەی ڕێزمانی، هاوتەریبی (پاڕالێل).

بۆیە زمانی شیعر ورووژێنەرە و بە ستاتیکا بارگاوییە و قاڵبە جێگیرەکان دەشکێنێت و دەستکاری پەیوەندیی نیشانکار (دال) و نیشانکراو (مەدلول) دەکات. زۆرجار پارادۆکسانە دەبێتە کردەییەکی زمانی شیعریی و دەکرێت لە وشە، یان ڕستە، یان سەرتاپای دەقدا دەرکەوێت. ئەمە جگە لە دەستکاریکردن و لادانی واتایی لە ڕێگەی لێکچوواندن و خواستن و دواتر ئاماژە بە ئەدگارەکان وەکوو ڕەمز و جۆرەکانی و مەبەستی جیاواز بە نموونەی ڕەمز لە خوددا هەروەها هەستگۆڕین وەکوو کردەییەکی واتاگۆڕی کە ستاتیکای شیعر بەرز دەکاتەوە.

**بۆ کۆتایی لێکۆڵینەوەکە:**

لێرەو دەمەوێ لەبارەی شیعرەوە بەگشتی شتێ بڵێم، شیعر دەروازەییەکە بۆ دەربڕینی هەست، بۆ ئەوە بێ دوودڵی دەبێت باشترین وشە هەڵبژێریت بەوشێوەیەی خۆت دەتەوێت هەستەکانت بگەیەنێت و شیاوی ئەو ئەرکە بێت، بۆیە لێرەدا پێویستە ماندوبیت بۆ وەچنگ خستنی، یان وەدەستهێنانی وشەی ڕاست و دروست. تا وشەییک بێت بدرەوشێتەوە وهێزی شیعری هەبێ، بەجۆرێک زۆرترین کەس بیخوێنێتەوە، وشەییک بێت لە دەست لە دڵیانبدات، بۆیە دەبێت بە وشە دەستەواژەییک دروست بکەیت وگرنگی پێ بدەیت تا مانا بگەیەنێ، بۆیە گرنکە شارەزای تەکنیکی ئەدەبی ببیت و لە چۆنیەتی بەکار هێنانی میتافۆر شارەزابیت بۆ بەهێزکردنی وشەکانت.

> **ئەو وێنە شیعرییانەی لە شیعردا هەن، وێنەی ئەوشتانە نین کە بوونیان هەیە، بەڵکوو دروستکراوی خەیاڵی شاعیرن**

وەک دەبینین زۆرێک لە شیعر بێ گیانە ڕۆحی نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر شارەزایی و ئەزموونی نییە، نازانێ بابەتەکە چییە و دەشنوسێت. واتە پێویستمان بە یادەوەرییە بە ئاراستەی مێژوو ڕابردوو بزانێ ئینجا دەست بە ئەزموون بکات، چونکە مێژوو، ڕابردوو، یادەوەریی دەبێتە بابەت، کاتێک شاعیر بەیادەوەریی خۆی دەنوسێ بیرکردنەوە و هەست زۆرهەستیارانە خۆی ئاشکرا دەکات، ئەمەش زیندوو کردنەوەی هەست و سۆزی خۆمانە. لێرەوەیە دەتوانین دەست لە دڵی خەڵک بدەین، چەند هەست بە خۆمان بکەین زیاتر لەدڵ نزیک دەبینەوە و دەتوانین دەست لە دڵی خەڵک وەردەین هەست و سۆزیان بجوڵێنین، ئەمە نەکەین ناتوانین ڕۆح بە شیعر ببە خشین.

**سەر چاوەکان:**

١- د. عناد غزوان و الاخرون، الشعر والفكر المعاصر، دار الحريەللطباعه، بغداد، ١٩٧٤.
٢- يدالله رويائی، عبارت از چيست؟ سكوی سرخ ٢، انتشارات اهنگ ديگر، تهران، ص، ٢٨، ٣٧.

٣- سایت و گووتارنامەیا ڕۆژئارتیکڵ. چەمکی نامۆی پلۆرالیزم، ڕزگار کاوانی- هەولێر، ٢٠١٩.
٣- نیچە، ژیان....
٤- بــا لە هەرێمی کوردســتــانی فرەڕەنگ و فــرەدەنگدا تەنیا یاسا سەروەر بێت، قەرەنی قادری، ئابی ٢٠١٩ سایتی هەولێر.
٥- وشەسازی زمانی کوردی، پ. ی.د ڕەفیق شوانی، هەولێر - ٢٠١١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکوریانی،
٦- محمود قحطان،أساسیات الشعر: الالفاظ والکلمات. سەرچاوە:
هایدیگەر و ئونتۆلۆجی شیعر، د. محەمەد کەمال
٧- گۆڤاری شیعر ژمارە (١) چاپی دووەم، ساڵی ٢٠١٦) سلێمانی.
نان و شــەراب، فریریش هۆڵدەرلین، شیعر، دلاوەر قەرداغی کردویەتی بەکوردی، پێشەکی و بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە ئەڵمانیەکەی بەکر عەلی، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانە: تاران، ٢٠٢٠.
ناوەڕۆک و شێوە (فۆرم) .
٨- هیگڵ. لۆجیک. سەرجەمی بەرهەمەکانی ، مۆسکۆ- لیلینگراد،بەرکی یەکەم ل ٢٢٥.
٩- پێتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیوری ئەدەبی و شوناسی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر، بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، ٢٠١٨.
وێنەی شیعری
١٠- ســەرچــاوە: سیسل دی لویس، الصورە الشعریە، ترجمە (د. احمد نصیف الجنابی و الاخرون)، دار الرشید للنشر، بغداد، ١٩٨٣.
١١- نظریە البنائیە فی النقد الادبی، ط(٣) دار الشؤون الثقافیە العامە ، بغداد، ١٩٨٧.
١٢- د.سمیر علی سمیر الدلیمی، الصورە فی التشکیل الشیعری، دار الشؤن الثقافیە العامە، بغداد، ١٩٩٠.
١١- جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کــوردی/ کوردستانی عێراق (١٩٥٠-١٩٧٠) دەزگای سەردەم، ٢٠٠٨.
١٢- محمود البستانی، فی النظریە النقدیە، کتاب الجماهیر، ١٩٧١.
١٣- ئیستاتیکای بە تەوای چاکراوە.
١٤-الـموسـوعـە الفلسفیە المختصرە، نقلها عن النجلیزیە (فـواد کامل و جلال العشری و عبدالرشید الصادق) دارالقلم- بیروت، منشورات مکتبیە النهضە، بغداد.
١٥-کامل ژیر، کوردایەتی ، چاپخانەی نەجاح، بەغدا، ١٩٦٠.
١٦- جەمیل ڕەنجبەر، ڕازوسکـاڵا، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٨.
١٧- د. کمال عید، جمالیات فنون، دار الحریە للطباعە، بغداد، ١٩٨٠.
١٨- الاسس الجمالیە فی النقد العربی، الطبعە الثالثە، دار الفکر العربی، قاهرە، ١٩٧٤.
١٩- جماعە من الاستاذ السوفیات، اسس علم الجمال المارکسی اللینینی، ترجمە د. فواد مرعی، دارالجماهیر العربیە، دمشق، دار الفارابی، بیروت، ١٩٧٨.
٢٠- www.awu-dam.org/ htm.٥٥.....mokf٣٧٨/٣٧٨/mokifadaby
رمضان بسطاویسی محمد د. النص الادبی بین المعلوماتیە و النتوظیف الفنی
٢١- سەرچاوە
لادان لە شیعری نوێخوازی کوردیدا ١٩٨٠-١٩٩١
سافیە محەممەد ئەحمەد لە ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆلێژی زمان/ زانکۆی کۆیە.
٢٢- بێرتێنز (هـانز)، ٢٠١٥، بنەماکانی تیۆری ئـەدەبی، و:عـەبدولـخـالق یـەعقووبی، دەزگـای سـەردەم،
٢٣- عەبدوڵڵا (عەبدولموتەڵیب)، ٢٠١٢، پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەرایی دا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
٢٤- فرۆید(سیگمۆند)، ٢٠٠٥، ئیگۆ و ئید، و:یوسف عوسمان حەمەد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر
٢٥-الماجدی (خزعل)، ١٩٩٩، الدین المصری، دارالشروق لاپەڕە دە.
٢٦- نزار قەبانی، سەر گوزەشتەم لەگەڵ شیعر، وەرگێڕانی: عەبدولڕەحیم ئەحمەد، بڵاوکراوەی هاوبەشی موکریانی و ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥
٢٧- یــادەوەری، شــونـاس، مـۆرک ( گۆشـەی (مدارات)ی ادنیس، ڕۆژنامەی (الحیاە)ی لەندەنی ساڵی٢٠٠٦ جەمال غەمبار کردویەتی بەکوردی

# دەق

- **قەبرێکی دیــکە**

محێدین تەها

- **تۆماری نوێ**

زایەر عەبدوڵڵا

- **شارێکی ناتەواو**

سمکۆ محەمەد

- **کەشتی مەست**

ڕامبۆ - لە فەرنسییەوە: ئەحمەدی مەلا



# قەبرێکی دیکە

وتـــم ئـــەی رووحـــی ڕەوانـــم
دەمـــنـــاســـی کـــە مـــن بـــورهـــانـــم
بـــولـــبـــولـــی بـــاغـــی دڵانـــم
بـــێ پـــەڕ و پـــوچ و بـــاڵـــەوە

**(جاهید)**

**محێدین تەها**

چەند دار پرتەقاڵێک لە یەک ڕیز، گەڵا زۆرەکانیان بەسەر دیوارەکە شۆڕببوونەوە، کزە بایەکی هێمنیش ئاوێزانی یەکتری دەکـردن، بەشێکی ڕەنگی دیوارەکـەیان شاردبۆوە، زەردەپـەڕی زستانی بێ تینی ئەو ئێوارەی هێمنی شارەکە، هێدی هێدی بەنێو گەڵای پرتەقاڵەکان و دیوارەکە دەکشا، ئەو چاوی لێ کرد، گەڵای پرتەقاڵەکان هێندە درێژ دەبوونـەوە بەسەر دیـواری گشت ماڵەکانەوە هەڵدەگەڕان و پێ بە پێ دەڕۆیشت تا دەرگاکانیشی ون دەکـرد، ویستی وردتـر دیقەت بدات، کەچی نەیتوانی. خۆی تەسلیمی ئەو تەماشاکردنە کرد، هەستی نەکرد گێژ دەبێت، دڵی خۆش بوو، هەناسەکانی هەڵی دەمژین، دەتگوت قەندن، یا ماچی شیرینن. لەبەر ئـەوە هـەر لە گەڵاکانی دەڕوانـی، هێندە درێژ دەبوونـەوە تا ڕەشایی جادە قیرە لار و خوارەکە وەک مقەس هێرشی گەڵاکانی بەسـەر دیـوارەکـان قرتاند. لەپڕ وڕەیـەک بە بناگوێدا تێپەڕی، دڵخۆشتری کرد، بە خۆی گوت: (چ ڕۆژێکە کێشکە هێندە لە ئینسانەکان نزیک دەبنـەوە، دەڵێی شـەوی ئەنگوستەچاوە، یـان شەمشەمەکوێرەکان بۆ عـەردی دادێنـەوە و هەڵدەفڕن). وڕەی دووەم هێندێک بە ئاگای هێنایەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: (تەیری چی؟) وڕەکان زیادبوون، بەرەو ڕووی دەهـاتـن و دەکـەوتـنـە سـەر عـەردەکـە. هێندێک دوورتـر لە پشتییەوە منداڵەکان دەستیان بە هەراوهۆریا کرد و دەتگوت سەردەمانی زووە و هێرش بۆ قەڵایەک دەبەن. سێرەیان لە پیاوێکی سەرخۆش گرتبوو، کە خوار و خێچ و شل و شۆڕ هەنگاوی هەڵدێنا، هەستی کرد وڕە وڕەکان بەتایبەتی ڕوویان لەوە، ڕووی لە منداڵەکان کرد، هیچ جارێک هێندەی ئەم جارەی نەخواردبووەوە، بەتایبەتی لە کاتێکی هێندە زووی خواردنەوەدا، ڕۆژانی پێشوو کە دەگەڕایەوە ماڵێ دونیا تاریک و نوتەک بـوو، هـەر بە حاڵ تاکسییەکی چنگ دەکەوت.

منداڵەکانی لەناو تارمایی دی. لەوێوە وڕەی بەردەکانی هەست پێ کرد، ڕەنگە هێندێک بەردی پێ کەوتبێ، بۆی ڕوون نەبۆوە، پێی کەوتوون یان نـا؟! لـەو نێوەدا هـەرخۆی و منداڵەکانی هەست پێکرد، دەنگی هەڵێنا: (هەی شەیتانینە لۆ وا دەکەن؟!) منداڵەکان هەرایان کرد، بەردەکانی دەستیان بۆ هاوێشتن حازر کردبوو، یەکێکیان گـوتـی: (دەی شـەیـتـانـی ڕەجـم کـەن) وڕەی بەردەکان زیادبوون، پیاوەکە هەنگاوە خوار و خێچەکانی خێراتر کـرد، تـەواو لە خانووەکان دوورکەوتبووە، کەچی گەڵای دار پرتەقاڵەکان لەگەڵ ڕەنگی ڕەشی جادەکە لە ملمڵانێ دابوون، دەیویست خۆی لە شوێنێک پەنا بـدات، بەڵام وڕەی بـەردەکـان سـەری لـێ شێواند. هێشتە هەناسەکانی وەکوو خۆی بوون، چاوی گێڕا، پەناگەیەکی بەرچاو نەکەوت، یان ئەوەتا وای زانی لە شوێنێکە هیچ پەناگەیەکی لێ نییە.

منداڵەکان وازیان لە پیاوەکە نەهێنا، هەرچەندە گەمەیان دەکرد، بەڵام پێشتر لە شەرە بەردێکی دۆڕاو گەڕابوونەوە، یەکێکیان گوتی: (با تۆڵەی

گەڕەکی تەیراوەش لەو سەرخۆشە بکەینەوە) یەکێکی دیکەیان هەڵی دایە: (هەم لێی دەدەین و هەم خێریشمان دەگاتێ) یەکێکی دیکەیان گوتی: (ماوەیەک بوو بزر بوو، ئەوە ئەلعان بەدەرکەوتەوە)

پیاوەکە نەیزانی بڕیاری چی بدات، خۆی دانەواندەوە، بەردێکی هەڵگرتەوە، بە هەنگاوە شلۆقەکانی کەمێ چووە پێش، بەردەکەی تێگرتن، منداڵەکان کردیانە هەراوهۆریا. منداڵێ لە پێشەوە بوو، گوتی: (ئیف.. دەڵێی میزی باپیرمە..) یەکێکی دیکە گوتی: (کوا.. هێندێک بەردی دیکە بهاوێ) منداڵەکان دایانە قاقای پێکەنین و بە پێکەنینی یەکدیش پێدەکەنین. دواجار منداڵێک هەردوو بەردی دەستی پێکدادەدا. شریخەکەی کۆتایی بە پێکەنینەکان هێنا.

پیاوەکە بەدەست منداڵەکانەوە تەواو جارز ببوو، خۆی تاقی کردەوە، لەپڕ هێرشی بۆ بردن، دوو بەردیشی هاوێشت، هیچی بە هیچ نەکرد، منداڵەکان پەرتەشیان نەکرد، کەچی وەژەوژی بەردی منداڵەکان زیاتر بوون. جاری واهەبوو لە یەک لەحزەدا دوو وژەی بە بن گوێدا دەهات، لەوە گەیشت بەو هەست و نەستەی هەیەتی، ناتوانێ ڕووبەڕووی منداڵەکان ببێتەوە، گوێی لێبوو، منداڵەکان هاواریان دەکرد: (ڕەجمی کەن.. ڕەجمی کەن). پیاوەکە لە جەستەیدا ببووە دوو نیوە لە بێ ئاگایی و ئاگایی، نیوەی هۆشیاریی، خەریکی منداڵەکان بوو، نیوە دیکەی لە جیهانێکی دیکە بوو، بەڵام هۆشیارییەکەی وەک قاچەکانی شڕ و شلۆق بوون.

بەردێکی بە قۆڵی کەوت، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، وژەی بەردەکان زیاد بوون، بەردێکی دیکە هەڵقۆزییەوە و بە بەڵەکی کەوت. وژە و هێرشی بەردەکان بۆ ئەوە بوون بەرەو جیهانی ئاگایی ببەن، کەچی هێندەی نووکی دەرزی باڵانسی ئاگایی لە جەستەیدا زیادی نەکرد، بەڵام ئەو کاتەی وژەی بەردەکان لەسەری نزیک دەکەوتنەوە، هەستی بە مەترسی دەکرد، ڕەنگە ئەگەر سەری بشکابا، یان ئەستوور بووبا. لەو وەزعەی تێیدایە ئازاری کەمتر دەبوو، هەتا ئەگەر ئەوەش ڕوویدا، ئەوهای پێی خۆش نییە. نەیدەزانی ئەو منداڵانەی بەردیان تێی دەگرت، ژمارەیان چەندە؟! حەزی دەکرد بزانێت کەسیان دەناسێت، منداڵەکانی لەناو تەمدا دەدیت، جاروبار تەنیا چەند دەستێکی دەدیت، بەردیان هەڵدەهاوێشت. یەک هەنگاو چووە پێش هەندێ ڕووی منداڵەکانی دی، هەر لەناو تەمدا تەنیا دەموچاویانی دەدیت. چاوانی هەڵپشکافت، زۆری لە خۆی کرد هەرهیچ نەبێ یەک دووانێ بناسێتەوە، کەسی بۆ نەناسرایەوە. سەرنجی دا یەکێ لە منداڵە بەردهاوێژەکان وەک خۆی بە دەستی چەپە بەرد دەهاوێژێت، سەرەتا لێی دیار نەبوو، چۆن بەردەکەی گرتووە! بە هات و هاوارەوە چووە پێش، منداڵەکان کەمێ کشانەوە، هەر لەو منداڵەی ڕوانی بەردێکی دیکەی لە دەستی چەپە مابوو، بڕوای نەکرد، دەتگوت چاوی ڕەشکەوپێشکەی کردووە، دووبارە چاوانی هەڵپشافت، سەری لەرزاند تا بڕێکی هۆشیاریی زیاتری بۆ بگەڕێتەوە، منداڵەکەی بە تەواوی دیت. سەری سوڕما، هەرگیز بڕوای نەکرد، ئەوە خۆیەتی بەس لە عومرێکی دیکە، ئەوە خۆیەتی بەردی لە دەست گرتووە و لە خۆی دەگرێت بە خۆی گوت: (ئای.... ئەوە کێیە بەردم تێ دەگرێت؟!)

لە منداڵەکانی دیکەشی ڕوانی، بێجگە لەو هیچ منداڵێکی دیکەی نەناسییەوە، هاواری کرد: (بورهانتان لەگەڵە)

منداڵێ گوتی: (بورهان کێیە؟!)

یەکسەر وەڵامی دایەوە: (مامۆستا بورهان)

منداڵەکان لەو لەحزەیەدا بەردیان نەدەهاوێشت، هەموویان پێکەوە دایانە قاقای پێکەنین و تریقانەوە. منداڵە گەورەکەیان گوتی: (سێزدە ساڵی دیکە ئەمن دەبمە مامۆستا بەس ناوم مامۆستا بورهان نییە)

منداڵێکی تەنیشتی هێندە پێکەنی، سکی خۆی گرتبوو، لە تاوی پێکەنین خۆی نووشتاندبۆوە. منداڵە گەورەکە هەڵی دایێ: (یەڵڵا با پێکەوە ئەو شەیتانە بەردباران بکەین، یەڵڵا خێرمان دەگاتێ).

پیاوەکە هەر زەینی بەلای ئەوە بوو کێ بورهانە؟! چەندان وژەی بەردی گوێ لێ بوون، ڕەنگە بەردێکی بە شانی کەوتبێ، یا دەستی، هەستی نەدەکرد هێندە ئازاری بدات، سەرەتا گوێی پێ نەدا، بەڵام لەژێر هوروژمی بەردەکان، کشایە دواوە و منداڵەکانی دەدیت لەنێو تەمدا دەسووڕانەوە، دەمێک پێڵوی چاوەکانی قورس دەبوون، بە وردی لە تەمەکەی دەڕوانی، بەرە بەرە تەمەکە بەرە لێڵی و لێڵتر دەچوو، کراسە سوورەکەی سەردەمی منداڵیی خۆی دیت، ڕەنگی کراسەکە

تەمەکەی سپیتر کردبوو، ڕەنگی جلوبەرگەکانی دیکە کاڵ دەبوونەوە، دەمێک چالاکیی منداڵە کراس سوورەکە سەرنجی ڕادەکێشا، دەمێک دەچووە لەززەتی گوێ لێبوونی هەناسەکانی خۆی. وەک ئەوەی دامابێت، تەنیا لەوی دەڕوانی، منداڵە کراس سوورەکە بە هەموو لایەکدا دەسووڕایەوە، جاروبار سووک، یا گران گوێی لە وژەی بەردەکان دەبوو، دووبارە هاواریی کرد: (بورهان.. لەناو ئەو منداڵانە چ دەکەیت؟!)

هیچ وەڵامێکی نەبیست. دەنگی قاقای پێکەنین و تریقانەوە بەسەر وژەی بەردەکان زاڵ بوو، پیاوەکە وازی نەهێنا: (بورهان کەنگێ هاتوویە ناو ئەو منداڵانە؟!)

بە کزی گوێی لە هاواری منداڵەکان بوو: (شێتە.... شێتە، شێتە.... شێتە) هەستی کرد ڕیتم و ئیقاعێکی دڵخۆشکەر لە هاوارەکەیان هەیە. کەچی هیچ بایەخێکی بە جنێوەکە نەدا. هەناسەدان و وەرگرتنەکانی لەززەتی پێ دەبەخشی، وردە وردە گوێی لە تەنیا دەنگێک دەبوو، نەیزانی دەنگەکە لە کوێ دێ؟! خەریکبوو بە خۆی بڵێ: (ئەگەر چاو و گوێشی دابخات، دەنگەکەی لێ نابڕێ)

هێواش هێواش دەنگەکە بەسەر دەنگی منداڵەکان زاڵ دەبوو، کەچی هەر ئەوەتە دەیزانی: (شێتە... شێتە، شێتە.... شێتە) لە دوور، یان دوورتر دەنگی دێ، پێڵوی چاوەکانی هەڵگلۆفی و هاواری کرد: (بورهان هیچی کە بەردان مەهاوێ)، تەماشای حەشاماتی منداڵەکانی دەکرد، تەنیا جموجۆڵی منداڵێکی کراس سووری هاتە بەر چاو، منداڵەکە گوتی: (ئا... بەردت تێ دەگرم).

پیاوەکە هەستی کرد لە شوێنێکی قووڵەوە دەنگەکە دێ، وەک ئەوەی شیعرێک بخوێنێتەوە، قامکەکانی هەڵبڕی و گوتی: (ئێ.. لۆ بابە بەردم تێ دەگری)

منداڵەکە دەستی بە کراسە سوورەکەی سڕی، بێ ئەوەی تەماشای عەرزەکە بکات، بەردێکی بچووکی کەوتە دەست، بەنێو تەمەکەدا دەهات و دەچوو. دەتگوت بە تەنیا خۆی لەوێیە، هاواری لێ هەستا: (ئەتۆ لۆوەی باشی بەردبارانت کەم)

پیاوەکە لەبەر خۆی وەک خەندەیەک بکات، تەماشای منداڵەکەی کرد: (ئێ خۆ کوڕم هێلانەی پەڕەسێلکەم تێک نەداوە!)

منداڵەکە بەردەکەی هاوێشت، لەبەر گۆزینگی پیاوەکە هەڵقۆزییەوە، ئەویش هێندە بەردەکەی بۆ گرینگ نەبوو. منداڵەکە هەڵی دایێ: (ئەی ئەتو... دار لاستیکەکەمت نەشکاند؟!)

پیاوەکە ویستی فیکر بکاتەوە کەی ئەو کارەی کردووە؟! بە سووکی فشاری خستە سەر یادەوەرییەکانی، هیچی بیر نەکەوتەوە، هەوڵی دا بزانێت لە چ ماوەیەکدا بووە؟! کەی؟! چۆن؟! نەیتوانی بگەڕێتەوە هیچ زەمەن و شوێنێک. ناچار وازی لە یاردەوەرییەکانی هێنا. پێی گوت: (بابە وەڵڵا.. ئەمن نەمشکاندووە، ئاخر ئەمن دەناسی، دەزانێ ئەمن کێم؟!)

منداڵەکە نزیک نەکەوتەوە، دەستی گێڕا بە عەرزەکە تا بەردی دیکە هەڵگرێتەوە، وەڵامی دایەوە: (ئەدی کو ناتناسم، زۆر باش دەتناسم)

پیاوەکە ڕووی بەلای دار پرتەقاڵەکاندا سووڕاند، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دەنگی لێ هەڵبڕی: (باشە ئەمن کێم؟! کوڕی کێم؟! چ کارەم؟!)

منداڵەکە هەستایەوە، خۆی قیت کردەوە، چنگێکی پڕ بەردی بە کراسە سوورەکەیەوە نووساند، وەڵامی دایەوە: (ئەتو ناوت بورهانە، مووەزەفی لە دائیرەی، بابت ناوی محەمەدە و باپیرت ناوی بورهانە)

پیاوەکە سەرسام ما، ویستی بە وردی لێی بڕوانێت لە ئێوارەی کورتی زستاندا، لەو لەحزەیەدا سێ ڕەنگی دیت، سەوزایی گەڵای دار پرتەقاڵەکان کشابوونە نێو تەمێکی سپی، کراسێکی سووریش دەتگوت لە سەما دایە، دەچووە سەر سەوزایی گەڵای دار پرتەقاڵەکان و دەگەڕایەوە. پیاوەکە سەری ڕاوەشاند، لەگەڵ ئەوەی وێنەی منداڵە کراس سوورەکەی لە تەمتوماندا دی، کەچی سەرچاوەی دەنگی منداڵەکەی بۆ کەشف نەبوو.

دەنگی وژە وژەی بەردەکان بەنێو هەوا ساردەکەدا، لەو کاتەی منداڵەکە بێ دەنگ دەبوو، زیادی کرد. لەو لەحزەیەی هەردوو دەنگی وژەی بەرد و منداڵەکە نەدەما، بە حاستەم گوێی لێ دەبوو، هاوارێک لەوان هەڵدەستا: (شێتە... شێتە، شێتە... شێتە) هەر مێشکی بەلای منداڵە کراس سوورەکەوە بوو، تۆزێک چاوی هەڵگلۆفی، لە دڵی خۆیدا گوتی: (دەبێت ئەو هەتیوە هەویە-ناسنامەکەی منی لا نەبێ)

بە دەستی گیرفانی سەر دڵی پشکنی، برە

پارەیەکی کەم و کاغەزێک و ناسنامەکەی و قەڵەمێکی هەست پێ کرد، لەگەڵیشدا گوێی لە وژەی بەردێک بوو.

ویستی بەرەو منداڵە کراس سوورەکە بچێت، کەچی هوروژمی وژەی بەردەکان لە جێگەی خۆی وەستاند، دوو بەردی بچووکی هەست پێ کرد بەردەستی و ڕانی کەوتن، لەگەڵ ئەوەش هیچ ئازارێک بە جەستەی نەکەوت. هاواری لە منداڵەکە کرد: (هێی وەرە... بزانم چۆن دەمناسی؟!)

کەمێک گوێی لە پێکەنین و تریقانەوەی منداڵەکان بوو. هەناسەکانی خۆی هێندە پێ ڕەوان بوون، هێندەی هەڵدەمژی، چێژی بە تەواوی جەستەی دەبەخشی، دووبارە بە تەنیا ڕووی لە منداڵە کراس سوورەکە کرد، خۆی نەیزانی هاوار دەکات، یان نا! پێی گوت: (بابە... دەزانی ئەمن شاعیرم، پێش ئەوەی مووەزەف بم، شاعیرم. بێجگە لە قەڵەم و جگەرە و شەڕاب، هیچی دیکە شک نابەم، هیچی دیکە ناناسم، بە قەبری ئەوەی ئەتو خۆشت دەوێ، بە حەیاتی پێم لە مێرووستانەکی نەنایە، ئەوجا دارلاستیکی تۆم شکاند بێ... نا... نا... ئەوە من نیم... ئەتو غەڵەتی).

چاوی لە تەمەکە کرد، هێواش هێواش سپیایەتیی تەمەکە ڕەنگەکانی دیکەی ون دەکرد، منداڵە کراس سوورەکەش زیاتر و زیاتر دەچووە قووڵایی تەمەکە. بە هەناسەکانی دووبارە دڵی خۆش بوو، دەنگی وژە وژی بەردەکانیش بڕان، لەنێو تەمە ساردەکەی دەوروبەریدا یەکسەر سێبەری پیاوێکی کەتە و زل، دیمەنی منداڵەکانی لێ گرت. پیاوە کەتەکە بن پیلی گرت، پێی گوت: (کاک بورهان، بەو ئێوارە درەنگە لێرە چ دەکەیت؟! ئەتو هەر شەوان ئەو بەزمەت ساز دەکرد!).

بورهان چاوی لە پیاوەکە کرد، تەواو نەیناسییەوە، تەنیا هێندە هەوڵی دا بۆنی دەمی پیاوەکە بێزار نەکا، خۆشی نەیزانی چۆن گەیشتووەتە ئێرە، پیاوەکە درێژەی بە قسەکانی دا: (ئەمن دەناسی؟!) ئەویش بۆ ئەوەی بێ وەڵام نەبێ، لە جیرانەکانی پیاوێکی شک برد، کە زۆرجار یارمەتیی دابوو، بۆیە وەڵامی دایەوە: (ئەتو مەلا مووەفەق نی؟!) پیاوەکەش کە لە جێی خۆی وەستابوو، سکی پێ سووتا، پێی گوت: (کوڕە مەلا مووەفەقی چی؟! ئەمن سابیری حەرەسم) لەو لەحزەیەدا کەمێکی لە بیر بوو جیرانەکانی بناسێتەوە، ئەگەرچی زاکیرەی زۆر ڕووداوی سەیر و سەمەرەی لەگەڵ جیرانەکانی تێدابوو، کەچی حەزی نەدەکرد ناویشیان بهێنێت. ویستی هەنگاوێک هەڵێنێ و ڕێ بکات، پێیەکانی تێک ئاڵان، پیاوەکە بن پیلی بەردا، وای زانی بۆ خۆی بە ئاسانی دەڕوا، ئەویش چاوەڕوانی پیاوەکە بوو یارمەتیی بدات، لەپڕ قاچی نووشتایەوە و کەوت، پیاوەکە هەردوو بن هەنگڵی گرت، بە هەموو هێزی خۆی هەوڵی دا بەرزی بکاتەوە، لەپڕ گوتی: (دەک ماڵت نەشێوێ، ئەوە بۆ هێندە قورس و گران بووی، دەڵێی نەفەرێکی دیکەت لەگەڵ خۆت هەڵگرتووە؟!)

بورهان لەو کاتە بێ ئاگا لە پیاوەکە، پێی گوت: (ئەتۆش منداڵەکە دەناسی؟!) پیاوەکە هەر کە گوێی لە وشەی منداڵ بوو، بیری کەوتەوە، چەند لەحزەیەک پێشتر ئەو منداڵانەی بەردیان لە بورهان دەگرت، پاسی کردن، دووری خستنەوە. ڕەنگە چووبنە کۆڵانێکی دیکە، پێی گوت: (منداڵی چی!! هەموویان ڕۆیشتن، ئەتۆ دیارە وەجبەی بەردبارانی منداڵانت هەیە، بۆیە فشەت بە شەڕی ژنەکەت دێ، هەرگوێی پێ نادەی).

پیاوەکە هێزوتینی زۆری بە خۆیدا، هەستی بە بۆنێکی غەریب کرد، بێزی لێ دەبووەوە، بە توندی بورهانی گرتبوو، نەکەوێ. پێی گووت: (پیاوێکی بێ ئیغباری، ئەتو مووەزەفی، خوا دەست و قەڵەمی دایێ، نازانم لۆ بە دوای ئیشەکی دیکەش ناکەوی!)

بورهان تەماشای قاچەکانی خۆی کرد، عەرزەکە وەک مێرووڵە ورد ورد لەبەر پێیەکانی دەڕۆیشت، دواتر مێرووڵەکان لە پەنجەی پێیەوە بەنێو دەمارەکانی خوێنییەوە بە جەستەیدا هەڵدەکشێن. دەستی لەسەر شانی پیاوەکە دانا، پیاوەکەش هەنگاوی هەڵێنا: (وەرە با ڕێی ماڵەوەت پێ نیشان دەم، درەنگم بەسەر دادێ، ئەوەش بەخت و ناوچەوان، ئەمن شەوان لە ماڵ و ژنی خۆم دوورم، بزانە ئەتووش شەوان چ بە خۆت دەکەیت، هەتا بن کەپووت قوزەڵقورتی دەخۆیەوە، ئەو ژنە جوانە و جاحێڵەت بە تەنیا جێ دێڵی، ئەمنیش بە حەرەسیاتی جێی دێڵم، تف لەو کاسبییەی، خودایە شوکر).

پیاوەکە دەمی خستە بن گوێی: (ئەها... چوار کۆڵانی دیکە ببڕە، کۆڵانی پێنجەم یەکسەر دەگەیەوە ماڵێ، بەس ئەگەر بە گوێم دەکەیت

ڕاست و ڕاست برۆ دەگەیەوە ماڵێ). لەوێ لە نزیک عامودێکی کارەبا جێی هێشت.

لێرە لە کۆڵانە درێژەکەی ڕوانی، هەستی کرد بە ئێرەدا ڕێگەیەک دەیباتەوە ماڵێ، چاوی لە عامودەکە کرد، ئاسنە ژەنگاوییەکانی فەزای بەردەمیان قاوەیی کرد، هەر هێندەی دەزانی تا ئەو تەمەنە دەیان چیرۆک و بەسەرهاتی لەگەڵ ئەو عامودانە هەن. دووبارە هەمان بۆن و هەمان ڕەنگی بەسەر وێنە ناتەواوەکانی زاکیرەی تێپەڕین. کەچی جودا لە بۆن و ڕەنگ، عاموودەکە دنگەیەکی بەرزی لێوە هات، لەو کاتەی دەستی بە عاموودەکەوە گرتبوو، بەری دا. لە جێگەی خۆی سڵەمییەوە، لە ماوەیەکی کەمدا تەمە چڕەکەی زستانی ئێوارەی بەردەمی لەبەر چاویدا پڕ بوون لە منداڵ.

لەنێو تەمەکەدا منداڵەکان قۆڵ و باسکیان بەرز دەبووەوە، لە جوولەیێکی بەردەوام دابوون، پێ دەچوو ژمارەیان لە جاری یەکەم زیاتر بێ، وژە وژی بەردەکانیش ڕووی لە هەڵکشان کرد، چاوی لێ کرد، ڕەنگی کراس و جلوبەرگی منداڵەکان لەنێو تەمەکەدا وەک فڵچەیێک بە دەست منداڵێکەوە هەرجارەی ڕەنگێک بە تەختەی نیگارکێشک بکێشیت وابوو. ڕەنگەکان بەنێو تەمەکەدا مەلەیان دەکرد، دەنگی قاقای پێکەنینیش تیژ تیژ لە کەللەی دەدا.

تەماشاییێکی ئاسمانی کرد، حەزی دەکرد سەر تەلی کارەبای عاموودەکان پڕی تەیر و تواڵ با، لەژێر نەشئەی خۆیدا دەرنەچووبوو، چەند بەردێک دنگەی لە عاموودەکەوە هەستاند و لە بەردەمی هەڵدەقۆزینەوە، نەک هەر دەنگەکانی، بەڵکوو پێکەوتن و هوروژمی بەردەکان خەریک بوو، بەرەو لایەکی دیکەی ببات. ئەو کاتەی بەردێکی دیکە تەقەی لە تەنەکە زبڵەکە هێنا، بە هەنگاوە خوار و خێچەکانی خۆی لەپشت عاموودەکە پەنا دا.

ڕەنگەکانی جلوبەرگی منداڵەکان لەنێو تەمەکەدا گەمەیان دەکرد، ڕەنگێکی نەدی بەسەر هەموو ڕەنگەکان زاڵ بێ، سوور، سەوز، زەرد، ڕەش، قاوەیی، مۆر، یا هەر ڕەنگێکی دیکە بە جودا سەمایان دەکرد. کێ ناڵێ ئەو ڕەنگانە دەیەها وشەی غەزەلێکن؟! یان چەند ڕوباعییاتێکن؟! هەر ئەو ڕەنگانەن دەبنە وشە. بەردێک، نە بچووک، نە گەورە بە نزیک دڵی، لەخوار گیرفانی کراسەکەی کەوت، لە خۆشەویستیی ڕەنگەکان هەستی بە ئێش نەکرد، دەستی لەسەر دڵی دانا (ئێرە کوێییە؟! ئا ئەوە لێرەیە وەک کوێرێک بەردەوام دەستی دەگرێت و بۆ هەر کوێ بیەوێت دەیبات).

لەوێ بەسەر منداڵەکان هاواری کرد: (ئەنگۆ بەردم تێ دەگرن، خۆ هێندە گران نییە، بەس ئەمن شیعرتان تێ دەگرم).

دەنگی قاقا و پێکەنین و تریقانەوەی زۆر لەگەڵ چەند وژەیەکی بەردەکان تێکەڵ بوون، دەنگەکان لەسەر باڵی بەردەکان دەگەیشتنە عاموودەکە، بە خۆی گوت: (ئەوە بە منداڵەکان دەڵێم، یان بەردەکان، بە هەردووکیان، نازانم! بێجگە لەو دووانە کەسی دیکە گوێی لێم نییە!).

بەردێک بەر عاموودەکە کەوت، خەریک بوو میزاجی تێک دەدا، لە ئاسمانەکەی ڕوانی، ڕەنگەکانی جلوبەرگی منداڵەکان هەڵدەکشان.

وژەی بەردەکان ناچاری کرد خۆی بە عاموودەکە بنووسێنێت، لەودەمەدا وژەکە دەنگێکی لەگەڵ خۆی هێنا: (دەی.. ئەتۆش بەردمان تێ بگرە، ئەمە هەر ئەوەی دەزانین).

بە وژەی بەردەکان دڵگران نەدەبوو، بەس حەزی نەدەکرد دنگەی عاموودەکان بەرەو هۆشیاری ببەن. لەنێو وژەی بەردەکان دەنگێکی دیکەی بیست: (ئەمن زانیومە یەک جار شیعر لە خەڵکی بگیرێ، بەدرانی برام شیعرێکی لە کاغەز نووسی و ئەمنیش لە حەوشەی جیرانەکەم گرت).

لەگەڵ دەنگی قاقا و پێکەنین و تریقانەوە، فیکەش بەرزبوویەوە، وژەی بەردەکانیش هێواش بوونەوە.

لەگەڵ ئەوەی بوڕهان تۆزێک هەستی بە بۆنی ژەنگی عاموودەکە کرد، پێی گوتن: (بۆ بەردان داوێن؟! بۆ وادەکەن؟! لێگەڕێن با بچمەوە ماڵێ؟!)

دەنگێکی گڕ لەنێو تەمەکەوە هات، هیچ بەردێک نەی هێنا: (ئەتۆ قوزەڵقورتت سندان کردووە، خۆت نەدیوە، بوویە عارەبانە!) دەستی لە قەڵەمەکەی سەر گیرفانی دا، هەستی کرد حوبرەکەی ڕژاوەتە سەر کراسەکەی، حوبرەکە لینج نەبوو، بە پەنجەکانی تەڕاتییەکەی هەست پێ کرد، بە خەندەوە پێی گوتن: (دە... باشە، ئەوە ئەمن عارەبانەم، ئەنگۆش کەرەکەن).

ڕەنگەکانی نێو تەمەکە زیاتر دەستیان بە جووڵە

کرد، هێدی هێدی زیاتر بەسەر تەمەکە دەکەوتن، دەنگێکی دیکە لەنێو ئەوانە بەرز بووەوە: (شەیتان... شەیتان). لەگەڵ زیادبوونی وڕەی بەردەکان، جارە جارە دنگەی لە عاموودەکان هەڵدەستاند، چەند دەنگێک بەیەکەوە هاواری: (شەیتان... شەیتان) فەزاکەی داگیر دەکرد.

سێ بەرد بە دوای یەک بەر عاموودەکە کەوتن، دنگەکەیان هەتا بنەیانی مێشکی چوو، چەند وڕەیەکی دیکە لە تەنیشتەکانییەوە تێپەڕین، هەستی کرد، بەردبارانە چڕبۆتەوە، چەند بەردێکیش بەرجەستەی کەوتن، ویستی ڕێگەیێک بۆ هەڵاتن بکاتەوە، تازە دەستی لە چوونەوە ماڵێ شووشت. لە دوو هەنگاودا کەوت، قەڵەمەکەی لەسەر گیرفانی بەربووەوە، وڕەی بەردەکانیش بواری ئەوەیان نەدا، بە دوایدا بگەڕێ. هەستایەوە هاواری کرد: (بۆ وام لێدەکەن، خۆ داکتانم نەگاوە؟!)

هێدی هێدی ڕەنگەکانی نێو تەمەکە گەورەتر دەبوون، وڕەی بەردەکانیش زیاتر، چەند دەنگێکی بەهێز، بەهێزتر لە وڕەی بەردەکان لەگەڵ وڕەکان بڵاوبوونەوە: (هۆی ها... هۆی ها... هۆی ها... هۆی ها).

دەنگی هیچ پیاوێکی نەبیست، کەچی دەنگێک پێی گوت: (شاعیر چۆن دەبێت جوێن بدات بەتایبەتی بەو منداڵانە، ئەو وشانەی جوونن، هی ئەو نین).

گوێی لە چەند دەنگێک بوو بەیەکەوە دەیانگوت: (یاڵڵا... هجوم) ڕەنگەکانیش لەبەر چاویدا تەمەکەیان داگیر دەکرد، لەهەمان کاتدا وڕەی بەردەکان بووە دەنگێکی نەپچڕاو، جگە لە ڕاکردن هیچ بوارێکی بۆ نەمایەوە. پشتی لە منداڵەکان کرد، پشتی لە ماڵەوە کرد، خۆشی نەیزانی چۆن هەنگاو دەنێت، ڕووی لە فەزاییک کرد، تێکەڵ و پێکەڵ. هەناسەکانی خێراتر هاتووچویان دەکرد، خێرا ڕای دەکرد، دەمێک وڕەی بەردەکان دەپچڕان، دەمێکیش گوێی لێ دەبوون، بە هیچ جۆرێک ئاوڕی لە دواوە نەدایەوە، دەیزانی هەندێ بەردی پێ کەوتوون، بەڵام نەک بەسەر خۆی نەدەهێنا، بەڵکوو پێی وابوو ئێشی نییە! دوور کەوتەوە، لە شارەکە دوور کەوتەوە، بەرەو کەنارەکانی ڕای دەکرد. ناوەناوە گوێی لە دەنگی منداڵەکان دەبوو، وڕەی بەردەکانیش دەهات و دەپچڕا. لە بەرامبەریدا پرۆژەی مەجراییێکی تەواو نەکراوی دی، مرۆڤێک بە ئاسانی دەیتوانی بەنێو بەردە لوولەکانی گوزەر بکات. چەند بەردێکی لوولی مەجرا، جودا جودا بڵاوببوونەوە. هەستی کرد بەردەکانی منداڵەکان لەسەر ئەو بەردە زلانە هەڵدەقۆزنەوە، یەکسەر چووە نێو ڕێڕەوێکی درێژی بە یەکەوە لکێنراوی بەردی لوولی مەجرا کە لەنێو زەویدا کێشرابوو. تەماشای دواوەی نەکرد، ئاخۆ منداڵەکان دێنە ناو ئەو بەردانە. ڕای کرد دەنگی هەناسەی خۆی تەنیا دەنگ بوو، گوێی لێ بێ. لەگەڵ ئەوەی هێشتا دونیا تاریک دانەهاتبوو، نێو بەردە بۆش و زلەکان پڕ بوون لە تارکییەکی بێ دەریچە، وڕەی بەردی منداڵەکانیش بە یەکجارەکی پچڕایەوە، بێجگە لە هەناسەی خۆی، هیچی دیکەی نەبیست. هەرچەندە هەنگاوەکانی خواروخێچ بوون، کەچی ڕاکردنی بەنێو بەردەکان هێواش کردەوە، بۆ ئەوەی سەری پێیان نەکەوی، دەستی هێواش هێواش بە سەقفی بەردەکانەوە دەخشاند. ئەو کاتەی بۆنی شێی عەردەکە تێکەڵ بە هەناسەکانی دەبوو، نەشئەیەکی خۆشتری بۆ دەگەڕایەوە. بەنێو تاریکییەکان ڕێی دەکرد، نەیدەزانی چ ڕێگەیەکە، پێی وابوو، چەند بچێتە قووڵایی تاریکییەکان، لەو شارە کۆنە دوور دەکەوێتەوە.

پاش دەمێک ڕاوەستا، هەست و خوستی خۆی ڕاگرت، هیچی نەبیست، دەنگەکە هەر هی هەناسەکانی نەبوو، هی دڵ و سەر و هەنگاوەکان و تەواوی جەستەی بوو. دوای سەرکێشییەک کە قەت تەوەقوعی نەدەکرد، پێویستی بە حەسانەوە بوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا لە تاریکایی نێو بەردە لوول و زلەکانی مەجرا لێی درێژ بوو، هێندەی نەبرد خەوی لێ کەوت. هەموو ئەوانەی بەسەری هاتبوو، بردییە خەوێکی قووڵ، دیتی بەسەر فەرشی سەوزە گیای بەهاران هەزاران پەپوولە دەفڕن، پەپوولەکان بەو ڕۆژی ڕووناکە شەوبۆیان دەپرژاند. هەر کەسێک هەناسەی هەڵکێشابا، لەگەڵ پەپوولەکان بە ئاسمان دەکەوت. دەمێکی دیکە باران باری، بارانێکی هەنگوینی، شیلەی هەنگوینەکان بەسەر قەد و لک و گەڵای درەخت و دەوەنەکانەوە دەڕژا. هەر زوو خەوێکی زۆر قووڵ و خۆش بردییەوە. دەورەیەکی تەواو نووست.

نەیزانی چەند نووست لە خەو هەستا، کاتێ چاوی کردەوە لە تارکییەکی چڕ نقووم ببوو، دەتگوت تاریکی بەستوویەتی و یەکسەر هەناسەی تەنگ کرد، هەستایەوە سەر پێ، سەری بە بەردەکە

کەوت، دڵی داخورپا. بە خۆی گوت: (یاڕەبە عالەمین... ئەوە لە کوێم؟!) بێجگە لە تاریکی هیچی نەدی، ناچار تەماشای خۆی کرد، نەک سەرسام بمێنیت، بەڵکوو ترس و بیم سەراپا گیانی داگیر کرد، بە خۆی گوت: (کێ ئەو خامە سپییەی لەبەر کردووم؟!) لەگەڵ لەرزینی تەواوی جەستەی دەستی بە نوزە نوز کرد، گوێی لێ بوو، بنەماڵەکەی خزم و کەس و کار و هەندێ هاوڕێی لەگەڵ پیاوێکی کە چەفییەیەکی سپی لەسەر بوو، بەجێی دێڵن، بەرامبەر ئەوان زمانی شکا بوو، تەنیا لێی دەڕوانین، هێدی هێدی وێنەی پشتی هەموو ئەو کەسانەی دەدیت، کە دەچوونە نێو تاریکییەکی دیکە، تا بە تەواوی ون بوون و ئەسەریان نەما.

سەری بەرزکردەوە دوو کێلی دیت، تازە دانرابوون، لەسەر یەکێکیان نووسرابوو، (کول نەفسین ذائیقەتولمەوت) هاواری کرد: (خودای گەورە لە کوێم؟!) گوێی لە دەنگدانەوەکەی نەبوو. بۆنی خۆڵێکی بۆ هات تازە ئاوپڕژێن کرابێ، کش و مات بوو، نەک دەنگی چۆلەکە و باڵندە، هیچ شتێک نەدەبیسترا، ڕەنگە جێی پێی مێروولەش هێشتە ئەسەرێکی نەبووبێ.

دەنگێک بگرە چەند دەنگێکی مەزنتر لە هەورە تریشقە، نەک پەردەکانی گوێی دڕاند، قووڵایی ڕۆحیشی لەرزاند، بەڵام هەستی بیستنی لە دەست نەدا، دوو نووری ڕەشی شینباوی دیت، کە مەودای پانتایی پانی و درێژی چاوەکانی داگیر کردبوو، ڕووی بە لای ڕاست و چەپ سووڕاند، بێجگە لەو دوو نوورە هیچی دیکەی نەدی، دوو هێزی مەزن بەنێو تاریکییەدا لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا دەنگی زۆر مەزنتر لە هەورە تریشقە، دڵ و دەروونی دەتاساند. هەستی بە بارودۆخی خۆی کرد، وەک حاڵی دڵ لەنێو قەفەزەی سینەدا. لەنێو ئەو تاریکییە بێ کۆتاییە، بۆ خۆی سەراپای دڵ بوو. ڕووناکایی چاوانی هەردوو نورەکە، بەرقێکی تیژتیپەڕ بوو، ددانەکانی بەو کوورە ئاگرەی نێو دەمی دەبریسکایەوە. هەناسەکانیان گیڤەی بەهێزترین ڕەشەباش نەدەگەیشتە تۆزی پای، هەر یەکیان عاموودێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، بە نینۆکەکانیان یەک جار دەیانتوانی هێندە چەند زەریا هەڵبکۆڵن، ئەگەر لە شوێنی خۆی وەستابووایە، هیچ هێزێکی زەوی و نەفەرەکانی نەیاندەتوانی بیجوڵێنن. بوڕهان هەموو ئەوانەی بە چاوی خۆی دیت و هەستی پێ کرد.

لە نێو تاریکییەکەدا چەند نورێکی ڕەش لە بروسکە خێراتر لە ئاسمانەوە دابەزین دەموچاویان ڕەشێکی قەترانی بوو، هەرچی ئامێری مەسخ هەبوو، لایان بوو. شیلەی قەترانی دەم و چاویان هەڵدەڕژایە نێو ئامێرەکانی دەستیان، ئەو ئامێرانە پڕ بوون لە وێنە، وێنەی بەد و دزێو و ناشرین لە هەموو گەردوون کۆکرابوونەوە، ژمارەیەکی بێ کۆتایی وێنە، کە مێشکی مرۆڤ هێشتا نە لە ماتماتیک ژمارەی بۆ داناوە، نە قەت تەسەوری کردووە.

بورهان هەستی کرد چەند دڵۆپێکی قەترانی بەد و بێزەوەر ڕژایە نێو گڵە بۆن شێدارەکەی تەنیشتی، وەک تیزاب دڵۆپەکان دەچوونە نێو ناخی زەوی و شۆڕدەبوونەوە. چزەی دڵۆپەکان لە مێشکی دەزرینگانەوە. لە کەمتر لە چاوتروکانێکدا دیتی ڕەشکاییەکان دەلەرینەوە و پاشان لە بەردەم پیاوێکی بەرامبەریدا دانیشتن، تازە درکی کرد پیاوێکی لە تەنیشتە. ڕەشکاییەکان بەدترین و دزێوترین و بێزەوەرترین وێنەیان بۆ هەڵبژارد. دواتر نوورێکی دیکە هەڵڕژایە سەر پیاوەکە، باڵەکانی لە سنووری چاو و بینین بەدەربوون، بە دیتنی تەنگەنەفەس دەبوو، هێڵێک دەکەوتە نێوان جەستە و ڕوحی. دواجار نوورەکە لەسەر سەری پیاوەکەی بەرامبەری گوتی: (ئەی نەفسی بەد، ئەی نەفسی خەبیس، لەو جەستە پیسە دەرکەوە). نوورەکە تووڕە بوو، نەک وەک ئەوەی مس لەسەر منداڵێکی ترساو بتوێننەوە، بگرە خراپتر، وێنەیەک لە جەستەکەی پیاوەکەوە خەریک بوو دەردەچوو، هاوار وناڵەی پیاوەکە تێکەڵ بە تاریکییەکە ببوون، وێنەکە وەک چۆن تەنکترین پەلکی پیاز لەنێو دڕک و داڵێکی چڕ ڕابکێشرێ، تەعبیری لێ دەکرا. هاوار و ئەشکەنجەی دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەک، یەکسەر دەچووە نێو ئامێرەکان، پێش ئەوەی دەربچێت، ئەو وێنە نەدیتراوە، بۆن گەنیوەکەی مرۆڤی دەخنکاند. کە لەوێ دەردەچوو خۆزگەت بە بەدترین و بێزەوەرترین بۆن گەنیو دەخواست، لەوێ بەرزی دەکەنەوە و دەی گەڕێنن، تا وێنە نەدیتراوە بێزەوەر و بەدەکەی دەخاتەوە دڵییەوە، دواتر دەیبەن لە قووڵایی زەوییەکاندا فڕێی دەدەن، تا دەگەڕێتەوە نێو جەستەکەی. دڵی هێندە بەهێز لێی دەدا، دەتگوت ها ئێستا لە جەستەی دەردەچێت، دەفڕێ، تەواوی نینۆکەکانی دەست و پێی ڕەش ڕەش بوون، ڕەشاییەکان دەبوونە شلەیەکی تۆقێنەر چزەیان لە پەنجەکانی هەڵدەستاند.

هـەردوو نـووری ڕەش لێپرسینەوەیان لەگەڵ پیاوەکەی بەرامبەر بورهان کرد. دەنگەکانیان وەک تەقینەوەیەکی گەورە وابوون، نووزەیەکی کزیش وەڵامی دەدایەوە: (نازانم!، نازانم!، نازانم!)، پۆلوی خەڵووز و بڵێسەی دووکەڵاویی ئاگری چڕ و تاریک ڕژایە ناخی پیاوەکە. هەر بە یەکجاری دەرگەی ئاگری بۆ کرایەوە، شەروالێکی ئاگری لەبەر کرا و کراسێکی ئاگرینی بە جەستەیەوە نووسا. بۆنی چزەی گۆشت بەرەو خنکانی برد، ترپەی دڵی بە کوتە کوت کەوت، هەناسەی تەنگ بوو، دەتگوت لە زیندانێکی ئینفرادیی تاریک تاریک، دیوارە قەترانییەکانی دێنەوە یەک، هەستی کرد دیوارەکان هێندە دێنە پێش پەراسووەکانی لەبەر جەستەی دێتە دەرێ، لەو دەمەدا پیاوێکی دزێو و بەد و بێزەوەر، دەتگوت هەزار ساڵە بەردەوام دەم و چاوی گڕوو بووە و بۆگەنیویشی عومری هـەزار ساڵ بـوو، گێژیی دەتەنی و پێی گوت: (ئەمن کار و کردەوە و عەمەلی تۆم).

پیاوەکەی بەرامبەری لە نێو ئازارێکی ڕوحیی قووڵدا، هێشتە خۆزگەی دەخواست، کە ڕەنگ و ڕووی قەترانییەکی تـۆخ بێ، نـەک ئـەوەی بەسەری هاتووە. ئارامی لەبەر بڕابوو، بە گریان و داد و فیغانەوە، ڕووی لە بورهان کرد و گوتی: (دەمناسی کە من بورهانم؟! ) ئەویش لە کاتێکدا وێنەکانی لە تاریکیدا دیتن، حەیران و سەرسام و ترساو، بە نووزەیەکەوە گوتی: (نەء... نا.. نا) دواتر لە خۆی پرسی: (دەبێت کێ بێ؟!) بۆیە لەوی پرسی: (ئەتۆ شیعر دەنووسی؟!) پیاوەکە دەمێک جلوبەرگەکەی دەبوونە خەڵووز و بە پێستیەوە دەنووسا، هـاوار و قیژەی ئاسمانی دەهەژاند، دەمێک خەڵووزەکە دەگەشایەوە دەتگوت تازە دایساوە، لەبەر ئازار بڕستی لێ بڕابوو، بە حاڵە حاڵ وەڵامـی دایـەوە: (شیعری چی، بە حەیاتی شیعرێکم نەخوێندووتەوە، سەردەمی ئێمە هەر مەلاکان خەریکی شیعر بـوون) بورهان ڕووی لێ وەرگێڕا، لەبەر خۆیەوە دووبارەی کردەوە: (نـا... نـا... ناتناسم). ویستی پێی بڵێ: (چۆن من دەناسی؟) کەچی بۆنی خەڵووز و گۆشت فەزا تاریکەکەیان پڕ کرد، جلوبەرگە ئاگراوییەش لەنێو تاریکاییەکەدا هێدی هێدی بچووک و بچووکتر دەبـووەوە، لەهەمان کاتدا هێدی هێدی دەنگی ئازار و ئەشکەنجە گەورە و گەورەتر دەبوو. گوێیەکانی کاس کرد، تەماشای خۆی کرد، لەنێو خامەکەدا ڕاکشابوو، دیوارەکانی هەردوو بەری لە یەکتر نزیک دەبوونەوە، چاوەکانی وەخت بوو دەرپـەڕن، ماوەیەکی زۆر لەو حاڵەتە مایەوە، ئەو چاوەڕوانییەش ناخۆشتر بوو لەوەی بەسەر پیاوەکەی بەرامبەری هات، پیاوەکە ڕۆیشت، ئازار و ئەشکەنجەیەکی برد و ئازار و ئەشکەنجەیەکی دیکەی جێ هێشت. خۆی سەیری دیوارەکەی کرد، مارێکی خاڵدار بۆ سـەرەوەی دەخوشی، فیشکەی گوێی کـاس دەکـرد. لە دیـوارەکـەی بەرامبەری مارێکی دیکە بۆ خوارەوە دەخوشی، فیشکەی گوێی کاس دەکرد، نەتدەزانی فیشکەی کامەیان دەنگی گەورەترە؟! تاریکییەکە هێندە چڕ و قەترانی بوو، هەر دڵۆپی قەترانیی لێ دەڕژا، بەسەر پێستی مارەکە دەخزی و لەسەر ئەرزەکە چزەی دەهات.

بـورهـان سـەراپا جەسـتـەی لـەرزی، دەتگوت هـا ئێستەکە تـەواوی ئێسقانەکانی لە لەشی دەردەکێشن. دەستی بە گریان کرد، هەستی کرد فرمێسک نەک لە چاوی لە لووتییەوە بووەتە شیلە و بەسەر دەم و چەناگەی دەخزێت، گریان و لەرزین ئاوێزانی یەک ببوون، هیچ حەزی نەدەکرد چاوەکانی دابخات، لەپڕ لە دوور دوور، خۆشی نەیزانی چەند دوورە، تیشکێکی تاقانەی سپیی لەو سەری دەریچەی بەردی لوولی مەجراکانەوە، بەدی کرد. دەستی لەسەر گیرفانی دانا، حوبری مەرەکەبەکە وشکی کردبوو، ئاهێکی هاتەوەبەر بە خۆی گوت: (خودایە... بۆ کوێت بردم؟!) حەزی کرد، هێمن بگری، بە دەستی لیکی سەر دەم و چەناکەی سڕییەوە. دیتی ورد ورد تیشکەکان زیاتر دەبن، ڕووناکی دەخەنە نێو بەردی لوولی مەجراکانەوە، هێزی دایە بەرخۆی، هەستایەوە، هێواش سەری لە بەردەکە نـەدا، هێدی.. هێدی بەرەو ڕووناکییەکە هەنگاوی هەڵێنا، هەناسەکانی ڕێک و پێک نەبوون، تەماشای خۆی کرد، هەر هەمان جلوبەرگی ئێوارەی لەبەر بوو. کە گەیشتە دەریچەکە و دوا بەردی لوولی مەجرا، وەستا و دانیشت، لە کەناری شارە کۆنەکەدا سپێدەیەکی چڕی بـەدی کرد، لە ئاسمانی قەڵاکەش چەند باڵندەیەکی دی، بە قووڵایی ئاسماندا دەفڕین. ڕووی لە عەردەکە کرد، کاتێ بەردی منداڵەکانی دیت، بیری کەوتەوە، ئەوان بەردبارانیان کرد، پێکەنین و گریانی تێکەڵ بوون، لەبەر خۆیەوە گوتی: (ئـای... ئـەو منداڵانە بۆ کوێیان بـردم... قەبرێکی دیکە).

**هەولێر/ نیسانی ٢٠٢٠**

# تۆماری نوێ



زایەر عەبدوڵڵا

پاش نیوەڕۆییەکی گەرمی هاوینە، ژوورە بچووکەکەمان لێ ببووە گۆڕ و هەستمان بە خنکان...، بە تایبەتی ئیمڕۆ سەرەڕای ئەم گەرمایە بە زەبرە، شەش نەفەری نوێیان پەستایە ژوورەکەمان.. نەفەرەکان لەگەڵ سروشتی ژوور نوێ بوون، هەر یەکەیان لە قوژبنێک و چاوی لە مۆڵەت نووسینی سەر چوار دیواری ژوورەکەیان دەخوێندەوە، ئیدی چ زۆرە نووسین زۆرە.. خەنی لە خۆیان ڕۆژێکی ڕەبەق بە خوێندنەوە بەڕێ دەکەن.

سەیرە.. ئێمە خۆمان بە هەزار شەڕە شەق جێگامان ببۆوە، دەبووایە لەسەر چیچکان دانیشین، شان بە شانی یەکەوە بنێن گەرمایە گەرما نییە چش دەبێت لێ ڕابێین، ئەزموون بنیادەم دروست دەکات.. لەبەر ئارەقە هەرچی ئازای لەشمان هەیە ئاوی لێ دەتکێت.. گەرماوێکە تەنیا لفکە و سابوونی نەقوستانە.

ئێمە.. وەک ڕۆژانی دی، هەر دوو دوو سێ سێ خەریکی باسێک بووین، جارجارەش بە (ڕیزە) یەکێکمان هەڵدەستا و بە خاولییەکی پیسی چڵکن دەکەوتە باوەشێنی دانیشتووان، بەم شێوە دژوارە شەومان بە ڕۆژ و ڕۆژمان بە شەو دەکردەوە.

(ئەم) لە بنەبانی ژوور لەسەر گازەرای پشتی ڕاکشابوو، هەستی بە ناڕەحەتییەکی زۆر دەکرد، چۆن ناڕەحەت نەبێت:

ئاخر / جێگای دوو نەفەری وەکوو خۆی گرتووە.

ئاخر / ناتوانێت بەشداری گفتوگۆمان بکات.

ئاخر / هەست دەکات سات لە دوای سات پتر نەخۆشە و شرتر دەبێت.

ئەمەشمان وا لێک دایەوە:

خەریکە / وردە وردە لە قسەکردن پەکی دەکەوێت و لاڵ و پاڵ دەبێت.

خەریکە / ئەم ئاو ساویەی لە ڕوومەتی ڕاستەیدا هەر لە بەرز بوونەوەدایە.

سەرەڕای ئەمانەش، کات و ساتی هۆی ئاوساویەکەی بە بیر دێتەوە تەزوویەکی بەتین بە لەشیدا گوزەر دەکات [پێری.. کە پاش حەوتەمین جار بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە ڕایان کێشا، کەوتنەوە قسە هەزار جار کراوەکەیان داوای شتێکیان لێ کرد کە پەیوەندی بە خۆی و کۆمەڵێک بنیادەمەوە هەبوو، ئەو بنیادەمانەی دوای گیرانی ئەم هەندێکیان چاو نەترسانە لە کارگە مانەوە و پتر پەرەیان بە خەباتدا و ڕیزەکانی نێو کرێکارانیان جێ نەهێشت، یەک دوانێکیشیان دەبووایە بڕۆن و ڕوو لە چیا بکەن و بە چەک درێژە بە خەباتی چینایەتی و نەتەوەیەتیان بدەن و لێکیان گرێ بدەن، لێکۆڵینەوە درێژەی کێشا.. زۆریان بە گوێیدا چرپاند، ئەم تەنیا بە وشەی (نا) گڕی تووڕەیی و دڕندەییانی زیاد دەکرد، ئاگاشی لێ بوو کە (نا) چۆن جەرگی داغ دەکردن، دەکەوتنەوە گیانی، ڕاستییەکەی هیچ شوێنێکی ساغی نەمابوو نەیکوتن، بەڵام هەوەنتە بوو (نا) ببووە دڕک و دەچووە چاویان، بۆیە کوێرانە بەر ببوونە گیانی، پێرێش هەر کە سەدان بارە (نا) یان لێ بیستبووەوە گەورەکەیان خۆی تێی بەربوو، ئەویش مێرانە بە (نا) بەرەنگاری ببۆوە، هەر لێیدا بوو، تا لە تاو ئازاری لەشی سەری هەڵبڕی بوو بە تف دەم و چاوە بلۆق دارەکەی بەسەر کردبووەوە، بۆیە بە پۆستاڵێ لە دەم و چاوی هەڵدابوو، ئینجا ئەوانی تریشی تێبەر دابوو، بوورابۆوە، ئەوابوو لە نێو ئێمە چاوی هەڵبڕی و بە ئاگا هاتەوە].

ئێمە هەر بەردەوام بووین لە گفتوگۆ، ئەویش بە یادگارە شیرینەکانی خۆیدا قووڵ دەبووەوە.. ئەدی چی بکات.. خۆ زمانی هەر شکاوە دەبا وێنەی ئەو بنیادەمانە بهێنێتەوە بەرچاو کە ڕۆژگارێک خۆشی دەویستن و لەگەڵیاندا (هەرمان)ی مەبەست نەبوو، هاوڕێیانی خەبات.. هێرش و ئاسۆ و کرێکارە بەرچاو ڕوونەکانی تر، دەبێت ئێستا لە کوێ بن؟ ئایا ئەوانیش بیر لە (ئەم) دەکەنەوە؟

نەخێر هیلاکی پتری بۆ هێنا، ئەم جارەیان کەوتە ناڵەناڵ، هەتا دەهات ئاوساوییەکەشی زیاتر دەپەلما، ئێمە لە گفتوگۆ کەوتین و ئاگامان لە گەرما و ئارەقە ڕشتن نەما، ئەویش کەوتە وڕێنە کردن، بەم قرچەی گەرمایە حەزی لە شیرینی بوو نەیدەزانی لە شوێنی وادا شت داواکردن بێ سوودە، بەدەم وڕێنەوە زۆر مایەوە.

*****

بۆ ئێوارە پاسەوانێک دەرگای لەسەر کردینەوە، هیچمان حەزمان لە کردنەوەی ئەم دەرگا سەگە نەدەکرد چونکە شریق و هۆڕی ئەو سێ سورگیەی کە ڕایدەکێشا وڕ و کاسی دەکردین، دڵی ئازار دەدابن، ئاخر هەر هیچمان لە تاو ئەو هێزی چوونە دەرەوە و سەرئاومان نەبوو، بە ناچاریش دوو دوو چووینە دەرەوە و لە ڕیزی ئاودەست وەستاین و پاسەوانیش فەرمانی دا کە سەر بەرز نەکەینەوە و تەنیا سەیری بەر پێی خۆمان بکەین، وامان کرد خوا خوامان بوو زوو بگەڕێینەوە ژوورەکەمان و بزانین ئەو چی لێهاتووە؟ جارێکی دی دەورەمان داوە، لە پەلوپۆ کەوتبوو بە حاڵ نووزەی دەهات، دەم و چاویشی یەکجار ئاوسابوو و ئاو و کێم و جەراحەت لە برینەکەی دادەچۆڕا.. نووزەی دەهات و تەنگە نەفەس و هەناسە سوار.. زۆر ترساین، لە دەرگاماندا و هاوارمان کرد:
حەرەس.. حەرەس.
دەنگێک بە عەرەبی:
– ها، گەوادینە چیتان دەوێت بەم شەوە.
یەکێک لە ئێمە:
*حەرەس. یەکێکمان لایە زۆر نەخۆشە، وەزعی باش نییە، بەڵکوو بیبەنە خەستەخانە و عیلاجەکی بکەن.
حەرەسەکە:
– گوو بخۆن، بەو شەوە دەرگا لە خوداش ناکەینەوە. سبەینێ عیلاجەکی دەکەین.
بە ناچاری کزومات بە دیارییەوە دانیشتین و کەس نەخەوت.. ئەویش تا دەهات شرتر و دەموچاو ئاوساوتر دەبوو، بەیانی تا نزیک نیوەڕۆ هیچ دەنگێک نەبوو.. لە پڕ دەرگا کرایەوە و پاسەوانەکە گوتی:
*کا، ئەو سەگبابەی نەخۆشە با بێتە دەرێ.
من و ڕەوەند قیتمان کردەوە و چووینە ژێر باڵی و بە هەزار حاڵ بەرەو دەرگامان برد، پاسەوانەکە کشایەوە دەرەوە و ئێمەش لە دەرگا ڕەت بووین و گەیشتینە ناوەڕاستی حەوشە.. بەرەوڕووی پاسەوانەکە ڕاوەستاین.. پاسەوانەکە هەر کە ئەم دیمەنەی ڕوخساری ئەوی دیت دایە قاقای پێکەنین!! بە دەنگێکی بەرز یەکجار بەرز پێکەنی و دوو پاسەوانی تریشی ڕاکێشایە لای خۆی، لە ناوەڕاستی حەوشە گەرمەکە هەڵاوی لێ هەڵدەستا هێندە گەرم بوو، پاسەوانە ئەسڵەکە لە من و ڕەوەندی ڕاخوڕی کە لێی جیا ببینەوە.. لێی جیابووینەوە و خۆی بۆ ڕانەگیراو کەوتە سەر چیمەنتۆ داغ بووەکە، تێیان ڕاخوڕی کە هەڵسێتەوە، جووڵەی نەکرد، یەکێکیان بە کێبڵەوە چووە سەری، ئەو بە ناچاری گووڕی دایە بەرخۆی و هەستایەوە، پاسەوانی کێبڵ بە دەست سەیرێکی ڕوخساری کرد، ئاوساویەکەی دیت قیزی لێ کردەوە، چەند هەنگاوێک بۆ دواوە گەڕایەوە.. دوو پاسەوانەکەی تریش لەمن و ڕەوەند بەربوون، پاسەوانە کێبڵ بە دەستەکەش زانی ئەو کەڵکی لێدانی نەماوە ئەمری پێکرد کە بیست جاران هەڵسێ و دابنیشێت، ناچارە، کەوتە هەستان و دانیشتن! بیست جاری چی؟ هەتا برادەرانی ژوورەکەمان، چل کەس هەر هەموویان چوونە سەر ئاو و گەڕانەوە ژوورەوە ئەو هەر هەستا و دانیشت، لەگەڵ هەر هەستان و دانیشتنەک ئاوساویەکەی پتر دەپەلما.. دواجار بە تەنیا و تێهەڵدان لە ژوورەوەیان کردەوە، ئینجا بە شریق و هۆڕ دەرگا و دڵی چل و سێ مرۆڤیان داخستەوە.. لە باوەشمان گرتەوە و لە بنەبانێ پاڵمان خست، ئەوەندەی ئاگا لێبوو کە یەکێکمان گوتی: نەختێک ئاوی بگەیەنێ.. ئیتر بێ هۆش بوو، کەوتەوە وڕێنە، ئەم جارەیان لاسایی ئامێرە تازەکەیانی دەکردەوە.. ئەو ئامێرەی کە لە کارگە دایان مەزراند تاکە کەسێک ئەو بوو توانی کاری لەسەر بکات بە چاکی ئاگای لێ بێ، ئەوەندە لاسایی دەکاتەوە: شک چک.. شک چک.. شک چک.. چاوی لە مۆڵەت وەستاوە.. ناوی (بینایی) کوڕی دەهێنێت (ڕۆڵە بینایی بۆ وا کز دیاری) لەگەڵ هاوسەرەکەی دەدوێت (ژیان.. کچێ ژینۆ گیان کەینێ وێنەیەکی دوو قۆڵی بگرین، خۆ لە ئاهەنگی گواستنەوەت هیچ وێنەیەکمان نەگرت).
هەتا دەهات ئاوساوی ڕوومەتی پتر دەبوو، بوو بە شەو و ئێمە هەموو دەورەمان دا و مەترسی کارەساتێکی دڵتەزێنمان دەکرد، یەکێکمان گوتی:
– وا باشە لە دەرگا بدەین و ئاگاداریان بکەینەوە، زۆر شڕە وەها بڕوا دەمریت.
ئاخر هەقی بوو، دەشمانزانی مەحاڵە بە شەو دەرگا بکەنەوە.. بەڵام لەوە دەترساین ئەگەر پێیان نەڵێین ئێمە تاوانبار بکەن، لە دەرگا درا.. دەنگ دراین لەگەڵ جوونێکی مزر بۆ هەموومان، بێ سوود بوو دەرگایان نەکردەوە، ئەو دەینالاند و وڕێنەی دەکرد و ئێمەش بە خەفەتەوە بە دیارییەوە دانیشتین، بەرەبەیان دوا هەناسەی دا و گیانی سپارد و شەهید بوو.. ئێمە لە ترسان کردمانە هاتوو هاوار.. لە پڕ دەرگایان کردەوە و خستیانە سەر بەتانییەک و بردیانە دەرەوە و دەرگای دڵی ئێمەشیان داخستەوە، برادەرێکمان، لەسەر دیوارێکی ژوورەکە ناو و کات و هۆی شەهید بوونی ئەوی تۆمار کرد.

**١٩٨٢/١٢/٣**

*** ئەوکات وەک چیرۆکێک لە چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگاری نووسراوە.**



# شارێکی ناتەواو


سمکۆ محەمەد

شیوێکی گەورە بەناو هەموو شارێکدا دەڕوات
هەردوولا ئەمبەر و ئەوبەریان لەیەکتر گرتووە
ژیان بووە بە پاپۆڕێکی شلۆق و هەرکا نغرۆ بوو
مەحوی گووتەنی (هەموو دەمرین لەخنکانا، لەوشکیشدا گەمەی مەخلوق)
شار خەریکە لە وشکانی ڕوح و بەزیی و ئارەزوو نغرۆ دەبێ
شار ئەو پاپۆڕەیە کە لە ڕقی کچێکی تینوو بەژیان
خەریکە کون دەبێ
پاپۆڕێکی دی بەتەنیشت شاردا بە خەیاڵ تێدەپەڕێ
بەهەشتێکی هەڵگرتووە و بەئێمەی ڕەوا نابینێ
دەنگێکی منالانە و وێنەیەکی ڕووتی منالانە و پاسەوانێکیش وەکوو منداڵ
لەبەر بێتاقەتی پێکەوە هەمووانی لە نزیک پارکی شاردا ڕاگرتووە
لە دوورەوە چاوم لێیە
نووسەرێک خەریکە خۆی دەکوژێت
بیر لەوە دەکاتەوە لەدوای خۆی
لەبەردەم پارکەکە پەیکەری بۆ بکەن
مامۆستایەک بیر لە سەرهەڵگرتن دەکاتەوە
بۆ ئەوەی یادەوەرییەکانی لە قوتابخانە بنووسرێنەوە
کرێکارێک بیر لە شۆڕش دەکاتەوە
تاکوو لەدیوارێک و ماشینێک وێنەی هەبێ
هەموو ڕۆژێک لە گۆڕستان دەنگی ناڕازییەکان بەرز دەبێتەوە
ناڕازی بوون دژ بە پەیکەری نووسەر و یادەوەری مامۆستا و خەیاڵی کرێکار
شار ژاوەژاوی تێدایە، ڕاوڕاوێن و بەردەفڕکێیە
جووتیارێک بۆ کڕینی تەسبیحێک هاتووە
لە کێڵگەی سەوزەوە بۆ جۆباری زەرد و پیاوە سوورەکانیش تەماشاکەر
بە پەیکەری خەیاڵی و یادەوەری مامۆستا و کرێکار پێدەکەنێ
شار دەمەقاڵێ لەگەڵ خۆی و والی خۆی دەکات
من کە هەست بەو جەنگە دەکەم
هەناسەی شیعرم درێژتر دەبێ
چاوقایمانەش وێنەیەکی تر دەبینم کە لەوەدەچێ
تا ئێستاش ناپلیۆن و عەشتار بەدزییەوە لەبەردەم ئەو پارکە
شەراب بخۆنەوە و ڕەمڵ بۆ شانازی شار لێبدەن
ئەوان چاوی منداڵەکانیان بە شیری مەمکی مریەمی عەزرا دەشۆن
لەڕقی جامانە بەسەرەکان

چاویلکەی ڕەش لەچاو دەکەن و هەموو دونیا بەرەش دەبینن
شار لەنێو هەر دێڕێکدابێ
شیعرێکی ترسنۆک لەدایک دەبێ
لەرێی گرووپی خوێن بەخشەکانەوە
دەنگی نەخۆشێک دەبیستی لەناوەڕاستی شاردا
دەنگێکی دانسقە کە باسی  قژی ڕەش و زەرد و ژنانی چاو ڕەش و کوڕی بێ کار و کچی بێناز دەکات
بەدەستی کوڕێکی کوورەچیشەوە کچێکی ئەسمەر گیری خواردووە و
لەسەر ئازادی و مارەیی ڕێناکەون
گرەوی شار لەگەڵ گوندە بزربووەکانە
خەڵک هەموو پێکەوە لەبەردەم دەرگا کڵۆمدراوەکانن و ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان نییە
خەڵک هەموو بێدارن
گەڕەکێک بەلوعەی شکاوە
گەڕکێکی تر ڕووناکی لێدزراوە
گەڕەکێکی تر بۆنی خوێندنی کردووە و کتێبی لێدزراوە
گەڕەکێکی تر هەمیشە بەدەم ئازادییەوە پێدەکەنێ
گەڕەکێک داوای دادپەروەری دەکات
گەڕەکێکی تر دڕکی بەدەستەوەیە و تف لە دۆلار دەکا
گەڕەکێک لەترسی مەلاکان ناوی خۆیان دەگۆڕن
گەڕەکێک لەخۆشەویستی وەزیران و نووسەران
جلی مۆدە لەبەردەکەن و لەشەوانی کریسمسدا بەدرۆ سەما دەکەن
گەڕەکێک کوورەی لێدزراوە و بەدوای قوڕی جەستەی ئینساندا وێڵە
گەڕەکێک لەبەر خانەقا سەفەر دەکەن و
گەڕەکێکی دیکە ئاسکەی ماڵی سەمای تێدا دەکا
شار بە پێکەنینەوە گرتوویەتی
پێکەنینی گەدایەک بۆ نەوایەکی شەوان
ژوورێکی تەنگ و تاریک و شێواو و بۆنی ناخوش
ژنێکی قەڵەو و چەند پیاوێکی سمێڵ هەڵکرۆزاو
مەکتەبێک کچی بێ حەیا و چەند کوڕێکی چەقاوەسوو
ماست فرۆشێکی دز و خەیاتێکی درۆزن
شار متمانەی بەخۆییەوە نەهێشتووە
من لەمانە بێگانەم و شوێن پێ نازانم
جادەکان و دوکانەکان و چایخانەکان و چێشتخانەکان ناناسمەوە
گوێم لە تورەبوونی پیاوێکی بەتەمەنە کە چەندین ساڵە نەهاتۆتە بازاڕ
کۆمەڵێک خەڵک لەبەر خۆیانەوە ورتە ورتیانە لە ترسی خۆپیشاندانی لە ناکاو
ئەی خوایە چۆن  خۆم لە حەشاماتی شار بدزمەوە



# کەشتی مەست



شیعری ڕامبۆ
و. لە فەرەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا

ئایا شیعر تەرجەمە دەکرێ؟ ڕەنگە، بەڵام «کەشتی مەست» دەقێکی گیرە. ڕامبۆ بە شێوەیەکی مەجازی باسی ئازادی دەکات. لە دەسپێکی بەهاری ساڵی ١٨٧١ ڕامبۆ باس لە چەمکی «بینگەرا» دەکات، واتە بینینی پشتەوەی شتەکان، یان بینینی نەبینراو. ئەم دەقە شیعرییە دەگمەنە لە تەمەنی ١٦ ساڵان دەنووسێ، پێش ڕامبۆ، هیگۆ « ئەفسانەی سەدە» دەنووسێ، بۆدلێر «سەفەر» دەنووسێ، ژویل ڤێرن « بیست بوار لە ژێر دەریا» دەنووسێ، ڕامبۆ بە شێوازی خۆی، ئەم ئەزموونە شیعرییە دەنووسێتەوە و سانتێزێکی ڕەمزییە، هەم لە بواری ئازادیدا، هەم لە بواری شیعریی و کلتووریی دا.

ڕامبۆ خۆی دەبێ بە کەشتی و باسی ئەو سەفەرە ئاوییەمان بۆ دەکات. سەرەتا ڕووبارەکانن و دواتریش زەریا و ئۆقیانووس ئەم ڕەوتە لەخۆ دەگرێ، بە وێنەی دەگمەن، سنووری ڕەوانبێژیی شیعری پێش خۆی تێدەپەڕێنێ. ماڵئاواییەکی یەکجارەکی لە ڕۆمانسییەت و شیعرە ناسکەکانی پێش خۆی دەکا. ئەم سەفەرە زەریاییە هاوتەریب لەگەڵ شیعری ڕەها دەوەستێت و ئامادەگییەکی تەواوە بۆ ئەوەی دواتر « وەرزێک لە دۆزەخ» و «درەوشانەوە» بنووسێتەوە. شاعیر دەبێ بینگەرا بێ، دەبێ خاوەن ئازادییەکی ڕەها بێ.

به ڕووبارە ئارامەکاندا لێژدەبوومەوە،
هەستم بەوانە نەدەکرد کە گوریسەکانیان ڕادەکێشام:
بوون بە نیشانەی پێستسوورە دەم بەهاوارەکان و
بە قەد ستوونە ڕەنگاوڕەنگاندا هەڵیانواسین.

باکم نەبوو چیم هەڵگرتووە
گەنمی فلامان، یا پەمووی ئینگلیزی،
کاتێک گوبەندەکانی ڕاکێشەرانی گوریسەکان کۆتاییان هات،
ئیدی بۆ کوێ دەمویست بچم، ڕووبارەکان بەربەست نەبوون.

لەنێو قەڵبەزە سەرشێتەکانی کشان و داکشانی شەپۆلەکاندا،
زستانی پار لە مێشکی منداڵان کەڕتر بووم
ڕامکرد! هەرگیز نیمچە دورگە بەڕەڵاکان
تووشی  پاشاگەردانی سەرفرازی وا نەبووبوون.

ڕەشەبا پیرۆزبایی لە ڕاچەنینی دەریایی لێ کردم.
لە تەبەدووری سووکتر بووم، سەمام بەسەر شەپۆلەکاندا دەکرد،
وەک قوربانییەک تا ئەبەد  بخولێتەوە
بۆ ماوەی دە شەو، بە بێ ئەوەی لە چاوی گەلحۆی چرا پەشیمان بم.

شیرینتر لە پێستی ئەو منداڵانەی هەر دەڵێی سێوی گەییوە،
ئاوی سەوز دەچوونە لەشە سنۆبەرییەکەم،
پەڵەی شەرابی سەوز و ڕشانەوە شۆردمیانەوە،
سوکان و لەنگەرەکانی پەرت کردم.

ئیدی، ڕۆچوومە نێو شیعری زەریاوە،
ئاوێتەی ئەستێرە شیرییەکان بووم،
ڕازی و ڕەنگپەڕیو، لاژوەردی سەوزم قووت دەدا
سەرئاودەکەوتم، خنکاوێک بووم، ڕاماو و ڕۆچوو،

لە پڕێکدا شینیم ڕەنگ کرد،
وڕێنە و ڕیتمی سست  لەبەر تیشکی ڕۆژ،
بەتینتر لە مەی، بەرینتر لە چەنگ،
سوورایی تاڵیی ئەڤینی دەهەژاند!

دەمزانی ئاسمانەکان  بە برووسکە شەق دەبن،
هەژان و پێکدادانی شەپۆل و ڕێڕەوەکان:
دەمزانی کازێوەی بە نەشئە دەتگوت ڕەوە کۆترە،
هەندێجار ئەوەشم دەبینی کە مرۆڤ حەز بە بینینی دەکرد!

خۆرم بینی نەوی، ڕازی سامناکی بەسەرەوە بوو،
بۆ ماوەیەکی زۆر وەنەوەشییەکانی دادەگیرساند،
دەتگوت ئەکتەری درامای زۆر دێرینن،
لە دوورەوە ئاوەکان هەڵدەلەرزین، لوولیان دەخوارد!

خەونم بە شەوی سەوزی بەفرینەوە بینی چاوی سپی دەکرد،
ماچیش بە هێوری بەرەو چاوی زەریاکان بەرزدەبووەوە،
شیلەی بێوێنە دەگەڕا،
ڕاچەنینی شین و زەردی فسفۆرە دەم بە گۆرانییەکان،

بۆ ماوەی چەند مانگێک، لاسایی شەپۆلە زل و
هار و هاجەکانم دەکردەوە چۆن بەرەو شۆستەکان بەرزدەبوونەوە،
بە بێ ئەوەی مەزەنەی پێیە ڕۆشنەکانی ماریاکان بکەم
پاڵیان بە لمۆزی ئۆقیانووسە تەنگەنەفەسەکانەوە دەنا!

خۆم بە فلۆریدای سەیر و سەمەرەدا کێشا،
ئاوێتەی گوڵە چاو پڵنگەکان بووم کە پێستی مرۆڤانەیان هەبوو!
پەلکەزێڕینەکان بە ژێ ئاسۆی زەریاکاندا ڕاکێشرابوون
هی مێگەلە سەوزباوەکان.

گوێم لە هاژەی زۆنگاوە مەزنەکان بوو،
حەزیای زەریا لەناو تۆڕەکان بۆگەنی دەبوو؛
ئاو لە ناوەندی هێمنیی دا داڕما،
لە دوورەوەش دەتگوت تاڤگەیە دەکەوتە نێو گێژەنەکانەوە!

سەهۆڵبەندان و خۆری زیوین، ئاوی هەڵاڵە و ئاسمانی پەنگرین!
کەشتی بڵحی نغرۆی قووڵایی کەنداوە تاریکەکان دەکرد
کێچ مارە زەبەلاحەکانیان قووت دەدا،
دەرختە چەماوەکان و گوڵاوە ڕەشەکان دەکەوتنە خوارەوە

حەزم دەکرد ماسی دۆرادی ئاوی شین
ماسی زێڕین و ماسی گۆرانیبێژ نیشانی منداڵان بدەم
کەفاوی گوڵ وێڵبوونی ڕادەژەنیم
لە پڕێکیشدا بایەکی بێوێنە باڵی لێ ڕسکاندم.

ناوبەناویش قوربانیی ماندووی دەستی پۆل و ناوچەکان بووم،
هەنسکی زەریا هەڵبەزودابەزە شیرینەکانی پێ بەخشیم،
گوڵی سێبەرە هەڵتۆقیینە زەردەکانی بۆ بەرز کردمەوە،
مامەوە هەر وەک ژنێک کەوتبێتە سەر ئەژنۆکانی...

نیمچە دورگە، شەڕەدەنووک و ڕیقنەی
چۆلەکە دەم بەجریوە چاو زەردەکانی لە ڕۆخم دووردەخستەوە.
سەوڵم لێدەدا، کاتێک گوریسە باریکەکانم ڕادەکێشا،
خنکاوەکان، بە پاشەکشە بۆ نووستن دادەبەزین!

کەچی من، لەژێر پرچی قەوزەکاندا کەشتییەکی گومڕا بووم،
زریان فڕێی دامە باوەشی هەوای بێگەرد و بێ باڵندە
منێک کە دەریاوان و چارۆگەکان
نەیانتوانی لاشە مەستەکەم لەئاو ڕزگار بکەن.

سەربەستانە، دووکەڵم لێ بەرزدەبووەوە، سەر تەمە مۆرەکان دەکەوتم،
منێک کونم لە ئاسمانە سوورەکە دەکرد، وەک دەرگەیەک،
کە مورەبای ئێکجار بەتامی بۆ شاعیران هەڵگرتبێ
مشەخۆرانی خۆر، بەڵغی لاژەورد

ڕامدەکرد، پەڵەی مانگی کارەباخەش بە لەشمەوە،
تەختەداری شێت، ئەسپی دەریایی ڕەش پاسەوانیان دەکردم،
کاتێک تەمموز بە زەبری تێلا

ئاسمانە داغبووەکانی سەرووی وەنەوشەییەکانی دەخستە خوارەوە.

منێک هەڵدەلەرزیم، لە دووری پەنجا میلەوە هەستم بە هاواری
دەڵەبەبای درندە شەیتانییەکان و ڕێڕەوی ئەستووری زەریایی دەکرد،
ڕێسەرە ئەبەدییە چەقبەستووە شینەکان،
حەسرەتم بۆ ئەورووپای بەربەست کۆنەکان هەڵدەڕشت.

کۆدورگە ئاسمانییەکانم بینی! چەندین دورگەش
ئاسمانە وڕێنەکانیان بۆ بەلەمەوانان دەکردەوە.
ئایا لە قووڵایی ئەم شەوە بێ بنانە دەنویت و خۆت ئاوارە دەکەیت،
ملیۆنان پاساری زێڕین! ئەی هێزی ئایندە!

ڕاستە، زۆر گریام، بەرەبەیان دڵ لەتوپەت دەکات،
هەموو مانگێک دزێوە و هەموو خۆرێکیش تاڵە
ئەڤینی تفتوتاڵ بە گەمژەییەکی مەست ئاوساندمی،
با برِبڕەی پشتم شەق بەرێت! با نغرۆی زەریا بم!

ئەگەر ئارەزووی ئاوی ئەورووپاش بکەم،
لە چاڵە ئاوێکی ڕەش و سارد زیاتر نییە، کازێوەیەکی بۆندار
منداڵێکی هەڵتووتاو لێواولێوی غەمبارییە،
بەلەمێکی لەرزۆک وەک پەپوولەی مانگی نیسان بەڕەڵا دەکا.

منی مەلەکەری نێو پەژمووردەیی ئێوە، ئیدی ناتوانم
ئەی شەپۆلان، ڕێڕەوە ئاوییەکانیان لەبەردەم هەڵگرانی پەموو لادەم،
نە بەناو غرووری ئاڵا و ئاگردا تێپەڕبم،
نە بەژێر پردە دەستکردە سامناکەکانیشدا مەلە بکەم.

**تێبینی :** لێرە دەبێ، سوپاسی برایان: کەریم پەرەنگ، بەکری مەلا، جەمال حەمەڕەش بکەم،
کە ئەم دەقەیان بە سەرنجەکانیان دەوڵەمەند کرد.

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***لە فۆلکلۆری کوردی ناوچەی خوراسانەوە .. ڕووداوێکی تراژیدی و ئاوازی لێ یارێ***

ن: کەلیموڵڵای تەوەحودی - و: ڕێباز مستەفا

- ***ڕوانینێک بۆ پرسی ژنان***


شاناز هیرانی

- ***تەڵاق و جیابوونەوە***

مافپەروەر حوسامەدین سەرداری

## لە فۆلکلۆری کوردی ناوچەی خوراسانەوە

# ڕووداوێکی تراژیدی و ئاوازی لێ یاری



ن: کەلیموڵڵای تەوەحودی (کانی ماڵ)
و/ دارشتنەوە: ڕێباز مستەفا

ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو: لە شەوێکی ئەنگوستەچاو و شووم و لە پەلامارێکی لەناکاو و چەپەڵکارانەدا، کە لەلایەن کەسانێکی دڕندە و مێشک بۆگەنی خوێنڕێژ لە خێڵەکانی تورکمەن کرایە سەر هۆبە و ڕەشماڵی ئەو کوردانەی کە لە پایزەهەوارێکی خۆیان لە نزیک ‹جێنگا›٢ی باکووری شاری ‹شێروان›٣ی ناوچەی خوراسان لە خەودابوون. لەو پەلامار و شەو بەسەردادانەدا پیاوان کوژران و بریندار کران، ژن و زارۆک بە دیلی بردران و بوونە یەخسیری زۆرداران، زۆردارانێک، کە ڕووی ڕەشی ستەمکارانی مێژوویان سپی کردووەتەوە.

ئەو ڕووداوە جەرگبڕە کە لەئەنجامی ناشایستەیی و کەموکورتیی (عەبدولڕەزا خان)٤ ڕووی دا، کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردە سەر ورە و هەستونەستی خەڵکەکە، کە لەو سەردەمەدا هێز و توانایان لە دەست دابوو و جگە لە ناڵە و هاوار و هۆنینەوەی لاوک و سترانی خەمگین و پڕ کول و کۆڤان لە سوێی ئازیزانیان شتێکی دیکەیان لە دەست نەدەهات.

لاوکی (لێ یاری)٥ کە ئەمڕۆ لاپەڕەیێکی لە دیرۆکی ئەدەبیاتی کوردی خوراسان بۆ خۆی گرتووە، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لەلایەن دەنگبێژان و ئاوازخوێنانی کوردەوە دەگوترێتەوە و خەڵکی دەخاتە نێو دەریای ماتەم و پەژارەوە.

ئەم لاوکە لە ناخی پڕ لە کۆڤانی لاوێکی کرمانجەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەسگیرانە دڵخوازەکەی لەو شەوە شوومەدا کەوتووەتە دەستی پەلامارەدەران و بە یەخسیری بردراوە و لە بازاڕەکانی (خێوە) و (بوخارا) ٥دا فرۆشراوە.

‹بەهمەن› ئەو لاوە ئەڤیندارەی کورد کە شوانی یەکێک لە مێگەلە مەڕەکانی هۆزی (باچەپانلوو)٧ی کورد بوو، ئەوێ ڕۆژێ، ئێوارەکەی بۆ بردنی خواردنی خۆی و هاوڕێکەی هاتەوە بنەگە و نێو ڕەشماڵان.. دوای خواردنی نان و چایەکی سەرپێیی، پێداویستییەکانی خۆی لەنێو خورجینێک کردن و خستنیە سەر پشتی وەڵاخێک و سەگەکەی کەوتە دوای و نێو هۆبە و ڕیشماڵەکانی بەجێهێشت و ملی چیای گرت. بەهمەن هەر چەندی لەنێو ڕەشماڵان چاوی بە هەموو لایەکدا گێڕا ‹گوڵنار›ە خۆشەویستەکەی خۆی نەبینی، زۆر عادز و پەرێشان بوو، چونکە ڕێگایەکی سەخت و بەردەلان و شاخاوی و پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیبوو، لە هاوڕێکەی پاڕابووەوە، کە نۆبەتی چوونە نێو ڕەشماڵانی خۆی بداتێ و لەجیاتی ئەو بچێت خواردن و پێداویستییەکان بێنێت، بەڵکوو بەو بیانووەش گوڵنارەکەی خۆی تەنانەت ئەگەر لە دووریشەوە بێت، ببینێت، بەڵام ئەمڕۆ بەهمەن هەرچەند چاوی بەنێو ڕەشماڵاندا گێڕا و هەموو لایەکی تەماشا کرد، گوڵنار دیار نەبوو، داب و نەریت و شەرمی خێڵەکییش ڕێگەی ئەوەی پێ نەدەدا پرسیار بکات، بۆیە بە ناچاری و بە دڵێکی تژی دەرد و کۆڤان لە کاتێکدا بەرەو چیا هەنگاوی دەنا پەیتاپەیتا و لەسەریەک ئاوڕی لە دوای خۆی دەدایەوە و فرمێسکی حەسرەت لە چاوەکانیدا قەتیس مابوون. بەمشێوەیە بەرەو لای مێگەل و چیا ڕێگەی دەبڕی. کاتێ لە پێچە سەرهەورازییەکەی پشت ڕەشماڵان بەسەر کەوت، بۆ دواجار ئاوڕێکی لەنێو ڕەشماڵان دایەوە، بەڵام بەژن و باڵا جوانەکەی گوڵناری، کە لەنێو جلوبەرگی جوانی کوردیدا وەکوو تاوسی ڕەنگاوڕەنگ خۆی دەنواند بەرچاو نەکەوت، ئاهێکی هەڵکێشا و بەبێ ئومێدییەوە چووە نێو گەلییە قووڵەکە، کە لێرەوارێکی چڕ دایپۆشی بوو، ئا لەو کاتەدا لەپڕێکەوە دەنگێکی ناسک لە پەنا درەختێکەوە بانگی کرد: (بەهمەن!) بەهمەن ئەژنۆی لەرزین و سست بوون، نەیتوانی تاکە هەنگاوێکی دیکە بۆ پێشەوە بهاوێت. ئەو دەنگەکەی ناسیبوو، دەنگ، دەنگی گوڵنار بوو، دەنگی گوڵنار حاڵەتێکی موگناتیسی هەبوو، ئەوی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. بەهمەن گەڕایەوە و لە کاتێکدا ناوی گوڵناری دەهێنا، توند ئامێزی لێ دا و ماوەیەک دوور

لە چاوی نەیاران ڕازونیازی عاشقانەیان لەگەڵ یەکدا کرد، ئینجا بەهمەن هۆی هاتنی گوڵناری بۆ ئەو شوێنە پرسی. گوڵنار گوتی:

(بەهمەن، شەوی ڕابردوو خەونێکی زۆر ناخۆشم بینیوە، دڵم زۆر کەوتووەتە مەترسی، پێم وایە جارێکی دیکە یەکدی نابینینەوە، لەو کاتەوەی ئەو خەونەم بینیوە خوا خوام بوو، کە بێیتەوە بنەگە، ئەگەر نەهاتبایت و فەرامەرزی هاوڕێت بناردبایە، دامنابوو بەر لە گەڕانەوەی ئەو، خۆم بێمە بەندەنێ، تا بتبینم و لەم دڵەکوتەیەی کە گرتوومە ئاگادارت بکەمەوە و بۆ هەتا هەتایە گەردن ئازاییت لێ بکەم، بەهمەن نازانم بۆچی وا هەست دەکەم کە جارێکی دیکە یەکدی نابینیەوە).

بەهمەن لەکاتێکدا ڕۆندک لە چاوانیدا قەتیس مابوون، کەوتە دڵدانەوەی دڵبەرەکەی و گوتی: (گیانەکەم، مانگێک زیاتر نەماوە بۆ وادەی زەماوەندمان، هەر لەگەڵ ئەوەی کە کرێی خۆم لە ئاغا وەرگرت، شتومەکی زەماوەند ئامادە دەکەم و ئیدی هەرگیز لە یەکدی جیا نابینەوە و تا هەتا هەتایە پێکەوە دەبین).

خۆر لە ئاوابووندابوو، ئەوان هێشتا هەر لەنک یەکدی بوون و خەریکی ڕازونیازی خۆیان بوون. لەو کاتەدا لە دوورەوە یەکێک لە سوارەکانی هۆز بەدەر کەوت. بەناچاری بۆ دوایین جار یەکدیان گرتە باوەش و یەکدیان ڕامووسی و بە چاوی تژی تاسە و دڵی تژی پەژارە لە یەکدی جیابوونەوە. نازانم بەهمەن ئەو شەوە لە چیا چۆنی بەسەر برد، بەڵام گوڵنار شەو تا سپێدە لەنێو جێدا خۆی لەم تەنیشت بۆ ئەو ئەو تەنیشت وەردەگێڕا و دەگریا و خەو نەچووە چاوانی. بەرە بەری سپێدە بوو، کە حیلەی ئەسپان و هەوهەوی سواران گوڵناری ڕاچڵەکاند و بەلەز ڕابوو و لەنێو تاریکیی بەرەبەیاندا لە ڕەشماڵ هاتە دەر و لەگەڵ هاتوهاوار و بگرە و بەردەی سوارانی تورکمەن ڕووبەڕوو بووەوە.. قیژاندی و هاواری کرد و پیاوانی هۆزی بەخەبەر هێنا و خۆیشی خێرا چەلاکێکی بن ڕەشماڵی ڕاکێشا و بە تەواوی هێزییەوە لە ملی سوارێکی تورکمەنی دا و خستی، بەڵام سوارێکی دیکەی تورکمەن لەو کاتەدا لەسەر ئەسپەکەیەوە خۆی هەڵدایە سەری و دەستەویەخەی بوو.. تاوێک دواتر ڕەشماڵەکان سووتان، پیاوان کوژران و ژنان و کچان بە گوڵناریشەوە بوونە یەخسیر و دیلی دەستی تورکمەنان، بە دەستی بەستراو و پەت لە گەردن وەکو گیاندارانی نێو داو بەرەو (تورکمەن سەحرا)٨ بە دوای خۆیاندا ڕایانکێشان، هەر یەکێکیشیان بەرگری بکردبا، بە دار و قەمچی بەردەبوونە گیانی.

ڕۆژی دووەمی ڕووداوەکە بوو کە ئەو هەواڵە ناخۆش و شووم و لە هەموویشی ناخۆشتر بە دیلگیران و بردنی گوڵنار، لە چیاکانی باکووری جێنگا گەیشتە بەهمەن.

ئەو نەیدەتوانی باوەڕ بکات، نەیدەتوانی گوڵنارەکەی بە یەخسیری دوژمن ببینێت، بۆیە پەزەکەی لە چیا جێهێڵا و گەڕایەوە هەوار و نێو ڕەشماڵان، بەڵام چ ببینێت، لە شوێنی هۆبەی ڕەشماڵان لە گردێک خۆڵەمێش و زوخاڵ زیاتر شتێکی دیکە نەمابوو. هەموو شتێک لەنێو چووبوو، هەموو شتێک کەوتبووە بەر تاڵانی دز و کرێگرتەکانی زۆرداران. گوڵنارەکەی ئەو چەندین فرسەخ بە دەستبەستراوییەوە دوور کەوتبووەوە. بەهمەن لە حاڵێکدا دەگریا و یەخەی خۆی دادەدڕێ و نەفرەتی دەکرد، لە بستۆکەکەی چیا سەرکەوت، تا سەیری ئاسۆی دووردەست بکات، بەڵکوو لە کۆتایی ئاسۆگەدا، لەو شوێنەی کە ئاسمان خۆی لە زەوی خشاندووە، گوڵنارەکەی ببینێت، بەڵام بەداخەوە ئاسۆگەش لەگەڵیدا ناساز بوو و لە نیشاندانی گوڵناردا ئەویش بێبەزەیی و بێ میهر بوو.

بەهمەن ماندوو و شەکەت دانیشتە سەر تاشەبەردێک، لە کاتێکدا شمشاڵەکەی لەبەر پشتێنی

**«لاوکی (لێ یارێ) کە ئەمڕۆ لاپەڕەییێکی لە دێرۆکی ئەدەبیاتی کوردی خوراسان بۆ خۆی گرتووە، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لەلایەن دەنگبێژان و ئاوازخوێنانی کوردەوە دەگوترێتەوە»**



یەڵدای عەباسی

دەردەهێنا ڕق و نەفرەتی بۆ دەستدرێژیکەران دەنارد، ئینجا لێوە لەرزۆکەکانی خۆی خستنە سەر شمشاڵەکە و ئاوازی جودایی، کە دواتر لەنێو کوردانی خوراساندا بە ئاوازی (لێ یارێ) بڵاو بووەوە، لە ناخی دڵی خوێناوییەوە هەستا شمشاڵە بێگیانەکە هاتە زمان، وا پێدەچوو بەهمەن ئەم جارەش وەکوو هەمیشە داوا لە شمشاڵەکەی بکات، کە ناڵەی دڵتەزێنی ئەو بگەیەنێتە گوڵنارە خۆشەویستەکەی، کە چەندین قۆناغەرێی لێی دوورە و لە ڕێگا دوور و درێژەکەی ئەو کێوانەی پشت ئاسۆگەی بێکۆتایی، لەو شوێنەی کە قەدپاڵەکانی (خەرتووت- بێجنورد)٩ لەگەڵ (تورکمەن سەحرا) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، گوێبیستی ئاهوناڵەی دڵخوازەکەی بێت. شمشاڵیش دەتگوت مەبەستی بەهمەن تێگەیشتووە و زیاتر لە خودی بەهمەن بە لەدەستدانی گوڵنار داخدارە، کەوتە ناڵین و شیوەن، بە جۆرێک هاواری لە کێو و بەندەنەکاندا دەنگی دایەوە، کە تەواوی پەڕەندە و گیاندارانی کەژ و کێو و لێڕەوارەکانی سەرسام و کەسەردار کرد. هاوارێک بوو کە پەیامی دڵی پڕ لە زوخاوی ئاشقانەی بەهمەنی دەردەخست. ئەنگوستەکانی بەهمەن بە شارەزاییێکی تەواوەوە لەسەر کونەکانی شمشاڵ دەهاتن و دەچوون، لەگەڵ هاوار و فریادی شمشاڵەکەدا، ڕۆندک بەسەر ڕوومەتی پیاوانەی بەهمەندا دەهاتنە خوار. بەهمەن تاوێک دواتر شمشاڵەکەی دانایە سەر ئەژنۆکانی و لەبەر شنەی بای ئێواران پاڕایەوە، کە پەیامەکەی بگەیەنێتە خۆشەویستە لەدەستچوو و دیلی مەملەکەتی ئازار و غوربەت. ئینجا دەستی خستە بناگوێی و خرۆشا و ئاوازی (لێ یارێ)ی بە جۆرێک هەڵدا، کە لە ئاسمانی ئەو کێوانەدا پێچی دەدا و دەنگی دەدایەوە:

> **بەهمەن، شەوی ڕابردوو خەونێکی زۆر ناخۆشم بینیوە، دڵم زۆر کەوتووەتە مەترسی، پێم وایە جارێکی دیکە یەکدی نابینینەوە**

## لاوکی لێ یارێ

**١**

***ئەز کو ئیرۆ پڕ غەمگینم لێ یارێ لێ یارێ لێ یارێ***
***چاڤ لە بنیان دگەڕینم گوڵنارێ***
***نیشان ژ تە ئەز ناوینم لێ یارێ، لێ یارێ، لێ یارێ***
***ژ (تەلو)دا دەرکەت سەرێ ئێلەمین و سیارێ***
***ترمان ڕابوو، ژ (یەموت) و (سمارێ)***
***جایلان کوشتن ژنان گرتن لێ یارێ***
***هێسیر کردن، برنە (خێوە) و (بوخارێ)***

> **بەهمەن هەر چەندی لەنێو ڕەشماڵان چاوی بە هەموو لایەکدا گێڕا (گوڵنار)ە خۆشەویستەکەی خۆی نەبینی، زۆر عادز و پەرێشان بوو**

***وان فرێتن لە کوچان و بازاڕێ***
***نام وەسەرێ تە چی هانین؟ لێ یارێ، گوڵنارێ.***

**٢**

***ڤان شەڤانا، چەرە شەڤن لێ یارێ، لێ یارێ، لێ یارێ***
***خەو لە چاڤێ مە ناکەڤن گوڵنارێ***
***یار وەتەنێ ڕاناکەڤن لێ یارێ، لێ یارێ، لێ یارێ***
***مەگەر بێوی وە خەوێ من توجارێ***
***کو فکرێ تە جانێ من کو دخارێ***
***دیدار مایە قیامەتێ لێ یارێ، گوڵنارێ***

**٣**

***باریلاها، تووەی تەخسیر لێ یارێ، لێ یارێ. لێ یارێ***
***لە من تەنگ بوو چۆل و جزیر گوڵنارێ***
***یارێ منێ کرنە هێسیر لێ یارێ، لێ یارێ، لێ یارێ***

**٤**

***مێرێ کورمینج زەلیل بوونە لێ یارێ***
***کو داکەتن مێرێن مینا سەرکارێ؟***
***نە دیوانە، نە دەستگایە، لێ یارێ***
***ئەز بوامە بەرخەک دەمێ بازاڕێ***
***تا بفرۆشن، بدەن لە ڕەدێ یارێ***
***بدەن، پێ بکرن ئەزیز گوڵنارێ، لێ یارێ.***

**

**فەرهەنگۆکێک بۆ لاوکی (لێ یارێ)**

بینان: بنەگەکان، جێ هۆبەی کاتیی ڕەشماڵەکانی کورد.

ناوینم: نابینم.

تەلو: یەکێکە لە چیا پڕ لە لێڕەوار و سەوزەکان، کەوتووەتە نێوان تورکمەن سەحرا و خوراسان.

ئێلەمین: ئەلئەمان، هاتوهاواری سواران لە کاتی پەلامار و هێرشبردندا.

سیار: سوار.

ترمان: تورکمەن.

ژە: لە، ژ.

یوموت: نیشتمانی تورکمەنە یوموتییەکانە، کە کەوتووەتە باکووری «گونبەدی کاووس.

سماریێ: یان سومبار، هەمان ڕووباری ئەترەکە، کە لە باکووری خۆرئاوای بێجنورد بەو ناوە ناسراوە.

جایلان: جاحێلان، لاوان.

هێسیر: ئەسیر، دیل، یەخسیر.

فریتن: فرۆشتیانن

نام: نازانم، نزانم.

وەسەرێ تە: بەسەر تۆ.

چ هانین: چیان هێنا.

چەرە: چ جۆرە.

ڕاناکەڤن: ناخەون، ڕانازێن، نانوون.

بێوی: بێیتەوە.

دەخاریێ: دەخوات

باریلاها: خوایە.

کورمینج: کرمانج، کورد.

کو داکەتن: کەوتنە کوێ، بۆ کوێ چوون.

مینا: وەکو.

سەرکاریێ: مەبەست سەرکار ئەمیر حوسێن خان «شوجاعولدەولەیە، کە یەکێک لە فەرمانڕەوا هەرە بەتوانا و کارامەکانی کوردی ناوچەی خوراسان بووە. لە سەردەمی ئەودا کورد لە ڕەوشێکی زۆر باشدا بووە. فەرمانڕەوایەتیی بەرفراوانترین ناوچەی خوراسان لە دەست کورددا بوو.

بواما: ببامە.

١»سەیدا کەلیمولڵا تەوەحودی -کانی مال» مێژوونووس، توێژەر و نووسەری ناودار و گەورەی کوردی ناوچەی خوراسانە. سەیدا کانی مال دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی مێژووی و ئەدەبی و چەندین کتێبی گرنگی نووسیون و بڵاوی کردوونەتەوە، لە هەموویان گرنگتر کتێبی کۆچی (مێژووی کورد بۆ خوراسان)، کە بە زمانی فارسی نووسراوە و لە شەش بەرگدا چاپ بووە. سەیدا لەم کتێبەیدا بە دوور و درێژی و تێروتەسەلی مێژوو و ژیان و ژیاری ئەو کوردانەمان بۆ باس دەکات، کە کاتی خۆی ستەمکارانی داگیرکەر بە زۆری و زۆرداری لەسەر خاک و زێدی خۆیانیان وەدەر ناون بۆ ناوچەی خوراسان دووریان خستوونەتەوە و کۆچاندوویانن.

بە پێی ئامارە نافەرمییەکان ژمارەی کورد لە ناوچەکانی خوراسان نزیکەی یەک ملیۆن و نیوە.

٢ جێنگا، گوندێکی بچووکە، کەوتووەتە دۆڵی قوشخانە و باکووری دەشتی تەکمەران لە هەرێمی خوراسان.

٣ شێروان، شارێکی کوردنشینی ناوچەی خوراسانە.

٣ عەبدولڕەزا خان، نەوەی ئەمیر حوسێن خان «شوجاعولدەولە»، سەردەمێک سەرۆکی هۆزەکانی کوردی خوراسان بووە. سەیدا کانی مال لەبارەی ئەو عەبدولڕەزا خانە زۆر شتی نووسیوە، کە منداڵکارەیەکی بێئەزموون و هیچ لەبارانەبوو بووە و لە سەردەمی ئەودا شکۆ و سامی کورد لە خوراسان لاواز بووە و بە پێچەوانەی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمیر حوسین خان، کە ئەوسا کورد لە ڕەوشێکی زۆر باشدا ژیاوە و دۆست و دوژمن حسێبیان بۆ کردووە.

٤ لاوکی لێ یارێ، یان ئاوازی لێ یارێ، لە لایەن زۆر لە دەنگبێژانی کوردی خوراسان گوتراوە و لە ساڵانی دواییشدا لە لایەن خاتوونە هونەرمەندی کوردی خوراسان «یەلدا عەباسی» و خانمە هونەرمەندی فارس «شەکیلا»وە بە شێوازێکی زۆر جوان گوتراوە.

٥ خێوە و بوخارا، دوو شاری تورکمەنستانن، کە کاتی ئەو کارەساتە، دیل و ڕفێندراوەکانی کە لەلایەن مرۆڤدزانی تورکمەنەوە دەبردان، لە بازێڕەکانی ئەو دوو شارەدا دەفرۆشران.

٦ باجەپانلو، ناوی هۆزێکی کوردی ناوچەی خوراسانە.

٧ تورکمەن سەحرا، ناوچەیەکی تورکمەنشینە لە باکووری ئێران.

٨ خەرتوت و بێجنورد، دوو ناوچەی دیکەن لە خوراسان.

**** سەرچاوە: کتێبی (حرکت تاریخی کرد به خراسان) ، بەرگی سێیەم.**

**«ڕەشماڵەکان سووتان، پیاوان کوژران و ژنان و کچان بە گوڵناریشەوە بوونە یەخسیر و دیلی دەستی تورکمەنان»**



# ڕوانینێک بۆ پرسی ژنان



شاناز هیرانی

پرسی ژن بەردەوام یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگ و گەورەکان، کە هەمیشە جێگەی مشتومڕ بووە، بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگە داخراو و ئیسلامییەکاندا، چونکە لە ژێر ڕۆشنایی پێشکەوتن و پێگەی ژنان لە هەندێک وڵاتدا، ئەو پرسە گۆڕانێکی بنەڕەتی و قووڵی بەسەر دیمەنی کۆمەڵایەتی گشتیدا هێناوە. ئەمە لەکاتێکدا لە هەندێک وڵاتانی دیکەدا، ئەو پرسە تا ئێستاش وابەستەیە بە چەندین مشتومڕ و دیدگا و بۆچوونی جیاواز لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو پێگەیەی ژن پێگەیشتووە، بەوشێوەیەی کە تا چەند لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگەکاندا گونجاوە. بۆیە دەبینین مەسەلەی ژن لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامییەکاندا چەند داڕشتنێکی پێکدژی نیشان داوە، ئەگەر لەڕووی پێگەی ژنەوە خوێندنەوەییەکی بۆ بکەین پێویستە لەسەر سێ جۆر میتۆد و داڕشتنی کۆمەڵگەکان وردبینەوە، ئەوانیش:

١. ئەو کۆمەڵگەیانەی مەحکوومن بە دەسەڵاتێکی توندوتیژانە، سیستەمێکی سەرکوتکەرانە دژی ژنان پەیڕەو دەکەن. ئەو کۆمەڵگەیانەش لەژێر هەیمەنەی تائیفی توندڕەودا دامەزراون و بەتەواوی هەژموونییان بەسەر کۆمەڵگەکەدا سەپاندووە. بۆیە لێرەدا پێگەی ژن بەدوو تایبەتمەندی جیا دەکرێنەوە:

یەکەمیان: بریتییە لە مەترسی تێکەڵاوبوونی هەردوو ڕەگەز لەنێو ئەو کۆمەڵگەیانەدا. کە زۆر بە ڕوونی لە دیارنەبوونی ژن لەسەر شانۆی ڕووداوەکان و دیمەنی گشتی، لاوازی پێگەکەی، ڕۆڵ نەگێڕانی لەهیچ بوارێک و ئەکتیڤ نەبوونی لەناو جومگەکانی دەسەڵاتدا، کە تەنیا پیاوان لە سەرجەم بوارەکاندا قۆرخیان کردووە ڕاشکاوانە دیارە.

دووەم: بریتییە لە دانانی ژن لەژێر چاودێریی و ڕاسپاردە و هەژموونی پیاوسالاری، کە وەکوو مرۆڤێک بێبەشی دەکات لە بچووکترین ماف.

خوێندنەوەمان بۆ ئەو جۆرە کۆمەڵگە و حاڵەتانە، وانیشان دەدات، کە مامەڵەکردن لەگەڵ ژن بەو جۆرە لە لایەن ئەو کۆمەڵگەیانەوە، تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی ئایینی و شەریعەتی ئیسلامی چەند جۆرە ڕێسا و کۆت و پێوەندێکی داناوە، هەرچەندە من پێموایە ئەگەر تەنیا هۆکاری خراپی پێگەی ژن بگەڕێنینەوە

***ئەو کۆمەڵگەیانەی، کە دەسەڵاتدارانی باوەڕیان بە کرانەوەی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشەوەچوونی جیهانگیریی هەیە. وادەکات ئازادی کۆمەڵایەتی ببێتە واقیعێک، نەک مافێکی دەستەبەرکراو***

بۆ داب و نەریتی ئیسلامییانە، ڕەنگە زۆر ڕاست و دروست نەبێت، چونکە لەم ڕووەوە لەوانەیە لەنێوان هەندێک وڵاتدا جیاوازی زۆر هەبێت، ئەوانەی دەسەڵاتێکی ئایینی حوکمیان دەکات، بەڵام تا ڕادەیەک ژنانی فەرامۆش نەکردووە و نیمچە ئازادییەکیان هەبووە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ژیانەی دەیانەوێت (ئایینی بێت، یان نا) نموونەش بۆ ئەوە وڵاتێکی وەکوو تورکیایە. جگە لەوەش ناکرێت واقیعی کۆمەڵایەتی تەنیا بە بیروباوەڕی ئایینی بەند بکەین، چونکە ئەو جیاوازییە مێژوویانەی هەردوو بواری ئایینی و کۆمەڵایەتی لەیەک جیا دەکەنەوە، قابیلی لەیەک جیاکردنەوەن، ئەوانیش لە مێژوودا بەچەند قۆناغێکی جیاجیادا تێپەڕیون. من پێموایە کێشەکە تەنیا هەر ئیسلام نییە، بەڵکوو ئەخلاقی تائیفی زیاتر ئازادییەکانی ژن پێشێل دەکات و سەرکوتی دەکات، کە زۆربەی زۆری دەسەڵاتدارانی وڵاتەکان پەیڕەوی دەکەن و لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری دەهێنین. زۆرجار ئایین دەکەنە دەرچەیەک بۆ تێپەڕاندن و سەپاندنی جۆرەها کولتوور و نەریتی خراپ، یان دەیکەنە جۆرە ئایدیۆلۆژیایێکی هەژموندار و بۆ شێوازی حوکمکردن بەکاری دەهێنن، بەمەش ئایین لای خەڵک بە ناشیرینی و هۆکاری خراپییەکان سەیر دەکرێت. وەکوو لای هەموانیش ڕوون و ئاشکرایە، کە ئایین هەمیشە خاڵی لاوازی مرۆڤەکانە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ئایین بووەتە کەرەستەیێک بۆ شێوازی حوکم کردن و ڕێکخستنی ژیانی تاکەکان. بۆیە لێرەدا دەردەکەوێت، کە زۆربەی جار خودی ئایینیش بەکارهێنراوە و تێکەڵاوی مەرامی سیاسی و کۆمەڵایەتی کراوە. لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، ڕەوشتی تائیفی زاڵە بەسەر سیستەمی ئەخلاقی و مانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەو جۆرە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە، هێشتنەوەی ژن بەو دۆخە خراپە و سەیرکردنی وەکوو موڵکێکی تایبەت. ئەمەش بە هەموو پێوەرێک بچووککردنەوەی ژنە چ وەکوو مرۆڤێک، یان ڕەگەزێکی گرنگ لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا. کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەردەوامیەتی ژیان و کۆمەڵگە و جیهانیش بە گشتی.

ئەو نزیکیە و دیدگایە وامان لێدەکات بە باشی درک بەو جیاوازییانە بکەین کە لە پێگەی ژندا هەیە لەنێو دارشتنی ئیسلامیەنەدا.

٢. ئەو کۆمەڵگەیانەی، کە دەسەڵاتدارانی باوەڕیان بە کرانەوەی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشەوەچوونی جیهانگیریی هەیە. وادەکات ئازادی کۆمەڵایەتی ببێتە واقیعێک، نەک مافێکی دەستەبەرکراو. دواجاریش ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە کاروباری کەس و یاسای خێزان هەیە لەدوای واقیعە پێشکەوتووەکە بێت، کە لەژێر قورسایی یاسا تەقلیدییەکاندا دەناڵێنێت.

جیاواز لە میتۆدی یەکەم، پێناچێت ئەو کۆمەڵگەیانە وابەستە بن بە یاسای سیوکراتی، هەروەها ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکەشی بە میتۆدێکی ئیسلامییانە ڕێک نەخراوە و کار بە نەریتەکانی ئایینی ناکەن، وەکوو لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی دیکەدا

> **“ ناکرێت واقیعی کۆمەڵایەتی تەنیا بە بیروباوەڕی ئایینی بەند بکەین، چونکە ئەو جیاوازییە مێژوویانەی هەردوو بواری ئایینی و کۆمەڵایەتی لەیەک جیا دەکەنەوە، قابیلی لەیەک جیاکردنەوەن ”**

> **پێموایە ئەگەر تەنیا هۆکاری خراپی پێگەی ژن بگەڕێنینەوە بۆ داب و نەریتی ئیسلامییانە، ڕەنگە زۆر ڕاست و دروست نەبێت، چونکە لەم ڕووەوە لەوانەیە لەنێوان هەندێک وڵاتدا جیاوازی زۆر هەبێت**

دەبینرێن. بەمەش گورزێک لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەدات و بەڕووی جیهانگیریشدا دەکرێتەوە. دواجار ئەگەر هێشتا وەکوو کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیش نەمابێتەوە، بەڵام دەچێتە خانەی ئەو کۆمەڵگەیانەی خۆی یەکلاکردووەتەوە و چووەتە پاڵ جیهانگیریی، وەکوو ئەوەی لە وڵاتێکی وەکوو تورکیا و توونس دەبینین، کە یاسای نوێیان لە بەرژەوەندی ژنان داناوە.

ئەو حاڵەتەشدا جۆرێک لە دوورکەوتنەوە دروست دەکات لەنێوان پێشبینییەکانی ژنان و یاسا دانراوەکان، هاوشێوەی ئەو دۆخەی کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە خۆراوادا لەئارادبوو، دواجاریش بووە هۆی لادانی لەلایەن خودی ژنانەوە. لەپێناو لابردنی دوایین قەدەغەکراوە یاساییەکانی لەمپەر و ئاستەنگیان لەبەردەم هەر بەرەوپێشەوەچونێکی ژنان دروست دەکرد.

٣. جۆری سێیەمی ئەو کۆمەڵگایانە، بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی بە هەبوونی دەسەڵاتێکی هاوچەرخانە وەسف دەکرێت، کە بەرەو ددانـنـان بەوەی پێی دەگوترێت (فیمینزم) دەچێت. ئەو کۆمەڵگەیە سیاسەتێک پەیڕەو دەکات، کە هانی ژن دەدات ئازاد و چالاک و پێشکەوتوو و ئەکتیف بێت لەناو کۆمەڵگە و بەشدارێکی کارا بێت لەڕووی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، بازرگانی، تاد.. واتە هەموو بوارەکانی پێشتر پیاوان تێدا تاک لایەنانە کاریان لەناودا کردووە.

بۆیە دەبینین نوخبەی سیاسی نوێ هەر لەو کاتەی جڵەوی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، مەسەلەی ئازادکردنی ژنی کردووەتە یەکێک لەکارە پێشینەکانی. هەرچەندە پرسی ژن سەرەتا یەکێک نەبوو لە داواکارییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی ئێستادا و لەسەر ئاستی ستراتیژی و نیشتمانی بووەتە کاری سەرەکییان و چالاکانە هەوڵی بۆ دەدەن. بەمەش لەم کۆمەڵگەیانەدا پێگەی ژن بەرز بووەتەوە بۆ ئاستی ئەوەی بوویێتە پرۆژەیێکی سیاسی گرنگ، کە لەچەندین ئاراستەی جیاجیادا گەڵاڵە دەبێت: وەکوو پەروەردە و فێرکردن، هاندان بۆ دەستەبەرکردنی پێگەیێکی سیاسی شیاو، هاتنەدەر لەژێر هەیمەنەتی پیاو، بە ڕێگەی دانانی یاسای کاروباری کەسی، کە ژن ئازاد دەکات لە ژێر ڕاسپاردەی پیاو دابێت. ڕێگە لە فرە ژنی دەگرێت. هانی دەدات بەرەو ئاراستە ئابوورییەکان بچن و بێنە نێو بوارەکانی بازرگانی و ئابووری و دابینکردنی ژیانیان لەڕووی ئابوورییەوە و وابەستە نەبوونیان بە پیاوەوە و خۆ ژیاندنیان وەکوو مرۆڤێک لەو جیهانەدا، بێ ئەوەی پێویستی بەوەبێت کەسێکی دی بەڕێوەی ببات. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئازادییەکی زەقانەی ژنە.

بەم شێوەیە دەبینین هەر دەوڵەتێکی نوێ لەکاتی دروستبوونیدا، لەسەر پاشماوەی دەوڵەتی کۆن و چاکسازی پچڕ پچڕ دروست نابێت، بەڵکوو دەبێت پلان و پرۆژەی تەواوکاری هەبێت، کە تێکەڵی بزاڤی مێژوویی بێت لەناو دینامیکیەتیەکانی نوێگەرایی و گوزارشت لە ئیرادەی ڕاستەقینە بکات و کۆمەڵگە بەرەو داهاتوویێکی ڕۆشنتر و باشتر ببات. هەر بەرەو پێشکەوتنێک، لە سەرجەم بوارەکاندا بەبێ یەکسانی جێندەری نایەتەدی، ژیانی هاوبەش، کاری هاوبەش، کۆمەڵگەیێکی تەندروست دروست دەکات.

# تەڵاق و جیابوونەوە





ماڤپەروەر حوسامەدین سەرداری

هەڵەیەکی باو هەیە لەناو کۆمەڵگەکەمان و بەتایبەتی لەنێو ژنان، ئەویش ئەوەیە (ئەگەر ژن داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات ئەوا لە هەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی بێبەش دەبێت) بۆ سەلماندنی پێچەوانەی ئەم گوتەیە بە چاکم زانی شرۆڤەیەکی کورتی یاسایی و شەرعی تەڵاق (الطلاق) و جیابوونەوە (التفريق) بکەم.

سەبارەت بە تەڵاق، شەرع و یاسای باری کەسی عێراقی بەرکار مافی تەواوی داواتە مێرد بەهۆ، یان بەبێ هۆ، لە دەرەوەی دادگا، یان لەبەردەم دادگادا، بەبێ ئامادەبوونی هاوسەرەکەی، هاوسەرەکەی خۆی تەڵاق بدات، کە تەڵاقی دا هاوسەرەکەی تەواوی مافە شەرعی و یاساییەکانی دەکەوێت، کە ئەمانەن: (مارەیی پاشەکی و بژێوی خۆی، تا ڕۆژی تەڵاقەکە و بژێوی عیددە کە ٣ مانگە و قەرەبووی تەڵاقی لەوتاندن (تعسفی) کە بەهای بژێوی ٣ تا ٥ساڵە و ئەو کەلوپەلانەی کە بە پارەی ژنەکە کڕاوە، ئەو زێڕەی کە مێردەکەی لێی فرۆشتووە، دایەنی منداڵە ناکامەکان، بژێوی منداڵەکانی بە بەردەوامی، ئەگەر ئەو خانووەی تێدا نیشتەجێبوون بەناوی مێردەکەی تۆماربێت، لەسەر داوای ژنەکە لە دوای تەڵاقەکە بۆی هەیە بۆ ماوەی ٣ ساڵ لەناو خانووەکە نیشتەجێ بێت، دوای وەدەرنانی مێردەکەی لە ڕێگەی دادگاوە) بەڵام ئەگەر ژنەکە داوای لێکجیابوونەوە و لێکترازانی لە بەردەم دادگا (التفريق القضائی) لە مێردەکەی کرد ئەوکاتە لە مافەکانی بێبەش نابێت، بۆ زیاتر ئاشنا بوونی ژن و مێردەکان و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی یاسایی تاکەکان بە باشم زانی شرۆڤەیان بکەم.

لە ماددەی (٤٠)دا ڕێگە بە ژن و مێرد دراوە داوای لێک جیابنەوە بکەن، ئەگەر یەکێک لەم هۆکارانە لە ئارادا بێت: (زیان گەیاندن بە بەرامبەر، یان بە منداڵەکانی، خوو پێوەگرتن بە مادە بێ هۆشکەرەکان و سەرخۆشکەرەکان، قومارکردن لە ماڵی هاوسەری، ناپاکی هاوسەری، گرێبەستی هاوسەرگیریی پێش تەمەنی ١٨ ساڵی و بەبێ ڕەزامەندی دادوەر ئەنجام درابێت، ئەگەر مێردەکە ژنی دووەمی بەبێ ڕەزامەندی دادگا هێنابێت) لەم حاڵەتانەدا ژنەکە دەتوانێت داوای هەموو مافەکانی بکات. بەڵام لە ماددەی (٤١) ی هەمان یاسادا ڕێگە بە ژن و مێرد دەدات داوای لێکجیابوونەوە بکەن، ئەگەر ناکۆکی (التفريق للخلاف والنزاع) لە نێوانیاندا بەرپابێت، ئەوکاتە دادگا هەوڵدەدات ئاشتیان بکاتەوە لە ڕێگەی ناوبژیوان (حكم) لە لایەن هەردوو لایەنی داواکە، ئەگەر ئاشت نەبوونەوە و سەلمێنرا ژنەکە کەمتەرخەمی هەیە، بە گوێرەی ڕێژەی کەمتەرخەمییەکەی (کە لەلایەن ناوبژیوانەکان دیاری دەکرێت) تەنیا مارەیی پاشەکییەکەی کەمدەکرێتەوە و قەرەبووی تەڵاقی لەوتاندنی

**ئەگەر ئەو خانووەی تێدا نیشتەجێبوون بەناوی مێردەکەی بێت، لەسەر داوای ژنەکە، لە دوای تەڵاقەکە بۆی هەیە بۆ ماوەی ٣ ساڵ لەناو خانووەکە نیشتەجێ بێت**


ناکەوێت، بەڵام مافەکانی دیکەی وەردەگرێت. لە ماددەی (٤٣)ی یاساکەدا تەنیا ماف دراوەتە ژن داوای جیابوونەوە بکات لە کاتی لە ئارادابوونی یەکێک لەم هۆکارانە:

ئەگەر مێردەکە سزای ٣ ساڵ، یان پتر، لەسەر تاوانێک سزا بدرێت، ئەگەر بەبێ هۆیەکی ڕەوا مێردەکە ژنەکەی بۆ ماوەی پتر لە ساڵێک جێ بهێڵێت (هجر) ئەگەر دوای ئەنجامدانی گرێبەست لەماوەی ٢ ساڵدا داوای گواستنەوەی ژنەکە نەکات، ئەگەر مێردەکە نەزۆک بێت، ئەگەر مێردەکە نەخۆش بیت بە جۆرێک نەتوانی سەرجێی لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات و بێ هیوا بێت لە چارەسەرکردن و نەدانی بژێوی ژنەکە بەبێ هۆ دوای مۆڵەتدانی مێردەکە بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ.

بۆ تۆمارکردنی هەرداوایەک پێویست دەکات بەڵگەی یاسایی لە ئارادابێت، بەبێ بەڵگە دادگا داواکان ڕەتدەکاتەوە. خۆ دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەوڵی کەم کردنەوەی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران دەدەن، بە ئاسانی بڕیاری جیابوونەوە نادەن و هەوڵی پێکهاتن و سوڵح دەدەن، بەڵام تەنیا دەسەڵاتیان نابێت لە داوای پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەکی ئەگەر پیاوەکە مکوڕ بێت و لەبەردەم دوو شایەت ئەنجام درابێت و ماوەی شەرعی و یاسایی تەواو بووبێت، ئەوکاتەش لە ئامۆژگاری هەردوو لایەنەکە بۆ چارەسەری شەرعی و یاسایی گونجاو درێغی ناکەن. هەندێک جار لە داواکانی جیابوونەوە بەپێی ماددەی (٤٠)ی ئاماژەپێکراوی سەرەوە ژنەکە ناتوانێت بەڵگەی سەلماندنی بڕواهێنەر پێشکەش بە دادگا بکات، دادگاش داواکە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ماف دەدرێتە ژنەکە داوایەکی دیکە بە هەمان هۆی پێشتر تۆماربکات، ئەو کاتە دادگا حوکمی ماددەی (٤١) پەیڕەو دەکات لە ڕێگەی ناوبژیوانی هەردوولا ڕێژەی کەمتەرخەمی لایەنەکان دیاری دەکرێت و تەنیا ڕێژەی مارەیی پاشەکی ژنەکە کەم دەکرێتەوە بەپێی کەمتەرخەمییەکەی و قەرەبووی تەڵاقی لەوتاندن نایگرێتەوە. لە یەک باردا ژن لەهەموو مافەکانی خۆی بێبەش دەبێت ئەویش لەکاتی تەڵاقی بە ڕەزامەندی خۆی (الطلاق الخلعی) بەمانای ژنەکە بە ویست و ئیرادەی خۆی بەبێ هیچ فشارێک داوا لە مێردەکەی بکات تەڵاقی بدات بەو مەرجەی لەهەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی خۆی خۆش بێت و مێردەکەش ڕازی بێت، لەبەردەم دادگا، یان لە بەردەم دوو شایەت تەڵاقەکە ئەنجام بدات. هەروەها ئەگەر ژنەکە پێش گواستنەوە پەشیمان بووە و لاری هەبوو لەسەر گواستنەوە بۆ مێردەکەی لەبەر هەر هۆیەک بێت ئەوکاتە پێویست دەکات هەموو مارەییەکەی بۆ پیاوەکە بگەڕێنێتەوە لەگەڵ خەرجییەکانی مارەبڕین و ئاهەنگەکان. بەڵام ئەگەر مێردەکە پێش گواستنەوە پەشیمان بێتەوە و لاری هەبێت لە گواستنەوەی ژنەکە، ژنەکە نیوەی کۆی مارەیی پێشەکی و پاشەکییەکەی دەکەوێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم دوای وەرگرتنی بڕیاری دادگا بە تەڵاق و جیابوونەوە، بڕیارەکە لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن جێبەجێ دەکرێت و بەپێی یاسای جێبەجێکردن کە یاسایەکی زۆر کۆنە و لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە ژنەکە زۆر بە زەحمەت مافەکانی بە دەست دەهێنێت، بەتایبەتی ئەگەر مێردەکە هیچ موڵک و ئۆتۆمبێلی بەناو نەبێت و تەنیا فەرمانبەر بێت، یان پێش تەڵاقەکە بە ماوەیەک لە ٦ مانگ پتر بێت ماڵ و موڵک و ئۆتۆمبێلەکانی بە فرت و فێڵ لە ناوی خۆی هەڵگرتبێت، وەرگرتنی مافەکان زۆر درێژەی پێدەدات، بۆیە پێشنیاز دەکەم پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایە هەموار بکاتەوە، بە جۆرێک ژنی تەڵاقدراو لە ماوەیەکی کەمدا بە مافەکانی شەرعی و یاسایی خۆی شاد بێت. بە هیوای کەس پێویستی بە داوای تەڵاق و جیابوونەوە نەبێت.

**ژن لەهەموو مافەکانی خۆی بێبەش دەبێت، لەکاتی تەڵاقدانی بە ڕەزامەندی خۆی، واتە ژنەکە بە ویست و ئیرادەی خۆی بەبێ هیچ فشارێک داوا لە مێردەکەی بکات تەڵاقی بدات، بەو مەرجەی لەهەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی خۆی خۆش بێت و مێردەکەش ڕازی بێت**



# دیدار

# زەید مەحموود

## ڕەچەڵەکم دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (ناوەندە) ی سەر بە قەزای چۆمانی ناوچەی باڵەکایەتی



## زەید مەحموود:

# من و عەباس لەو سەردەمدا بە دوو کەس سەرسام بووین، بەردەوام بەدوای کتێبە شیعرییەکانی (عبدالامیر الحصیری)و(حوسێن مەردان)دا دەگەڕاین

**بە ئاسانی نەدەهاتە ژێربار، بۆ ئەوەی ئەو دیدارەی لەگەڵدا بکەم، ئەو لە شتێک دەترسا، کە پەیوەندی بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی کۆنەوە هەبوو، توانیم ئەو ترسەی بڕەوێنمەوە و ئەو دیدارە ڕووبەڕووە ئەنجام بدەین، بە مەرجێک دیدارەکە لە چوارچێوەی ڕۆشبیریدا بێت، پێشی باش بوو باسی وەرزش نەکەین، چونکە ئەو جگە لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی، مولاکیم و وەرزشوانێکی دیار و کۆنیشە، بەتایبەتی ئێستە کە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە خولی وەرزشی بۆ وەرزشوانانی ولاتانی عەرەبی دەکاتەوە. هەموو ئەوەی لێم پرسی وەڵامی دامەوە، بەڵام دیاربوو زۆر شتیشی وەک پێویست لەبیر نەمابوو، بەتایبەتی مێژووی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی، هەستیشم دەکرد جۆرێک لە نۆستالۆژیا بەسەریدا زاڵە.**

**ئەو زیاتر باسی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووی هەولێر دەکات، چونکە ئەو ماوەیە بۆ ئەو گرنگترین ماوەی سەردەمی ڕۆشنبیریی بووە.**

**دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم**

**- ویستم لێی بپرسم لە کوێوە دەست پێ بکەین، ئەو یەکسەر بە سەیرکردنی شاشەی ئایپادەکەی دەرگای گفتوگۆکەی کردەوە و گوتی:**

+ ڕەچەڵەکم دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (ناوەندە)ی سەر بە قەزای چۆمانی ناوچەی باڵەکایەتی، بەڵام بۆ خۆم ساڵی ١٩٤٨ لە گەڕەکی ئەعزەمییەی بەغدا لە دایک بوومە، ژنم هێناوە و پێنج منداڵم هەیە، لەمە زیاتر لەسەر ڕەچەڵەکی خۆم قسە ناکەم.

**- ئەی کاروانی هاتنە نێو دونیای ڕۆشنبیریتان لە کوێوە دەست پێدەکات؟**

+ بە کردەوە لە شەستەکانەوە دەست پێدەکات، ئەوکاتەی لە گۆڤاری (الهدف) کە گۆڤارێکی مارکسی بوو، بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەلەستینی دەریدەکرد، هەروەها (الحرية- کە هی حزبی شیوعی فەلەستینی بوو) و (القاعدة-ی جبهه تحرير فلسطين) و گۆڤاری (الفروسية اللبنانية) دەستم پێکرد. واتە دەتوانم بڵێم وەک بڵاوکردنەوە ڕێک لە ساڵی ١٩٦٤ دەستم بە نووسین کردووە.

**- تا ساڵی چەند لە بەغدا مایتەوە و کەی هاتیتە هەولێر؟**

+ ساڵی ١٩٦٤ هاتینە هەولێر، بەڵام هەر هاتووچۆی بەغدام

> **دوای پەنجا ساڵ لە کاری ڕاگەیاندن و نووسین گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە نووسەر پەراوێزخراوە و هیچ بەهاییێکی نییە. دەسەڵات وەکوو مێشوولە لێیدەڕوانێ**

دەکرد، چونکە من لەگەڵ گۆڤاری (الهدف) کارم دەکرد، بۆ (الحريه) و (القاعيده) ش دەمنووسی.

**– چۆن بوو بۆ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی فەلەستینیت دەنووسی؟**

+ زۆر مەیلم بۆ ڕێکخراوە فەلەستینییەکان هەبوو، کە ئەوکاتە لە بەغدا بارەگایان هەبوو، بەتایبەتی چەپەکان، پەیوەندییان لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی هەبوو، ئێمەمانانیش هەر چەپ بووین.

**– دەکرێت بڵێین حزبی شیوعی عێراقی هۆکاری پەیوەندییەکانتان بوون لەگەڵ ڕێکخراوە چەپە فەلەستینییەکان؟**

+ بەڵێ بەهۆی ئەوەی ئەو سەردەم حزبی شیوعی عێراقی تاکە حزبی چەپ بوو لە مەیدانەکە، منیش مارکسی بووم و پەیوەندیمان هەبوو و کارم بۆ دەکردن، لە ناوەڕاستی هەشتاکانیش کاتێک لە سەربازی ڕامکرد، ماوەیێک لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی کارم کرد و چوومە ناوچەی (دڤڕی) لە ناوچەی ئاکرێ، کە ئەوکاتە بارەگاکانی حزبی شیوعی لەو ناوچەیە بوون. ئامێرێکی چاپیشم هەبوو لەگەڵ خۆم بردبووم، لەگەڵیان ڕێککەوتم شتیان بۆ بنووسم، لە بەرانبەردا ئەوان موعەلەباتم پێبدەن، واتە نووسین بەرامبەر بەخواردن، ئەوان نەیاندەزانی من توانای نووسینم بەم شێوەیە، داوایان لێکردم هەندێک بابەتی ناوخۆیی بۆ کادیرەکانیان بنووسم، منیش کە لەگەڵ فەلەستینییەکان کارم کردبوو باش لە نووسینی نێوخۆیی حزبیم دەزانی و بۆ خۆشم حەزم لێبوو.

**– ماوەی چەند لەگەڵیان مایەوە؟**

+ نزیکەی ساڵ و نیوێک لەگەڵیان مامەوە.

**– یانی تۆ ئەندامی حزبی شیوعی بوویت؟**


+ نەخێر من بە هیچ شێوەیێک سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی نەبووم، تەنیا بۆ کاروباری ناوخۆیی حزبم دەنووسی.

**– چیت بۆیان دەنووسی؟**

+ وەکوو نووسین و بابەتی ئیلتیزاماتی حزبی چییە، ئەلقاعیدە چییە؟ لینین چۆن لەگەڵ هاوڕێیان هەڵسوکەوت دەکات، ئەو جۆرە بابەتانە.

**– باشە حزبی شیوعی وەکوو چی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردی؟**

+ من لەبەر ئەوەی ئەزموونم هەبوو لەگەڵ ڕێکخراوە فەلەستینییەکان کارم کردبوو، سەرچاوەی باشیشم لەبەردەست دابوو پێویستیان پێم بوو، من چەندین کوراس







و ناملیکەم بۆ نووسین و بڵاوم کردنەوە، ئەحمەد شێروانی بەو کارانەی من هەمووی دەزانێت.

**– تۆ لە کەیەوە و لەڕێی کێوە تێکەڵی مارکسییەت بوویت؟**

+ هەر لەو کاتەی کە فامم کرد، لە ڕێگەی باوکم لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، کە باوکم لەگەڵ کودەتاکەدا بوو، بەو حیسابەی کە عەبدولکەریم قاسم لەسەر چەپ حیساب بوو، بەڵام وانەبوو. دواتر شتم خوێندەوە بە دیاریکراوی لەساڵی ١٩٦٢ بەدواوە، فازڵ عەزاوی کە شاعیرێکی ناوداری عێراقی چەپ بوو، کتێبخانەیەکی دانا، من کارم دەکرد لە بەغدا، ئەگەرچی کتێبخانەیەکی گشتی بوو، بەڵام لە ژێرەوە بە نهێنی کتێبی مارکسی دەفرۆشت، دەتوانم بڵێم من لەوکاتەوە وشیاریم پێگەیشت و بیری مارکسیم چەکەرەی کرد.

**– چۆن (فازڵ عەزاوی) ت ناسی؟**



**وەستاوەکان: عەباس، فەهد**
**دانیشتووەکان: زەید عەبدوڵڵا گۆران**



+ کتێبخانەی هەبوو، دەچوومە لای کتێبم لێدەکڕی، بەسایەی ئەو کتێبخانەیەی ناسیم.

**– دوای ڕاپەڕینیش تۆ هەرکەسێکی مارکسی مایتەوە؟**

+ ڕاستییەکەی من لەبەر ئەوەی چەپێکی نەتەوەیی بووم (P.K.K)م قبووڵ بوو یەکەم کاریشم لەگەڵیان دروستکردنی (بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلییەکان) بوو کە لە زەڵێ دامانمەزراند.

**– ئەی ڕۆڵت لە ڕۆژنامەی (وڵات)دا چی بوو؟**

+ من ڕۆڵی گەورەم هەبوو لە دەرکردنی ڕۆژنامەی وڵات بە زمانی عەرەبی، کە ئەوکات بە زمانەکانی کوردی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی دەردەچوو، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەری دەکرد، ڕاستییەکەی من پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ عوسمان ئۆجەلان، لە زەڵێ سەردانیم دەکرد، کە بارەگاکەی لەوێ بوو، کە زانی عەرەبییەکەم باشە داوای لێکردم بچمە ئەوێ و کاری ڕۆژنامەگەرییان لەگەڵ بکەم، کە چووم من بەرپرسیارییەتێکی باشم وەرگرت لە ڕۆژنامەی وڵات، بە شێوەیەک دواتر داوایان لێکردم بە خێزانەوە بچمە ئەڵمانیا و لەوێ ببمە بەرپرسی ڕۆژنامەی وڵات بە زمانی عەرەبی، بەڵام ڕازی نەبووم.

**– بۆچی ڕازی نەبوویت؟**

+ ڕاستییەکەی بە هۆکاری هەندێک کێشەوگرفتی خێزانی نەمتوانی ئەم داوایە قبووڵ بکەم، بارودۆخەکەش لەبارنەبوو.

**– ئەوکاتە زیاتر گرنگیت بە چی دەدا؟**

+ ئەودەم زۆر گرنگیم بە نووسین لەسەر فەیلییەکان دەدا، لەو بارەیەوە کتێبێکم لەسەر کێشەی فەیلییەکان نووسی و لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاوکراوەیەوە، بە زمانی ئەڵمانیش بڵاوکرایەوە.

**– هەست دەکەم زۆر بایەخت بە کوردە فەیلییەکان داوە؟**

+ لەبەغدا من زۆر لەگەڵ کوردە فەیلییەکان تێکەڵ بووم، لەگەڵیان ژیاوم و گەورەبووم، زۆرجار هەستم کردووە منیش کوردی فەیلیم.

**– کێن ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەی لە ژیانتدا چاوت پێیان کەوتووە و شانازییان پێوە دەکەیت؟**

+ هاوینی ساڵی ١٩٧٧ نەخۆش کەوتم، سەردانی دکتۆر دەشتیم کرد، ئەویش ئامۆژگاری کردم بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا سەردانی شەقڵاوە بکەم و بۆ ماوەیێک لەوێ بمێنمەوە، ئامۆژگارییەکەم پەسەندکرد و چوومە شەقڵاوە، ژمارەیێکی زۆر کتێبیشم لەگەڵ خۆم برد، هەم بۆ خوێندنەوە، هەم بۆ فرۆشتن، ئەو سەردەم باوکم ستۆدیۆیێکی لەوێ هەبوو، بەناوی ستودیۆی سیاحی، منیش لەبەردەم دووکانەکەی هەندێک کتێبم بۆ فرۆشتن دانا، ڕۆژێکیان سێ کەس کە لە گەشتیار دەچوون، لەبەردەم کتێبەکان وەستان، یەکێکیان کتێبێکی دەست دایێ و پرسیاری نرخەکەی کرد، لێی پرسیم: نووسەری ئەم کتێبە کێیە؟ منیش گوتم: (مووسا سەبری)یە نووسەرێکی میسرییە، یەکسەر گوتی: من مووسا سەبریم، ئەوەشیان لەگەڵم عەبدولڕەحمان شەرقاوییە، شەرقاویم یەکسەر ناسییەوە چونکە پێشتر وێنەیم بینی بوو، ئەوە بۆ من سوودفەیێکی زۆر خۆش بوو دوو نووسەری ناوداری میسری لە شەقڵاوە ببینم، داوایان لێکردم لە شوێنی حەوانەوەیان لە هۆتێل مەشکور سەردانیان بکەم، منیش دواتر سەردانم کردن و لە نزیکەوە باسی جموجۆڵی ڕۆشنبیری و دونیای ڕۆشنبیریی کوردیمان کرد.

**– باوکت هەر دووکانی هەبوو لە شەقڵاوە، یان ماڵیشی هەر لەوێ بوو؟**

+ باوکم ماڵیشی هەر لە شەقڵاوە بوو، چونکە بابم سێ ژنی هێنابوو، سلێمانییەک و خانەقینییەک و زاخۆییەک ئەو لەگەڵ ژنە زاخۆییەکەی ماڵی لە شەقڵاوە بوو، من و دایکم بەیەکەوە لە هەولێر دەژیاین، باوکم دایکمی بەجێ هێشتبوو، چونکە لەگەڵ دایکم پێک نەدەهات، هەتا مردیش هەر پێک نەهاتن، هەولێری و سلێمانی پێکنەهاتن. هەرچەندە من لایەنگری دایکم بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیم لەگەڵ باوکم هەر هەبوو.

دایکم لە جافەکانی سلێمانییە، خزمایەتیمان لەگەڵ بنەماڵەی شێخ مەحموودی حەفید هەیە، چونکە داپیرم خونچە ڕۆستەم، لەماڵی شێخ مەحموود بووە، هەروەها باپیرم عەبدوڵڵا ڕۆستەم لە بیستەکان مەلا بوو لە مزگەوتی

## حزبی شیوعی زۆر موڕتاح نەبوو بەو ئەڵقە ڕۆشنبیرییانە







گەورەی سلێمانی.

**- خەتای دایکت بوو، یان بابت؟**

+ بەڕاستی نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم باوکم غەدری لە دایکم کرد، ڕەحمەت لە گۆڕی هەردووکیان، هەربۆیە من هەر لەگەڵ دایکم بووم، حەوت ساڵ لە سلێمانی بووم لەگەڵی، دواتر هاتینە هەولێر و لێرە نیشتەجێ بووین.

**- نزیکترین هاوڕێ لە ژیانی ڕۆشنبیریتدا کێ بوو؟**

+ یەکێک لەو هاوڕێ نزیکانەی کە بە درێژایی تەمەنم لە گەڵمدا بوو، ڕۆژگار بە سەختی خۆی نەیتوانی لە یەک دوورمان بخاتەوە عەباس عەبدوڵڵا یوسف بوو، کە بە ناوی کورتکراوەی (ع.ع. یوسف) دەینووسی ڕۆشنبیرێکی بە توانا بوو، شیعری دەنووسی، بە یەکێک لە پێشڕەوانی نوێخوازی دەژمێردرێت، جگە لەوەش خوێنەرێکی زۆر چاک بوو، ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەییکی بەهێزی هەبوو، ئەمەش کردبووی بە ڕەخنەگرێکی بە توانا، هاوڕێیەتییەکەمان بەشێوەیێک بوو کاتێ منیان بەتەنیا دەبینی دەیانگوت کوا عەباس، یان کە ئەویان دەبینی دەیانگوت کوا برادەرەکەت، چونکە هەمیشە پێکەوە بووین، خواردن و خوێندنەوە و کتێب، بەردەوام مشتومڕمان بوو.

من و عەباس لەو سەردەمدا بە دوو کەس سەرسام بووین، بەردەوام بەدوای کتێبە شیعرییەکانیاندا دەگەڕاین (عبدالامیر الحصیری) کە خەڵکی نەجەف بوو، ئەوەی دیکەشیان (حوسێن مەردان) بوو، خەڵکی بەعقوبە بوو، بە ڕەگەز کورد بوو.

بۆ خۆشمان کاریگەریمان هەبوو لەسەر نەوەی ئەو سەردەم، هەتا حزبی شیوعیش بە ئێمە ناڕەحەت بوو، ئەو کاریگەرییەی ئێمەمانانی پێ خۆش نەبوو، ڕۆژێکیان لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە ناوچەی قوشتەپە تووشی مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بووم، سەیرم کرد ئەبو ئەحلام بوو، یەکترمان ناسییەوە، پێی گوتم، زەید باش بوو تۆم بینی، بڕیاری لەسێدارەدانی تۆ و عەباس عەبدوڵڵا یوسف دراوە. گوتم بۆ؟ گوتی ئێوە تەشویهی عەقڵی مارکسییەکان دەکەن و سەریان لێ دەشێوێنن، ئەوکاتە ئێمە لایەنگری فیکری ترۆتسکی بووین حزبی شیوعی ئێمەیان لا مونحرف بوو لە فیکری مارکسی، هەر بەم هۆیەوە عەباس عەبدوڵڵا ماوەییک خۆی بزر کرد، دوای ئەوەی ئەو شتانەم بۆ باس کرد.

**- بۆچی جیاوازییەکانتان چی بوو؟**

+ ئێمە لایەنگری بیر و سیاسەتی لینین نەبووین، مەیلمان بەلای ترۆتسکییەوە بوو، هاوبیربووین لەگەڵ ئەوانەی دژی لینین بوون، چونکە ئەوان خاوەنی بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش بوون بۆ دەرەوە (تصدير الثورة الى خارج) بەڵام لینینییەکان باوەڕییان بەوە نەبوو، ئێمە ئەو گرووپە لەگەڵ عەباس و مەهداوی و شێرۆ وا بیرمان دەکردەوە.

**- ئێستەش ئەو هاوڕێیەتی و دۆستایەتییەتان لەگەڵ عەباس وەکوو خۆی ماوە؟**

+بەڵێ، بەڵێ، ئێستاش وەکوو خۆی ماوە، بەڵام بە



**زەید و ئەبو نیضال**



دەشتی بەزرەواری، زەید، سۆنیا

دڵنیاییەوە ڕێک وەکوو ئەو سەردەم نییە.

**– با بزانین خوێندنەوەت لە چییەوە دەستی پێکرد، لە بابەتی فیکری و ڕۆشنبیریی، یان سیاسی؟**

+ من بە ڕۆژنامەگەری دەستم پێکرد، لە شەستەکان لە (شرق الاوسط). کارم کردووە و بابەتم نووسیوە، بیرم نییە نازانم یەکەم بابەتم لە گۆڤاری (الهدف) بڵاوکردەوە، یان (شرق الاوسط).

**– زیاتر لەسەر چیت دەنووسی؟**

+ نووسینەکانم گشتگیر بوون لە بارەی ڕۆشنبیریی گشتی و کۆمەڵایەتی و بیرمەندە جیهانییەکان، لەسەر وجودییەکان و مارکسییەت.

**– بیرەوەرییەکانت لە قاوەخانەی پەرلەمانی بەغدا چییە؟**

+ ئەو سەردەم، لە حەفتاکان زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی عێراقی لەو چایخانەیە، کە کەوتبووە شەقامی ڕەشید کۆدەبوونەوە و گفتوگۆیان دەکرد، وەکوو (فازڵ عەزاوی، جەلیل قەیسی، عەبدولستار ناسر، مەهدی عەبدول ساحیب) ئەمە جگە لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە دەزگا فەلەستینییەکان لە بەغدا کاریان دەکرد، بەتایبەتیش ئەوانەی لە بەرەی دیموکراتی و بەرەی میللی دابوون، زۆر لەو کوردانەش کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری و بیری نوێ و عێراق کاریان دەکرد لەو قاوەخانەیە کۆدەبوونەوە، نووسەر و ئەدیبە عێراقییەکان یەکەم کۆنفرانسیشیان هەر لەو قاوەخانەیە کرد، بۆیە ناویان لەو شوێنە نابوو پەرلەمان.

**لەگەڵیان ڕێککەوتم شتیان بۆ بنووسم، لە بەرانبەردا ئەوان موعەلەباتم پێبدەن، واتە نووسین بەرامبەر بە خواردن**

**– لە کوردەکان کێ هاتووچۆی ئەو قاوەخانەیەی دەکرد؟**

+ من لەو شوێنە عەبدولئەمیر الحصیری-م ناسی، حوسێن مەردان دەهاتە ئەوێ، بەڵام پەیوەندیمان نەبوو، ئەوە جگە لە نووسەرانی کورد، وەکوو مەحموود زامدار، حەسەن گەرمیانی، عەبدوڵڵا گۆران، فەرید زامدار، زۆر نووسەری دیکەش دەهاتن.

**– چ شتێکی ئەو قاوەخانەیە لە بیرەوەریتدا ماوە؟**

+ ڕۆژێکیان (عبدالأمير الحصيري) بە سەرخۆشی هاتە ئەوێ چووە سەر مێز و دەستی کرد بە شیعر خوێندنەوە و گوتاردان. ئەو شاعیرێکی وجودی بوو، بەڵام کەسێکی بێلانە بوو وەکوو حوسێن مەردان لە شەقامەکان دەنووست، ساڵی ١٩٧٨ بە کولە مەرگی مرد.

**– قەت لەسەر نووسین دەستگیر کراویت؟**

+ ١٧ جار دەستگیر کراوم، بەڵام هیچ جارێک حوکم نەدراوم، هەر ڕاگیراوم.

**– یەکەم جار ساڵی چەند بوو گیرایت و لەسەر چی بوو؟**

+ ساڵی ١٩٧١ بۆ یەکەم جار گیرام لەسەر ئەوەی لێکدانەوەیەکم نووسی بوو لەسەر کورتە چیرۆکێکی عەبدولستار ناصر بەناوونیشانی (يحمل صليب المعقوف ويمشي في شارع رشيد) کە نووسەرێکی عێراقی بوو، دیار بوو بەشێوەی ڕەمزی لەسەر سەددامی نووسی بوو، بەعسییەکانیش لە ئەمن بەشی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان هەبوو، دوای ئەوەی ئەو نووسینەیان لێکدابووەوە دەرکەوتبوو کە ئەمە لەسەر سەددام نووسراوە، منیش بەباشی لەسەریم نووسی بوو، من و عەبدولستار ناسر و هەموو ئەوانەی دەستیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە گیراین. شتێکی دیکەیش هەبوو، کە لە زیندان بووم، ڕۆژێکیان پەڕێکی سپییان دامێ، گوتیان ئیمزای بکە، من تێنەگەیشتم ئەوە چی بوو، دواتر کەسێک لەوێ هەبوو پاسەوان بوو، ناوی (جەبار کوردی) بوو، پێی گوتم: تۆ چیت کردووە، بۆچی لەگەڵ ئەو سەربازە نەیارانە دادەنیشی کە دژی حکومەتن، دەرکەوت ئەوان کەسانێک بوون سەر بە ڕێکخراوێکی سووری بوون بەناوی (صلاح جديد) سەر بەفیکری (ماوی) بوون و منیش ئەوەم نەدەزانی، زۆر لەگەڵیان دادەنیشتم، بۆیە تێنەگەیشتم بە ڕاستی من لەسەر چی گیراوم، لەسەر ئەو نووسینە بوو، یان دانیشتن لەگەڵ ئەو سەربازە نەیارانەی حکومەت.

**– ماوەی چەند گیرایت؟**

+ ساڵێک و دوو مانگ لە (قصر النهاية) گیرام.

**– تۆ زۆر خولیای سیاسەتت هەبوو، بە شێوەیەک حزبیشت دامەزراندووە، دەکرێت بزانین لە چ حزبێک کارت کردووە و چەند حزبیشت دامەزراندووە؟**

+ سەرەتا من تەنیا وەکوو نووسین لەگەڵ حزبی شیوعیدا بووم، دواتر لەگەڵ پەکەکە بووم، سەرەتا حزبێکم دامەزراند بەناوی (حركة الديمقراطية الفيلية) (پەکەکە) پشتیوانی دەکرد، دواتر هەندێک شت هاتنە پێش پاشەکشەم کرد و وازم لە پەکەکە هێنا و هاتمەوە هەولێر و کۆتایی هاتنی ئەو بزووتنەوەیەم ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ کاک ڕێکار ئەحمەد حزبی ڕزگاریمان ڕاگەیاند، بەڵام دیار بوو سیاسەتی ئەو حزبە لە سەرەوە شتێک بوو لە ژێرەوە شتێکی دیکە بوو پەیوەندییەکانی پارتی دەستتێوەردانیان کرد، ئەویان کردە سکرتێر و منیش جێگر، لەبەر ئەوە بەیەکەوە نەگونجاین، سەرەتای ئەمەش ئەوکاتە دەرکەوت کە ڕێکار ئەحمەد بە سکرتێر داندرا و منیش بە جێگر، بۆیە ئەوەم قبووڵ نەکرد و جیابوومەوە، مۆڵەتەکەش هەر بەناوی من بوو، گوتم: دەچمە سلێمانی کێ لەگەڵم دێت، دەچین لەگەڵ یەکێتی دادەنیشین، دواتر گەڕامەوە هەولێر و دەستمان بە کارکردن کرد. چونکە هەستم کرد ئەوە پیلانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتییە لە هەولێر.

**– کێ پشتیوانی ماددی دەکردن؟**

+ پارتی، بەڵام سەرەتا یەکێتی پشتیوانی دەکردین (١٠) هەزار دیناری ئەو کاتمان وەردەگرت. ئیدی دواجار من هاتمەوە هەولێر و ئەویش چووە سلێمانی. سەرەنجام لە ساڵی ٢٠١٢ ئەو حزبەم حەلکرد و گەڕامەوە ناو یەکێتی و پێم وابوو فەرمانبەرێک بم لەناو یەکێتی زۆر شەریفترە.

**– تۆ تا چەند کەسێکی نەتەوەیی، یان چەپ بوویت؟**

+ من چەپ بووم، بەڵام باوەڕم بە کوردستانییەت هەبوو، ڕاستییەکەی باوەڕێکی یەقینم بە پەکەکە هەبوو، پیاو ڕاستگۆ بێت.

**– چاوت بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەوتوە؟**

+ بەڵێ دوای ئەوەی کتێبێکم نووسی بە ناوونیشانی (القدرات الذاتية) ئۆجەلان داوای کرد بمبینێت.

**– سەردانی فەلەستینیشت کردووە؟**

+ نەخێر نەچوومەتە فەلەستین سنوورم لوبنان و سوریا بوو، زیاتر لە بڵاوکراوەکاندا ڕۆڵم هەبوو، بەتایبەتی لە گۆڤاری (الهدف) کە مام جەلالیش تێیدا دەنووسی، چونکە پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ جۆرج حەبەش هەبوو.

## ئەوە بۆ من سوودفەییێکی زۆر خۆش بوو دوو نووسەری ناوداری میسری لە شەقڵاوە ببینم

**– تۆ ئێستاش باوەڕت بە مارکسییەت ماوە؟**

+ نەخێر، ناڵێم فەشەلی هێنا، بەڵام من ئەو ئارەزووەم نەماوە، من لە ڕوانگەی فیکری و مێژووییەوە لایەنگرەی مارکسیەتم، ئەما لە ڕوانگە ماددییەکەی نەخێر، چونکە من باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی فەلسەفی، چونکە زۆرم لێکۆڵییەوە، گەیشتمە ئەو باوەڕە.

**– لە کەیەوە گەیشتییە ئەو باوەڕە؟**

+ من بنەمایەکیشم هەبوو، لە منداڵی من کەسێکی نوێژکەر بووم و هاتووچۆی مزگەوتم دەکرد، بۆیە کاریگەری ئایینی لەسەرم هەبوو، ئێستاش نزیکەی سێزدە ساڵ دەبێت گەڕاومەتەوە.

**– یەکەم کتێب کە خوێندووەتەوە چی بوو؟**

+ دەتوانم بڵێم لە شەستەکان (الجحيم)ی جان پۆل سارتەرم خوێندەوە، دواتریش زیاتر هەر کتێبەکانی سارتەرم



عەباس و زەید



سەباح، زەید، غەیاسەددین

دەخوێندەوە، چونکە تەواو کەوتبوومە ژێر کاریگەری وجودییەت.

**- ئێستاش هەر کەسێکی وجودی؟**

+ بەڵێ، تا ئاستێکی زۆر ئێستاش کاریگەری وجودیم بەسەرەوە هەرماوە، بۆیەشە وجودی بەهێزە، چونکە لەبەرامبەریدا مارکسیەت هەیە، کتێبێکی سیمون دی بۆڤوار هەبوو، گفتوگۆ بوو لەنێوان مارکسیەت و وجودییەت، زۆر کاریگەری لەسەرمان هەبوو.

**- ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ لای تۆ چی دەگەنێت؟**

+ لە حەفتاکان بەدواوە جۆرە کرانەوەیێک و ئازادییەک لە عێراق سەری هەڵدا، دەتوانم بڵێم سەردەمی زێڕین بوو بۆ ئێمە، زۆر بڵاوکراوە و کتێب بە ئازادی دەگەیشتە دەستمان، بەتایبەتی کتێب و بڵاوکراوە مارکسییەکان، دەتوانم بڵێم لەو ماوەیەدا زۆربەی کتێبەکانی ئەنتۆنیۆ غرامشی و ئەڵتۆسێر و بلیخانوف و بوخارین و تروتسکی کاوتسکی ڕۆزا لۆکسمبۆرغ-م خوێندەوە، بە وردی لە کۆمۆنەی پاریس و کۆمۆنەی کرۆنشتاتمان دەڕوانی. هەروەها بەشوێن کتێبە وجودییەکاندا دەگەڕاین، وەکوو (الوجود والعدم) ی سارتەر و بەرهەمەکانی کافکا و کۆڵن ولسن و سیمۆن دی بۆڤوار، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕادەکیشاین (کۆلن وڵسن) بوو، زۆر تامەزرۆی ژیان و نووسینەکانی بووین، چونکە ئەو فەلسەفەیەی ئەو باسی لێوە دەکرد بابەتێکی تازە بوو. هەر ئەو سەردەم کتێبەکانی سیمون دی بۆڤوار سەدایەکی زۆری هەبوو، چونکە ڕاشکاوانە ململانێی توندی نێوان مارکسییەت و وجودییەکانی دەخستەڕوو.

**ساڵی ١٩٧١ بۆ یەکەم جار گیرام لەسەر ئەوەی لێکدانەوەیەکم نووسی بوو لەسەر کورتە چیرۆکێکی عەبدولستار ناصر بەناوونیشانی (یحمل صلیب المعقوف ویمشی فی شارع رشید)**

**- سەرچاوەی ئەو کتێبانە کوێ بوون؟**

+ ئەو کتێبانە لە لوبنان دەهاتن.

**- دەکرێت باسێکی کتێبخانەکانی ئەو کاتی هەولێر بکەیت؟**

+ جگە لە کتێبخانەی گشتی کە ڕووماں تێ دەکرد، کتێبخانەی (التأمیم) هەبوو کە دیواری بە دیواری یانەی فەرمانبەرانەوە بوو، بەرانبەر باغی شار، ئێستا، نە کتێبخانەکە ماوە، نە یانەکە.

**- ئەو کتێبخانەیە هی کێ بوو؟**

+ هی خانەوادەیەکی ئاکرەیی بوو لە لایەن (ئەحمەد و ئازاد و جومعە و موزەفەر) بەڕێوە دەبرا، کاسانێکی زۆر دڵسۆز و دۆستی ڕۆشنبیران بوون، ئەوکات چەندین کتێبی نووسەران لەسەر ئەرکی ئەوان چاپکران.

**- چ بیرەوەرییەکت لەگەڵ ئەم کتێبخانەیە هەیە؟**

+ بیرمە کاتێک لە ساڵی ١٩٧٢ ویستیان مۆڵەتی کردنەوەی ئەم کتێبخانەیە وەربگرن، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی شارەوانی ڕێگایان پێ بدات، بەڵام ڕێگایان پێنەدەدرا، تا ڕۆژێک بە ڕاشکاوی پێیان ڕاگەیاندن کە بەهۆی ئەوەی ناوەکەی کوردییە ڕێگەیان پێنادرێت، ئەوانیش لەبەر ئەوەی زۆر ئارەزوویان بوو ئەم کتێبخانەیە بکەنەوە، ناوەکەیان گۆڕی و بەناوی (التأمیم)یان کرد کە تازە نەوت خۆماڵی کرابوو.

**- کتێبخانەی دیکە کە تۆ هاتووچۆیانت دەکرد و کتێبت لێ دەکڕین کامانە بوون؟**

+ هەر لە ساڵی ١٩٧٢ هاتووچۆی کتێبخانەی (لاوان)م دەکرد کە خاوەنەکەی عەبدولخالیق سەرسام بوو، کەوتبووە بەرانبەر چایخانەی مەچکۆ، بیرمە ڕۆژێک یەکێک زۆر بە تووڕەیی هات و داوای کتێبێکی لە عەبدولخالیق کرد، کڕی و هەر لەپێشمان دڕاندی، کتێبەکەش هی (شۆپنهاوەر) بوو.

هەروەها ئەو کاتە دەبووایە کتێبەکان بەر لەوەی بێن تۆمارمان بکردایە، هەر ئەوکاتەش من بە قاچاغ گۆڤاری (الهدف)م دەهێنا هەولێر و دابەشم دەکرد

**- لەو ڕۆژگارەدا بایەختان بە چ جۆرە کتێبێک دەدا و کتێبەکانی کێتان دەخوێندەوە؟**

+ هەندێک نووسەری دیار و بەناوبانگی عەرەب هەبوون زۆر دەخوێنرانەوە وەکوو (حەننا مینا، عەبدولڕەحمان شەرقاوی، فەواز تەرابلس، عەفیف ئەلئەخزەر، جۆرج تەرابیشی)و چەندین نووسەری دیکەش.

**– ئەو چایخانانەی لەو ڕۆژگارە لێی دادەنیشتن کامانە بوون؟**

+ قاوەخانەی عەبۆ هەبوو، کە ئێستا نەماوە، کەوتبووە تەنیشت چێشتخانەی (تاجریان) خاوەنەکەی خوالێخۆشبوو (مام نادر) بوو ئەدیب و نووسەران زۆر سەردانی ئەو چایخانەیان دەکرد و لەوێ دادەنیشتین، لە چایخانەی مەچکۆش، کە ئێستەش هەر ماوە لەگەڵ هاوڕێیان بە یەک دەگەیشتین و گفتوگۆی ئەدەبی و ڕۆشنبیریمان دەکرد. چایخانەیێکی دیکەش هەبوو بەناوی (ئەمستیل) باوکی ڕەشاد، زیاتر ئەو خەڵکانە لێی دادەنیشتن کە خەڵکی هەولێر نەبوون، دواتر تێکدراو و ئێستە هیچ ئاسەوارێکی نەماوە.

**– لە هەولێر باسی بازنەی ڕۆشنبیریی دەکرێت، دەکرێت بزانین ئەوە چۆن بوو، کێ بوون ئەوانەی ئەو بازنانەیان هەڵدەسووڕاند؟**

+ من و عەباس لەگەڵ گەنجەکان دادەنیشتین، لەشێوەی بازنەی ڕۆشنبیریی گفتوگۆی ڕۆشنبیریمان دەکرد، بۆ نموونە کتێبێکمان دەهێنا و باسمان دەکرد لەشێوەی گفتوگۆ، کاریگەریمان لەسەر نەوەیەکی تەواو هەبوو، فەرهاد پیرباڵ یەکێک بوو لەو گەنجانەی ئەو سەردەم قوتابی خۆمان بوو، بەڵام حزبی شیوعی مورتاح نەبوو بەو ئەڵقە ڕۆشنبیریانە.

**– لە کوێ دادەنیشتن و چۆن کۆدەبوونەوە؟**

+ لەسەر شەقام و فولکەکان کۆدەبووینەوە، بە زۆریش لە فولکەی نافورەی بەردەم هۆڵی ئێستای میدیای خڕ دەبووینەوە، کە ئەوکات پێیان دەگوت ئاوی کەسک و سوور، هەر لەوێش لەجێی ئێستەی هۆتێل زەیتوون چایخانەییێک هەبوو، زۆر نووسەر و ڕۆشنبیر لە شارەکانی دیکە دەهاتن لەوێ دادەنیشتن، بەتایبەتی لە مووسڵ، مەحموود زامدار لەگەڵیان دادەنیشت.

**– باشە تۆ ئارەزوویەکی تایبەتیشت بۆ سینەما هەبوو، ئەمە چۆن بوو؟**

+ بەڵێ زۆر دەچوومە سینەما، لەسەر فیلمەکان دەمنووسی، بەتایبەتی لەسەر فیلمە کابۆییەکان.

**– فیلمەکانی ئەو سەردەم هیچ پەیوەندییان بە فیکرەوە هەبوو؟**

+ بەڵێ فیلمی زۆر هادف هەبوو، یەکێ لەو فیلمانەی کە تا ئێستەش لەبیرم ماوە فیلمی (لتسقط الرأسمالية)ی ئالان دیلۆن بوو، فیلمێکی عەزیم بوو، دەقێکی نووسین بوو، کرابووە فیلم.

**– ئەو ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیرە کوردانەی ئەودەم تێکەڵاویت لەگەڵیان هەبوو، کێبوون؟**

## دوای ئەوەی کتێبێکم نووسی بە ناوونیشانی (القدرات الذاتية) ئۆجەلان داوای کرد بمبینێت

یەکێ لەو هاوڕێیە ئەدیبانەی کە پێی دەگەیشتم (محەمەد حەسەن) ناسراو بە محەمەد باوەکر بوو، ڕۆشنبیرێکی زۆر لەسەر خۆ بوو بەردەوام دەیخوێندەوە، دوو نامیلکەی شیعری هەبوو (هەرمێن و خەمبابا) هەردەم گفتوگۆمان لەگەڵ یەکدی دەکرد، بەڵام زۆر کرە، زۆر تێکەڵ نابێت، ڕای زۆر دەرنابرێت، قسە ناکات، من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا نیم، پێموایە کەسی ڕۆشنبیر دەبێت ڕای هەبێت و بیڵێت. هەروەها لەگەڵ مامۆستا (خدر مەزن)یش برای سەڵاح مەزن هاوڕێیەتیمان خۆش بوو.

**– با باسی هەندێک ناو بکەین: مەهدی زەڕافە کێ بوو، بە کێتان دەگوت؟**

+ (دوای پێکەنینێکی قووڵ) مهدی عبدالصاحب عەرەبێکی عێراقی بوو، دوور خرابووەوە بۆ هەولێر من و عەباس پێمان دەگوت زەڕافە، چونکە زۆر درێژ بوو. ئەوکات ئەو کەسانە زۆر بوون کە نەفی دەکران و دەهاتن لە چایخانەی عەبۆ دادەنیشتن، عەباس-یش کەسێکی حەجوول بوو بەردەوام پرسیاری دەکرد، ڕۆژێک لە چایخانەی عەبۆ دانیشتبووین ئەو مەهدییەش لە تەنیشتی دانیشتبوو، عەباس لێپرسی (انت من اين؟) ئەویش پێ گوت لۆ ئەتو ئەمنی، پۆلیسی، بووە شەڕیان چییە ئەو پرسیارانە دەکەیت لە کوێ هاتووی، کێوە دەچیت، دواتر بووینە هاوڕێ، دەرکەوت کەسێکی چەپ بوو خەڵکی کازمییە بوو، شیعە بوو، فەرمانبەری خەزێنە بوو، دوورخرابووەوە بۆ هەولێر، کەسێکی باش بوو، نووسەر بوو، چاپکراویشی هەبوو، دوای ئەو ڕووداوە بووینە هاوڕێ.



ڕێوڕەسمی خەڵاتی وەرزشی لە دیمەشق - سوریا

**- تەڕەزان کێ بوو، بۆ پێتان دەگوت تەڕەزان؟**

+ ئەوە هاوڕێیەکی خۆمان بوو ناوی شێرۆ بوو، زۆر حەزی لە فیلمی تەرەزان بوو، بەردەوام وەکوو تەڕەزان هاواری دەکرد، ئێمەش ناومان لێنا شێرۆ تەڕەزان.

**- خێروڵلا سلێمان؟**

+ مامۆستا بوو، کەسێکی مۆسیقی و ڕۆشنبیر بوو. لە حەفتاکان کاریگەریی زۆری لەسەر ڕۆشنبیران هەبوو، ئەوە جگە لەو برادەرانەی کە لەو سەردەم لێمانەوە نزیک بوون وەکوو (سالار دزەیی، مومتاز حەسەن، سامی حەسەن).

خێرۆڵلا خەڵکی ئاکرێ بوو، کەسێکی وجوودی زۆر دوورەپەرێز بوو، مۆسیقارو گۆرانیبێژیش بوو، گۆرانییەکی هەیە بەناوی (حەزدەکەم لە گۆرانی، حەزدەکەم لە مۆسیقا) ماڵی لە تەیراوە بوو، زۆر دەهاتە یانەی فەرمانبەران، لەوێ یەکترمان ناسی، زۆر دژی سیاسەت بوو، زۆرجار وەکو فەیلەسووفێک دەردەکەوت، دواتر گەڕایەوەو ڕووی لە عیبادەت کرد، لەم ماوەیەی مرد.

**کاریگەریمان لەسەر نەوەیەکی تەواو هەبوو، فەرهاد پیرباڵ یەکێک بوو لەو گەنجانەی ئەو سەردەم قوتابی خۆمان بوو**

**- محەمەد کرمانج کێ بوو؟**

+ هەزار ڕەحمەتی لێ بێت، مامۆستا بوو، ژن و منداڵی نەبوو، کەسێکی ڕۆشنبیری مارکسی بوو، بەڵام کەیفی بە حزبی شیوعی نەدەهات، زۆر ڕەزیل بوو، مرد خەتای خۆی بوو، دەبووایە نەشتەرگەری بکات نەیکرد، ئەوکات کەس بیست ملیۆن دیناری نەبوو ئەو هەیبوو، نەشتەرگەرییەکەشی نیو ملیون دیناری دەویست نەیکرد.

**- (ابو حفظی) کێ بوو؟**

+ لێپرسراوی دارایی مەلیک فەیسەڵ بوو.

**- مەبەستم ئەوەیە بە کێتان دەگوت (ابوحفظی)؟**

+ بە (مەهداوی)مان دەگوت چونکە مەهداوی ئەحمەد داود ورد بوو، من ئەو ناوەم لێنا، چونکە زۆر ورد بوو لە کارەکەی خۆی، لە زەمانی خۆی مەلیک فەیسەل دەیگوت بنێرن بەدوای ابوحفظی، لێیان دەپرسی ئەفسەرێک هەیە لە بەسرە تەرفیعی چەند ماوە، بۆ نموونە دەیگوت مانگێک و سێ ڕۆژی ماوە، منیش هاتووچۆی مەهداویم دەکرد وەکوو ئەوبوو، زۆربەی هەرەزۆری یاسای فەرمانبەرانی لەبەر بوو، شارەزاییەکی زۆری هەبوو لە بواری خۆیەتی و بەڕێوەبردن، هەر لەبەر ئەوەش بوو، من ناوم لێنابوو (ابو حفظی).

**- عەبدوڵلا قادر گۆران؟**

+ مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ و زیرەک و تێگەیشتوو بوو، ڕۆژنامەنووسێکی لێهاتوو بوو، لە زۆر گۆڤاری ڕۆشنبیریی کاری دەکرد، بەتایبەتی گۆڤاری (الثقافة) کە گۆڤاریکی زۆر باش و بەهێز بوو، مانگانە بۆکاری پێویست و کڕینی کتێب بە یەکەوە سەردانی بەغدامان دەکرد.

**- کۆمەڵە چیرۆکی (الدخان) چیت بیردێنێتەوە؟**

+(سەروەر ئەحمەد محەمەد)ی هاوڕێم بیردێنێتەوە، هاوڕێیێکی زۆر نزیکم بوو، ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی (الدخان) بەزمانی عەرەبی بڵاوکردەوە، خۆی بە سارتەری دەزانی، فەزای چیرۆکەکانی جنسی سایکۆلۆژی بوون، بەداخەوە بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

**- عەباس عەبدوڵلا یوسف؟**

+ کەسێکی وجودی بوو، ئێستاش هەر وجودییەکی سرفە، کەسێکی سەفسەتییە، بەتەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەری نووسەرە وجودییەکان، ئەوکات وابوو، دوو جۆرە خوێندنەوە هەبوو، خوێندنەوەیەک عەقڵ زاڵ بوو بەسەر کتێبدا، خوێندنەوەیەکیش، کتێبەکە زاڵ بوو بەسەر عەقڵدا، پێشم وایە ئەوانەی بنەمایەکی مەعریفییان هەیە، ئەوان زاڵن بەسەر کتێبدا، بەپێچەوانەوە، ئەوانەی ئەو بنەمایەیان نەبێت دەکەونە ژێر کاریگەری کتێب.

**- باشە ئێوە چۆن بوون، کتێب زاڵ بوو بەسەر عەقڵتان، یان بە پێچەوانەوە؟**

+ ئەوەی ئێمە هەردووکیان (بەپێکەنینێکی قووڵەوە) بەڵام زیاتر بەڕاستی کتێب بەسەرماندا زاڵ بوو.

**- سەلاح مەزن؟**

+ من پەیوەندیم لەگەڵ سەلاح مەزن زۆر کۆنە، بەڵام ئێستاش لەبیر و تێگەیشتنی ئەو تێنەگەیشتم، ئێستاش لە سەلاح مەزن نەگەیشتم.

**- دوای ئەو تەمەنە دوور و درێژە، لە بواری نووسین و خوێندنەوە گەیشتیتە چ قەناعەتێک؟**

+ دوای پەنجا ساڵ لەکاری ڕاگەیاندن و نووسین گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە نووسەر پەراوێزخراوە و هیچ بەهایێکی نییە، دەسەڵات وەکوو مێشوولە لێیدەڕوانێ، بەشێوەیەک نووسەر و ئەدیبان تەواو کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی حزبی، لەکاتێکدا نووسەرێکی وەکوو (ڕیجیس دیبریە) لە فەرەنسا سەرۆک لەبەری هەڵدەستێتەوە و ڕێزی لێدەگرێت، بەڕاستی پەشیمانم.

# هونەری

## شانۆ لەهەولێری پایتەخت بەرەوکوێ؟

ئەمە ناونیشانی کۆڕێکی (سالۆنی لاپەڕە ٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کە بۆ هەریەک لە (هیوا سوعاد) بەڕێوەبەری هونەری شانۆی هەولێر و (حەمەسوار عەزیز) نووسەر و ڕەخنەگر لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/٢٨) سازکرد.

لە کۆڕەکەدا هەریەک لە کۆڕگێڕان دید و سەرنج و بەربەستەکانی بەردەم شانۆیان خستەڕوو.

هونەرمەندان و بەشداربووانی کۆڕەکەش بە دید و تێڕوانین و سەرنجەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

لەبەر گرنگی کۆڕەکەو گفتوگۆ جدییەکانیان، گۆڤاری دیوان دەقی کۆڕەکە بڵاودەکاتەوە.

**ئا: ڕەوەست نەوزاد**

حەمەسوار عەزیز:

# بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ کراوە بە بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەر و هەموو دەسەڵاتەکانیشی لێسەندراوەتەوە

**گومان لەوەدا نییە لەکۆمەڵگەی کوردیدا کلتوور بە شێوەیەکی گشتی و شانۆ بەتایبەتی لە قەیراندان، ئەم هونەرە مەزنە خەریکە لەپەلوپۆ دەخرێت و کێشەی گەورەی بۆ دروست دەکرێت، دابڕانێکی گەورە لەنێوان جەماوەر و هونەری شانۆدا دروست بووە.**

**ئەگەر سەیری سێکتەرەکانی دی بکەین دەبینین لەهەموو سێکتەرەکاندا ئیدارەدانێکی خراپ هەیە، بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر لە سێکتەری سیاسەت و ئابووری و پەروەردە و کۆمەڵایەتیشدا کێشەت هەبێت و نەتوانیت ئیدارەیەکی باشی بدەیت، لە سێکتەری کلتووریشدا هەمان کێشەت هەبێت، لەدوای ڕاپەرینەوە بەهۆی ئەم ئیدارەدانەی خراپی سێکتەرەکان، سێکتەری کلتووریش بەرکەوتووە و ئیدارەیەکی خراپ دراوە، تەنانەت لەو کاتەنەشدا کە پارە هەبووە، لەبەر نەبوونی بەرنامەیەکی تایبەت، کە خزمەت بەپێشەوەچوونی ئەم سێکتەرە بکات، ئەو پارە و بودجە زەبەلاحەش نەیتوانیوە ئەو سێکتەرە پێش بخات، بەپێچەوانەوە، ڕەنگە هەندێک شتی نەرێنیشی بۆ دروست کردبێت.**

**یەکەم خاڵ کە تیشکی بخەینەسەر شانۆ، یان هونەر ببەینە ناو چوارچێوە گەورەکەی کە کۆمەڵگایە، دەبینین بەڕاستی ئێمە کێشەی گەورەمان هەیە.**



فۆتۆ: ئومید ئیبراهیم

### لەدوای ڕاپەرینەوە دابڕانێکی گەورە لەنێوان نەوەکان دروست بووە

لەهەموو دونیادا پەیوەندی لەنێوان نەوەکاندا هەیە، ئێستا کۆمەڵێک نەوە هەن یەکدی تەواو دەکەن، بۆ نموونە، کە نەوەی حەفتاکان تێدەپەڕێت، نەوەی هەشتاکان دێت، نەوەی حەفتاکان دەبنە مەرجەعێک و پەروەردەکارێک و خانەخوێیەک و ژینگەیەک بۆ نەوەی تازەی هەشتاک، کە دەبوو دوای هەشتاکان نەوەیەکی دی بێت بێت و ببنە تەواوکەری یەکدی، بەڵام بەداخەوە لەدوای ڕاپەرینەوە دابڕانێکی گەورە لەنێوان نەوەکان دروست بووە، ئەو نەوەیەی لە هەشتاکان کاریان کرد و پەیوەندییان کرد، بەهۆی فاکتەری زۆر دەرەنجامەکەی دابڕان و یەکدی نەخوێندنەوە بوو، بە شێوەیەک نەوەی تازە هیچ ستایشێکی بۆ نەوەی بەر لە خۆی نییە، نەوەی پێشی ئەویش هەوڵی نەدا دەستی کۆمەڵێک گەنج بگرێت و ڕایانکێشێتە ناو بوارەکە و پەروەردەیان بکات، بۆیە ئێمە کێشەیەکی گەورەمان لە بواری پەروەردەی شانۆدا هەیە، کە ئەمە کۆلێژ و پەیمانگە و گرووپە هونەریەکانیش دەگرێتەوە.

### گرووپەکان، گرووپی زۆر تەقلیدیین

لەبارەی گروپە شانۆییەکانیش، تیپ و گرووپە شانۆییەکان زۆربەیان لە دەیەی حەفتاکان دامەزراون، کە سیستەمی کارکردنی حەفتاکان لەگەڵ ساڵی ٢٠٢٠ دا زۆر جیاوازە، تا ئێستاش بە بیرکردنەوەی حەفتاکان کاردەکەین، کە ئەو سیستەمەی لە حەفتاکان بۆ گرووپەکانمان داناوە هەمان سیستم لە ٢٠٢٠ دا کاری پێ دەکەین، بۆیە کارکردن بە عەقڵی پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا، هەر ئەوە ئەنجامەکەیەتی، گرووپەکان، گرووپی زۆر تەقلیدیین، کاتی خۆی بۆ سەردەمی خۆیان دروست بوون و گونجاو بوون، بەڵام بۆ بارودۆخی ئێستا گونجاو نین، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا دوای ساڵی دوو هەزارەکان کۆمەڵێک

گرووپ لە کوردستان پەیدابوون، کە تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە لە توانایاندا هەیە ڕەوشەکە باشتر بکەن وەکوو (کۆڕی شانۆی با) و (ستۆدیۆی ئەکتەر) و (ناوەندی تاف) کە کۆمەڵێک گرووپن بە بیرکردنەوەیەکی جیاواز و سیستەمێکی جیاواز کار دەکەن، ئەو گرووپانە کاریان تەنیا ئەوە نەبوو شانۆ بەرهەم بهێنن، بەڵکوو شانۆکاریشیان پەروەردە کرد.

کێشەی زۆربەی گرووپەکانی ئێمە ئەوەیە ناتوانن شانۆکار پەروەردە بکەن، گرووپەکان ئەوەندە تەقلیدی و کلاسیکین، ئەوەندە توانای گۆڕین و خۆگونجاندنیان نییە، ناتوانن لەگەڵ گۆڕانی سەردەمدا خۆیان نوێ بکەنەوە و کاریگەریان بەسەر شانۆدا هەبێت، بۆیە لە ئێستادا دەبینین کۆمەڵێک گرووپ بەتەواوی دەنگ و ڕەنگیان نەماوە و ناتوانن کاربکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک گرووپی تازە و گەنج دروستبوونە، کە بە سیستەمێکی تازە و دونیابینیەیەکی تازە کاردەکەن و دەتوانن شانۆکار پەروەردە بکەن و بەرهەمی شانۆیی باش پێشکەش بکەن و پەرە بە شانۆ بدەن.

من زیاتر مەبەستم سیستەمی گرووپەکانە، کە کۆنە و خزمەت بە شانۆ ناکات، بۆیە پێویستمان بە گرووپی نوێیە کە پەروەردەکاری تێدابێت، بە بازاڕکردنی تێدا بێت

ئێستا پێویستە سێکتەرێک، یان ناوەندێکی توێژینەوە لەناو گرووپەکاندا هەبێت، بۆ ئەوەی بزانن چۆن بەرهەمەکانیان بە بازاڕ بکەن، یان چۆن بینەر بۆ نمایشە شانۆییەکانیان دروست بکەن، چونکە ئەگەر بینەر نەبێت هونەر هیچ نرخێکی نییە، نە شانۆ، نە سینەما، نە هیچ هونەرێکی دی بەبێ بینەر هیچ نرخێکیان نییە، بۆیە ئێمە پێویستمان بە بینەرە، نەبوونی بینەر کێشەیەکی زۆر گەورەیە، ئێمە لەکوردستان بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی لە هەولێر دیوارێکی زۆر گەورەمان لەگەڵ بینەر دروست کردووە.

### لە شارێکی ملیۆنی وەکوو هەولێر تۆ نەتوانی دوو هەزار کەس بهێنیتە ناو هۆڵی شانۆ!

نەبوونی بینەر کۆمەڵێک کێشەمان بۆ دروست دەکات، کە ڕێگری سەرەکییە لە پێشکەوتنی شانۆدا، بۆ نموونە: ئەگەر بینەرت نەبوو، داهاتت نابێت، کە ئەوە لەشتە هەرە گرنگەکانە، کە تۆ داهاتت نەبوو، ناتوانی بەردەوام بیت، پێشناکەوێت، چونکە حکومەت ناتوانێت تا سەر هەموو شتەکانت بۆ دابین بکات، تۆش دەبێت پشکدار بیت لەو بابەتە و بتوانیت ئەو شتەی بەرهەمی دەهێنیت پارە بکات.

بۆچی بەرهەمە هونەرەیەکانمان پارە ناهێننەوە؟ بەشێکی بەهۆی جۆری بەرهەمەکەیە، ئێمە کێشەیەکی زۆر گەورەمان هەیە هەم لە هەڵبژاردن، هەم لە کارکردندا، زۆرجار جۆر و کوالێتی بەرهەمەکانمان ڕێگرە لەوەی کە



لەگەڵ بینەر ئاوێتە ببین و وابکەین بینەر پارەی پێبدات، زۆر نمایشی شانۆیی هەیە، لێرە، یان لە شوێنی دی، ڕۆژێک، یان دوو ڕۆژ نمایش دەکرێت، زۆر زۆر دەگاتە سێ ڕۆژ، بینەریشی ناگاتە ٢٠٠ تا ٣٠٠ کەس، کە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، لە شارێکی دوو ملیۆن کەسی وەکوو هەولێر تۆ نەتوانی دوو هەزار کەس بهێنیتە ناو هۆڵی شانۆ، بەمانای ئەوەیە ئەو شتەی پێشکەشی دەکەیت کارێکی زۆر بێ سوود و بەهایە، بۆیە ناتوانی بڕوا بەدوو هەزار کەس بهێنیت بێنە ناو هۆڵی شانۆکەتەوە، ئەو دیاردەیە لە سلێمانیش هەیە، کار هەبووە پەنجا کەس بینیویەتی، من خۆشم لە هۆڵەکە بوومە و یەک ڕۆژیش نمایشکراوە، کەچی ئێستا نمایش هەیە تا ئێستا نزیکەی ١٤ تا ١٥ هەزار کەس بینیویانە و بەردەوامیشە.

ئەمە پێمان دەڵێ دەبێت جارێکی دی بە خۆماندا بچینەوە، بزانین چۆن کاردەکەین و بۆ کێی دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین دەبێت چیان پێشکەش بکەین، لەم قۆناغەدا بینەر پێویستی بە چییە؟

بەومانایەش نا شانۆ ڕادەستی ئیرادەی بینەر بکەین و بڵێین ئیدی دەبێت شانۆیەکی وا پێشکەش بکەین، وەکوو





کۆمەڵێک کاری خراپی تەلەفزیۆنی، کە بەناوی شانۆ دەکرێن، وەکوو بەزمی بەزم و شتی وا کە بینەر ئەوەی دەوێت، نا بە هیچ شێوەیەک بینەر ئەوەشی ناوێت، ئەو برادەرانە کۆمەڵێک کاریان کرد، لەکۆتاییدا بینەر لێیان بێزار بوو، لەبەر ئەوەی هونەر و داهێنانی تێدا نەبوو، چونکە بینەر ئیستاتیکای دەوێت، کە چووە ناو هۆڵ تووشی شۆک بێت، لە دەرەوە نەیبینیبێت.

## گەورەیی شانۆ لە بەشێکی بچووکی بێ دەسەڵات و بێ بودجەدا لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیریی کورت کراوەتەوە

کێشەی دامەزراوە شانۆییەکانیش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی دیکەیە، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ کراوە بە بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەر و هەموو دەسەڵاتەکانیشی لێسەندراوەتەوە، لەو حاڵەتەدا چاوەڕوانی چی دەکەیت؟ لووتکەی بەڕێوەبردنی شانۆ لەم شارەدا بەشێکی بچووک بێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەر، ئەوە کارەساتێکی گەورەیە، چونکە بڕیارت داوە شانۆ ئیفلیج بکەیت، ڕێگەت داوە کە حکومەت ئیدی هیچ بەهایەک بۆ شانۆ دانەنێت و هەموو گەورەیی شانۆ لە بەشێکی بچووکی بێ دەسەڵات و بێ بودجەدا لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیری کورت کراوەتەوە، بەڕاستی ئەمە ڕازی بوونە، مردنی شانۆیە، سەلماندنی ئەوەیە، کە شانۆ هونەرێکی بێ بەهایە و پێویست نییە بەردەوام بێت.

ئەمە بۆ سینەماش هەر ڕاستە، چونکە سینەماشیان وا لێکرد، ئەو هونەرە گەورەیە ئابووری هەموو جیهان و وڵاتانی لەسەر بەندە لە زۆر وڵات سینەما سێکتەری ئابوورییە، کەچی لە وڵاتی ئێمەدا کراوەتە بەشێکی بچووک لەبەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، نە هیچ دەسەڵاتێکی هەیە و نە دەتوانێت بڕیارێک بدات، توانای نییە بڕی ٥٠٠ هەزار دینار بۆ دیکۆری شانۆگەرییەک خەرج بکات.

ئێمە کاتێک لە هۆڵی شانۆ دێینە دەرەوە دەچینە شوێنێک دادەنیشین باسی هەموو شتێک دەکەین تەنیا باسی کارەکە ناکەین.

سەرەنجام نەبوونی ڕەخنەش کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە، ئەگەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن هەبوو، شانۆکاریش هەست دەکات ئەو کارەی ئەو دەیکات خەڵکێک هەیە بایەخی پێدەدات، ئێمە کاتێک لە هۆڵی شانۆ دێینە دەرەوە دەچینە شوێنێک دادەنیشین باسی هەموو شتێک دەکەین تەنیا باسی کارەکە ناکەین.

خاڵێکی دی پەیوەست بەو بابەتە سۆسیال میدیایە، کۆمەڵێک پەیج و ئەکاونتی شانۆیی لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەن، ئایا چەند پەیج و ئەکاونت لە هەولێر بەڕێوە دەبرێت؟ بڕوا بکەن یەک لەسەدیش لە هەولێر نییە، چونکە کەسێک بەلایەوە گرنگ نییە، تەنانەت ئەکاونتێک دروست بکات، باسی شانۆی تێدا بکرێت، هیچ ئەکاونتێک لە هەولێر بەڕێوەناچێت جگە لە ئەکاونتی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، بۆ ئەوەی کارێکی شانۆیی بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، شانۆ بەو شێوەیە مردارکراوەتەوە.

## لەم دە ساڵەی کۆتایی، چەند کەس لە بەشی شانۆی کۆلێژ دەرچووە، دواتر یەک کاری شانۆیی کردووە؟

گرفتێکی دیکە لەکۆلێژ و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە کە سیستەمی کارکردنی ئەم دوو شوێنە سیستەمێکی زۆر خراپە، تا سەر ئێسقان خراپە، جاران دەمانگوت ئەم شوێنانە کێشەیان ئەوەیە کە مەردودی ئەرێنییان نییە، بەڵام ئێستا دەبێت لەسەر ئەوە کاربکەین کە بەڕاستی ئەم شوێنانە مەردودی نەرێنیان هەیە بۆ نموونە گەنجێک دەچێتە پەیمانگا زۆر حەزی لە شانۆیە بەعیشقی شانۆوە دەچێتە ئەوێ، کەچی کە ئەو بەشە تەواو دەکات دەبینین ڕقی لە شانۆیە، یان گەنجێک دەچێتە کۆلێژ، شانۆ بە هونەرێکی زۆر گەورەی دەزانێت، زۆر بەگەورەیی سەیری دەکات، کەچی کە کۆلێژ تەواو دەکات ئەویش ڕقی لە شانۆ دەبێتەوە و شانۆ لەلای دەبێتە هونەرێکی زۆر بێ ئەرزش و بێ بەها. سیستەمێک لەوێ هەیە ناتوانێت گەورەیی شانۆی بۆ باس بکات، ناتوانێت بڕوای پێبکات کە لە کۆلێژ دەرچوو عیشقی ئەوەی هەبێت بەدوای شانۆوە بێت، بەپێچەوانەوە چوار ساڵەکە تەواو دەکات خوا خوایەتی تەنیا لە شانۆ دوور بێت، بەڵگەمان هەیە بڕۆن توێژینەوەیەک بکەن بە داتا بزانن لەم دە ساڵەی کۆتایی، چەند کەس لە بەشی شانۆی کۆلێژ دەرچووە، دواتر یەک کاری شانۆیی کردووە؟

هیوا سوعاد:

# زۆربەی ئەو برادەرانەی شەو ڕۆژ بەیەکەوە لە قاوەخانەی مەچکۆ دادەنیشتین ئێستا بووینەتە دوو بەرە و سێ بەرە، جنێو بە یەک دەدەن

**کێشەی سەرەکیمان لەهەموو سێکتەرەکان ئەوەیە، ئێمە وڵاتێکی دامەزراوەیی نین، ئەگەر دامەزراوەیی باین حاڵمان بەوەی ئەمڕۆ نەدەگەیشت، من ئێستا بەڕێوەبەری شانۆی هەولێرم، نازانم بەیانی ئەگەر گۆڕانکارییەک بکرێت بۆ کوێ دەچم، بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر لە ڕابردوودا، خاوەنی چەندین فێستیڤاڵ بووە، چەندین چالاکی هەبوو، شەست و حەوت ئەکتەر و کارمەندی هەیە، بە یەک بڕیار کردیانە بەش، ئەگەر ئێمە وڵاتێکی دامەزراوەیی بین، چۆن سەندیکای هونەرمەندان پەراوێز دەخرێت، یان بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیری بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، حزبەکان و حکومەتیش بۆچوونیان بەرامبەر وەزارەتی ڕۆشنبیری باش نییە.**




**حکومەت وەکوو جوانکارییەک تەماشای کلتوور دەکات**

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هەموو هەڵەیەک بخەینە سەر حکومەت، هونەرمەند هەبووە بەناوی هونەرەوە هەندێک شتی کردووە، بەڕاستی شەرم لە خۆمان دەکەین، ئێستا نەوەی هەشتا و نەوەدەکانی هونەرمەندان پەیوەندییان بەیەکەوە نەماوە، چونکە دوای ڕاپەڕین حزبایەتی هاتە ئاراوە، زۆربەی ئەو برادەرانەی شەو ڕۆژ بەیەکەوە لە قاوەخانەی مەچکۆ دادەنیشتن ئێستا بوونەتە دوو بەرە و سێ بەرە و جنێو بە یەک دەدەن.

مامۆستا وەلید مەعرووف یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بۆچی لایاندا؟ لەسەر هەمان شت بوو، هەر ناویشیان نەهێنا، ونیان کرد و دووریان خستەوە، ئەوە کێشەی ئەو وڵاتەیە، حکومەت ئێستاش گرنگی کولتوور و هونەر نازانێت و بایەخیشی پێنادات و کێشەشی نییە.

حکومەت وەکوو جوانکارییەک تەماشای کلتوور دەکات، کاتێک وەفدێک دێتە هەرێمی کوردستان ئەوان دەڵێن ئێمە ئەو شتەمان هەیە، ئەوانەی ئێمەش دەڵێن ئێمەش هەمانە، ئێمەش سەندیکا و بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و وەزارەتمان هەیە، بەڵام ئایا بایەخی پێ دەدرێت ئیشی بۆ دەکرێت؟ نەخێر ئەوەتا سەندیکای هونەرمەندان پارەی نەماوە کەچی یەکێتی زانایانی ئایینی پارەی خۆی بەتەواوی وەردەگرێت، ئەوەیە تێگەیشتنی ئەو حکومەت و دامەزراوانە، کە زۆربەیان نا دامەزراوەیین، زۆرجار کێشەکان خۆی لەناو هونەرمەنداندا دەبینێتەوە، ئەوە وایکرد دۆخی شانۆ وای لێ بێت، هونەرمەندان هۆکارن، هەرچەندە باسی ئەوەم کرد کە ئیدارەی حکومەت نا دامەزراوەیین کێشە لە داراییش هەیە، بەڵام کوا هونەرمەندەکان بۆ کار ناکەن؟

تیپەکانی هەولێر بۆ کار ناکەن، ئێستا ڕۆژی جیهانی شانۆیە هەر تیپەکان لە کافتریایەک کۆببانەوە مۆمێکیان داگیرساندبایە یادێکی ئەو ڕۆژەیان کردبایەوە




بەیاننامەیەکیان دەرکردبا، تیپەکان با ماڵپەڕێکیان هەبێت، ئەو شتانەی ناتوانن لەگەڵ یەک بیڵێن، با لە ماڵپەڕەکە ڕای خۆیان دەرببڕن کەچی نایکەن.

**ئێستا قوتابی لە پەیمانگە هەیە نازانێت لەسەر تەختەی شانۆ بوەستێت**

لە سلێمانی هونەرمەند هەبووە باشترین کاری کردووە، کەچی ٦ ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە، کەچی لە هەولێر باشترین کاری هونەری ٣٠ ملیۆنیان بۆ خەرجکردووە، کەمترین پارەش هەشت ملیۆنی بۆ خەرجکراوە، کەچی دەرهێنەرەکە یەک ڕۆژ نمایشی دەکات و دەڕوات، لێی دەپرسیت بۆ نمایشی ناکەیت؟ دەڵێت ئەکتەرم نەبوو، یان هەیە تائێستاشی لەگەڵدا بێت هەر نمایشی نەکردووە ئەگەر بێت و لەسەری بنووسیت، ئەوا دەڵێن هیوا پارتییە، ئەو هونەرمەندە یەکێتییە، شەڕی پێ دەفرۆشێت، لەسەریشی نەنووسیت، ئەوا دەڵێن هیوا دزە و لەژێرەوە لەگەڵ ئەو هونەرمەندە ڕێککەوتووە و پارەکەی لەگەڵ بەش کردووە، بۆیە نازانم لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە چی بکەین، من ڕێزم هەیە بۆ هونەرمەندی باش و ڕەوشت بەرز، بەڵام بەو جۆرە هونەرمەندانە دەڵێم ناهونەرمەند.

ئێستا قوتابی لە پەیمانگە هەیە نازانێت لەسەر تەختەی شانۆ بوەستێت، دۆخەکە وایلێهاتووە دەبینیت هەندێک مامۆستای بێ سوود هاتوونەتە ناو پەیمانگە وەکوو مامۆستای تر مووچە وەردەگرێت و ئیمتیازاتی هەیە، بۆیە ئەوەی دیکەش گوێ بە کێشەکان نادات، ئەگەرچی ئەوانیش کۆمەڵێک کێشەیان هەیە.

**کاری باش دەکەم، خراپ دەکەم، هەر قسەم پێ دەڵێن و جنێوم پێ دەدەن**

ئێمە ڕەخنەگرمان نییە، ئەوەشی ڕەخنەگرە و ڕەخنە دەگرێت، ڕێزم بۆیان هەیە، یان ئەوەتا قین لە دڵە، یان بە لایەنی حزبایەتی مامەڵە دەکات، یان ئەو مەعریفەیەی نییە و خۆی خزاندۆتە ناو هونەرەوە.

من ساڵی ١٩٩٩ بوومەتە بەڕێوەبەری سینەما و شانۆ، کاری باش دەکەم، کاری خراپ دەکەم، هەر قسەم پێ دەڵێن و جنێوم پێ دەدەن، ئەوە ڕەخنەگرتن نییە تۆ ڕەخنە لەسەر من مەنووسە، من هەر کارێک دەکەم دەڵێن هیوا سوعاد دەبێت بچێت دەست لەکاربکێشێتەوە.

**دەیانەوێت گەرماوی شانۆ بەو هونەرمەندانە گەرم بکەنەوە**

ئەو کەسانە کە دەچنە وڵاتێک لەگەڵ دیوای ماڵی هونەرمەندەکە وێنە دەگرن، کەچی ئێمە هونەرمەندەکەمان هێناوەتە کوردستان دەبینم یەکێک نووسیویەتی: ئەوانە دەیانەوێت گەرماوی شانۆ بەو هونەرمەندانە گەرم بکەنەوە، باشە ئێمە شتێکی خراپمان کردووە، وەرە لێرە وێنەی لەگەڵ بگرە.

یەک ساڵ لە سەردەمی کابینەکەی د. بەرهەم ساڵح کە دەسەڵاتی دابوو بە خوارەوە چالاکی زۆر بوو، ئەوکات ئێمە هەموو ڕۆژێکی سێشەممە نمایشی شانۆمان دەکرد کردمانە بەرنامە کە دەبێت هەموو سێشەممەیەک نمایشمان هەبێت، هەروەها فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیمان سازکرد، جگە لەوەش فێستیڤاڵی مۆنۆ دراما - مان سازکرد، هەروەکوو پاڵپشتی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانمان دەکرد، بەڵام ئێستا لەساڵی ڕابردووەوە بڕیار دراوە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆ لە هەولێر سازبکرێت ساڵی پار نەمانتوانی ئەنجامی بدەین و ئێستاش تازە گەیشتووەتە دارایی، بەڵام ئێستا پلانی چی دابنێین من ناشزانم دارایی بەو کارە ڕازی دەبێت، یان نا.




لەدوای قسەکانی هەریەک لە (حەمەسوار عەزیز) و (هیوا سوعاد)، هونەرمەندانی بەشداربووی کۆڕەکە بەم شێوەیە ڕای خۆیان دەربڕی:


وەلید مەعرووف


## وەلید مەعرووف: لەهەرێم ئێمە دەبێت لە دەرگای ئەوان بدەین

ئەو قسانەی ئێوە لە دەیەی هەشتاکانەوە دەگوترێن دووبارەن، لەبەر ئەوەی پاش سالی نەوەدەکان هونەرمەندان نەیانتوانی دەسەلات لەناو دەسەلات دروست بکەن، بۆ ئەوەی بڕیاری هەبێت، هەموو گلەیی لە دەسەلات دەکەن، ئێمە ئێستا لەناو سالۆنی لاپەڕە نۆ دانیشتووین سەر بە یەکێتییە کە دەبووایە لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بکرێت، تۆ دەسەلاتت نییە، کاک حەمەسوار گوتی: بەڕێوەبەرایەتی شانۆ هەموو دەسەلاتەکانیان لێ وەرگیراوەتەوە، من دەلێم لەبەر ئەوەی تۆ بەهێز نیت، لەهەموو دونیا هونەرمەند بڕیار دەدات، هونەرمەند بوو ئەوروپای بردە ئاسمان، هیتلەر بەو هەموو بەهێزی و دیکتاتۆریەتەی خۆی چووە لای برێخت، ستالین بەو بەهێزی و دیکتاتۆریەتەی خۆی چووە لای مابەرهۆلد، بەلام لە هەرێم ئێمە دەبێت لە دەرگای ئەوان بدەین، دەپرسم کوا دەسەلاتی تۆ، ئەتۆ پڕی لەڕق و کینە و نەگریسی و یەکدیتان خۆشناوێت.


کامەران حاجی

## کامەران حاجی: تەنیا بە بەیاننامەیەکیش پیرۆزباییەکی لە شانۆکاردان نەکرد

پالپشتی مادی لێگەڕێن کە حکومەت نییەتی، ئێوە بیربکەنەوە دوێنێ ڕۆژی جیهانی شانۆ بوو، حکومەتی هەرێم پەیامی بۆ ڕۆژی ئافرەتان و ڕۆژی کرێکاران هەبوو، کەچی تەنیا بە بەیاننامەیەکیش پیرۆزباییەکی لە شانۆکاردان نەکرد، ئەوەی کە زۆربەتان باستان کرد، نەبوونی خۆشەویستییە لەنێوان هونەرمەندان، بەداخەوە ئەو ڕق و کینەیە ئەوەندە زالە، لەنێوان


زایەر عەبدوللا

هونەرمەنداندا خۆشەویستی نەماوە، من کتێبێکم ئامادە کردبوو بەناوی قەیرانی شانۆ لەنێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و شانۆکاراندا، باسم لەهەموو ئەو دیدارانەم کردووە کە لەدوای ڕاپەڕین کراوە لە



یوسف عوسمان



عەدنان عوسمان



غازی شینە

سلێمانی و هەولێر و دهۆک، کەچی هەمووی بێ ئەنجام بوو، هیچ ئەنجامێکی نەبوو، هۆکارەکەش ئەوەیە ئێمە کە دیدارێک دەکەین ڕاسپاردەکان کۆدەکەینەوە لیژنەیەک دادەنێین بۆ ئەو بەدواداچوونانە، کەچی هیچ ئەنجامێکی نەبووە و ناشبێت.

## زاهیر عەبدوڵڵا: ئەو دەسەڵاتە بیر ناکاتەوە، ئەسڵەن گاڵتەی بە هونەر و بە شانۆ و بەشتە جوانەکان دێت

من لەجیاتی ئەوەی لەو ڕۆژە پیرۆزبایی بکەم، داوای لێبوردن لە جەماوەر و بینەرانمان دەکەم، چونکە تووشی بێ ئومێدیمان کردوون، تووشی ئەوەمان کردوون کە لێمان زوویربن لە شانۆش زویر بن، ئێمە ساڵانی پێشوو بەر لە ڕاپەڕین شانۆگەریمان پێشکەش دەکرد، وای لێهاتبوو جەماوەر وەکوو نەریتێک بە جلی پۆشتە و جوانەوە دەهاتن، ژن و پیاو منداڵیان لەگەڵەخۆ نەدەهێنا، دەیانگوت با دەنگە دەنگ لەناو هۆڵ دروست نەبێت، ئەمە وەکوو کلتورێکی لێهاتبوو ئەو جەماوەرە جوانەمان لە خۆمان تۆراند، هەموو ئەوەش پاش ڕاپەڕین ڕوویدا، خەتاکەشی بۆ هونەرمەندان و شانۆکاران دەگەڕێتەوە، چونکە ئێمە پەرت و دابەش بووین بەسەر حزبەکان و ڕاگەیاندنی حزبەکان، قسەمان بە یەکدی دەگوت، یەکدیمان دەبوغزاند، ڕقمان لە یەکدی دەبووەوە، ئەو خۆشەویستییەی جاران هەبوو نەما، ئێمە جاران کێبڕکێی یەکدیمان دەکرد، بەڵام لەسەر کار و کاری جددی، قەت قسەی ناشیرینمان بە یەک نەدەگوت، بەڵام دواتر وایلێهات بووە ئەو شەڕە پەڕۆیە بەداخەوە.

ئەگەر باسی دەسەڵاتیش بکەین، ئەو دەسەڵاتە بیر ناکاتەوە، ئەسڵەن گاڵتەی بە هونەر و بە شانۆ و بەشتە جوانەکان دێت، ئەو بۆ مەسەلەیەکی دی هەوڵ دەدات و بیر لەشتی دی دەکاتەوە کە لەوانەیە شانۆ لەلای ئەو لە پلەی بیستەم بێت، من ئەوە دەبینم، چاکیش نابێتەوە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم.

## یووسف عوسمان: دوای ڕاپەڕین هەموو شتە نەتەوەییەکان و ئینتیما و مرۆڤایەتی سڕایەوە

ئەو شتانەی کاک حەمەسوار باسی کرد هەموومان گوێ لێبووە، بەڵام چارەسەری تۆ بۆ ئەو مەسەلەیە چییە؟ تۆ بەراوردی کارەکانی شانۆی کۆن لەگەڵ کارەکانی ئێستا دەکەیت، دەبێت هەندێک ڕاستی هەیە تیشکی بخەینەسەر ئەوکات شتێک هەبوو، کە کارت بۆ دەکرد دوای ڕاپەڕین چۆن هەموو شتە نەتەوەییەکان و ئینتیمایەکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی سڕایەوە، ئەویش لە چوارچێوەی ئەوەبوو کە نەمێنێت.

## عەدنان عوسمان: نەمانتوانیوە بەقەد یەک مەلا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دابنێین

من پسپۆڕی شانۆ نیم، بەڵام لەسەر قسەکانی کاک حەمەسوار دەوەستم ئەو کۆڕە بۆ ئەوە نەبوو کە جیاوازی لەنێوان هەولێر و سلێمانی بکەین، لەوەی لە سلێمانی چالاکی شانۆیی هەیە، کەچی لە هەولێر نییە، دەبووایە بە شێوەیەکی زانستی بچێتە ناو بابەتەکە، کە خۆی لەسەر شانۆ چەندین کتێبی باشی هەیە، لێرە نووسەر و هونەرمەند و ڕەخنەگر هەن، پێویستە لەسەر شانۆ و سینەما و شێوەکاری و میوزیک و هونەر، بەگشتی لەسەر ئەو هونەرە جۆراوجۆرانە بوەستین و قسەی لەسەر بکەین، لێکۆڵینەوەی زۆر زانستی لەسەر بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە وەکوو هونەرمەند بەکارە هونەرییەکانمان چەند توانیتمان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەدا دابنێین، دڵتان خۆش نەبێت نەمانتوانیوە بەقەد یەک مەلا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دابنێین، ئایا توانیتمان کاریگەری ئەوە دابنێن برایەک خوشکەکەی خۆی نەکوژێت، ئایا توانیتمان کاریگەری ئەوە لەسەر دایکێک، یان باوکێک دابنێین کچەکەی خەتەنە نەکات، یان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دابنێین بە نێگەتیڤ بیر نەکاتەوە، نەخێر نەمانتوانیوە.

## کاروان ئەحمەد قادر: لەهەموو جیهاندا شانۆ کراوە بە پیشە

بیرم دێت لە ساڵانی هەشتا و یەک و دوو، تا چوومە پەیمانگە سەیری شانۆگەریم دەکرد لە شانۆگەرییەکانی هەولێر فێربووم، ئێمە خۆمان کەموکوڕیمان هەیە حزب کۆمەڵگەی تێکشکاند خۆشمان بەپرسیار و تاوانبارین لەو کێشەیە، لەهەموو جیهاندا شانۆ کراوە بە پیشە، هونەرمەند پێی دەژێت، لای ئێمە هونەرمەند بە شانۆ و میوزیک ناژێت، بەڵکوو بەحزب دەژێت، کە حزبیش شت بەسەریدا دەسەپێنێت ناتوانێت ئەوەی لەکۆمەڵگەدا پێویستە لە شانۆ، یان پەروەردەکردن ئەوە بکات.

## ستار محەمەد ئەمین: لە سەردەمی بەعس بەو دڕندەییەی خۆی بەهۆی قەرەبالغییەوە دەرگای شانۆکان دەشکا

من خۆم بە شاگردێکی شانۆ دەزانم زەمانێک وەکوو حەز و ئارەزوو لەڕێگەی مامۆستا وەلید مەعرووف، ئەو دەستی گرتم و منی هێنایە سەر تەختەی شانۆ، بەرادەرێک زۆر بە شێوەیەکی قێزەون شانۆی لەبەرچاو خستم کە ئێستاش لە هەولێر پەیکەری بۆ دروست کراوە، باسی مەلاتان کرد کە مزگەوت دروست دەکەن، ئەوان مافی خۆیانە مزگەوت دروست


جەعفەر جەوهەر


کاروان ئەحمەد قادر


ستار محەمەد ئەمین

بکەن، با ئەو شانۆکار و هونەرمەندانەش کە لەسەر حیسابی هونەر خۆیان دەوڵەمەند کردووە ئەپارتمانی گەورەیان دروستکردووە ڕیزێک شوقە و خانوویان وەرگرتووە با ئەوان بێن هۆڵ دابین بکەن و داوا لە خەڵک بکەن هۆڵ دروست بکەن، من حەزم دەکرد ئەو کۆڕە زیاتر گەنجی تێدابوایە بەداخەوە کۆمەڵێک




سەباح شوکر

شانۆکار، کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک یا زیاترە دەیانبینم هەر ئەو پیاوە جوانانەن هاتوونە، یەک گەنجم نەبینی، لە وانەی لە ئەکادیمیا، یان هونەرە جوانەکان و لە سەندیکا و لە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ هەن، کەسم نەبینی بێن و لێرە بن، چونکە ئەوان زیاتر هەست بە نەهامەتییەکان دەکەن، بەدەیان شانۆکار دەناسم ئێستا لە شەقامەکانی شێخەڵڵا کار دەکەن، من خۆم خاوەنی دوو خوێندکاری شانۆکارم، ئێستا کاری دیکە دەکەن، نەهاتوونەتە ئەم کۆڕە، ئەوە پرسیارێکە وەڵامەکەی لەلای برادەرانی سەندیکا و بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و ئەو برادەرانەیە کە لەوێ دانیشتوون.

هەموومان دەزانین قەیرانی شانۆ هەیە و هۆکارەکەشی چییە، لە سەردەمی بەعس بەو دڕندەییەی خۆی بەهۆی قەرەباڵغییەوە دەرگای شانۆکان دەشکا، ئەو حزبانە نەیانگوتووە کەس شانۆگەری پێشکەش نەکات و کەس نەچێتە شانۆگەرییەک. من وامزانی ئێستا ئێوە سەندیکا و بەڕێوەبەرایەتی شانۆ چارەسەرتان پێیە، ئەگەرنا با ئەمڕۆ لە ڕۆژی جیهانی شانۆ ڕۆژی مەرگی شانۆ ڕابگەیەنین.

## جەعفەر جەوهەر: هونەرمەندان بە خۆیان بەشدار نین لە ماستەرپلانی ئەو شارە

هەرچەندە من هونەرمەند و شانۆکار نیم، بەڵام تەماشاکەری شانۆ بوومە، لێرە هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە فەلسەفەی حوکمڕانی ئەوەیە کە گرنگی بە شانۆ نادات، تا ئێستا ئێمە لەقۆناغی شوانکارەیین، بەداخەوە زیاتر بەلای بابەتی سەربازی و ئەو شتانەدا دەڕۆن، بەداخەوە هونەرمەندان بە خۆیان بەشدار نین لە ماستەرپلانی ئەو شارە، کە باسی هۆڵ کرا من دوێنێ لە نووسینگەیەکی خانوو زەوی بووم نەخشەیەکیان پیشاندام کە هی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی هەولێر بوو تا ناوچەی بێستانە دەڕۆیشت هەمووی گەڕەک بوو، هیچ جێگایەک دانەنرابوو بۆ هۆڵی شانۆ لەکاتێکدا لە گەڕەکێک جێگای سێ چوار مزگەوتی تێدابوو، چونکە مامۆستایانی ئایینی بەشدارن لە ماستەر پلانەکە لێناگەڕێن هیچ شتێک بەبێ ئەوان بڕوات، بەداخەوە هونەرمەندان بەشدار نین، نازانم هۆکارەکە چییە.

## غازی شینە: ئەو بێ ئومێدی کردم دەڵێت: هەرگیز چارەسەر نابێت

با ئەمڕۆ ئەو کۆڕە ببێتە دیباجەیەک کە بەڕاستی بەرەو کۆنفرانسێکی شانۆیی گەورە بڕۆین، دەبێت ئەوانەی بەرپرسن لەو سێکتەرە لەسەریان بێت جێبەجێی بکەن من زۆر بە شەوقەوە هاتم بۆ ئەم کۆڕە، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا کە بە پێشڕەوی شانۆی دەزانم، کەچی ئەو بێ ئومێدی کردم دەڵێت: هەرگیز چارەسەر نابێت.

## سەباح شوکر: لە ڕێی شەقامەوە جەماوەر بهێنینەوە ناو هۆڵەکان

دوێنێ ٣/٢٧ یادی شانۆی جیهانی بوو، بەڵام بەداخەوە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، تیپێکی شانۆییمان نەبینی شانۆگەرییەک نمایش بکات گلەیی لە کاک هیوا سوعاد دەکەم، ئێوە بەڕێوەبەرایەتییەکەتان ئەو هەموو ئەکتەرەتان هەیە، کە زۆر بەتوانان دەقمان هەیە، ئەگەر کێشەی هۆڵ هەیە من پێموایە ئەکتەر دەکرێت لەسەر شەقام یان لە پارکی شار یا جێگایەکی دی ناو شاری هەولێر نمایشی شانۆگەری پێشکەش بکەن، ئەمڕۆ وایلێهاتووە خەڵکەکە لەبەر زۆر هۆکار وەکوو جاران ئارەزووی هاتنە ناو هۆڵی شانۆی نەماوە، بۆیە دەکرێت لەسەر شەقامەکان نمایشی شانۆ بکرێت، لە ڕێی شەقامەوە جەماوەر بهێنینەوە ناو هۆڵەکان.



# خوێندنەوەی کتێب

- **(شمشێری مووسا)ی (سابیر ڕەشید)**

هۆشەنگ شێخ محەمەد

- **ڕەمزی نافیع  لە مەرەکەبی محەممەد گۆران دا**

بەهزاد موحسین

- **کتێبی «ئەمڕۆ ساتمەم کرد، بە سەر دوێنێدا داکەوتم»**

عەبدوڵڵا رەواندوزی

- **دوا زەردەی خۆر**

ئیدریس ئیبراهیم گەلاڵەیی

# (شمشێری مووسا)ی (سابیر ڕەشید)

هۆشەنگ شێخ محەمەد

١

(سابیر ڕەشید)ی ڕۆماننووس، لە سەرەتای کتێبەکەیدا، خۆی وەکوو کەسێکی نێو ڕۆمانەکە پێشکەش دەکات، لەمەش زیاتر، لەنێو ڕۆمانەکەدا، خۆی وەکوو ڕۆماننووسی ئەم ڕۆمانەش دەناسێنێت. لەم سەرەتایەدا (سابیر ڕەشید)ی ڕۆماننووس، لەگەڵ (سابیر ڕەشید)ی ڕۆماننووسی نێو ڕۆمانەکە ئاوێتەی یەکدی دەبن! زەمەنی ڕۆمانەکە و زەمەنی نووسینی ڕۆمانەکە بەنێو یەکدیدا تێک دەچڕژێن، لێرەدا (سابیر ڕەشید لەیەک (کات) دا، لەنێو دوو شوێندا (جووڵە) دەکات! ئەمەش وەکوو ئەوە وایە، سواری کەشتییەک بوو بێت، کەشتییەکە خۆی جووڵە دەکات و بۆ پێشەوە دەڕوات، (سابیر ڕەشید)یش لەنێو ئەو کەشتییەدا، بەپێچەوانەی ئاراستەی کەشتییەکە جووڵە دەکات! واتە لەیەک کاتدا (سابیر ڕەشید دوو جووڵە دەکات، ئەمەش خشتەی (کات)و ئاراستەکان پێچەوانە دەکاتەوە! لە کاتێکدا لەگەڵ جووڵەی کەشتییەکە بۆ پێشەوە دەڕوات، لەهەمان کاتدا لەنێو کەشتییەک بەپێچەوانەی کەشتییەکە بۆ پشتەوە دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا کە کەشتییەکە پێش دەکەوێت، ئەو دەگەڕێتەوە، لە کاتێکیشدا ئەو کە دەگەڕێتەوە، کەشتییەکە بۆ پێشەوەی دەبات! واتە ئەو گەڕانەوەیە ڕووە و پێشەوەیە نەوەک دواوە، خۆ ئەگەر (سابیر ڕەشید) لەگەڵ کەشتییەکە و بە ئاراستەی ئەو بڕواتە پێشەوە، ئەوە دووجار پێش دەکەوێت، جارێک بە هەنگاوەکانی خۆی، جارێک بە ڕۆیشتنی کەشتییەکە، هاوئاهەنگییەک لەگەڵ کەشتییەکە پەیدا دەکات.

زەمەنی ڕۆمانەکەش، لەنێو ڕۆمانەکەدا، ئاوایە، جارێک ڕووداوەکان دەمانبەنە پێشەوە و جارێک دەگەڕێنەوە دواوە. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، زەمەنی ڕۆمانەکە، لە ئێستای ئەممماندا، بۆ ڕابردوو و مێژووی شەقڵاوەمان دەبەن. بۆ سەردەمی کۆڕان و چەوسانەوەی جووەکان، ئازاری مرۆڤەکان، هەندێک لایەنی شاراوەی مێژوو، یادگاری و چیرۆکی پیرەمێردان،

کردنەوەی سەری گلۆلەی ڕووداوەکانی ساڵانی چلەکان، گەڕان لەسەربردەی سیخناخ لە تراژیدیا، لە فەنتازیا، تا (سابیر ڕەشید) ڕۆمانێک لەبارەی ئەوی ڕۆژان و سەردەمان، کە جووەکان لە کوردستاندا بوون بنووسێت، هەروەها باسی کۆچکردن و گوزەران و ژیانیان لە ئیسرائیل و ئەورووپا بکات.

جگە لەمەش ڕۆماننووس بە خوێنەر دەڵێت، تۆی خوێنەریش لە سەروبەندی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا دەتوانی بە چیرۆک و ئەو شتانەی لەم بارەیەوە دەیزانیت، لەم ڕۆمانەدا بەشدار بیت!

لەم سەرەتایەدا، لەمە دەگەین، (سابیر ڕەشید) گەمەیەکی هونەری لەگەڵ خوێنەر و کارئەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەی دەکات، هەروەها بینای ڕۆمانەکە لەسەر (زانیاری) و (چیرۆک)ی نووسراو و نەنووسراوی کەسەکان بەرز دەکاتەوە. بۆیەشە لەنێو ڕۆمانەکەدا لەزۆر شوێندا، باسی کۆمەڵێک کتێب دەکات کە لەم بارەیەوە نووسراون!

٢

گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە (شەقڵاوە) دەست پێدەکەن، سەردەمی پاشایەتییە، بەڵام دیارنییە چ ساڵێکە؟ بەپێی ڕووداوەکان دەبێت زەمەن، ساڵانی چلەکان بێت، چونکە باسی حزبی شیوعی و پارتی دەکرێت، هەروەها ناوی کۆمەڵە کەسایەتییەکی (شەقڵاوە) دێت، باسی ستەمکاری ئاغا و بەگزادەکان دەکرێت. باسی (پەستی تۆماس) و ئۆتۆمۆبیلی دی دەکرێت. هەروەها هەندێک جار هەست دەکرێت، ڕۆماننووس، زەمەنی نێو ڕۆمانەکە دەکاتە زەمەنێک کە لەسەرووی واقیعەوە بێت، ناوی هەندێک کەسێتی واقیعی دەهێنێت، بەڵام لە زەمەنێکی دیکەدا، هەر بۆ نموونە ئەگەر زەمەنی واقیعی ڕۆمانەکە باسی ساڵانی چلەکان بکات، ئەوا ئەو وەختە ناوی (فاتە هەڵۆ) لە واقیعدا نەبووە! بەڵکوو ئەم ناوە (فاتەهەڵۆ) لە زەمەنێکی دیکەدا پەیدا دەبێت! لێرەدا ئەو مێژووەی دەنووسرێتەوە، مێژوویێکی هونەرییە، واتا ڕووداو و جووڵەکان، سەر بە زەمەنی واقیع نین، بەڵکوو تەنیا سەر بە زەمەنی نێو ڕۆمانەکەن.

ئەگەر چی مێژووی نێو ڕۆمانەکە، لەگەڵ مێژووی واقیعی شاری شەقڵاوە یەک ناگرێتەوە، بەڵام واتای ئەوە نییە کە ڕاست نییە! بەڵکوو مێژووەکە هەقیقییە، تەنیا دەستکاری زەمەنەکەی کراوە، لەڕێی ئەم دەستکاریکردنە هونەرییەوە، بەرگێکی

دیکە بە شێوە و ناوەڕۆک و خەبات و تێکۆشان و ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی ئەم شارە بە جوو و مەسیحی و ئیسلامەوە دەدات. لەبن ئەم بەرگە هونەرییەدا، جەستەی برینداری ئەم خەڵکە دیار دەدات، ئەو خەڵکەی بە خۆیان و سێ کتێبی موقەدەسەوە، بە وشەگەلی پیرۆزی خوداوە، ناتوانن ستەمی ئاغاکان بوەستێنن!

ئەم مێژووە هونەرییە، کە لەسەرووی واقیعی شەقڵاوەیە، توانیویەتی قوربانی و قارەمانێتی کەسەکان پێکەوە بخاتە نێو یەک زەمەن، کە زەمەنی ڕۆمانەکەیە.

٣

لەم ڕۆمانەدا، دوو چیرۆکی خۆشەویستی هەن، کە بەرزەکێکی باڵا و نوورانی دەخولقێنن! خۆشەویستی (ئیسحاقی جوو) و (خونچەی موسڵمان) چیرۆکێکە ڕەهەندێکی قووڵتر لە واقیع و ڕاستی بە کەسیەتی عاشق و پەیوەندی عاشقانەی نێوان دوو کەسدا دەدات، ئایینی واقیعییان جوودایە، بەڵام ئایینی دڵیان یەکە! هەروەها دوو کەسیەتی دیکە ئەوانیش بەپێچەوانەی چیرۆکی یەکەم، کوڕێکی موسڵمان و کچێکی جوو، یەکدییان خۆش دەوێت! ئەوانیش عیشق دەکەن بەدین و ئیمانیان!

ئەم بیرۆکەیە لەنێو ئەم ڕۆمانەدا، یەکێکە لەم بیرۆکانەی دەربڕین لە توانا و پۆتانشێلی عەقڵی مرۆڤ دەکات، کە چۆن دەتوانن بەسەر تێگەیشتنە گشتی و کۆمەڵایەتییەکان، هێز و بەربەستەکاندا زاڵ ببن و ناوەوە و دەروونی مرۆڤ بەهێزی عیشق و خۆشەویستی ڕۆشن بکەنەوە و جیهانیش لەگەڵ خۆیاندا ڕۆشن بکەنەوە. ئەم دوو ئەزموونە، دوو ئەزموونی وجودیی و ڕەسەنی مرۆڤن.

٤

لەنێو ڕۆمانەکەدا گەڕانێکی بەردەوام هەیە، هەر لە مێژوودا تا ئەو ساتەی شتەکانی تێدا دەگێڕدرێنەوە، گەڕانی مرۆڤ لە ئازادی و خۆشەویستی، بەڵام هەمیشەیش گەڕانەکان بە نەدۆزینەوە و نەگەیشتن کۆتاییان پێدێت، نە کارئەکتەرەکان دەتوانن (شمشێری مووسا) بدۆزنەوە، نە (خونچە) ڕەمزی عیشقێکی سەرووی مرۆڤانە. هەردوو ڕەمزەکەی ئازادی و ڕزگاربوون (شمشێری مووسا و خونچە) بۆ ئەبەد ون دەبن و لەنێو ڕۆمانەکەدا نادۆزرێنەوە. ئەمەش دەربڕینێکی ڕەمزییە، بەوەی مرۆڤ نە بە ئازادی سیاسی و نە ئازادیی ڕۆحی دەگات، تەنانەت دوایی دەبینین

**ئەگەر زمانی گێڕانەوەی هەر سێ کارئەکتەرەکە (ئیسحاق) و (سابیر ڕەشید) و (بێستوون سەرەتان) جیاوازییان هەبووایە، ڕۆمانەکە لەمەی ئێستا باشتر دەبوو!**

مرۆڤ بە ئازادی ئابووریش ناگات، لە وڵاتێکدا کە دەمێکە، هەموو شتێکی تێدا قۆرخ کراوە و دەدزرێت، خۆشەویستی، ئازادی، پارە، مرۆڤ و خەونەکانی!

٥

لەنێو ڕۆمانەکەدا کۆمەڵێک بابەتی گەورەی وەکوو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، مێژووی هۆلۆکۆست، کۆچ پێکردنی جووەکان، ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری، دامەزراندنی سستمێکی پەروەردەیی لە وڵاتێکی وەکوو عێراق و دەسەڵاتی هەقیقی لە کوردستاندا لە سەردەمی پاشایەتیدا. ئەمانە و چەندین بابەتی دی وەکوو خەباتکردن بۆ ئازادی، پێکەوە ژیانی ئاینەکان، شێواز و ناوەڕۆکی ژیان لەسایەی گێڕانەوەگەلی ئیبراهیمیدا، کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەمانە هەموویان بەو جووڵەی پەیدای دەکەن، نابنە هۆی ئەوەی مرۆڤ ئازاد بێت! مرۆڤ شکۆی پارێزراو بێت. دەکرێت دەوڵەت خاک و خانوو بۆ مرۆڤ پەیدا بکات، بەڵام ناتوانێت ئازادی بۆ دەستەبەر بکات، ڕەنگە پارە بتوانێت لەڕووی ماددییەوە، لە هەڕەشەکان بیپارێزێت، بەڵام لەڕووی ڕۆحییەوە ئازادی ناکات!




٦

ئەگەر کۆمەڵێک گێڕانەوە چەندین بارە نەبووبانەوە، هەندێک بیرۆکە زۆر جەختیان لێ نەکرابایەوە، ئەگەر زمانی گێڕانەوەی هەر سێ کارئەکتەرەکە (ئیسحاق) و (سابیر ڕەشید) و (بێستوون سەرەتان) جیاوازییان هەبووایە، بۆ نموونە زمانی ئیسحاق کەمێک تێکشکابا، بەوەی زۆر لە مێژە بە کوردی قسەی نەکردووە، یان زمانی بێستوون سەرەتان تۆزێک بوێرتر و ئازایانەتر بووایە، بەو پێیەی زمانەکەی وەکوو هی سابیر ڕەشید ئەدەبی نییە! ئەگەر ئەم شتانە ڕەچاو بکرابان، ڕۆمانەکە لەمەی ئێستا باشتر دەبوو!

لە کۆتاییدا دەستخۆشی بۆ ڕۆماننووس (سابیر ڕەشید)، دڵخۆشبووم بە خوێندنەوەی (شمشێری مووسا) و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

# ڕەمزی نافیع  لە مەرەکەبی محەمەد گۆران دا

بەهزاد موحسین

من پێشتر زانیارییێکی زۆرکەمم لەبارەی ئەو گەنجە لەخۆ برد و کوردپەروەرە هەبوو. لەڕێی قەڵەمەکەی هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا «محەمەد گۆران»ەوە ئاشنای ئەم پیاوە بوێر و سەرکێشە بووم. ناسینی سەرەتام بۆ ڕەمزی هەر لە قەڵەمەکەی «گۆران»ەوە بوو، کە لەڕۆژنامەی میدیای سەرەتای دووهەزارەکان لەبارەیەوە نوسیبووی، ناسینی زیاتریشم بۆ ڕەمزی هەر لەو کتێبەی (ڕەمزی نافیع، ڕۆڵەیەکی هەولێریی فیداکاری سەربەخۆیی کورردستان)ەوە بوو.

ئەم کتێبە وەکوو چیرۆکێکی مێژوویی چەندین ڕووداو و کەسایەتی و کەیسی سیاسی و سیخوڕی و نەتەوەیی و هتد...ی سەرنجڕاکێشی تیدایە و بەشێک لەوانە دیوی پشتەوەیان تائێستەش ڕوون نییە. ئەگەرچی «گۆران» لەم بەکتێبکردنەی ڕەمزیدا بەوپەڕی توانای خۆی هەوڵی داوە، لایەنە تاریک و ناڕوونەکان وەکوو خۆی بەیان بکا. هەر بەڕاستیش لەخوێندنەوەی کتێبەکەدا هەست بەماندووبوون و شەکەتییەکەی دەکرێ، کە ویستوویێتی بێ کاریگەری ئەملاوئەولا کەسایەتی و پەیام و ئەرکەکەی ڕەمزی وەکوو خۆی نیشان بدا.

بۆ زیاتر خستنەڕووی زانیاری لەبارەی «ڕەمزی» تەواوی لێدوان و قسەکانی عیزەددین فەیزی و مەسعوود محەمەد و مارف خەزنەدار و ماڵباتی ڕەمزی وەرگرتووە و هێشتاش ئاماژەی بەوە نەکردووە، کە بەهەموو ئەوانە کە لەسەردەمێکی نزیکتر لەژیانی ڕەمزی ژیاون، نەیانتوانیوە هێندەی «گۆران» زانیاری کۆ بکەنەوە و هەمیش هێندە خەمخۆری جدی ئەو دیاردە مێژووییە کوردییە بن.

کەچی هێشتا پرسیاری جدی لەسەر خودی فیکر و کەسێتیی ڕەمزی نافیع و کردەی «مامۆنت – فیلەتەن»...هتد هەیە. بۆ بەرچاوڕوونیی کردەی مامۆنت ئامانجی لەکۆنترۆڵکردنی باکووری عێراق بەتایبەت موسڵ و کەرکوک لەلایەن ئەڵمانەوە، بۆ دەستخستنی نەوتی پێویست وەکوو پڕکردنەوەی کورتهێنانی وزەی سوپای نازیی لەبەرەکانی جەنگ، بەتایبەت بەرەی شەڕییان لەگەڵ سوپای سووری سۆڤیەتی دوژمنی یەکەمیان لەبەرەی شەڕدا. لەکاتێکدا عێراق ناڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتیی بەریتانیای دوژمنی یەکەمیان لەبەرەی هاوپەیماناندا بوو.

خودی کردەی مامۆنت لەدابەزین بەپەرەشوتی سێ کەسی ئەڵمان و ڕەمزی کورددا کورت بۆوە، بەو ئومێدەی لەڕێی توانا شەخسییەکانی ڕەمزی و پەیوەندییە بنەماڵەیی و عەشیرەتگەری و سیاسییەکانی و سوودوەرگرتن لەهەژموونی ڕەمزی بەسەر قەڵای ناوەندی هەولێر و بەلای کەمی خەڵک و عەشیرەتەکانی باکوور و خۆراوای هەولێر. تا نارەزایەتیی دانیشتوانی هەولێر و دەوروبەری بقۆزنەوە و دەسەڵاتی بەغدا و ئینگلیز لەباکووری عێراق وەدەر بنێن و ئەڵمانەکان جێیان بگرنەوە.

نازییەکان هەر لەسەرەتاوە لەکردەی مامۆنت دواکەوتن، جا یان لەبەر لاوازی دەسەڵاتیان لەعێراق و ناوچەکە بوو، یان لەبەر کورتبینی سیاسییان بووبێ. لەلایەکی دی، مامۆنت کاتێ دەستی پێکرد، سوپای سوور قۆناغی پاشەکشێی تێپەڕاندبوو، لەدۆخی بەرگرییێکی بەهێزی بەتامی هێرشدا بوو.

لەلایەکی دیش بەگوێرەی قسەکانی «مۆلەر»ی خاوەن بیرۆکەی مامۆنت و کەسی یەکەمی پرۆسەکە، بەگوێرەی کتێبەکەی «گۆران» چەند جارێ تەگەرە دەخرێتە پێش کردەی مامۆنت و دوادەخرێ، تەنانەت جارێکیان لەسەرووی

خۆیەوە  بەمۆلەر دەگوترێ کە کردەی مامۆنت هەڵوەشێنراوەتەوە و ئەنجام نادرێ و واز لەو بیرۆکە بێنە. دوای ماوەیێکی کورت و لەپڕ مۆڵەت بەجێبەجێکردنی کردەی مامۆنت بەمۆلەر دەدەن.

لێرەوە گومانی گەورە لەسەر دزەی سیخوڕی لەسەر مامۆنت دروست دەبێ. یەکێکیان ئەوەیە، بۆچی کارەکتەرەکان (ڕەمزی و مۆلەر و دوو هاوڕێکەیان) کە دەبوو لەدەشتی بیتوێن دابەزن، بۆچی فڕۆکەوانەکەیان بەپەرەشوت، نەک لەدەوروبەری هەولێر تەنانەت لەناوچەی بادینان و پشت زێی گەورە هەڵیدانە خوارەوە!؟ بۆچی ڕەمزی کە تیمەکەی بەدەیان زەحمەتی بگرە و بەردە دەگەیەنەتەوە دەشتی هەولێر و ناو ناسیاوەکانی، نەوەک هەر حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی ئینگلیز پێشوەختە بەکردەیێکی لەو بابەتە دەزانن، تەنانەت خەڵکانی ئاسایی ناوشار و بنەماڵەکەی ڕەمزی و دەوروبەری هەولێریش بەو مەرام و هاتنەی ئەڵمانەکان دەزانن!؟ کە ئەمە کردەیێکی زۆر گرنگ و نهێنی دەسەڵاتی سەرەوەی نازییەکان بووە، هی ئەوە نەبووە پێش ئەوەی دابەزن، تەنانەت خەڵکی ڕەشوڕووتی هەولێر پێی بزانن، چونکە سەرگرتنی ئەم کردەی مامۆنتە دەرەنجامی شەڕی لەگەورەترین بەرەی شەڕ «بەرەی سوپای سوور» بەسوودی ئەڵمانەکان دەگۆڕی.

پێدەچێ زانیاری مامۆنت لەلایەن خودی کەسانی باڵای نێو ئەڵمانەکانەوە بەهاوپەیمانان درابێ، جا یان بۆ ئەستوپاکیی دوای جەنگ بووە، یان بێزاربوونیان لەنازییەتی هیتلەر، کە دواجار بەرامبەر خەڵکانی ئەڵمانیش شولی لێ هەڵکێشابوو، ئەندامەکانی خێزانێکیشی بەسەر یەکدییەوە کردبووە سیخوڕ. یاخود بۆنی ڕوخانی نازییەت و هیتلەریان لەڕەوتی مێژوویی و سیاسەت کردبێ، نەوەکوو هەر لەسەر ئەوەی زۆربەی زلهێزە جیهانییەکان لەدژی وەستابوونەوە، تەنانەت لەنێو خودی ئەڵمانەکانیش هەوڵ و کودەتاکان بۆ کۆتاییهێنان بەهیتلەر و سیستمەکەی گەیشتبووە چلەپۆپە و لەو یازدە هەوڵ و کودەتایانەی بۆ کۆتاییهێنان بەنازییەت و خودی هیتلەر زۆرترینیان لەسەروەختی کردەی مامۆنت بوون. لەماوەی کەمتر لە دە ساڵ یازدە هەوڵی کودەتا و تیرۆرکردنی هیتلەر ئەنجام درا، دیارە کودەتاش هەمیشە بەوانە دەکرێ، کە پیاوی گەورە و لەپێشەوەی دەسەڵاتن، مادەم هەوڵی کودەتا لەسەرانی نازییەتەوە بەو ژمارە زۆرەوە هەبووبێ، کەواتە زۆر ئاسایی و چاوەڕوانکراوە لەناو دەسەڵاتدارانی ئەڵمان زانیاری بەدوژمنان درابێ.

کەواتە ئاشکرابوونی پێشوەختەی کردەی مامۆنت هێندەی دزەپێکردن و زانیاری پێدان لەلایەن خودی سەرانی ئەڵمان بووە، بەهاوپەیمانان و ئینگلیزەکان لەعێراق و کوردستان و هەولێر، هێندە درکپێکردن و توانای سیخوڕیانەی دەوڵەتی عێراق و بەریتانییەکان نەبووە.

ڕەمزی و نازییەت پرسیارێکی قورسە! ئێمە چۆن




بزانین ڕەمزی خودی خۆی نازی بووە یان نا؟ خودی نازی بوون بەتایبەت لەسەردەمی ئێستەدا پرسیارێکی قورسە و پاکانەی نییە. لەم کتێبەدا هەم محەمەد گۆران» و هەم هەر سێ نووسەر «عیزەددین فەیزی و مەسعوود محەمەد و مارف خەزنەدار» بەپێی زانیاری و داتاکانیان ڕەمزی بەئاراستەی مرۆڤێکی پاک و کوردپەروەردا دەبەن و پەیوەندی ئەو لەگەڵ نازییەت کەم

دەکەنەوە.

لای من گرنگ و جێ پرسیارە، گەر ڕەمزی لەئەڵمانیا، یان هەر وڵاتێکی دی ژێر قەڵەمڕەوی نازییەکان، جینۆسایدی جوولەکە، یان کوشتوبڕی هەر ئینسانێکی دیبێ و ئاسایی بەلایدا تێپەڕیبێ و وەکوو دەڵێن ئەزعەفووئیمان فرمێسکێک نەتزابێتە چاوی و دەنگێکی کەرخ نەپەڕیبێتە قوڕگی و هێشتا وەکوو ئایدۆلۆژیا پابەند و هاوکاری نازییەت بووبێ، ئەوا دەبێ بەدیار زیهنیەتی ئەوپەڕی سلبیەتی ڕەمزی دۆش دابمێنین!

> **نازیەکان هەر لە سەرەتاوە لە کردەی مامۆنت دواکەوتن، جا یان لەبەر لاوازی دەسەڵاتیان لە عێراق و ناوچەکە بوو، یان لەبەر کورتبینی سیاسییان بووبێ**

بێ هیچ پاکانەییێک بۆ ڕەمزی، بەئەگەرێکی زۆرەوە دەکرێ ڕەمزی وەکوو پێویست و بەو قووڵییە ئاگای لەو جینۆساید و قەتلوعامەی نازییەکان نەبووبێ، وەکوو ئەوەی دوای جەنگ و تائێستەش هەمووومان پێمان زانی و دەیان چیرۆک و فیلممان لەبارەیەوە بینی، بەتایبەت بۆ ئەو سەردەمە کە ڕاگەیاندن لاواز بوو، ئەڵمانیش لەسەر پێی خۆی بوو و نەیدەهێشت عەیب و عارەکانی بەدەرەوە بگا، چونکە تا ڕەمزی و هاوڕێکانی لەکردەی مامۆنت شکستیان نەهێنا و دەسگیریش نەکران، هێشتا هیتلەر وەستاو و چەسپاو بوو، هێشتا هەگبەی کردەوە قێزەون و دژەمرۆییەکانیان بەگۆڕێ وەرنەببوو. بۆیە دەشێ ڕەمزی زانیارییە مێدیاییەکانی ئەوکاتەی وەکوو پێویست نەبیستبێ، یاخود زانیارییە مێدیاییەکانی لەدژی ئەڵمانەکان وەکوو شەڕی ڕاگەیاندن دیبێ، یان ئەوەی ئیدی جەنگە و سوپای سووریش لەتاوان بەرامبەر دوژمن و هاوڵاتیانی خۆشی بەڕێژە کەمتری نەکردووە.

بەهەر حاڵ من دڵنیام وەکوو ئەوەی ئێمە دواتر تاوانە گەورەکانی نازییەتمان بینیوە، ڕەمزی وەکوو ئێمەی نەیبینیوە. لەلاییێکی دی، دەشێ ئەم بابەتە مرۆییانەی بەلاوە گرنگ نەبووبێ، وەکوو گەنجێکی ناسیۆنالیستی بەمەبدەئی ویستبێتی لەخاپەرۆکی ئەو جەنگی جیهانییە کیان، یان وڵاتێک بۆ کوردان وەدەست بخا.

لەناوەندی جەنگی جیهانی و ژێرپێبوونی مافەکانی مرۆڤ بەتێگەیشتنەکەی ئەو سەردەمە، کە تۆ کاراکتەرێکی سیاسیت، یان دەوەستی، یان هێشتا ئومێدێک بۆ ئامانجەکانت هەیە، بەدەسکەوتێکی وەکوو دەوڵەت. بەداخەوە لەو سەردەمە نەئینسانییەت بابەتی هەڵوەستە بووە و نەکەس بەمافی مرۆڤ ڕاگەیشتووە، دەشێ زۆرێک، نەک

> **ڕەمزی ئەندامی حزبی هیوا بوو، کە زانیی ئەم حزبە لە ئاستی وەدەستهێنانی دەسکەوتی نەتەوەیی نییە، ئیدی وازی لێیان هێناوە و وەکوو تاکە کەس هەوڵی بۆ ئەم دەسکەوتە داوە**

لەکەسە سیاسییەکان، تەنانەت مرۆ دۆستانیش کەش و ژینگەی پڕ کوشتوبڕی تێکڕای هێزەکانی ئەو سەردەمەیان بەبڕیار و قۆناغی کۆتایی مێژوو وەرگرتبێ.

دیارە لەجەنگی دووەمی جیهانی سێ هێزی سەرەکیی شەڕکەر هەبوون، ڕووسەکان نەوەک هەر بۆ دوژمنەکان، تەنانەت بۆ بەرژەوەندیی هێزەکانیان قەڵغانی مرۆیی خۆیان قەتلوعام دەکرد. ئینگلیز و ئەمریکی و هاوپەیمانەکانیان سەرباز و خاووخێزانەکانیان بەئاگر دەسووتاندن و دواجار کارەساتی هێروشیما و ناکازاکیان تۆمارکرد. نازییەکانیش جوولەکەکانیان بەپیر و ژن و منداڵەوە خستە کورەی گاز و تێزابەوە. هیچ هێزێک لەو سەردەمە نەوەک مرۆڤدۆست نەبوون، تەنانەت بەشەرعیەتی شەڕ ئەوپەڕی قەتلوعام و جینۆسایدیان ئەنجام دا، ڕاستگۆترینیان لەم جینۆسایدە ئەڵمانەکان بوون. بەکورتی هەرسێ جینۆسایدکار لەنییەتدا جیاوازییان نەبوو، تەنیا لەتوانا جینۆسایدیەکانیان بەڕێژە جیاواز کەوتنەوە.

مەبەست لەوەسفی هەرسێ هاوپەیمانی و هێزەکانی ئەوکاتە، سەبارەت بەپشتیوانی و هەڵبژاردنی «ڕەمزی نافیع» بۆ ئەڵمانەکان دەشێ چەند هۆکارێک هەبووبێ، بە لەبەرچاوگرتنی یەکەمین ئامانجی پیرۆز لای ڕەمزی بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێک بۆ کوردان.

یەکەم: بێ هیوابوون لەئینگلیزەکان و دژایەتی و نەخوێندنەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود و کپکردنەوەی یاخیبوونی بارزانییەکانی چەند دەیێک پێشتر و خستنەوەی کوردان بۆ ژێر دەسەڵاتی عروبەی مەلەکیی عێراقی.

دووەم: ڕەمزی کە خوازیاری دەوڵەت، یان لای کەمی کیانێکی نەتەوەیی کوردی بوو، ئەم ئامانجە

ناسیۆنالیزمییە لەگەڵ ئینتەرناسیۆنالیزمی سۆڤیەتی ئەوکاتە نەک نەدەهاتەوە، ئەسڵەن دژیەکیش بوون، کە لەوکات هێشتا سیاسەت لەخزمەتی ئایدیۆلۆژیادا بوو.

سێیەم، ئەڵمانەکان کە بانگەشەی سەروەربوونی «ئاری نەژاد»یان بەسەر کۆی مرۆڤایەتیدا دەکرد، دەکرا کوردیش وەکوو «ئاری نەژاد»ێک بەرانبەر یارمەتییەکانی بۆ ئەڵمانی هاونەژاد و دوای سەرکەوتنیان کیانێکی نەتەوەیی بۆ کورد بونیاد بنێن. هەر لەبەر دەسکەوت و هاونەژادیی فارس «وەکوو کورد» لەگەڵ ئەڵمانەکان بوو، کە ئێران تا لەباکوور لەلایەن سۆڤیەوتەوە و لەباشوور لەلایەن ئینگلیز و هاوپەیمانەکانیەوە داگیر نەکرا، شای ئێران دەستی لەهاوپەیمانێتیی ئەڵمانەکان هەڵنەگرت.

دەشێ بەپێوەری ئەو سەردەمەش بێ، لایەنداری ڕەمزی بۆ سیاسەتی نازیەتی قەتلوعامکار و دژە مرۆڤایەتی، گلەیی و پرسیارێکی قووڵ ئاراستەی ڕەمزی بکرێ، بەڵام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێ، کە ڕەمزی لەو سەردەمەدا دڵسۆزترین و ڕاستگۆترین و ماندووترین تاکە کەسێک بووە، بۆ دەسکەوتی نەتەوەیی هەوڵی داوە و تەنانەت بەئاگاییەوە ڕۆحی خۆی لەو پێناوەدا بەخشیی. ڕەمزی پێشوتر ئەندامی حزبی هیوا بوو، کە زانیی ئەم حزبە لەئاستی وەدەستهێنانی دەسکەوتی نەتەوەیی نییە، ئیدی وازی لێیان هێناوە و وەکوو تاکە کەس هەوڵی بۆ ئەم دەسکەوتە داوە.

ڕەمزی وەکوو ژیانی تایبەتی خۆی لەبنەماڵەیێکی ناسراو و خانەدان و دەوڵەمەند بووە، لەو سەردەمەش بەهۆی باشی گوزەرانیەوە توانیوێتی لەبەیروت و ئەستەنبوڵ بخوێنێ. کەواتە ئەگەر ئەم خەمە نەتەوەییەی نەبا، دەیتوانی وەکوو گەنجێک لەو وڵاتە پڕ کەیف و سەفایانە خۆشترین ژیان بژیێ، کەچی ئەو نەک هەر ئەو ژیانەی ڕەت کردەوە، تەنانەت بۆ ئامانجە نەتەوەییەکەی خوێندنەکەشی تەواو نەکرد.

لەپێناو ئامانجەکەی هێندە حەماسی و گەرمەتەریقەت بوو، لەڕاهێنانەکانیان بۆ کردەی مامۆنت، ڕەمزی لەسەر خۆهەڵدان بەپەڕەشوت ڕاهێنانیشی ئەنجام نەدا و لەخودی کردەی مامۆنتیش سەرکەوتووانە خۆی هەڵدایە خوارەوە.

ئەم کتێبەی «محەمەد گۆران» باشترین سەرچاوەی ناسینی ڕەمزی-ە، کەچی هێشتا زۆر لایەنی ژیان و کەسایەتیی ئەم پیاوە بزرن. پێم وایە نەناساندنی ڕەمزی لەوکاتەوە و تائێستەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە.

یەکەم: ڕەمزی هەولێری بووە، کەسایەتییە شاعیر و ئەدیب و سیاسییەکانی هەولێرییەکان کەمتر چانسی ناساندنیان هەبووە، بۆ نموونە لەچاو کەساتییە سلێمانییەکان، لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بووبێ، کە نووسەران و مێژوونووسان زیاتر سلێمانی بوونە، بەکورتی سلێمانی زیاتر قەڵەمداریان هەبووە.

دووەم: ڕەمزی لایەنداری هیتلەر و نازییەت بووە، کردەوە جینۆسایدکارییەکانی نازیەتیش هێندە زۆر بوو، پاشانیش کە لەشەڕەکە دۆڕان و لایەنی سەرکەوتووی هەردوو بەرەی شیوعیەت و سەرمایەداران وەکوو براوەیێک مێژوویان نووسییەوە، ئیدی لەو کاتەوە تائێستا سیاسەتی هەردوو بەرە و جیهان و تێکڕای ڕاگەیاندن و هۆلیود و ...هتد، نەوە دوای نەوە کار لەسەر ناشیرینترکردن و مەنبوزترکردنی هیتلەر و نازییەت دەکەن.

بەڕاستی کورتەغیرەتی دەوێ، بەپێچەوانەی ئەو شەپۆلە جیهانییە هەنگاو بنێی و بێی لەتەک لایەنە خراپەکان هەندێ لەلایەنە باشەکانی کاراکتەرێکی نازی بخەیتەڕوو کە «محەمەد گۆران» لەم کتێبەیدا ئەم کورتە غیرەتەی شکاندووە.

بەڕای من هەر چۆنێک بێ، پێویستە «ڕەمزی نافیع» وەکوو سیاسییەکی کورد و وەکوو خودی خۆی بەلایەنە باش و خراپەکانییەوە، لەدەرسە مێژووییەکانی ناو پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە جێی بکرێتەوە، چونکە ئەو پیاوە بەنەوعی خۆی خەباتێکی گەورەی بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد کردووە. ئەو پیاوە بەهیچ شێوەیێک لەدەرەوەی مێژووی سیاسی و نەتەوەیی کوردانی باشوور نییە.

**«پێویستە «ڕەمزی نافیع» وەکوو سیاسییەکی کورد، لە دەرسە مێژووییەکانی ناو پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە جێی بکرێتەوە»**

بەداخەوە! وەکوو دەڵێن، سەرکەوتووەکان مێژوو دەنووسنەوە، بەو مانایەی بەشێکی زۆری وردەکاریی پرۆسەی جەنگ و ململانێکان دەشاردرێنەوە و ون دەکرێن. مامۆستا «محەمەد گۆران» لەسەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێ: ئەگەر هیتلەر و میحوەرییەکان جەنگەکەیان بردباوە، ئەوا مێژوو هۆلۆکۆستی دەشاردەوە و ئیدی قەتلوعام و جینۆسایدی سوورپێستەکانی ئەمریکا جێی هۆلۆکۆستی دەگرتەوە.

# کتێبی «ئەمڕۆ ساتمەم کرد، بە سەر دوێنێدا داکەوتم»

عەبدوڵڵا ڕەواندوزی

شاعیری مەزنی نەتەوەی کورد (موحسین ڕەشید ئەحمەد) ناسراو بە (موحسین ئاوارە) لە شاری هەولێر لە گەڕەکی عارەبان چاوی هەڵهێناوە و زیاتر لەنیو سەدە لەو گەڕەکە ژیانی بە سەر بردووە، وەکوو نووسەر و کەڵە شاعیری ئەو سەردەمە پێیی ناوەتە مەیدانی نووسین و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و خاوەن خەیاڵ و بیری ورد و بێگەرد و وێنەی شیعری جوان بەخشە، دوا بەرهەمی کتێبی بیرەوەرییەکانێتی (ئەمڕۆ ساتمەم کرد، بە سەر دوێنێدا داکەوتم) لەو کتێبەدا کە شەش سەد لاپەڕە لە خۆ دەگرێ بە بەرگ و دیزاینێکی جوان چاپ کراوە، بابەتە سەرەکییەکانی بریتین لە :

١- کورتەیێک لە ژیانی خۆی و خانەوادەکەی، هەر لە ڕۆژی فامکردنی لەتەمەنی شەش ساڵییەوە لەگەڵ سەربردەکانی تایبەت بەخۆی و خانەوادەکەی و دەوروبەرەکەی و ڕووداوەکان و بیرەوەری و یادگارییەکانی کە لە زۆربەی نووسین و شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە .

٢- باس لە گرنگی ئەو گەڕەکە دەکات کە سەنتەری شار بووە، جگە لە چەند خانەوادەیێکی کەم لە عەرەبەکان کە لەم گەڕەکەدا ژیاون، ئەگەر نا زۆربەی دانیشتوانی کورد بوون، هەروەها لەهەموو چین و توێژ و کەمایەتیەکانی تیا دەژیان کە بێ گرفت و ململانێیەک هەموو وەک خوشک و برایانە ژیانیان بە سەر دەبرد ، لەو گەڕەکەدا چەندین نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەزیفەداری باڵای لێ هەڵکەوتووە کە ئاوارە ناوی زۆربەیانی بە نموونە هێناوە .

٣ ـ زۆر بە وردی و جوانییەوە باس لەو گەڕەکە دێرینەی هەولێر، گەڕەکی (عارەبان) دەکات کە تەمەنی پیرۆکەیی و هەرزەکاری و لاوێتی تا دەگاتە قۆناغی هاوسەرگیرییەکەی هەر لەو گەڕەکە بووە، ئەویش هێندە جوان باسی دەکات لەمەڕ داب و نەریت و ژیان و بژیوی دانشتوانی، زۆر جاران لاری دەکاتەوە بە لایەنی ڕووداوە کۆمیدییەکان و نوکتەی دانسقەی ڕووداوی ڕاستەقینە لەپاڵ لایەنەکانی ژیانێکی تراژیدی ئەو دانیشتوانەی بەتایبەتی چەندین (حەسار)ی گەورەی لێ بووە کە هەر حەسارێک بە دەیان ژووری لە خۆ گرتووە، واتە هەر خێزانێک لە یەک ژوور لەو ژوورانەدا ژیاوە، هەر حەسارێک یەک بەلوعەی ئاو و یەک ئاودەستی هەبووە کە بەیانیان لە لایەن ژن و منداڵەکانیان سرەی لێ گیراوە و پیاوەکانیشیان چوونەتە مزگەوت، لەناو تەشتێک منداڵەکانیان شوشتووە، شەوانی هاوینانیش لەنێو چیغ و ئەگەر بووک و زاوای نوێش هەبووایە ئەوا لەناو کوللەی بەر تریفەی مانگە شەو دەخەوتن، خەڵکێکی هەژار و کاسب و کرێکار، یان ئاوارە و دەربەدەربووانی گوندە ڕووخاو و سووتاوەکان بوونە کە بە ناچاری ڕوویان لەو حەسارانە کردووە، ماوەیێک ژیانیان لێ بە سەر بردووە، شاعیر بەشێوەیێکی وێنە ئامێز و تراژیدیانە ستایشی ئەو حەسارە و دانیشتوانی دەکات، مایەی ئەوەیە سیناریۆنووسێک بینووسێتەوە و خۆشترین و جوانترین فیلمی لێ بەرهەم دەهێندرێ. بۆ نموونە شاعیر کاتێ نموونەیێک لەو شیعرانەمان بۆ دەهێنێتەوە کە زادەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانێتی کە هەستی مرۆڤایێتی وای لێ کردووە لێی بێدەنگ نەبێت، ئەویش سەبارەت بە ژوورێکی ئەو حەسارە و شووشتنی منداڵەکانیان لەنێو تەشتێکدا، ئەوەتا دوای ساڵانێکی زۆر لە دیوانی (عەترێکە و لە نەوەی گوڵخانە) کە لەساڵی ٢٠١٩ ل ١٠٠ دا ئەو شیعرە بڵاوکراوەتەوە کە بیرەوەرییەکانی بۆ هەمان کات دەگەڕێتەوە کە دەڵێت:

مانگ لەناو تەشتێکدا
سەری ئەستێرەیەکی دەشووشت

> «ئاوارە نەهاتووە بە وشک و برینگی باسەکان بکات، بەڵکوو ئەلقە بە ئەلقە مێژوو و بەروارەکانی وەکوو زنجیرێک لێک ئەلقاندووە و پێکەوەیانی بەستاوەتەوە»

به دەم شوڕە شوڕی ئاوەوە دەیگوت
ئەم ژیانەم وا بەڕێ کردووە
ناچارییە، یەک ژوورم لەم حەسارەدا
بە کرێ گرتووە

***

ئێستاش کە سەیری دەریا دەکەم
دەگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی منداڵیم
دەگەڕێمەوە نێو ئەو تەشتە ئاوەی
تیایدا دەشۆردرام
ئەو تەشتە ئاوەی
بەلەمێکی کاغەزینم دەخستە نێوی و
بەو بەلەمە، سەفەرێکی دوور و درێژم دەکرد
دنیایەکی بێ سنوورم ڕەنگڕێژ دەکرد

٤ ـ هەر لەو کتێبەدا باس لە شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ وە تا نسکۆی ١٩٧٤ دواتر باس لە شۆڕشی نوێی کوردستان دەکات تا ڕاپەڕین و دەرپەڕین، واتە کۆچ و کۆڕەوەکەی ١٩٩١ لەم قۆناغانەیشدا باس لە کۆدەتا سەربازییەکانی ناو عیراق و ستەم و داگیرکاری و کیمیاباران و ئەنفال و هێرش و بەرپەرچ دانەوەکانی ڕۆڵە قارەمان و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان.

ئاوارە نەهاتووە بە وشک و برینگی باسەکان بکات، بەڵکوو ئەڵقە بە ئەڵقە مێژوو و بەروارەکانی وەکوو زنجیرێک لێک ئەڵقاندووە و پێکەوەیانی بەستاوەتەوە لەهەمان کاتدا پەینی کردووە بە وتەی ماناداری فەیلەسوف و نووسەرە ناودارەکانی جیهانی لەگەڵ ڕووداو و چیرۆکە خەندە ئامێزەکان، بە گێڕانەوەیێکی تەڕ و پاراو بە جۆرێک وا لە خوێنەر دەکات بە پەرۆشەوە بە دواداچوون بۆ هەموو ئەڵقەکان بکات.


٥ ـ سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەدەبی و مێژووی هەموو کۆڕ و کۆنفراس و ڤێستیڤاڵ و سەفەرەکانی لە ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات، جارجاریش بیرەوەرییە خۆشەکانی لەگەڵ کۆی نووسەران کە ناوی زۆربەیانی فەرامۆش نەکردووە بە شێوەیێکی تەڕ و سەرنج ڕاکێش لەپاڵ نموونە هێنانەوە بەچەند کۆپلە شیعرێکی.

لەم قۆناغانەی کە باسی کردووە لەپاڵ ئەو دانیشتن و سەفەرە خۆشانەی کە خوێنەر دەستی لە خوێندنەوەی بەرنابێت هێندە وێنە ئامێز و چیرۆکی گێڕانەوەکانی خۆش مەشرەبن.

بەڵێ، کە ئەو کتێبەم خوێندەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام بە شێوەیێک کە تا تەواوم نەکرد دەستم لێی بەرنەبوو، وەکوو شاعیرێکی ناودار و مەزن و چالاکیش تا بڵێی جێگەی شانازییە بۆ میللەتەکەمان

**کە ئەو کتێبەم خوێندەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام بە شێوەیێک کە تا تەواوم نەکرد دەستم لێی بەرنەبوو**

وێڕای ئەم هەموو نشێو و ئازارەی چێشتوویێتی و بە سەریدا تێپەڕیوە، توانیویێتی ئەم هەموو بەرهەمە ئەدەبیە بێنیتە بەردەستمان لە دووتوێی کتێبی چاپکراو کە دوا بەرهەمی ئەو کتێبە بووە کە لێوەی دەدوێم، ئەو شاعیر و نووسەرە وەکوو ئەستێرەیێکی گەشی دیرۆکی نەتەوایەتیمان کەسێکی کوردپەروەر و جوامێر بووە، پەروەردەی دایک و باوک و برا و خانەوادەکەی بووە، کە بیر و باوەڕی ڕاسەتەقینەی کوردایەتیان هەڵگرتووە، هەر لە سەردەمی لاویدا بە نووسین و شیعر خزمەتی گەل و نیشتمانی کردووە جگە لەوەی




لەسەردەمی شۆڕشی نەتەوەکەمان لەشاخ، مامۆستای شۆڕش بووە بەر لەو قۆناغەیش بەرپرسیاریەتیشی هەبووە لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کە قوتابی بووە لە شاردا و دوای ئەوەی چەند هەڤاڵێکیان لەلایەن ڕژێمی ئەوسا گیراون، ئاوارە چووەتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان.

هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم کە ژیانی لە بەردەوامیدا بێت بە بەرهەمی ئاوا پڕ چێژ و گرنگ و سەرنج ڕاکێش ڕامانکێشێتە نێو دنیای سیحر و ئەفسوونی وشەی پڕشنگدار و ڕستە و دێڕی بکێش و مێشکمان ئاودات و پشکۆی دڵمان بگەشێنێتەوە.

# دوا زەردەی خۆر

ئیدریس ئیبراهیم کەلالەیی
سوید- ستۆکهۆڵم

(دوا زەردەی خـــۆر- SISTA SOLGLIMTEN) یـەکـەم ڕۆمـانـی شەوین حەمەد بەگ-ە و بە زمانی سویدی نـووسـراوە، ئـەو ڕۆمـانـە لـە فـۆرمـی (مـن) دا نـووسـراوە، ڕۆمانێکی ڕیالیستییە، باس لە ژیانی هەرزەکاری خۆی دەکات لەنێوان دوو کولتووری جیاوازدا، جیاوازن لە ژینگە و مـاف و بیر و ڕەوشـت و ڕەفتارەکانی تاکدا، کولتوورێک هێشتا هەنگاوی نەناوەتە ناو پرۆسەی شارستانییەت، کولتوورەکەی دیکەش زیاتر لە دووسـەد ساڵە پرۆسەی نوێبوونەوەی شارستانیەتی تێدا بەردەوامە، هیچ سنوورێک نەماوەتەوە، کە تاک وەکوو خود و جەستەی خودی خۆی لێکۆڵینەوەی تێدا نەکردبێت و هاوکات بەردەوام بەربەستەکانی گەشەی تاک و پیرۆزییەکان ڕادەماڵێ.

کچێک لـە شـاری حـاجـی قـادری کـۆیـی و مـەسـعـوود مـحـەمـەد، شـاری کـۆیـی هـزری کـوردایـەتـی، بـۆ گـەیـشـتـنـەوەی بـە بـاوکـی، ئاوارەیی دەبێتە چارەنووسی.

ئـەو هـەر لـە منداڵییەوە دووچـاری لـێدان، ترساندن، چوونەوەی ناو قاوخی کولتووری ژنایەتی دەبێتەوە، دایکی دەیـەوێت وەکوو هەموو کچێکی کورد پەروەردەی بکات، چونکە ئەو دەزانێت کوردەواری پیاوسالاری و باوک سالارییە، ژن دەبێت هەموو تایبەتمەندەکانی ژنێکی کـوردی تێدابێ، تا لە ئایندەدا ببێتە ژنێکی شکۆمەند بە گوێرەی داب و نەریتی خێزانیی ڕۆژهەڵاتی!

ئەو، کە هەست دەکات ماڵئاوایی لە نیشتمان دەکات، خەونەکانی قووڵتر دەبنەوە، ئەگەرچی هێشتا منداڵە و تامی نیشتمانی نەچێشتووە، بەڵام بۆ گەیشتن بە خەونەکانی کاتێکی زۆر دەخایەنیت و لە سوریا گیردەخوات.


ئەو لە هەڵسووکەوت و ڕەفتارەکانی دایک و باوکی تـووڕەیـە، کە دەسـت بۆ بەشێکی پـەروەردەی مـنـداڵ دەبـەن، بـە لـێدان و سـزادان، ئەو زامـە قووڵە لە هزری منداڵیدا دەمێنێتەوە و تـا گـەورەش دەبێت هەوڵی تۆڵەکردنەوە دەدات، یان دەیکات بە ڕێسای پەروەردەکردنی نەوەی ئایندە، کە کاریگەری خراپی لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵ و تاکەکان دەبێت و دەبێتە هەڵگری ماکی ڕق لێبوونەوە و دوودڵـی و بـێزاری و بـوون و نەبوونی بەهاکانی مرۆڤ.

لە سوید، ئەو کچە دەکەوێتە ناو کۆمەڵگەیەک، کە هیچی لە کوردستان ناچێت، ڕووبەڕووی

کێشەی زمان دەبێتەوە و نازانێت مامۆستاکانی باسی چی دەکەن، سەیری جل و بەرگی هاوڕێ خوێندکارەکانی دەکات تەواو جیاوازە، هەروەها هەڵسوکەوتی مامۆستا لەگەڵ منداڵان تەواو جیاوازە، منداڵەکان تەواو ئازادن چۆن دابنیشن، چی بکەن، چۆن بێنە ژوورەوە و بچنە دەرەوە، ئەو ئارەزووی جلە تراکسوتەجوانەکان دەکات، بەڵام باری هەژاری باوکی و ماڵە تەنگەبەرەکەی خەونەکانی دوادەخات، هاوکات لێرە پێویست ناکات لەسەر ڕێبازی پەروەردەکردنی کوردستان بڕوات، ئەو پەروەردەیەی، کە پێویستە منداڵ بەدوای ڕێبازی گەورەکاندا بڕوات و گوێڕایەڵ بێ، چونکە جیهانی ئەوێ جیهانی گەورانە، لێرە هەر تەمەنێک جیهانی تایبەت بەخۆی هەیە و ئازادن چۆن بیردەکەنەوە و چۆن ڕەخنە دەگرن.

لەو وڵاتە نوێیەدا ناچارنییە، هەرچی باوک و دایکی دەیڵێن وەکوو دەقێکی باوەڕپێکراو وەریبگرێ، لە وڵاتی خۆی ئەگەر گەورەکان پەروەردەشیان هەڵەبێ، بۆ نموونە درۆش لەگەڵ منداڵ بکەن، دەبێت منداڵ بێدەنگ بێ، چونکە بڕیار بڕیاری باوک و خزم و کەسوکارە.

ئەو دەکەوێتە ناو کۆمەڵگەیەک، کە تەواو نامۆیە، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی دووچاری کێشەی ناسنامە دەبێتەوە، ئەو ناسنامەیەکی هەیە، کە لەسەر بنەمای باوکسالاری هەڵچێنراوە، بەڵام لە سوید تاک خۆی بڕیاردەرە لەسەر ژیانی خۆی، ڕاستە لەژێر چاودێری دایک و باوک قوتابخانەن، بەڵام شێوازی هەڵسووکەوت و چۆنیەتی بیرکردنەوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی تاکەکانەوە هەیە، بۆیە ئەو لەناو بەرداشی کوردستان و سوید ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە و دەڵێت: (نەمدەزانی من کێم، نەمدەزانی من لە کوێم، من خۆم، خۆم نەناسییەوە، من لەنێوان خەونە فەنتازیاکان و لەنێوان دوو کولتوور، یان ڕاستتر بڵێم لەنێوان دوو واقیعدا دەژیام) ئەو پرسیارە وای لێدەکات، بەدوای حەز و ئارەزووەکانیدا وێڵ بێ و کەسێکی تر بێ، یان هەست بە تەنیایی هەمیشەیی بکات، ئەو پرسیار و هیوایانەی لە دڵدا هەن، لە دڵیاندا هەڵبگرێت و لە ماڵەوە لەگەڵ دایکی و باوکی باسیان نەکات، بۆیە کێشەی ناسنامە وای لێدەکات، بە دوو ئاراستە بیر لە ژیان بکاتەوە، یان بژی، یان وەکوو (کافکا) بیر لەوە بکاتەوە، سنوورێک بۆ ژیانی خۆی دابنێ، پەنا بباتە بەر شێوا ز یکیتر کە خۆکوشتنە، تا جەستە بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خۆی.




لەوەش هاوڕێکانی یارمەتی دەدەن، کە بیر لە خۆکوشتن نەکاتەوە، ئەو گیرۆدەی کۆمەڵێک چەمکی وەکوو نیگەرانی و دوودڵی و خەمۆکی و بێزاری و دڵخۆشی و شادییە، کە دژ بە یەکن، بەڵام کاریگەریی تەواویان هەیە لەسەر تەمەنی هەرزەکارێک، کە توانای نییە لێکدانەوەی تەواو بۆ ژیان و نەبوون

**“ ئەو ڕۆمانە لە فۆرمی (من)دا نووسراوە، ڕۆمانێکی ڕیالیستییە، باس لە ژیانی هەرزەکاری خۆی دەکات لەنێوان دوو کولتووری جیاوازدا ”**

> **کاتێک تەمەنی هەرزەکاری دەبڕێت، بیر لە ڕابردووی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت: ئایا ئەوە منم وام، یان کێشەیەکی دەروونیم هەیە و هەستم پێنەکردووە، بەدوای ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت**

بکات.

ئەو لە باکووری سوید لە خوێندنگەیەک دەخوێنێت، کە منداڵەکان هەموویان سویدین، بەڵام باوکی کارێکی لە ستۆکهۆڵم دەست دەکەوێت و خۆی لەناو گەڕەکێک دەبینێتەوە، کە تەواوی هاوڕێکانی خوێندنی هەروەکوو خۆیین، تەنیا مامۆستاکانی سویدین، لە ستۆکهۆڵم دەکەوێتە ناو گرووپێکی چەقاوەسوو، کە هیچ سنوورێک بۆ یەکدی دانانێن، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن، کە بوونی خۆیان بسەلمێنن و سڵ لە دزی و پێڕابواردن و شکاندی یەکدی ناکەنەوە، ئەوەی بەلای ئەوان گرنگە، کێ بەهێزترە و کێ دەبێتە سەرداری ئەوانی دی، یان فرۆید وتەنی غەریزەکانیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن.

کاتێک تەمەنی هەرزەکاری دەبڕێت، بیر لە ڕابردووی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت: ئایا ئەوە منم وام، یان کێشەیەکی دەروونیم هەیە و هەستم پێنەکردووە، بەدوای ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت، سەرەنجام هەڵگری نەخۆشی بزۆزییە کە نەخۆشییەکە نیشانەکانی بریتین لە کەم توانایی بۆ دەوروبەر و هەڵسوکەوت، هاوکات هەمیشە دەیەوێت بجووڵێتەوە و خۆی دەربخات، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی چی دەکات.

ئەو سەرەڕای ئەوەی کەوتووەتە نێوان دوو کولتوور و ئەو نەخۆشییە، بەڵام کەس هاوکاری ڕاستەوخۆی نەبووە، لە چارەسەری کێشەکانیدا، یان هەستکردن بە نەخۆشییەکەی، تا لەو تەنگژە نامۆیە دەربازی بکەن.

ئەو ڕۆمانە بە زمانێکی پاراوی سویدیی نووسراوە، هەست ناکەین کەسێک نووسیویەتی، کە لە ماڵەوە بە زمانی دایک قسە دەکەن، تەنیا لە ماسمیدیا گوێ لە زمانی سویدیی دەگرن، کەس کتێبێکی لە کاتی چوونە خەوەوە بۆ نەخوێندوەتەوە، چونکە دەروونناسان گەیشتوونەتە ئەوەی، کە خوێندنەوەی کتێب بۆ منداڵان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەکردنی زمان هەیە و شارەزای ئیدیۆم و ڕێساکانی زمان دەبێت، ئەو بە شێوەیەک دەنووسێت لەوەناچێت باوک و دایکی لە کولتوورێکی دیکەوە هاتوون و شێوەی بیرکردنەوەیان بۆ ژیان جیاوازە، پاشخانی خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکی منداڵانیان نەبووە، تا منداڵەکانیان پێ پەروەردە بکەن و بیانخەنە ناو فەنتازیای بیرکردنەوە.


شەوین حەمەبەگ بەزمانێکی سادە دەنووسێت و ڕووداوەکان وەکوو خۆی دەگێڕێتەوە و هاوکات گرنگی بە کات و شوێن دەدات، تا جوانی بە شێوازی ڕۆمانەکەی بدات، خوێنەر ماندوو نەکات و ناچارنەبێ وازی لێ بێنێ، شێوازی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی، مرۆڤ ناچار دەکات تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام بێ. ئەم ڕۆمانە بریتییە لە ٢١٣ لاپەڕە و ڕۆژی ٢٠٢٢/١/٢١ کەوتە کتێبخانەکانی سوید.

> **شەوین حەمەبەگ بەزمانێکی سادە دەنووسێت و ڕووداوەکان وەکوو خۆی دەگێڕێتەوە و هاوکات گرنگی بە کات و شوێن دەدات، تا جوانی بە شێوازی ڕۆمانەکەی بدات**

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان ( بەشی ٥ )

د. ئەرسەلان بایز




(٥)



د. ئەرسەلان بایز

ماڵی (مام جەلال) و ئەو خێزانانەی پێشتر لەوێ بوون، چەند جارێک میوانداری ماڵی (کاک فەرەیدون) و ئەوانیان کرد. هەندێک ئێوارانیش خێزاندارەکان لەماڵی یەکێک کۆدەبوونەوە. هەرچۆنێ بوو سەرماوسۆڵەی زستانەکەیان بەڕێکرد. سەرەتای وەرزێکی نوێی بەهار لە درزی دەرگاکان دەرکەوت، ڕێگاوبانەکان کرانەوە زۆپا دارەکان هەڵگیران. کلۆ بەفرەکان لەبەر خۆشەویستی و عیشقی تیشکی زێرینی هەتاو لەچەشنی توانەوەی مۆم لەبەردەم گڕی خۆشەویستی پەپوولە، ڕۆژانە تۆپەڵ تۆپەڵ دەتوانەوە و دەبوون بە جۆگەلە ئاوێکی سپی سازگار و بە خوڕ بەقەدپاڵ و یاڵەکاندا دەهاتنە خوارەوە و بە قاژوقیژ و پێکەنین دەڕژانە نێو چەمەکانەوە. چەمەکانیش بە خوڕ و شەپۆڵی گەورەتر خەم و بەسەرهاتی چەندین یاڵ و قووتەی شاخ و دۆڵەکانیان بەرەو ڕووبارە گەورەکان دەبرد و تیژرەوتر دەبوون. سەوزایی ژێر بەفرە تواوەکان دەرکەوتن. درەختەکانی بادەم و قەیسی چرۆیان دەرکرد و سەرەتاتکێیان لەگەڵ هەتاو و سروشت دەکرد. قەدپاڵی شاخەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، دوای توانەوەی بەفرەکان ڕەشاتیان تێدەکەوت و مەندیلی سپییان فڕێ دەدا. کارژۆڵەو بەرخە ساواکانیش لە کۆز هێنرانە دەرەوە و لەناو سەوزە گیا باز بازێن و یارییان دەکرد. ئیدی سەرماوسۆڵە و سەهۆڵبەندان بار و بارخانەی خۆیان پێچایەوە و تا دیدەنی هاتنی زستانی ساڵێکی دی ماڵاواییان کرد. دانیشتن لە دەرەوە و لەبەر هەتاوی بەهاران، گەڕان بەنێو مێرگ و قەدپاڵی شاخەکان، دەنگی بولبول و قاسپەی کەوی سەر تاشە بەردەکان ڕەوی قازوقورینگی ئاسمان ژیانێکی نوێی بە سروشت و مرۆڤ دەبەخشی.

لە کۆتایی مانگی ئادار، خوولی پێگەیاندنی دەورەی کادیران کۆتایی هات. (مام جەلال) لەسەربانی خانووەکە و لەبەر تیشکی هەتاوی گەرمی ڕۆژەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی. بە گوتارێکی پڕ زانیاری سیاسی دەستخۆشی لە سەرکەوتنی خوولەکە کرد و پیرۆزبایی لە کادیرەکان کرد، هیوای بۆ خواستن، ئەوەی لەو چەند مانگەی ڕابردوودا فێری بوون بیبەنە نێو جەماوەری گوندەکان و ڕیزەکانی ڕێکخستنی (ی.ن.ک)ی پێ بەهێز و پتەو و خۆشەویستتر بکەن.

(مام جەلال) پێیوتن: کادیر دەبێت لەناو خەڵک خاکی بێت. گوێ لە جەماوەر بگرێت و خزمەتیان بکات. ڕێکیان بخات. کادیر پرد و ئەڵقەی بەهێزی پێوەندی نێوان جەماوەر و سەرکردایەتییە.

مامۆستا (حەسەن ئەنوەر) ناسراو بە (مامۆستا کاوە مەخمووری) کە بە یەکەمی دەورەکە دەرچوو بوو (مام جەلال) لە گوتارەکەیدا زۆر بە شان و باڵی هەڵدا و گوتی: ئەگەر چەند کادیرێکی وەکوو (مامۆستا کاوە)مان هەبێت، دڵنیام شۆڕشەکەمان سەردەکەوێت. ئینجا کلاشینکۆفێکی مزەڵی نوێی وەکوو دیاری پێبەخشی. (مامۆستا حەسەن ئەنوەر) پیاوێکی باڵا مام ناوەندی هەندێک ئەسمەری جەستە پڕ و تێک چەقی بوو. هەتا بڵێیت خوێندەوار و وریا و ڕۆح سووک و بزێو و بە جووڵە بوو. خۆی مامۆستای سەرەتایی بوو. لە ناوەڕاستی حەفتاکان پێوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەوە کردبوو. ئەندامێکی کارای ڕێکخستنەکانی شاری هەولێر بوو. دوای ئاشکرابوونی، ژن و منداڵ و مامۆستایەتیەکەی جیهێشت و یەکسەر پێوەندی بە شۆڕشەوە کرد. لە پێشمەرگایەتیشدا سەرقافڵەی کادیرەکان و ئەندامی کۆمیتەی شەهید (ئاوێر) بوو. حەیف زوو شەهید بوو. ئەگەر قەدەر دەرفەتی بدایە دەبووە یەکێ لە سەرکردەکانی

شۆڕش و فەرماندەیەکی سەربازی کە پەنجەی بۆ ڕابکێشرێت.


ڕۆژی دواتر هەریەکە لە کادیرەکان ماڵاواییان کرد و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا تەنیا کادیرەکانی هەولێر نەبێت. کە مامۆستا (کاوە مەخموور)ی سەرپەرشتی دەکردن مانەوە. چونکە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد لەگەڵ هێزی پشتیوانی ناوچەکانی دی بگەڕێنەوە سنووری پارێزگای هەولێر. شیاوی باسە تا ئەو ساڵانە ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لەو ناوچانە لاواز بوون. ئەو هێزە هاوبەشەش کە بە نیاز بوو بچێتە ناوچەکە بۆ جێگیرکردنی (ی.ن.ک) بوو.

لە سەرەتای مانگی نیسان (مام جەلال) بە گەشتێکی چەند مانگە سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد. (کاک نەوشیروان) وەکوو جێنشینی (ی.ن.ک) و سکرتێری کۆمەڵە ئەرکی ئیدارە و ڕاپەڕاندنی شۆڕشی گرتە ئەستۆ.

**ڕاسپاردەی فەرماندەی هێزەکە ئەوەبوو: دەبێت بەپێی ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە و گوێ گرتن لە خەڵک بەرپەرچی ئەو پڕوپاگەندە خراپانە بدەنەوە و خۆیان لای جووتیارانی ناوچەکە خۆشەویست بکەین**

* * *

هەر وەکوو پێشتر گوتمان (شێخ دارای حەفید)ی برای (شاراخان) بارەگای لە گوندی (شێنێ) بوو. ڕۆژێک (شاراخان)





بە (ئـەو)ی گـوت: هـەق نییە سەرێکی کاکم بدەین؟ چونکە ناکرێ ئێمە لێرە بین سەرێکی لێنەدەین؟ (ئەو)یش تا ئەو ساتەوەختە (شێخ دارای) نەدیتبوو. بۆیە یەکەوسەر ڕەزامەندی دەربڕی. دواتر چووە لای (کاک عومەری سەید عەلی) کە پێشتر چوارساڵ بەیەکەوە لە زیندان بوون خزمی بنەماڵەی (شاراخان)ی حەفیدیش بوو. داوای لێکرد لەو سەردانەدا برا گەوراتیان بکات. (عومەری سەید عەلی) پیاوێکی باڵا مام ناوەندی هەندێک لاواز بوو. لە شار ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، پیاوێکی هێمن و سەنگین بوو. لە زیندانی سەقز، چوار ساڵی زیندانی (ئەبو غرێب) بەیەکەوە بوون. ئەویش ڕەزامەنـدی لـەو سـەردانـە دەربـڕی. ئیدی پێش نیوەڕۆیەک لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک سـەردانی (شێخ دارای حەفید)یان کـردو و بۆ یەکەمین جار یەکدییان ناسی. (شێخ دارا) پیاوێکی باڵا بەرزی سپیکەلە بوو. هێمن و قسە خۆش و بەڕێز و مەجلیس خۆش بوو. ماوەیەک پێشتر پێوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو.

* * * *

لە وەرزی هاویندا دۆڵی (ناوزەنگ) گەرم و مێشوولەی زۆری هەبوو. بۆیە کوێستان و کانیاوەکانی سـەرووی گوندی (توژەڵە)یان کردبووە هەواری هاوینان.

**ئەوسا (سوار ئاغا)ی کوڕی (هەباس ئاغای)ی ئاکۆیەتی فەرماندەی هێزێکی (ی.ن.ک) بوو، بەڵام هێزێکی کارا نەبوو**

(توژەڵە) گوندێکی ئاسایی دیوی کوردستانی ڕۆژهـەڵات و بیست خولـەکێک لـە سنوور دوور بوو. خەڵکەکەی باش و شۆڕش دۆست بوون. خەریکی ئاژەڵ بەخێوکردن و وڵاخداری بـوون. هـەر لـە نـاوەڕاستـی مانگی چـوارەوە جێ هەواری هاوینان نوێ دەکرانەوە. لەمبەر و ئـەوبـەری کانیاوە سـازگـارەکـان، هەندێک دوور لە یەکدی لە ترسی بۆردوومان، چادر هەڵدەدرا و چەندین کەپریش بە دار سپیندار و گـەڵای بـەڕوو دروسـت دەکـران. ئـەو دۆڵە لـە زستانانـدا سـەخـت و بـەفر گر و ئاوێکی باشی پێدا دەڕۆیشت و دەڕژایـە سـەر ئاوی دۆڵـی (قاسمەڕەش) لە هاوینانیشدا دەبـووە جۆگەلەیەک ئاو، سەدان داری گوێز و سپیندار و سوورە چنار لەمبەر و ئەوبەری چۆمەکە لە تیشکی هەتاوی گەرمی هاوینان دەیپاراستیت. هەتا بچوویتایە خوارتر دار بەڕوو و قامیشەڵان و دەوەن چڕتر دەبوو. بەیانیان چریکەی بولبول و خوێندنی باڵندە هـەمـەجۆرەکان، قاسپەی کـەوی بـناری کوێستانەکان لـەگـەڵ دەنگی خـوڕەی ئـاوی چۆمەکە و لەرینەوەی گەڵای درەختی بەردەم شنەبا فێنکەکەی کوێستانەکان مەستی دەکردی. لەبەر ئەوەی (ئەو) هێشتا هیچ کارێکی پێ نەسپێردرابوو لەگەڵ کادیرەکانیش بـەنـیـازی چـوونـە خــوارەوەش بـوو، بۆیە تێدامابوو چۆن و لەکوێ شوێنێکی حەوانەوە بۆ خۆی و (شاراخان) ئامادە بکات. هەروەکو پێشتریش باس کرا (کاک مـەلا بەختیار) کە ئەندامی نـاوەنـدی کۆمەڵە و سـەرکردایەتی (ی.ن.ک) بوو، گەلێ جار لوتفی دەنواند، بۆیە (ئەو) کە بەنیازی سەرپەرشتیکردنی ئەو هێزانە بوو کە بڕیار بوو بۆ پشتیوانی هەولێر بچنە خوارەوە، پێشنیازی ئەوەی بۆ (ئەو) کرد کە لەو ماوەیەی دەچنە خوارەوە (ڕووناک خان)ی خێزانی و (شارا) بەیەکەوە بن. ئەو ماوەیەش هەتا دەچنە خوارەوە لەو چادرەی بۆ میوان تەرخان کرابوو بکرێتە ماڵی (ئەو) و (شاراخان)

(ڕووناک)خان کچی (شێخ جەناب)ی برای (خاڵە شەهاب) بوو. کچێکی وریا و قسە لەڕوو بوو. پێشتر لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە بوو لە شار. ئیدی بەپێی ئەو پێشنیازەی (مەلا بەختیار) کێشەکەی چارەسـەر بوو. لە کۆتایی مانگی نیسان وردە وردە بارەگاکان گواستیانەوە بۆ کوێستانی توژەڵە.

(ئـەو) و (شـــارا)ش لـە چـادرێکی تەنیشت

چادرەکەی (مەلا بەختیار و ڕووناک خان) جێگیربوون. ئەگەرچی تەنیا سێ مانگ بەسەر هاتنی (شاراخان) بۆ لای تێدەپەڕی و هێشتا قسە و یادەوەرییەکانیان لە سەرەتدا بوو. هێشتا وەکوو پێویست لە دیدەنی یەکدی تێر نەبووبوون. بەڵام (ئەو) بەڵێنیدا بوو کە وەکوو پێشمەرگەیەکی جەنگاوەر بچێتە خوارەوە. شیاوی باسە ئەو ساڵانەش باو باوی پێشمەرگەی جەنگاوەر بوو، نەک دانیشتن لە بارەگاکانی سەرکردایەتی. بۆیە ڕۆژانە لەگەڵ کادیرەکانی هەولێر سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ گەشتی خوارەوە. هەر لەو ماوەیەدا چەند کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ سەرپەرشتیاری هێزەکە (مەلا بەختیار) ئەنجامدا. مەکتەبی عەسکەریش پێداویستییەکانی گەشتەکەی لە تاخم و فیشەک و کۆڵەپشت و مەتارەی ئاو بۆ دابین کردن. پاش نیوەڕۆی سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٠) هێزێکی هاوبەشی گەرمیان بە فەرماندەیی (کاک سامان گەرمیانی) لەگەڵ هێزێکی شارەزوور و هەورامان بە فەرماندەیی (کاک حەمەی حاجی مەحموود) کە ژمارەی هەردوو هێزەکە خۆیان لە دوو سەد و پەنجا پێشمەرگە دەدا، لەگەڵ کادیرەکانی هەولێر و دەستەی سەرپەرشتیاری هێزەکەی (کاک مەلا بەختیار) بەرەو ناوچەکانی پارێزگای هەولێر بەڕێکەوتن.

(ئەو) بە تاسەوە باوەشی بە (شارا)دا کردو و بە هیوای دیدار و گەڕانەوە ماڵاوایی لێکرد. شیاوی باسە چونکە (ئەو) تا ئەوساتە هیچ پلەیەکی حیزبی و پێشمەرگانەی نەبوو سەرکردایەتیش باسی هیچ کارێکیان لەگەڵدا نەکردبوو، بۆیە خۆی وەکوو سەرپەرشتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی هێزەکە ناوزەد کرد.

دوای دوو شەو و ڕۆژێک ڕۆیشتن و وچان لە هەندێک شوێن، گەیشتنە گوندی (پلنگان)ی دۆڵی ئاکۆیەتی.

ئەو گوندە تەنیا نیو سەعات بە ماشێن لە قەزای ڕانیە دوور بوو، لەوێ پشوویەکی باشیاندا و چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ دانیشتووانی گوندەکانی ناوچەکەدا کرد.

ئەوسا (سوار ئاغا)ی کوڕی (هەباس ئاغای)ی ئاکۆیەتی فەرماندەی هێزێکی (ی.ن.ک) بوو، بەڵام هێزێکی کارا نەبوو، دەگێڕنەوە (هەباس ئاغا) پیاوێکی ناوداری سەردەمی خۆی بوو، سەرۆک عەشیرەتی (ئاکۆیەتی) بوو. ئەوسا گوندی (سەرکەپکان) ناوەندی ناوچەکە بوو، دۆست و پشتیوانی شۆڕش و، ناوچەکەی جێی حەوانەوەی پێشمەرگە بوو. دەڵێن دۆستی نزیکی سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلوول بوو. قسەکانی لای سەرکردەکان گوێی لێ دەگیرا و ڕێزی زۆریان دەگرت.

> “ ژنان بۆ منداڵ بوون خۆیان دەخیلی (سوڵتان ئیسحاق) دەکەن ”

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێ ناکۆکی کەوتە نێوان بارەگای بارزانی و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ژمارەیەک لەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی لای (هەباس) ئاغای سەرۆک عەشیرەتی ئاکۆ میوان، یان نیمچە دەست بەسەر و دەست بەسەر بوون. (هەباس ئاغا) کەوتە نێوانیان، وەکوو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و پیاوماقووڵی قۆناغەکە هەوڵ و کۆششێکی زۆری کرد بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، تاکوو بە ڕێگای دیالۆگ و لە یەکتر گەیشتن چارەسەر بکرێت و درز نەکەوێتە ڕیزی گەلی کورد. بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوو. دواتر کێشەکە گەورەبوو. دوای بێ ئومێد بوون لە ئاشتبوونەوە و ڕێکەوتن، لە تاریکە شەوێکی وەرزی زستاندا ئەو ژمارە ئەندامەی مەکتەبی سیاسی دۆڵی ئاکۆیەتیان جێهێشت. ئیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە دوو بەش. بەشێکیان هەر بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە سەرۆک بارزانی



> (مامۆستا کاوە مەخمووری) کە بە یەکەمی دەورەکە دەرچوو بوو (مام جەلال) لە گوتارەکەیدا زۆر بە شان و باڵی هەڵدا و گوتی: ئەگەر چەند کادیرێکی وەکوو (مامۆستا کاوە)مان هەبێت، دڵنیام شۆڕشەکەمان سەردەکەوێت ئینجا کلاشینکۆفێکی مزەڵی نوێی وەکوو دیاری پێبەخشی

ڕەحمەتی سەرکردایەتی دەکرد. بەشەکەی دیش بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی سیاسی) کە مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)ی ڕەحمەتی لێپرسراویان بوو. کاریان دەکرد. ئەو لەتبوونە گورزێکی گەورەی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان گەیاند. ناکۆکی نێوانیان گەیشتە ئاستی شەڕ و پێکدادان، بەمجۆرە دەیان پێشمەرگە و کادیری لێهاتوو لە هەردوولا بوونە قوربانی، بەداخەوە کاریگەری ئەو جیابوونەوەیە تاکوو ئەمڕۆش لەسەر ئاسمانی سیاسی کوردستان هەرماوە و پێیەوە دەناڵێنن، شیاوی باسە بە درێژایی مێژوو ناکۆکی و ململانێی ناوخۆ دەردی کوشندەی گەلەکەمان بووە. هۆکارێکی سەرەکیش بووە لە شکستی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان.

دوو ڕۆژ دواتر، لەگەڵ شەبەقی، بەنێو ڕەزوباخ و باخچەکانی دۆڵی شاوریێ بە هەورازە کوڕەکەی گۆڵان سەرکەوتن. ئەگەرچی ڕێگاکە ماندوو پڕوکێن بوو، بەڵام شنەی فێنکی شەماڵی بەیانیانی، بۆنی گوڵە باخ و ڕەیحانەی باخچەکان، دەرکەوتنی تیشکی زێڕینی هەتاو، چریکەی بولبول و قاسپەی کەوی بنارەکان. لەگەڵ چوونە سەر باخی کچە شۆخ و شەنگەکانی ئاکۆیەتی هیلاکی ڕێگاکەیان بۆ ئاسان کردبوون. ئەو هێزە زۆرە بەور ئاسایە بێباک لە مردن لە پێناوی نیشتمان بە دوای یەکدا بەو هەورازەدا ڕێچکەیان گرتبوو. لەپڕ دەنگ و فڕەی دووری کۆپتەرێکی ڕژێم هێمنی بەیانییەکەی شڵەقاند. لەسەری ئەو سەرەوە پەیام هات: خۆتان لە ژێر پەنا تاوێر و سێبەری دارەکان بشارنەوە و دانیشن کەس جووڵە نەکات. شیاوی باسە تا ئەو ساتەوەختەش هێزەکە جیا لە نامەی چوکلێتی و هەواڵی زاری لە ڕێگای تەتەرەکانەوە هیچ ئامرازێکی پێوەندی نەبوو. ئەوسا کۆپتەر دوژمنی هەرە سەختی پێشمەرگە بوو. چونکە جیا لە یەک دوو ئار. بی.جی و بی.کەی.سی. هیچ جۆرە چەکێکی دی دژە ئاسمانی قورسیان پێ نەبوو. ئەو چەکانەش چەکی شەڕی دژە فڕۆکە نەبوون. فڕۆکەکە هات و هەندێک لە دووری ئاسمانی ئەوان ڕۆیشت و هیچ لەنگەرێکی نەگرت. چەند خولەکێک دوای ئەوە دەستیان بە ڕۆیشتن کردەوە. دوای دوو سەعات ڕێکردن هەورازەکەیان بڕی و گەیشتنە تەختاییەک، کە مێرگێکی خۆش بوو، دوو ڕەشماڵ لە دەوروبەری چەند کانیاوێک

> من ناوم سەرهەنگی دەودانە، لەگەڵ شوێنکەوتووەکانمدا دەگەڕێم و تێدەکۆشم بۆ زیندوو کردنەوەی ئایینی کوردان

هەڵیان دابوو، کانیاوەکان ئاویان لەبەر دەڕۆیشت. بەقەد پاڵی شاخەکانیشەوە چەندین ڕانە مەڕ دیاربوو دەلەوەڕان، چەندین بەرخ و کارژۆڵەش لە تەیمانێک دەردەکەوتن، ژنە شەرواڵ لە بەڕەکانیش خەریکی مەشکە ژەندن و سەروکاری ئەو بەیانییەی ڕەشماڵەکان بوون. ئیدی هەموویان لە دەوروبەری کانیاوەکان کۆبوونەوە، بە ئاوی سارد و سازگاری کانیەکان دەم و چاویان شۆری. مەتارەکانیان پڕ لە ئاو کردەوە. ئەوەی برسی بوو نانە ڕەقەی کۆڵە پشتەکەی دەرهێنا و خواردی. دوای چێشتەنگاو بەرەو دۆڵی (شیریێ) ڕێیان گرتەوە بەر، ڕێگاکە تاسەر هەورازەکەی گوندی (شیریێ) تەختایی بوو. توولەڕێ باریکەکەی ژێر سێبەری دار بەڕووەکان، مازوو، دەوەنە کوێستانییەکان تابلۆیەکی جوانی سروشتیان نەخشاندبوو. ئیدی یەک بە دوای یەک ڕۆیشتن. لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا چاوی بە گەنجێکی باڵا مام ناوەندی سمێڵ پڕی ڕەش کەوت، لەژێر سێبەری دار بەڕوویێک وەستابوو. یەک یەک پێشمەرگەکان بەلایدا تێدەپەڕین، پێش ڕۆیشتنی هەر ڕەتلێکی پێشمەرگە، دەستەیەک پێشتر بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕێگاکە و پشکنینی لە بوونی هەر مەترسییەک دەڕۆیشت. هەر لەو ڕێگایەدا کاتێ (ئەو) گەیشتە لای ئەو پێشمەرگەیەی پێشتر بۆ چاودێری ڕێگا ڕۆیشت بوو، لای وەستا و هەندێک پرسیاری لێکرد: تۆ ناوت چییە؟ پێشمەرگەی کام هێزی؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ناوم (حەمەی حەمە سەعیدە) لە ناوچەی هەورامانەوە هاتووم. هەورامان تایبەتمەندی خۆی هەیە و ناوچەیەکی شاخاوی دڵگیرە، کەوتۆتە هەردوو دیوی کوردستان، (کاکە حەمە) خەڵکی گوندی (هاوار)ی

هەورامان بوو، لەسەر ئایینی (کاکەیی) بوو، کاکەیی ئایینێکی سەربەخۆیە، کتێبەکەیان بەناوی (سەرەنجام)ەو پێیدەڵێن (کەلام) ڕابەرەکانی ئەو ئایینە تایبەتمەندییەکەی بۆ تێکەڵەیەک لە ئایینی زەردەشتی و مانی کۆن دەگێڕنەوە، بەڵام لە ترسی ئیسلامییەکان هەندێک خۆیان لە ژێر مەزهەبی شیعە حەشارداوە، بەشێکی کوردستانی باشوور و بەشێکی زۆری کوردستانی ڕۆژهەڵات کاکەیین. هەربۆیەش دەڵێن (کاکەیی) ئایینی کوردانە، مەرقەدی (سوڵتان ئیسحاق) کە دەکەوێتە سەر ڕووباری (دوو ئاوان) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناوەندی ئایینی ئەوانە، وەکوو هەر مەرقەدێکی ئایین و مەزهەبەکانی دی، ساڵانە بە هەزاران کەس دەچنە زیارەتی ئەو مەرقەدە. کچان بۆ گەیشتن بە مرازی خۆیان نەزر دەکەن. پارچە پەڕۆیەکی سەوز لە دارەکەی حەوشی مەرقەدەکە گرێ دەدەن. ژنان بۆ منداڵ بوون خۆیان دەخیلی (سوڵتان ئیسحاق) دەکەن.

(باوە سەرهەنگی دەودانی) ساڵی (٢٢٤)ی کۆچی لە گوندی (دەودان)ی بناری کێوی شاهۆ لە هەورامانی دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایکبووە. ئەو پیاوە یەکێکە لە ڕێبەرانی ئایینی کاکەیی. لە بارەی پێوەندی نێوان ئایینی کاکەیی و نەتەوەی کورد گوتوویەتی:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان

ئەزکە نامە سەرهەنگ دەودان

جیێ ئێرامانان مەگێڵم نە هەردان

مەکۆ شم پەرێ ئایین کوردان

واتە: من ناوم سەرهەنگی دەودانە، لەگەڵ شوێنکەوتووەکانمدا دەگەڕێم و تێدەکۆشم بۆ



**مەرقەدی (سوڵتان ئیسحاق) کە دەکەوێتە سەر ڕووباری (دوو ئاوان) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناوەندی ئایینی ئەوانە، وەکوو هەر مەرقەدێکی ئایین و مەزهەبەکانی دی، ساڵانە بە هەزاران کەس دەچنە زیارەتی ئەو مەرقەدە**

زیندوو کردنەوەی ئایینی کوردان.

کاتێ گەیشتنە سەر لێواری دۆڵەکەی (شیرێ) سەیری کرد هەورازێکی هەتا بڵێیت کوڕوسەخت و هەزار بە هەزارە، واتدەزانی لە ناوەڕاستیی ئاسمان و زەوی هەڵواسراوە، ئەگەر لە خوارەوە سەیرت بکردایە سوێندت دەخوارد کە هیچ ڕێگایەک بەو هەورازەدا سەر ناکەوێت. هەروەها دەتگوت ئەگەر بگەمە سەرەوە دەستم بە ئاسمان ڕادەگات. ئەگەرچی سەرکەوتن بە هەورازە کوڕەکان گەلێ سەخت و ماندوو بوون و ئارەقەی زۆری دەوێ. بەڵام کاتێ لە هەورازێکی ئاوا سەختی وەکوو شیرێ دەچیتە خوارەوە، هەموو قورسایی لەشت دەچێتە سەر ئەژنۆکانت و پاش ڕۆیشتنێکی کەم هەست بە هیلاکییەکی زۆر دەکەیت. چوونە خوارەوە لەو کوڕاییە ئەبوو وەکوو پێپلیکان پێپلکە پێپلکە بچیتە خوارەوە و وریای خۆت بیت نەوەک هەڵدێرێی. چونکە ڕێگاکە جێی ڕۆیشتنی یەک تاکە کەسی هەبوو. بۆیە کاتێ لە ڕێگای خۆتدا ڕێکەوتی وڵاخدارێک، یان کەسێکت دەکرد بە پێچەوانەی تۆ دەهات، دەبوو لە دوورەوە ئامادە بیت چۆن لا دەگری، تاکوو بەرامبەرەکەت بڕوات.

بۆ (ئەو) ئەو هەورازە کوڕ و ڕێگا سەختانە ئەزموونێکی تازە بوو، لە سەرەتادا زۆر سەخت بوو. بەڵام دواتر بە هۆی ئیرادە و ڕۆیشتنی بە کۆمەڵ وردە وردە لێڕاهات و بوو بە کارێکی ئاسایی.

(شیرێ) دوو گوندی خنجیلانەی باوەشی دۆڵەکەن، یەکیان لەقەدپاڵی شاخەکە و ئەویدیکەشیان لە دامێنی هەڵکەوتوون، بۆیە پێیان دەگوترێت شیرێی خواروو، شیرێی سەروو. نێوانیان بیست خولەکێک دەبێت. ئەوسا هەموو خانووەکان بە قوڕ و لەسەر شێوەی گوندە کۆنەکان دروست کرابوون. هیچ کامێک لەو دوو دێیە لە دە پانزە ماڵێک زیاتر نەدەبوون. دانیشتووانەکەی زیاتر خەریکی ڕەزوباخ و ئاژەڵ بەخێوکردن بوون. سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و نوێژ و خۆشۆرین کانیاوەکان بوون. کە بە دیوار و گونیە نێوانی ژن و پیاوانیان لەیەک جیا کردبووەوە. ژنان بە سەتڵ و کوندە ئاویان لە کانیەکە دەبرد. گەلێ جار دەتدیت پیاوان لەگەڵ شەبەقی پێش خۆر کەوتن چ زستان بووایە، یان هاوین. بۆ (غوسل) لە خۆ دەرکردن، بەیانیان خۆیان دەخستە ئاوی کانیاوەکە. لەگەڵ یەکەمین هەنگاوی چوونە نێو دۆڵەکە، هۆشیاری بەهەموو هێزەکە درا کە ئیدی دەبێت بە وریایی هەنگاو بنێن و ئاگاداری خۆیان بن. چونکە هێزی دی لە ناوچەکە هەیە و خۆیان بە نەیار دەزانن، بەتایبەتیش ئەو هێزەی (سلێمان بیرێژی) کە ماوەیەکی زۆر بوو تاکە هێزی بڕیار بەدەستی دۆڵەکانی خۆشناوەتی بوو. بۆیە هێزەکەی (ی.ن.ک) بۆ خۆپاراستن، دوور لە بەرکەوتنی هەر گورزێک، لە هەردوو شێرێ و بەشێکیش چوونە گوندەکانی دی وەکوو (بالیسان و بێراوە) ئیدی هێزەکە هەموو ناوچەکەیان کۆنترۆڵکرد. ئەوەی (ئەو)یش تێبینی کرد دیاربوو خەڵکی گوند و ناوچەکە لە سەرەتادا هاتنی هێزی (ی.ن.ک)یان زۆر پێ خۆش نەبوو، چونکە پێشتر ئاشنای نەبوون و پروپاگەندەی خراپیش لەسەر هێزەکەی (ی.ن.ک) بە خەڵکی ناوچەکە گوترابوو، بۆیە ڕاسپاردەی فەرماندەی هێزەکە ئەوەبوو: دەبێت بەپێی ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە و گوێ گرتن لە خەڵک بەرپەرچی ئەو پروپاگەندە خراپانە بدەنەوە و خۆیان لای جووتیارانی ناوچەکە خۆشەویست بکەن.

# وێستگەی دیوان


- (١) پرسیار
- عەلائەدین سەجادی: ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنێ
- مامۆستا برایم ئەحمەد چۆن گەیشتەوە کوردستان؟

مەلا شاخی

- بیرۆکەی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانم چۆن لا دروست بوو؟
- هونەرمەند حەمەجەزا حاجی عەلی بۆ هاتە هەولێر..؟

د. عبدولواحید ئیدریس شەریف

- هونەرمەند جەلال بەیار و بانگدان لەمزگەوت

سالار کۆشار

- (سۆفی)یەکەی من

کەریم سۆفی

# وەرگێڕان لە زمانی یەکەم و دووهەمەوە، کامیان؟



## پرسیار (١)

ڕەسووڵ سوڵتانی

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، جگە لە زمانی ڕۆژنامەگەری، هیچ بوارێکی دیکەی ڕۆشنبیریی کوردی هێندەی بواری وەرگێڕان، دەستدرێژیی نەکراوەتە سەر. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیشی ئەو باوەڕە ساویلکە و بێ بنەمایەیە کە پێی وایە هەر کەس جیا لە زمانی خۆی شارەزای زمانێکی دیکە بێت، دەتوانێت ببێتە وەرگێڕ. ئەو تێگەیشتنە وای کردووە، بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی زمانی زگماکییان کوردییە و زمانێکی دیکەش فێربوون، دەست بدەنە کاری وەرگێڕان. لە حاڵێکدا زانینی ئەو زمانەی لێی وەردەگێڕیت و ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕیت، تەنیا دوو مەرجی پێویستن، بەڵام هەموو مەرجەکانی وەرگێڕان لەخۆ ناگرن. خۆ ئەگەر بەو پێیە بووایە، لە وڵاتی ئێران کە هەشتا ملیۆن کەسە و بە دڵنیاییەوە زیاتر لە پێنج سەد هەزار کەس لەو وڵاتەدا شارەزاییەکی باشیان لە زمانی دووەم هەیە، بۆچی ژمارەی وەرگێڕە باشەکانی هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی زمانی فارسی ناگەنە پێنج هەزار کەس؟ چونکە تەنیا زانینی زمانێکی جیا لە زمانی زگماک بەس نییە بۆ ئەوەی یەکێک ببێت بە وەرگێڕێکی باش. هەڵبەت لە ئێرانیشدا (بۆیە نموونەش لە ئێران دەهێنمەوە، چونکە بیست و پێنج ساڵی تەمەنم لەوێ ژیاوم و خوێندوومە، جگە لە زمانی فارسیش، هیچ زمانێکی دیکەی بیانی نازانم) سەردەمانێک زۆرکەس خۆیان لە قەرەی وەرگێڕان داوە و دواتر یەک دوو بەرهەمی سەقەتکراویان لەپاش بەجێ ماوە و هیچی دیکە. کەوابوو جگە لە زانینی زمان کۆمەڵێک شتی دیکەشمان بۆ وەرگێڕانێکی باش پێویستن.

یەکێک لەو شتانە، تێگەیشتنە لەو بابەتەی وەریدەگێڕین. واتە کەسێک بۆخۆی ئەدیبێکی باش و خوێنەرێکی شێلگیر و تاسەبار و ئاشقی ئەدەبیات نەبێ، ناتوانێت بابەتێکی ئەدەبی بە باشی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەگەر زۆر باشیش شارەزای زمانی سەرەکیی دەقەکە بێت، لەوانەیە زۆر باش لە زمانە ئەسڵییەکە تێ بگات، بەڵام دواجار بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە پەیوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵ دەقەکە بگرێت، وەرگێڕانێکی وشک و برینگی لێ بەرهەم دەهێنێت، کە خوێنەر پاش خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک کتێبەکە بەلاوە دەنێت.

دووەم شت، هونەری داڕشتنەوەی ڕستەیە. وەرگێڕ پاش ئەوەی باش لە دەقە سەرەکییەکە گەیشت، دەبێت لە داڕشتەیەکی خۆماڵیدا وەها دایڕێژێتەوە، کە خوێنەر تەنیا بە ناوەکانڕا هەست بکا دەقێکی وەرگێڕدراو دەخوێنێتەوە. کەوابوو، لەهەر کتێبێکدا خوێنەر پاش خوێندنەوەی پەرەگرافێک هەستی کرد ئەو دەقە دەقێکی وەرگێڕدراوە، دەبێت دڵنیابێت شیاوی ئەوە نییە کاتی خۆی بە فیڕۆ بدات و سەری خۆی پێوە بێشێنێ.

لایەنێکی دیکە، شارەزابوونە لە ئاوازی وشە و ڕستە و مۆسیقای دەق. لەوەشدا ئەگەر وەرگێڕ، خوێنەرێکی باش و شێلگیری

> وەرگێڕ دەناسم لە زمانی فارسییەوە زیاتر لە پەنجا کتێبی کردووەتە کوردی، کەچی ناتوانێت سێ خولەک بە زمانی فارسی قسە بکا

ئەدەبیاتی میللەتەکەی خۆی بێت و دڵ و مێشکی بە بەیت و حەیران و گۆرانیی فۆلکلۆر و هەقایەتەکانی گوێی ئاگردان و بەیت و باوی کۆن و شیعری کلاسیک و نوێی ئەدەبیاتی میللەتەکەی زاخاو دابێت و بەوانە گۆش کرابێت و لەگەڵیان ژیابێت، ئەوە لەو بەشەدا دەدرەوشێتەوە، وەکوو چۆن هەژار و هێمن و قزڵجی و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و شکور مستەفا و عەزیز گەردی درەوشاونەتەوە و لە درەوشانەوەش ناکەون.

## وەرگێڕان لە کام زمانەوە؟

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەگەر دەقەکان لە زمانی یەکەمەوە وەربگێڕدرێن، ئەوە حەجی دوو حەجە و لەوە باشتر هەرنابێت. بەڵام ئێمە لێرەدا دوو گرفتی سەرەکیمان هەیە.

**یەکەم:** ئەو کوردزمانانەی شارەزای زمانە بیانییەکانن، هەموویان توانای وەرگێڕانی دەقیان نییە.

**دووەم:** هێشتا زۆر زمانی زیندووی جیهان هەن، کە کورد شارەزای ئەو زمانانەی نییە.

**سێیەم:** زۆرن ئەو کەسانەی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و تورکی و تەنانەت فارسییەکی زۆر باشیش دەزانن، بەڵام شارەزای زمانەکەی خۆیان نین و هەربەشی قسەکردنی لێ دەزانن، هەربۆیە زۆربەی ئەو کتێبانەی لە زمانی یەکەمەوە بەتایبەتی لە ئینگلیزی و فەرەنسییەوە کراونەتە کوردی، کوردییەکەیان ناخوێندرێتەوە و سەر لە خوێنەر دەشێوێنن و خوێنەر لە کتێب و بەر لەویش لە زمانی کوردی بێزار دەکەن.

وەک لە پێشەکی ئەم باسەدا ئاماژەم پێ دا، هەموو ئەوانەی زمانێکی جیا لە زمانی کوردی دەزانن، ناتوانن و ناکرێ وەرگێڕێکی باش بن. چونکە وەرگێڕان جگە لە زانینی زمان پێویستی بە هونەری داڕشتنەوەی واتا و ڕستەی تیف تیفەدراو و خۆش ئاواز هەیە.

کەوابوو، پێش ئەوەی وەرگێڕ بیر لە زمانە بیانییەکە بکاتەوە، واتە لەو زمانەی وا لێی وەردەگێڕێت، دەبێت دڵنیا بێ زۆر باش شارەزای زمانەکەی خۆیەتی. ئەوە بنەڕەتیترین و گەورەترین کێشەی وەرگێڕی کوردە، کە کوردییەکەیان سەقەتە. وەرگێڕ دەناسم لە زمانی فارسییەوە زیاتر لە پەنجا کتێبی کردووەتە کوردی، کەچی ناتوانێت سێ خولەک بە زمانی فارسی قسە بکا. دەیان وەرگێڕ دەناسم لە فارسییەوە کتێب وەردەگێڕن، بۆ هەموو وشەیەکی فارسییەکە سەیری قامووس دەکەنەوە، بەو حاڵەشەوە فارسییەکەیان لە کوردییەکەیان باشترە.

وەرگێڕی لەو جۆرە سەدان کتێبیش لە زمانی یەکەمەوە بکاتە کوردی، بایی پووشێکە. کەوابوو، گرینگ تر لەو زمانەی لێی وەردەگێڕیت، ئەو زمانەیە کە بۆی وەردەگێڕیت. ئەوە بەو مانایە نییە تۆ زمانە بیانییەکە نەشزانی، ئاسایی بێت، بەڵام



ڕەسووڵ سوڵتانی

بێ ئەملا و ئەولا دەبێت کوردییەکەت لەو باشتر بێت. کوردی زانین هەر ئەوە نییە تۆ بتوانیت بە زمانی ڕۆژنامە بنووسیت، ئەوانەی سالآنێک لەگەڵ ئەدەبیاتدا ژیاون، باش دەزانن زمانی کتێب بەتایبەتی زمانی ئەدەبی و زمانی ڕاگەیاندن دونیایەک جیاوازییان هەیە.

کەوابوو وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە باشە، بەو مەرجەی وەرگێڕەکە کوردییەکی باشیش بزانێت.

تۆ بڵێیت ئەگەر یەکێکی کوردی نەزان حەمەدۆکی لە تورکییەوە کردبایەتە کوردی، ئێمە ئەو چێژەمان لێ وەربگرتایەتە کە عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە زمانی دووەمەوە کردوویەتی و پێی بەخشیوین؟

> **پێش ئەوەی وەرگێڕ بیر لە زمانە بیانییەکە بکاتەوە، واتە لەو زمانەی وا لێی وەردەگێڕێت، دەبێت دڵنیا بێ زۆر باش شارەزای زمانەکەی خۆیەتی**

بە دڵنیاییەوە نەخێر. ئاخر نموونەکە هەر ئەو وەرگێڕانەیە کە بەو دواییانە لە «گێلەپیاو»ەکەی عەزیز نەسین چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەوەیان لە زمانی یەکەمەوە کراوە و لە هەشتاکاندا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە زمانی دووەمەوە کردوویەتی بە کوردی. لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا حەسەن زادەدا خوێنەر هیچ ڕستەیەک بەبێ پێکەنین ناباتە سەر، کەچی لەو وەرگێڕانەدا کە بە قەولی خۆیان لە زمانی ئۆرجیناڵەوە کراوە، بەر لەوەی بە ڕووداو و قسەوباسەکان پێ بکەنیت، دەبێت بە گاڵتەجاڕیی زمانی وەرگێڕانەکەی پێ بکەنیت.

لەنێو بەرهەمە چاپکراوەکانی هێمن موکریانیدا کۆمەڵێک چیرۆک هەن کە مامۆستا هێمن لە زمانی دووەمەوە کردوونی بە کوردی، با خوێنەر بیانخوێنێتەوە و قەزاوەت بکا، ئەگەر کوردی نەزانێک لە زمانی یەکەمەوە وەریگێڕابان، ئەو تامەیان دەبوو؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر.

محەمەدی قازی، وەختایەک دۆنکیشۆت (دۆنکیخۆتێ)ی لە زمانی دووەمەوە وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی، نەک پەلاماری نەدرا، بگرە هەتا ئەم دەموساتەش، وەرگێڕانەکەی قازی، وەکوو بەشێک لە بناغەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی دادەنێن و بە میراتێکی کەلەپووریی لە قەڵەم دەدەن. بۆچی؟ چونکە قازی جگە لەوەی شارەزای زمانی فەرەنسی بووە، هێندە لە زمانی فارسیدا شارەزا بووە و قووڵ بووەتەوە، کە بە دەگمەن نووسەر و ئەدیبێکی فارس هێندە شارەزای ئەو زمانە بووە. لێرەدایە گرینگیی ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕیت، ڕووندتر دەردەکەوێت.

لایەنێکی دیکەی زۆر گرینگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە، ئەرێ باشە هەموو دەقێکی زمانی دووەم شیاوی وەرگێڕانن؟

نەخێر.

وەرگێڕ وەختێک لە زمانی دووەمەوە وەردەگێڕێت، دەبێت بزانێت کار لەسەر دەقی کامە وەرگێڕی بۆ نموونە فارسی دەکات. لە نێو وەرگێڕە فارس زمانەکاندا، کۆمەڵێک وەرگێڕ هەن، کە ئەوەی کردوویانەتە فارسی، هێندە ئەمانەتدارانە و شارەزایانە کردوویانە، کە دەکرێت وەکوو دەقی سەرەکی پشتیان پێ ببەستیت. لەوانە: وەرگێڕانەکانی محەمەدی قازی، ئیبراهیمی یونسی، عەبدوڵڵا کەوسەری و مەهدی سەحابی و سروشی حەبیبی....

کەوابوو، وەرگێڕان هەم لە زمانی یەکەم و هەم لە زمانی دووەمەوە کۆمەڵێک لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی هەیە، کە ئەو لایەنانە پەیوەندییان بە زمانزانی و زمان نەزانی و شارەزایی و ناشارەزایی وەرگێڕەکەوە هەیە و لە بابەتی زمانی دووەمەوە، پەیوەندیی بە دەقی ئەو وەرگێڕەشەوە هەیە کە لێی وەردەگێڕین.

# گۆشـەی دیوان

## عەلائەدین سەجادی:
# ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنێ

گۆشەیێکی تـازەی گۆڤـاری دیـوانـە، لـەهـەر ژمارەیێکی گۆڤارەکەماندا هەوڵدەدەین کتێبێکی دانسقەی کۆن، یان پێشەکییەک کە لە ڕابردوویێکی دووردا نووسرابێت و بۆ ئێستا جێگەی سەرنج بێت، لێرە لەم گۆشەیەدا دەیخەینەڕوو، ئەگەر پێویستیشی کرد وەکوو گۆڤاری دیوان سەرنج و تێبینی و ڕای خۆمانیشی دەخەینە پاڵ.

بۆ یەکەم ئەڵقەی پێشەکییەکی بەرگی یەکەمی (ڕشتەی مرواری) عەلائەدین سەجادی-مان ئامادەکردوە کە مێژووی ١٩٥٣/٣/٢٤ی بەسەرەوەیە، ئەگەرچی بەرگی یەکەمی ئەم ڕشتەی مرواری-یە لەساڵی ١٩٥٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

واتە ٦٩ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ سەجادی پێشەکییەکی نووسیوە، وەکوو ئەوە وایە ئێستە نووسیبێتی، سەیرکە ٦٩ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ سەبارەت بە گرنگی زمان و مەترسییەکانی بەردەمی چی دەڵێ:

(ڕەنگە هەتا سەدەی بیستەم بەسەر ئەچێ، قەومی کوردیش نەمێنێ. بۆیە ئەڵێم نەمێنێ، چونکە مناڵەکە لە قوتابخانەی غەیری کوردی لەباتی وشەیەکی کوردی، فێری وشەیەکی غەیری کوردی ئەبێ).

سەجادی لە زووێکەوە هەستی بە مەترسی پشتکردنە زمانی کوردی کردووە و هەمووانی لەو ترسەش ئاگادار کردۆتەوە، هۆشیاری ئەوەی پێداوین، کە چۆن کۆشش بکەین بۆ ئەوەی زمانەکەمان بپارێزین، لەو ڕێگەیەشەوە نەتەوەکەمان بە زیندوویێتی بمێنێتەوە:

(قەومی کورد ئەبێ کۆشش بکا - بەبێ جیاوازی - بۆ پاراستنی قەومییەتی خۆی. ئەم کۆششە بە خزمەت کردنی زمانەکەی ئەبێ. زمانی خۆت بپارێزە و بە زمانی خۆت بخوێنەرەوە، ئیتر خەمی هیچت نەبێ).

لە بەشێکی دیکەی ئەم پێشەکییەیدا سەجادی باسی بایەخی ئەدەب دەکات و لەوەش ئاگادارمان دەکاتەوە:

(بۆم ساغ بـووەوە کە گـەورەیی ئـەدەب بناغەی هەموو گەورەییەکە).

ئاماژەی بۆ ئـەوەش کـردوە کە (شـەرم) عەیبە هۆکاری



**عەلائەدین سەجادی**

هەرەدیاری ئەوە بووە، کە کورد بەشێکی گرنگ و دەوڵەمەندی ئەدەبەکەی نەنووسیوەتەوە، بۆیە سەجادی بەو هەنگاوەی، نووسینی بەرگی کتێبی ڕشتەی مرواری یەک بەدوای یەکەوە ئەو تەوقی شەرمە دەشکێنێ و پێمان دەڵێ:

(لەناو ئێمەدا وتەی شوورەیی (عەیبە) نەیهێشتووە هیچ شتێک پێکەوە بنێن).

سەجادی پێی وایە تا ئەو تەوقی شوورەییە نەشکێندرێ کورد نابێتە خاوەنی ئەدەب:

(ئەو قسەیە کە ناشیرین یا بە پێچەوانەی ئەدەب و شەرم دائەنرێ، ئەوە جەوهەرەی ئەدەب و ئەقلە و ئەدەب لەوە دروست ئەبێ).

## دەقی پێشەکییەکەی عەلائەدین سەجادی وەکوو خۆی

گیتی ئەدەب، گیتییەکی فراوانە. نامەوێ لەمەوە بدوێم، ئەگەر یەکێک ویستی بە پوختی لێی تێ بگا، تەماشای کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلائەدین سەجادی بکا. بەڵام ئەوە ئەڵێم کە قەومی کورد، نامووسی تەبیعی هەزاران ساڵە هێشتوویەتەوە. هۆی ئەم مانەوەیە گەلێ شت بووە، یەکێک لەوانە تەریکی و گۆشەگیری بووە لە عالەمی بێگانە، ئەم سووچەی زمانەکەی بۆ هێشتۆتەوە. ناتوانی قەومێک ناو بنێی بە قەوم تا زمانی نەبێ. بۆیە بە ئینگلیز وە یا جەرمەن وە یا عەرەب ئەوترێ ئینگلیز، جەرمەن، عەرەب، چونکە زمانیان هەیە. کە زمان نەبوو، قەومییەت نییە. کوردیش تا ئێستە بۆیە ماوەتەوە، چونکە زمانی هەبووە؛ ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنێ.

لە سەرەتای ئەم سەدەی بیستەمەوە، وردە وردە خوێندەواری لەناو ڕەمەکی کورددا پەرەی سەندووە و ئەستێنێ. ئینکار ناکرێ خوێندەواری چرای ژیانە، بەڵام لەلایەکی ترەوە من هەست بە زیانێکی گەورە ئەکەم. لەم ڕووەوە هەست بەوە ئەکەم چونکە خوێندەوارییەکە بە زمانی کوردی نییە (ڕەنگە) هەتا سەدەی بیستەم بەسەر ئەچێ، قەومی کوردیش نەمێنێ. بۆیە ئەڵێم نەمێنێ، چونکە منداڵەکە لە قوتابخانەی غەیری کوردی لەباتی وشەیەکی کوردی، فێری وشەیەکی غەیری کوردی ئەبێ. ئەو وشەیە دێنێتەوەماڵەوەو قسەی پێ ئەکا، برا بچکۆلەکە و خوشکە نەشمیلەکەی لێوە فێر ئەبن، باوکی منداڵەش ئەڵێ کۆرپەلەم فێری زمانی نان پەیداکردن بووە؛ ئەویش وەری ئەگرێ. دایکەشی ئەڵێ لە دەورت گەڕێم چەند قسەکانت جوانە؛ ئەویش فێری ئەبێ. بەرە بەرە زمانی قوتابخانەی غەیری

> ❝ ٦٩ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ سەجادی پێشەکییەکی نووسیوە، وەکوو ئەوە وایە ئێستە نووسیبێتی ❞

کوردی منداڵەکە، شوێن هەوارێکی خۆش بۆ خۆی لە ماڵی باوکی منداڵەدا دروست ئەکاو زمانی مادەرزادی کوردییەکە لە ژێریا دەست ئەکا بە نقەنق. کە پشتێک بەم جۆرە ڕۆیشت، پشتی دووهەم و سێهەم ئەڵێن باو و باپیری ئێمە – بە ڕەحمەت بن – بە زمانێک قسەیان ئەکرد کە پێیان ئەوت زمانی کوردی.

ئەوانەی کە هەست بە قەومییەتی کوردی ئەکەن و هەست بەوە ئەکەن کە (بڤە)یەکی گەورە ئابلۆقەی زمانەکەیانی داوە، ئەگەر تەنها ئەم قسەیە بخوێننەوە ئەکەونە سەر ئەو باوەڕە کە زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی زمانی کوردی لەسەر قاقەز، چە کارێکی گەورە ئەکاتە سەر مانەوەی قەومییەتی نەتەوەی کورد.

هیچ ئامانجێکم نییە تەنیا پاراستنی زمانی کوردی نەبێ؛ ئەویش بۆ پاراستنی قەومییەتی کورد لەو تەنگ و چەڵەمانە کە گەمارۆی داون. دنیای ئێمڕۆ وەکوو دنیای دوێنێ نییە. گۆڕانی ئێمڕۆ وەکوو گۆڕانی پێرێ نییە. قەومی کورد ئەبێ کۆشش بکا – بەبێ جیاوازی – بۆ پاراستنی قەومییەتی خۆی. ئەم کۆششە بە خزمەت کردنی زمانەکەی ئەبێ. زمانی خۆت بپارێزە و بە زمانی خۆت بخوێنەرەوە، ئیتر خەمی هیچت نەبێ.

هیتلەر کە یادداشتەکەی (کفاحی) دانا وتی: (ئەم نووسینەم بە زمانێکە گەورەتر عالمێکی ڕایەخ چۆنی لێ تێ ئەگا شوانێکی سەر کێویش هەر بەو جۆرە لێی تێ ئەگا؛ بە زمانێکە کە زمانی ئەڵمانییە).

منیش هەر ئەوەندە ئەڵێم.

ئینجا با بچینە سەر بارێکی تر بۆ من و ئەم کتێبە:

بە بیرەوەری خۆم حەزم بە قسەی خۆش کردووەو لە بیستنی قسەیەکی خۆش وەکوو هەستم بە دەنگێکی نهێنی خۆش کردبێ، وابووم. لەبەر ئەوە خۆم لە خۆمەوە هەر ئەگەڕام بە شوێن ئەو قسەو سەرگوزشتە کوردیانەدا کە لەناو کورددا باو بوون. بەبێ ئەوە بە شتێکی تر بزانم گەلێکیان لە سنگما مانەوە؛ دیسان هەر تێریشم نە ئەخوارد؛ ئەمویست زیاتر ببێت. لە پاشا کە ئەمبینی گەلێکی تر وەکوو من حەز بە قسەو سەر گوزشتەی خۆش ئەکەن و شوێنی ئەکەون، بە لامەوە سەیر بوو کە ئەمە بۆ چ وایە؟ لە پاش وردکردنەوە تەماشام کرد ئەمانە ئەو مەعانییە ڕۆحیانەن کە بە وشە تەعبیریان پێ لێ ئەدرێتەوە؛ ئەمانە ئەو ئەدەبەن کە لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاد تێکەڵاو کراون. ئەو وەختە بۆم ساغ بووەوە کە ڕاستە ئادەمیزاد بە بنەچە پابەندی ئەدەبە؛ چونکە ئەدەب خۆراکی ڕۆحەکەیەتی. بۆم ساغ بووەوە کە

گەورەیی ئەدەب بناغەی هەموو گەورەییەکە، با هەست بە گەورەییەکانی تریش نەکرێت.

کە چوومە بنج و بناوانی کارەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی شتی تر. تەماشام کرد تەنها قەومی کورد نەبێ، قەومەکانی تر بە هەر دوو دەستەوە چوونەتە ژێر ئەدەبیات، هەر جۆرە شتێکیان بووبێت خێرا لاپەڕەی کتێبەکانیان پێ پڕ کردۆتەوەو نەیهان هێشتووە ون ببێت.

کە ئەمەم بینی وتم ئایا بۆچی شتی وامان نەبووە لەگەڵ ئەو هەموو قسە خۆشانەدا کە هەمانە؟ لەوە زیاتر هیچم بۆ نەدۆزرایەوە کە ڕەنگ بێ لەناو ئێمەدا وتەی شوورەیی (عەیبە) نەیهێشتووە هیچ شتێک پێکەوە بنێن. دیارە هەرواش بووە، چونکە زۆرتر ئەو قسە و سەر گوزەشتە خۆشانە تا ئێستە هەروا بە ڕشخەنێکەوە گێڕاونەتەوە و لەوانە بوون هەر لەگەڵ یەکێک، یەکێکیانی لێ گێڕابێتەوە خێرا لێی هاتبێتنە سەر پێ و (عەیب نییە تۆ ئەم قسە ناشیرینە ئەگێڕیتەوە؟) لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قسەیە کە ناشیرین یا بە پێچەوانەی ئەدەب و شەرم دائەنرێ، ئەوە جەوهەرەی ئەدەب و ئەقڵەو ئەدەب لەوە دروست ئەبێ.

ئەدەب پەردەی ژیانی کۆمەڵە کە شان بەشانی هاتوتە خوارەوە؛ ژیری و زەینی پێشان ئەدا، ڕابواردن و هەڵس و کەوتیان ئەخاتە ڕوو. ئەو پارچە قسانە وەکوو لە ڕواڵەتا ساویلکەن، لە مەعنادا زۆر شت ئەگەیەنن. ئاسمانی مەعنایان گەلێ بەرزترە لەو ئاسمانە کە تیایانا دەر ئەکەون.

قەومەکانی تر هەموو شتێکیان و تووە و نووسیویانەتەوە، ئیتر چاک بوو بێتن یا خراپ نەیانهێشتووە سەریان تیا بچێ. منیش لەبەر ئەمانە هاتم لەم سەرگوزەشت و پەندانە بە ئەندازەی دەسەڵاتت و بگرە زیاتر لە دەسەڵاتیشم لێ کۆکردنەوە و حەزم کرد لەم ڕەوشەوە کتێبێکمان ببێت.

ئەزانم سەرەتا لەوانەیە زۆر کەسم لێ بکەوێتە تەقەوە و بڵێ: قسەکان بێ شەرمی و پێچەوانەی ئەدەبی دیوەخانانە؛ نەئەبوایە شتی وا بنووسرایە. منیش هەقیان ئەدەمێ؛ چونکە هەموو شتێک لە سەرەتاوە لەبەر ئەوەی تازە کوورەیە، بەرهەڵستی بۆ پەیدا ئەبێ؛ بەڵام لە پاش ماوەیەک ئیمان بەوە دێنن کە سووچێک لە ئەدەبی ون بووی کوردی زیندوو بۆتەوەو دار مێخەکی سیسی ئاو لێبڕاو گەشێنراوەتەوە. ئەمەو دیسان ئەڵێ:

کابرایەک نوێژی نیوەڕۆی ئەکرد وتی: (نیەتمە هەشت ڕەکات نوێژی ئەم نیوەڕۆیە ئەکەم). کە لێ بووەوە مەلا پێی وت باوکم نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکاتە، کەی هەشت ڕکاتە؟ نوێژەکەت بکەرەوە. ئەویش پێی وت: (مامۆستا، من هەشت ڕکاتم کردووە، خوا تێکەوێ چواری چاکی بۆ خۆی هەڵبژێرێ و چوارەکەی تری بداتەوە بەسەر خۆما!) ئێستەش ئەم کتێبە هەر کەس ئەیخوێنێتەوە ئەوەی چاکە بۆ خۆی هەڵبژێرێ و ئەوی خراپە بیداتەوە بەسەر خۆما.





دیسان ئەیڵێمەوە: کاکی کوردی خۆشەویست! تووڕە مەبە بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبە؛ میللەت وەکوو باخی پادشاهانە، گوڵی چاکیشی تێدایە و هی خراپیش. لەمە گەورەتر کتێبی ئەدەبیاتی عالەمی عەرەبی (أغانی أبو فرجی أصفهانی) و (عقد الفریدی إبن عبد ڕبە)یە، ئەم کتێبانە عالەمی ئیسلامی و غەیری ئیسلامی دانیان پیا ئەنێن کە شاکتێبی ئەدەبن، ئەمە بێجگە لە (المستطرف فی کل فن مستظرف) ی شەهابەدینی ئەحمەدی ئەبشەهی، ئەگەر بە پوختی چاوێک بەوانەدا بخشێنی بۆت دەرئەکەوێ ئەوانەی من لەم کتێبەدا نووسیومن شوورەییەکەیان نەگەیشتوتە شوورەیی هەندێ لەوانەی کە لەوانا نووسراون. ئەم قسانەی ئێرە وەکوو شوێنانی تر هەر یەکە دەورێک ئەگێڕنەوە: هەم ئەدەبە؛ کە ئەدەب پەردەی ژیری تاک و کۆمەڵ ئەگێڕێتەوە. هەم بۆنێکە بۆ دەماخ کە بۆنی دەماخ لەززەتی ڕۆحییە.

عەلائەدین سەجادی

١٩٥٣/٣/٢٤

*** ئەم پێشەکییە لە چاپی ٢٠١٠ وەرگیراوە**

**"سەجادی لە زوویکەوە هەستی بە مەترسی پشتکردنە زمانی کوردی کردوە و هەمووانی لەو ترسەش ئاگادار کردۆتەوە، هۆشیاری ئەوەی پێداوین، کە چۆن کۆشش بکەین بۆ ئەوەی زمانەکەمان بپارێزین"**



# مامۆستا برایم ئەحمەد

# چۆن گەیشتەوە کوردستان؟



مەلا شاخی

دوای ڕووخانی حوکمی پاشایەتی لە عێراق و دامەزرانی کۆماری عێراقی نوێ، کوردیش ئەو ئومێدەی لادروست بوو، لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتێکی دیموکراسیدا، بەهەموو مافێکی خۆی بگات و لەگەڵ عەرەبی عێراق دەتوانن پێکەوە وڵاتێکی ئازاد و پێشکەوتوو بونیاد بنێن.

سەرەتا سەرۆکی ئەوسای عێراق (عەبدولکەریم قاسم) بەڵێنی ئەوەی پێ دابوون، وەکوو چۆن لە مادەی سێی دەستووردا هاتووە: کە (عەرەب و کورد هاوبەشن لە عێراقدا) مافەکانی کورد دەسەلمێنێت، بەڵام دواتر لەوەش پاشگەزبووەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕەپانی کارکردن بەرتەسک دەبووەوە، سەرکردایەتی ئەوسای (پارتی)یش بیریان لەوە کردەوە خۆیان بۆ هەر شێوازێکی دیکەی خەبات ئامادە بکەن. هەڤاڵان (مام جەلال) و (مامۆستا برایم ئەحمەد) بیر لە دابینکردنی چەند شوێنێک دەکەنەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی داهاتووی قۆناغەکە. بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بە ئەندامانی چالاک و ئەفسەرانی کورد و کەسایەتییە باوەڕپێکراوەکان دەکەن. یەکێک لەو هەڤاڵانە (ئەحمەد عەلی دزەیی) دەبێت.

ناوبراو دەرچووی (کۆلێژی ماف) بە پلەی (ئەفسەری یەدەگ) بوو لە سەربازگەی (الرشید) لەسەر ڕێنمایی مام جەلال بۆ پشوودان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خەباتی کوردایەتی، لە تەلاری (عەبدولعەزیز شبر) لە بەغدا شوقەیەک بەکرێ دەگرێت.

لە بەهاری ساڵی ١٩٦١ دا ئێوارەیێک هەڤاڵ (مام جەلال) و (دکتۆر موراد) خۆیان دەکەن بە ژوورەکەیدا. دوای پشوودانێکی کورت و بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە هەڤاڵ مام جەلال پێی دەڵێ: تۆ لە خانەوادەیێکی ناسراوی هەولێریت و جێگای متمانەی ئێمەیت، هاتووین بۆ ماڵەکەت، داواکارییەکمان هەیە، دەبێت هاوکاریمان بکەیت. ئەویش بەرلەوەی بزانێت داواکارییەکە چییە. یەکسەر ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت. هەڤاڵ مام جەلال دەچێتە سەر کرۆکی بابەتەکە و پێی دەڵێت: لەبەر ئەوەی تۆ شۆفێرێکی زۆر باشیت و توانای لێخوڕینی ئۆتۆمبێلت لە (دکتۆر موراد) باشترە، داوات لێدەکەم هاوڕێیەتی بکەیت و پێکەوە ئەرکێکی پیرۆز ڕاپەڕێنن.

دوای دارشتنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکەیان هەڤاڵ مام جەلال بەتەنیا لە ژوورەکەدا دەمێنێتەوە و ئەوانیش بە ماشێنە (فۆگس فارگۆن)ەکەی (دکتۆر موراد) بەرەو شوێنی دیاری کراو بەڕێ دەکەون، پێش گەیشتن بەشوێنی مەبەست (دکتۆر موراد) پێی دەڵێت: ئەرکی ئێمە دەربازکردنی (مامۆستا برایم ئەحمەد)ە بۆ دەرەوەی شاری بەغدا. ئێستا بەڕێزیان لە ماڵی هەڤاڵ (شەوکەت عەقراوی)یە.

ماڵی شەوکەت عەقراوی لە نزیک (کۆشکی سپی) دەبێت. هەر بۆیە زۆر بە وریاییەوە ڕوو لەو شوێنە دەکەن. سەرەتا چەند

جارێک بە دەوری ماڵەکەدا دێن و دەچن. دوای ئەوەی دڵنیا دەبنەوە، هیچ نەیارێک چاودێرییان ناکات، لە شوێنی دیاریکراو ڕادەوەستن، پاش کەمێک سەیارە (مارسیدیس)ەکەی عەقراوی لە ماڵەوە دەردەچێت. ئەوانیش دوور و نزیک بەدوای دەکەون، تا لە شوێنی دیاریکراو و لە پێچەیەکی تاریکدا مامۆستا برایم ئەحمەد بە گورجی لە ماشێنەکە دادەبەزێت و بە خۆی و جانتاکەیەوە سواری (فۆگس فارگۆن)ەکە دەبێت. دوای دابڕان ماوەی نیو کاتژمێر بەناو بەغدادا دەخولێنەوە، چەند جارێک ئەمبەر و ئەوبەری (کەرخ - ڕەسافە) دەکەن. کە دڵنیا دەبنەوە هیچ ئۆتۆمبێلێک بەدوایانەوە نییە. لە شار دەردەچن و بەرەو (سامەڕا) دەکەونە ڕێ لە ڕێگا (مامۆستا برایم ئەحمەد) زۆر قسەی خۆشیان بۆ دەکات، پاشان دەچێتە سەر باسی کوردایەتی و خەباتی چەکداری و ئامادەسازی بۆ (شۆڕش).



باسی ئەوەیان بۆ دەکات: ڕۆژێک دێ کوردستانیش وەکوو وڵاتانی دی ڕزگار دەبێت و کوردیش بە مافەکانی خۆی شاد دەبێت، کە دەگەنە نزیک (سامەڕا) مامۆستا پێیان دەڵێ: ئەرکی ئێوە بەم زووانە تەواو دەبێت، لە دەروازەی شارەکەوە چاو بگێڕن، بڕیار وایە سەیارەیەکی (فۆکسۆل) لەم نزیکانە چاوەڕوانی ئێمە بکات، هەرکاتێک ماشێنێکی لەو جۆرەتان بینی (بۆنیتی هەڵدابووە) ئێوە لە نزیکییەوە ڕابوەستن، زۆری پێناچێت سەیارەکە دەردەکەوێت، دوای ئەوەی لێی دڵنیا دەبن، لەتەنیشتی ڕادەگرن، مامۆستا برایم ئەحمەد دوای سوپاس و پێزانین ماڵاوایان لێدەکات و سواری سەیارەیەکی دی دەبێت.

دکتۆر موراد و ئەحمەد دزەیی تا فولکەی سامەڕا پێشیان دەکەون و چاودێری دەوروبەر دەکەن. پاش گەیشتنی مامۆستا و هاوڕێکەی بە ئاماژەی دەست و چرای ماشێنەکە خوداحافیزی لێک دەکەن و ئەوان بەرەو شاری (مووسڵ) و ئەمانیش بۆ بەغدا دەگەڕێنەوە. تا گەیشتنەوەیان بە سەلامەتی (مام جەلال) لەو ژوورەدا لە چاوەڕوانیان دابووە دوای بەخێرهێنانەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.

*** ئەم زانیاریانەم لە (ئەحمەد عەلی دزەیی ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان) وەرگرتووە.**

# بیرۆکەی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانم چۆن لا دروست بوو؟

غیاسەددین نەقشبەندی

هەوڵی زۆرمان دەدا بۆ ئەوەی خشتەی بناغەی ڕۆژنامەگەرییەکی نوێ و مۆدێرن دابمەزرێنین، لە قۆناغی ڕۆژنامەگەریی سنووردراوی حکومەتی عێراق دەربچین، هەروەها ڕۆژنامەگەریی شاخ، چونکە دەبووایە لەگەڵ ڕاپەڕین شێواز و پارادایمێکی دی بەرپابکرێت.

کوردستانی نوێ لەو بوارەدا پێشەنگ بوو، لەگەڵ دامەزراندنیدا دەبووایە وەکوو ڕۆژنامەیێکی ئازاد دابمەزرێت، لە ژمارە سفرەوە تاچەند ژمارەیێک نووسەری ئیلیت نوخبە و ڕۆژنامەنووسیان تێدا بووە، فەزاییێکی لەبار بوو بۆ دەرکەوتنی وزەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، بۆ ئەوەی تواناکانیان بەدەربخەن و یەک لەوان خۆشم بووم، هەروەها خوێندنگەیێکی چاک بوو بۆ کادیرێکی یەکجار زۆر کە خۆی پێڕا بگەیێنی، دوای ماوەیێک سیمای حزبایەتی لەژێر فشاری ڕۆژنامەگەریی شاخ دەستی بە زاڵبوون کرد، ڕێڕەوەکەی زیاتر بەرەو حزبایەتی ڕۆیشت، بۆیە هەمیشە خۆم هەوڵم داوە شتی ڕۆژنامەوانیی بێگەرد بنووسم و هەتا پێم کرابا هەر ئەو شتانەم دەنووسی کە مۆرکی حزبایەتییان پێوە نەبێت، هەڵبەتە لە ڕۆژنامەکانی دیش کەسانی وەکوو ئێمە هەبوون کە دژی بەرتەسککردنەوەی ئەو ئازادیانەبوون، من دەمزانی هەمان نیگەرانیان هەیە، بەڵام هیچ پەیوەستێکی ئۆرگانی نەبوو هەمووومان لەژێر یەک چەتر کۆبکاتەوە، بۆیە ئەو بیرۆکەیەم بۆهات، یەکەمین بانگەوازم وەکوو گوتارێک لە ژمارە (١٠٠) ئاڵای ئازادی لە ٥/ ١٢/ ١٩٩٣ بڵاوکردەوە، ژمارەیەکی کەمی ڕۆژنامەنووسان بەتەنگ بانگەوازەکەوە هاتن، چونکە هەموو ڕۆژنامەکان حزبی بوون، کەس لەبەر حزبەکەی نەیدەوێرا بە ئاشکرایی و ڕاشکاوی بە دەنگییەوە بێ، مامۆستا سەعید ناکام هەر لەهەمان ڕۆژنامە بە گوتارێکی زۆر بێلایەنانە و بەپێز پشتگیریی بیرۆکەکەی کرد، بەڵام بەداخەوە گوتارەکەم لانەماوە بۆ ئەوەی ئاماژەی پێبدەم.

قسەم لەگەڵ زەید مەحموود عەلی کرد، ئەویش زۆر گەرموگوڕ بوو بۆ بیرۆکەکە و دواتر لەگەڵ سمکۆ عەبدولکەریم کە تازە هاتبووە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بە هزرێکی پاک و دڵێکی پاکتر کاری ڕۆژنامەنووسی دەست پێکردبوو، لێم ڕادیت ئەو مژارەی لەگەڵدا باس بکەم، ئەویش زۆر چالاکانە پشتگیریی لێکرد و دەستمان بەکارکردن کرد، برادەری دیش بە دەنگەوە هاتن هەندێکیان بە پێشنیازی سمکۆ عەبدلکەریم و هەندەکی دیش بە پێشنیازی زەید مەحموود.

سوێندە سەرەکییەکەش وەکوو (میثاق)ی کاری ڕۆژنامەنووسی بێگەرد ئەوەبوو کە: هەر کاتێک ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسی حزبی جێی کارکردن تێکی نەکردەوە، واز لە ڕۆژنامەی حزبی دەهێنین لەپێناو ڕۆژنامەگەرییێکی بێگەرد و پیشەیی.

هەستم کرد کە پێویستمان بە سەندیکاییێکی پیشەیی ئازاد هەیە، بۆ ئەوەی بەرگری لەمافی ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان بکات و بناغەی سەندیکایەکی پرۆفیشناڵ دابمەزرێنێت.

پارێزەر محەمەد ساڵح ئامێدی منی بە سێ پارێزەر ناساند، پارێزەر مستەفا عەسکەری، پارێزەر کەریم بەحری و پارێزەر گۆڤەند بابان، لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ نووسینەوەی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسی، ئۆفیسی پارێزەر (فارووق جەمیل)یشمان بۆ دابینکرا بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی کارەکان کۆبوونەوەی خۆمانی تێدا ئەنجام بدەین و یاسای ڕۆژنامەنووسی ئامادە بکەین، زۆرجاریش هەتا درەنگانی شەو دەماینەوە ئەو کاتەش شار زۆر ئارام نەبوو، بەهەزار حاڵ دەگەیشتینەوە ماڵەکانمان، شارەزایی و خیبرەی ئەو پارێزەرە بەڕێزانە، بە پشتبەستن بە یاسای ئینگلیز و فەرەنسا و میسر و لوبنانی یاسایێکی زۆر پرۆفشیناڵمان نووسییەوە.

ئینجا خەبەرەکە لای حزبەکان بڵاو بووەوە و هەریەکە بە شێوازێک تەفسیری دەکرد، پارتی دەیگوت: ئەوە ئیشی یەکێتییە و یەکێتی دەیگوت: ئەوە ئیشی پارتییە و هەردووکیان دەیانگۆت: ئەوە ئیشی پەکەکەیە، لە واقیعیشدا هیچ کامێکیان ئاگایان لێ نەبوو، هەڵبەتە حزبەکان وەکوو ئۆرگان وایان نەدەگوت بە قەدەر ئەوەی دەزگا میدیاییەکانیان ئەو ژاوەژاوەیان دروست کردبوو.

هەستکردنم بەو بۆشاییە و ویستی دامەزراندنی ئەو سەندیکایە بووە زەروورەتێکی مێژوویی، هەتا من لەوێبووم ئەو برادەرانەی هاتنە ناویشی هەرهەمان مەبەستیان هەبوو هەموویان بە دڵسۆزی بۆ ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد کاریان دەکرد و هەوڵیان بۆ دەدا کە دامەزراندنی سەندیکایێکی پیشەیی بێلایەن بوو.

دواتر من بەسەریدا چوومە ئوستراليا، پاش من کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی ئازاد بەتەنگ ئەو بانگەوازەوە هاتن و لەسەنتەری سەردەم لە قەڵای هەولێر کۆبوونەوەی دامەزراندنیان بەست و (دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد)یان پێکهێنا، کە بووە بناغەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.



**لەڕاستەوە: کەریم بەحری، حاتەم باوە، غەیاسەدینی نەقشبەندی، شوان داودی، سۆنیا سدیق، مستەفا عەسکەری، گۆڤەند بابان، عەبدولقادر عەلی مەردان، سمکۆ عەبدولکەریم، عەبدولکەریم سەرکەش**

**گرووپی یەکەم دامەزرێنەرانی دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد - ساڵی ١٩٩٣**

# هونەرمەند حەمەجەزا حاجی عەلی بۆ هاتە هەولێر..؟

د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف

حەمەجەزا لە ٣-٢-١٩٤٩ لەشاری سلێمانی لەگەڕەکی (حەوشی گەورە)یان (بازاڕە بچکۆڵە) لەدایکبووە، باوکی بازرگان و پیاوێکی ئاینیی و کەسایەتییێکی ناسراوبووە، دووژنی هێناوە، لەژنی یەکەم بەناوی (فاتیمە) کچ و کوڕێکی بووە (خەدیجە و کەریم) دوای مردنی ژنی یەکەم، ژنی دووەمی هێناوە بەناوی (ئامینە) پێنج کوڕ (حەمەجەزا، قادر، بەکر، عومەر عەتا) و پێنج کچیشی (نەزیرە، نەسرین، حەلاو، مریەم، نازەنین) لە ژنی دووەم بووە (کەریم وخەدیجە) لە ژیاندا نەماون، حاجی عەلی باوکی لەساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە، دایکی (ئامینە) لە ٢-١٠-٢٠٠٦ کۆچی دوایی کردووە، قادری حاجی عەلی براشی کە سەرکردەیێکی شۆڕشی نوێ بوو لەساڵی ٢٠٢١ بەنەخۆشی کۆڕۆنا دواماڵئاوایی لە ژیان کرد، حاجی عەلی باوکی حەمەجەزا لەساڵی ١٩٥٢ خانوێکی تازە لەپشت باخی گشتی دروست دەکات، ساڵی ١٩٥٣ دەچنە ناو خانووەکە و نیوەی خانووەکەش دەکاتە مزگەوت، لەساڵانی ٢٠٠٠ حەمەجەزا خانووەکە نوێ دەکاتەوە و ئێستەش بەیادگارییەکانی حەمەجەزاوە ماوە، مزگەوتەکەش بەناوی حاجی عەلی بەگ پشتی بەخانووەکەی حەمەجەزاوەیە، حەمەجەزا کوڕەگەورەی باوکی دەبێ لەدوای سێ کچ لەژنی دووەم، بۆیە باوکی دڵی زۆر پێی خۆش دەبێ و لەمەکتەب ناونووسی دەکات گەرچی تەمەنیشی بچووک دەبێ و بەهۆی هاوڕێیەکی باوکی لەمەکتەب وەری دەگرن، حەمەجەزا لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن هەست بە بەهرەی دەنگخۆشی دەکات و مامۆستاکانیشی ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە هاندانی، بەتایبەت شاعیری گەورە مامۆستا ئەحمەد هەردی کە ڕێنمایی زۆری دەکات، حەمەجەزا دەڵێت: سوودی زۆرم لەمامۆستا ئەحمەد هەردی بینی بۆ خوێندنەوە و نوسینی شیعر، مامۆستا مستەفا عەبدولڕەحمان، مامۆستای سروود بەهۆی دەنگ خۆشییەکەی دەستنیشانی دەکات بۆ سروود خوێندن لەرۆژانی پێنجشەم لەکاتی هەڵکردنی ئاڵادا، باوکی زۆرحەزدەکات لەمزگەوتەکەی خۆی حەمەجەزا بانگ بدات، بەڵام حەزی باوکی و حەزی حەمەجەزا لێک دووربوون، دوای قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات و ساڵی ١٩٦١ دەچێتە ناوەندی کوڕانی سلێمانی، هەرلەوتەمەنەدا ئارەزووی وەرزشیشی دەبێت، لەگەڵ هاوتەمەنی گەڕەکەکەیان تیپێکی تۆپی پێ بەناوی (بلەکیان) دروست دەکەن و حەمەجەزا سەرۆکی تیپەکە دەبێت، تا ساڵی ١٩٦٧ لەوساڵەدا خێزان پێک دێنێ و جگە لەوەی پێشمەرگەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێ، گەرچی باوکی یەکێک لە بازرگان و پیاوە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی دەبێ، بەڵام حەمەجەزا دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری دەیەوێ پشت بەخۆی ببەستێ و بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆی ژیان بباتە سەر، لەگەڵ گەشەپێدانی هونەرەکەشی بەردەوام دەبێت وەکوو حەز و ئارەزوو، نەک هۆکاری نان پەیداکردن، بۆیە چەند کارێک دەکات بەڵام سەرکەوتوو نابێت، وەکوو دانانی چێشتخانەیێک لەگەڵ هاوڕێیەکی بەڵام زەرەر دەکەن، ساڵی ١٩٦٩ یەکەم بەرهەمی بەناوی (لێوت خوێنی گەشمە) لەگەڵ تیپی هونەر و وێژەی کوردی

تۆمار دەکات، ساڵی ١٩٧٠دوای بەیاننامەی ١١ ی ئازار کە بێ کاردەبێ، لەوکاتەدا (مەحموود محەمەد) ناسراو بەخارە خولە کە ئاوەڵزاوی حەمەجەزا بووە، لەسەربازگەی سلێمانی دەگوازرێتەوە سەربازگەی هەولێر کە پیشەی کارەباچی دەبێت، لەگەڵ خارەخولە و خێزانەکەی بەسەردان دێن بۆ هەولێر بۆ ماڵی خارە خولە، ماوەییەک لە هەولێر دەمێننەوە، ڕۆژێک لەگەڵ خارە خولە سەردانی پیاوێک دەکەن بەناوی (محەمەدی مەلا سەعید) کە وەکوو مساح لەگەڵ کۆمپانیایێک لە بەغداوە هاتبوو بۆ دروستکردنی (کۆمپانیای پەلەوەری هەولێر) حەمەجەزا خزمایەتییان لەگەڵ ئەو پیاوەدا هەبووە، دوای گفتوگۆ و هەواڵ پرسین و چی دەکەی، حەمەجەزا دەڵێ: بێکارم و فیراری سەربازیشم، کاک محەمەد مەلا سەعید دەڵێت: لێرە بمێنەوە، هەوڵدەدەم وەکوو (عامل مساح) لەم کۆمپانیایە داتبمەزرێنم، حەمەجەزا دەڵێت: منیش زۆرم پێ خۆش بوو، ڕۆژی دواتر بەیانی لەگەڵ کاک محەمەد چووینە شەریکەی مقاولات، خۆشبەختانە هەر ئەوڕۆژە دامەزرام بە عامل مساح بە موچەی ١٨ دینار (سلێمان جەبار ئەسعەدی) ئەندازیاری سەرپەرشتیاری شەریکەکە بوو، دوای وەرگرتنی مووچە، حەمەجەزا ماڵەکەی دەگوازێتەوە هەولێر، گەڕەکی تەیراوە، نزیک مزگەوتی کوێتی، بەڵام ئەوکارەی تەنیا سێ مانگ دەخایێنێ، دواتر کەسێکی دی بەناوی سەید تەها ڕەشوانی کە ئەویش مساح دەبێ لە دروستکردنی کارگەی جگەرەی هەولێر، لەدروستکردنی ئەوکارگەیە درێژە بەکارەکەی دەدات، هەر لەساڵی ١٩٧٠ ئاهەنگی یادی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهۆڵی کرێکاران دەکرێتەوە، حەمەجەزا دەچێتە ئەوئاهەنگە، وەکوو خەڵک، نەک گۆرانیبێژ، بەڵام دیارە سەرپەرشتیارانی ئاهەنگ دەزانن حەمەجەزا لەهۆڵەکەیە، بەمایکرۆفۆن بانگی دەکەن، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە بەدەم داواکەیانەوە دەچێت، لەپشت شانۆ پرۆڤەی چەند گۆرانییەک دەکات و دەچێتە سەرشانۆ و گۆرانییەکان پێشکەش دەکات، جەماوەری ئامادەبوو بەچەپڵەکانیان دەستخۆشی و پێشوازی زۆری لێ دەکەن، ئەوە یەکەم بەشداری حەمەجەزا دەبێت لە ئاهەنگی جەماوەری، لەو ئاهەنگە حەمەجەزا دەناسرێت، دواتر لەئاهەنگێکی دی لە یانەی ئەندازیاران بانگهێشت دەکرێ، سلێمان جەبار ئەسعەدی کە ئەندامی دەستەی ئیداری یانەکە دەبێت، زۆرسەرسام دەبێت بەدەنگی حەمەجەزا، بۆیە داوای لێ دەکات بڕوانامەی ناوەندی بێنێ تا بە (کاتب حقل دواجن) دایمەزرێنێ، دواتر لە فەرمانگەی ئەشغال دەبێ بە فەرمانبەر، بەهۆی ئەو ڕێزەی لەحەمەجەزای دەگرن، پەیوەندی حەمەجەزا لەگەڵ بنەماڵەی ئەسعەدی بەهێزدەبێت، حەمەجەزا وردەوردە ناوبانگی زیاتر دەبێ، بەتایبەت دوای مردنی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک و وتنی گۆرانییەک بۆ حەسەن زیرەک لەساڵی١٩٧٢، بەناوی (ئەی گوڵ ئەی گوڵ تۆم بەگوڵ زانی، تاکوو نەمردی قەدریان نەزانی) ئەوکاسێتە کە دووکاتژمێرە، تۆمارگای دێرینی هەولێر بەناوی (عەبدولەتیف )بۆی تۆماردەکات، حەمەجەزا بەردەوام دەبێت لە کاری هونەری و فەرمانبەری لە هەولێر، ساڵی ١٩٧٤ بە گۆرانی (بەهار) بەشداری میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی لەبەغدا دەکات لەگەڵ تیپی هونەر و وێژەی کوردی-لقی هەولێر، هەر دوای ئەو میهرەجانە گفتوگۆی

> **باوکم پیاوێکی دیندار بوو، ڕێگەی نەئەدام بۆ بەردەوام بوون لەکۆڕی هونەردا**



محەمەد جەزا ، د. عەبدولواحید

> **"لەساڵی ١٩٧٠ ئەگەر حەمەجەزا پێویستی بەهەولێر بووبێت بۆ درێژەدان بەهونەری گۆرانی و کارکردن، دوور لە زویربوونی باوکی، ئەوا دوای نسکۆی ئەیلول، هەولێر پێویستی بەحەمەجەزا بوو"**

نێوان شۆڕشی ئەیلول و حکومەت کۆتایی دێت، حەمەجەزا دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێتەوە سلێمانی و ماوەی چەند مانگێک لەگەڵ خێزانەکەی لەوێ دەژین، دەمەوێ لێرە شتێک بڵێم، بەمانگێک دوای نسکۆ حەمەجەزا لەماڵی کەسێک بەناوی جەمال لە ١٦-٤-١٩٧٥، کاسێتێک بێ مۆسیقا تۆماردەکات بەناوی (لەیلا قاسم) ئەوکاسێتە دەنگدانەوەیێکی زۆری هەبوو، خەڵک وایان دەزانی لەشاخ لەکاتی شۆڕش تۆمارکراوە، بەڵام لەڕاستیدا دوای نسکۆ و لە شاری سلێمانی تۆماری کردبوو، بەڵگەش لەسەرەتای کاسێتەکە ڕێکەوتی تۆمارکردنی کاسێتەکە تۆمارکراوە، سەرەتای گۆرانی سیاسی و هونەری شۆڕشگێڕی حەمەجەزا لەم کاسێتە دەست پێدەکات، لەسەر ئەم کاسێتە چەندجارێک لەلایەن ڕژێم لێپێچینەوەی لەگەڵ کراوە، دوای ماوەیێک مانەوە لەسلێمانی حەمەجەزا دووبارە دەگەڕێتەوە هەولێر و سەردانی فەرمانگەی ئەشغال دەکات کە پێشتر لەوێ فەرمانبەر بووە، بەڵام لەو فەرمانگەیە پێی دەڵێن تۆ عایدونی و ناتوانی لێرە دەوام بکەیتەوە، دوای چەند ڕۆژێک ئەندازیار ئەنوەر تاهیرئاغا ناسراو بە (چەتۆی موهەندیس) پێی دەڵێ بەیانی وەرە ئەمیندارێتی کشتوکاڵ لای خۆمان دادەمەزرێنم، دوای ئەوەی داواکاریەکەی دەچێتە بەردەمی (ئەمین عامی زراعە) کە حەمەسدیقی محامی دەبێت، حەمەجەزا و خانەوادەکەی دەناسێت و یەکسەر فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەردەکات، لەبەشی ئەندازیاری کە چەتۆی موهەندیس سەرۆکی بەشەکە دەبێت بە ناوونیشانی چاودێری کار (مراقب عمل) ماوەی شەش ساڵ لەم بەشە فەرمانبەر دەبێت تا ئەو ڕۆژەی لەساڵی ١٩٨١ دەبێ بە پێشمەرگە.

وەکوو دۆستێکی نزیکی حەمەجەزا و ئاگادار لە ژیانی هونەری، هاتنی حەمەجەزا بۆ هەولێر لەسەرەتادا بەڕێکەوت بووە، بەڵام لەپشت ئەو ڕێکەوتە هۆکاری دی هەبوونە وەکوو خۆی لە نامیلکەی (چەپکێ لەگۆرانییەکانی محەمەد جەزا)دا دەڵێت: (چونکە باوکم پیاوێکی دیندار بوو، ڕێگەی نەئەدام بۆ بەردەوام بوون لەکۆڕی هونەردا) جگە لەم هۆکارە، لە ناوەندی هونەریش لەسلێمانی وەکوو پێویست باوەش بۆ بەهرەی حەمەجەزا ناکرێتەوە، ئەو پشتیوانی و هاندان و ڕێزەی لەهەولێر لە هونەری حەمەجەزا دەگیرێ، زیاتر هۆگری هەولێری دەکات و لەهۆنراوەیێکی خۆشیدا ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو:

**(هەولێرەکەم شاری پڕ شکۆ و دێرینم**
**هەولێرەکەم شاری بە نرخ و زێڕینم**
**لەم شارەدا، باڵای هونەرم هەڵچووە**
**لەم شارەدا چرای ئاوازم هەڵبووە**
**بەبیرتان دێ کەزەمانێ من بەستە بێژی ئێوەبووم**
**لەسەر ئێوە و کوردستانم وێڵی ئەو شاخ و کێوەبووم**
**هونەرمەندەکەی جارانم، ئێستا کەوتوومە هەندەران**
**بەبیرتانە کە سەردەمێ چۆن هەستی ئێوەم ئەبزوان**
**بەگۆرانی تەنگەبەر و سروودی عیشق و ئازادی**
**بە شیعرەکانی قانیع و بێکەس، هێمن مهابادی)**

هونەری شۆڕشگێڕیی حەمەجەزا لەدوای نسکۆ ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لەناو تاریکستانی هەرەس و ڕوخان، چریکەی دەنگی حەمەجەزا ئاسمانی هەولێر و کوردستان تەی دەکات، لەساڵی ١٩٧٠ ئەگەر حەمەجەزا پێویستی بەهەولێر بووبێت بۆ درێژەدان بەهونەری گۆرانی و کارکردن دوور لە زویربوونی باوکی، ئەوا دوای نسکۆی ئەیلول، هەولێر پێویستی بەحەمەجەزا بوو، ئازارەکانی بلاوێنێتەوە و خەمەکانی هەولێر بکا بەسروود و گۆرانی نیشتمانیی، بێ باک لە جەلاد و کونجە تاریکەکان بەستە بۆ ئازادی بچڕێ، کە شانۆی هۆڵی گەل و خەڵکی ڕەسەنی هەولێر گەواهی ئازایەتی حەمەجەزا دەدەن، سڵاو لەهەڵوێست و هونەری بەرز و گیانی پاکی حەمەجەزا.

**سەرچاوەکان :**


١-حەمەجەزا هونەرمەند و پێشمەرگە
ئامادەکردنی عەبدوڵڵا عوسمان
٢-چەپکێ لەگۆرانییەکانی محەمەد جەزا
ئامادەکردنی شێرزاد عەبدولڕەحمان
٣-هۆنراوەکانی هونەرمەند وپێشمەرگە حەمەجەزا ئامادەکردنی عبدولواحید ئیدریس شەریف

# (سۆفی)یەکەی من


لە پۆلی چوار، یا پێنجی سەرەتاییدا بووم، لە قوتابخانەی مەولەوی لە هەولێر، مامۆستای وانەی (دین) وا بزانم ناوی مامۆستا بایز بوو، زاخۆیی بوو، بەڵام ئێمە نەماندەزانی بڵێین زاخۆیی، دەمانگوت (زازۆیی).

چونکە من لە سەردەمێکی زۆر زوو، دەتوانم بڵێم لە سەروبەندی چوونە قوتابخانەدا، واتە لە سەرەتای ساڵی (١٩٦٠ - ١٩٦١) زیاتر لە ڕێگەی دایکم - کە پاشان زانیم مەلا زادە بوو - سەبر سەبر خۆم لە نوێژکردن ڕادەهێنا، ئیدی ئەمە وای کرد کاتێ گەیشتمە پۆلی چوار و پێنج، بەپێی تێگەیشتنی ئەو کات باشتر نوێژ بکەم، ئەوەبوو لە وانەی دین مامۆستا دەیبردینە بن تانکی ئاوەکەی ناو حەوشەی قوتابخانەکە، یان لێیەوە نزیک بوو - ئێستاش تانکییەکە وەکو خۆی ماوەتەوە - تا بە کردەوە فێری نوێژمان بکات، دوای چەند جارێک، جورئەتم دا بەر خۆم و گوتم مامۆستا ئەمن دەزانم نوێژ بکەم، گوتی دەوەرە دەستنوێژ بشۆ، لەبەر چاوی قوتابییەکان نوێژ بکە، ئەوەبوو تاتە نوێژێکی بە چیمەنتۆی لێ دروست کرابوو، بەلووعەی ئاویشی هەبوو، دەستنوێژم شووشت، قوتابییەکانیش بەشێوەی نیوە بازنەیی دانیشتبوون، تەماشایان دەکرد، منیش لە ناوەڕاستییان لەسەر تاتەکە بە دەنگی بەرز دوو ڕکەعات نوێژم کرد، مامۆستا ئافەرینی لێ کردم و منیش زۆر دڵخۆش بووم، ئەوەبوو ئیدی پاشان چەند قوتابییەک لە هاوڕێکانم جاروبار بە (سۆفی کەریم) بانگیان دەکردم، کە گەورە بووم و کەوتمە نێو دنیای ڕۆشنبیری و ئەدەبی تەماشام کرد (سۆفی) زێتر وەک سیفەتێک بۆ لایەنی دینی بەکاردێت وەک شێخ، مەلا، حاجی، دەروێش..... تاد، بۆیە حەزم کرد لە پاڵ ئەم لایەنە، بۆ لایەنە ئەدەبییەکە (سۆفی) وەک ناسناو و شۆرەتی ئەدەبی لەدوای ناوەکەمەوە بێت و کردم بە (کەریم سۆفی).

لە دوور و نزیکەوە، پێوەندی بە باوک و باپیر و بنەماڵە و خانەوادە و عەشیرەت و... تاد نییە، ئێستاش لە ناوەندەکەدا زێتر بەم ناوە ناسراوم.



کەریم سۆفی
٢٠٢٢/٤/١



(سۆفی)یەکەی من


لە پۆلی چوار، یان پێنجی سەرەتاییدا بووم، لە قوتابخانەی مەولەوی لە هەولێر، مامۆستای
وانەی (دین) وا بزانم ناوی مامۆستا بایز بوو، زاخۆیی بوو، بەلام ئێمە نەماندەزانی
بلێین زاخۆیی، دەمانگوت (زازۆیی).
چونکە من لە سەردەمێکی زۆر زوو، دەتوانم بلێم لە سەروبەندی چوونە قوتابخانەدا، واتە
لە سەرەتای سالی ١٩٦٠ - ١٩٦١ زیاتر لە ڕێگەی دایکم - کە پاشان زانیم مەلا زادە بوو -
سەبر سەبر خۆم لە نوێژکردن ڕادەهێنا، ئیدی ئەمە وای کرد کاتێ گەیشتمە
پۆلی چوار و پێنج، بەپێی تێگەیشتنی ئەو کات باشتر نوێژ بکەم، ئەوەبوو
لە وانەی دین مامۆستا دەیبردینە بن تانکی ئاوەکەی ناو حەوشەی قوتابخانەکە،
یان لێیەوە نزیک بوو - ئێستاش تانکییەکە وەکو خۆی ماوەتەوە - تا بە کردەوە
فێری نوێژمان بکات. دوای چەند جارێک، جورئەتم دا بەر خۆم و گوتم مامۆستا
ئەمن دەزانم نوێژ بکەم، گوتی دەوەرە دەستنوێژ بشۆ، لەبەر چاوی
قوتابییەکان نوێژ بکە، ئەوەبوو تاتە نوێژێکی بە چیمەنتۆی لێ دروست کرابوو،
بەلووعەی ئاویشی هەبوو، دەستنوێژم شووشت، قوتابییەکانیش بەشێوەی
نیوە بازنەیی دانیشتبوون، تەماشایان دەکرد، منیش لە ناوەڕاستیان لەسەر تاتەکە
بە دەنگی بەرز دوو ڕکەعات نوێژم کرد، مامۆستا ئافەرینی لێ کردم و منیش زۆر دڵخۆش بووم
ئەوەبوو ئیدی پاشان چەند قوتابییەک لە هاوڕێکانم جاروبار بە (سۆفی کەریم) بانگیان
دەکردم، کە گەورە بووم و کەوتمە نێو دنیای ڕۆشنبیری و ئەدەبی تەماشام کرد (سۆفی)
زێتر وەک سیفەتێک بۆ لایەنی دینی بەکاردێت وەک شێخ، مەلا، حاجی، دەروێش
.... تاد بۆیە حەزم کرد لە پاڵ ئەم لایەنە، بۆ لایەنە ئەدەبییەکە (سۆفی) وەک
ناسناو و شۆرەتی ئەدەبی لە دوای ناوەکەمەوە بێت و کردم بە (کەریم سۆفی).
لە دوور و نزیکەوە، پێوەندی بە باوک و باپیر و بنەماڵە و خانەوادە و عەشیرەت و... تاد
نییە، ئێستاش لە ناوەندەکەدا زێتر بەم ناوە ناسراوم.

کەریم سۆفی ٢٠٢٢/٤/١

# دڵنیابن هەڵەیەک هەیە

ئەوە چییە؟
ئێمە بۆچی ڕقمان لەهەموو ئەو شتانەیە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرچاوەی داهێنانە گەورەکان بوونە؟
وادەزانی ئەوە تۆی ئەوت کوشتووە، بۆیە پیت وایە تۆ شایەنی تۆڵە لێکردنەوەی، وای دابنێ مادام تۆ ئەوت کوشتووە، دەبێت ئەویش تۆ شێت بکات.
(هۆڵدەرلین) گەورە شاعیری ئەڵمانی، وای دانا خۆشەویستەکەی خۆی کوشت، ئەویش هۆڵدەرلین -ی شێت کرد:
(دیوتیما*
ئاسمانی من و تۆ لەوەدا بەردەوام دەبێت
کە لە قووڵایی ناخماندا پێکەوە پەیوەستین
ڕۆحی من، ڕۆحی تۆ
پێش ئەوەی بە یەک بگەین و یەکدی بناسین
ئەوان عەیامێکە بە یەک گەیشتوون و یەکدییان ناسیوە)

لاپەڕە ١٤٤



تۆ بڵێیت ئەو تێکشکانە سۆزدارییەی (هۆڵدەرلین) نەبووایە، ئەو بیتوانیایە شیعرە جوانەکان و ڕۆمانە شیعرییە بەناوبانگەکەی (هێپیریون) بنووسێت.
تۆ بڵێیت (بۆدلێر) ئەگەر دایکی خیانەتی لێنەکردبا و شووی نەکردبایەوە و ئەوی لە سۆز و خۆشەویستی خۆی بێبەش نەکردبووایە، بۆدلێر بیتوانیایە لەسەر تەختی شاهانەی شیعر دابنیشێت و (گوڵە بەدەکان) بنووسێت.
(ئەوەی کوڕێکی وەک منی هەبێت، هەرگیز شووناکاتەوە) **
ئاخر (ڕامبۆ)ی کەڵە شاعیری نوێگەری فەرەنسی و جیهان، ئەگەر پارەی ئەو پوولەی پێبوایە کە دەبووایە لەنامە بەناوبانگەکەی دووەمی بدابووایە کە بۆ هاوڕێکەی ناردووە، کە هاوکات لەگەڵ نامەی یەکەمی (نامەی خەوبینێک) کە دەبێتە بنەمای دامەزراندنی تێکستی تازەگەریی شیعری جیهانی و دواتریش ئەم نامەیە بەنرخی سێ ملیون فرانکی فەرەنسی فرۆشرا. ئایا ڕامبۆ بەو چوار پێنج ساڵەی تەمەنی منداڵییەی دەبووە ئەو (ڕامبۆ)یە؟
تۆ سەیرکە هونەرمەندێکی وەکوو (ڤان کۆخ) کە لە ئێستادا تابلۆکانی بە مەلایین دۆلار دەفرۆشرێن، ئەو لەکاتی وێنەکێشاندا لەبرسان ناڵاندوویەتی.
(پۆل دومنی) شاعیر تەنیا لەبەر ئەوەی یەکەم دیوانی ڕامبۆ-ی شاعیری نەدڕاند و هەڵیگرت، دواتر بەهۆی ئەوەی قەرزدار بوو، بیری کردەوە گەوهەرێک لە ماڵەکەیدایە، دەری هێنا و سەودای پێکرد و فرۆشتی، ئەگەر ئەوە ڕووی نەدابا، نە پۆل دومنی ناوی دەچووە نێو مێژوو، نە کەس بە شیعرە نایابەکەی (وەرزێک لە دۆزەخ) و گەورەیی ڕامبۆی دەزانی.
جورئەت و بیروباوەڕ و سەرکێشییەکەی نەبووایە (محەمەد ماغووت) کێ بوو؟ تا کورد بیناسێت.
محەمەد شوکری جەسارەتی ئەوەی نەبووایە میز بە قەبری باوکی دابکات و لەتەمەنی بیست ساڵییەوە بچێت خۆی فێری خوێندەواری بکات، بۆ ئەوەی هەموو ئەوەی لە ژیانیدا ڕوویداوە و کردوویەتی بینووسێتەوە و بێ سەڵمینەوە بڵاویان بکاتەوە.
ئایا شوکری ئەوە بوو من بیناسم و بیخوێنمەوە؟
بەڕاستی هەڵەیەک هەیە...
تۆ کە جورئەتی ئەوەت نەبێت ئەو ڕیش و پرچەت بەردەیتەوە، کە لە منداڵییەوە خەونی پێوە دەبینی، دەتوانی و دەوێریت چی بنووسیت؟
ئێوە دەتوانن وەکوو سەلیم بەرەکات بە فانیلەیەکی عەلاگەوە بێنە سەر شاشەی تەلەفزیون؟ بە شۆڕتێکەوە بە شەقامەکانی شاردا بسووڕێنەوە،
(پڕۆمیسۆس) بۆیە پڕۆمیسۆسە، چونکە تەحەدای خوداوەندی کرد و ئاگرەکەی لێ دزی.

**•دیوتیما» لە جیاتی ناوی ڕاستەقینە خۆشەویستەکەی (سۆزان گۆنتار) بەکاری هێناوە.**

****لە گوتە بەناوبانگەکەی بۆدلێر بۆ دایکی**

سمكۆ عەبدولکەریم